دیدار لەگەڵ (حەکیم کاکەوەیس)دا:
---------------------------------------------------

# ئەوەی بۆ نەهێشتنی ئیسلام پێویستە
# لە دروستکردنی سەد دەوڵەت زیادە

ئامادەکردن و نووسینی پێشەکی:
هەڵۆ بەرزنجەیی

هەڵکەوتی پرسی کورد وەک نەتەوەیەکی نیشتمان داگیر و دابەشکراو لە رۆژهەڵاتی ناوین و کوردایەتیش وەک بزوتنەوەیەکی ئازادی و رزگاریخوازی بە کۆمەڵێ دیاردە و فاکتی ناوچەیی و جیهانیەوە وابەستەیە و گەمارۆ دراوە.
ئیسلام لە میانەی 1500 ساڵی سەرهەڵدانیەوە یەکێکە لە زەقترین ئەو هێزانەی قورسایی گەورەی لەسەر پێکهاتەی کورد دروست کردووە و بە قوڵایی جەستەی کۆمەڵگای کوردی و تاکی کورددا شۆڕبۆتەوە و بەشێکی گرنگیان لێ پێک دێنێت.
خوێندنەوەی ئەم دیاردە نامۆیە بە دیقەت و میتۆدێکی ئاقڵانە و دۆزینەوەی سەرەداوە ئاڵۆزەکانی سوود و زیانی کورد لەم رووبەرەدا، دەکرێت وەک ئەرکێکی نەتەوەیی و رۆشنبیریی پێویست تەماشا بکرێت.
لەم چاوپێکەوتنەدا قسەی سەرەکیمان لەسەر ئەوە نییە پسووڵەی چوونە بەهەشت بۆ کەس دابین بکەین. بە هەمان پێودانگیش مەبەست ئەوە نییە تیف تیفەی رق و شاڵاوی کەس بەرووی ئیسلامدا بدەین. یان بە واتایەکی دیکە عەرەب و موسڵمانانی دیکە لە خۆڕا ناشرین بکەین. لە راستیدا لەم لایەنەوە زیاتر پشت بە ووتە و بۆچوونی کەسانی عەرەب و موسڵمان بەستراوە.
بۆ ئەوەی لە کایەی واقعبینی و بەرچاوروونیدا کار بکەین و خوێندنەوەمان هەبێت، پێویستە بە ئەندازەی بارستایی و قەوارەی ئیسلام لە نێو کۆمەڵگاکەماندا بیر بکەینەوە و لە مەسەلەکان بڕوانین.
لێرەدا دەستنیشانکردنی چوارچێوە و بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەیی کورد و داکۆکی و پارێزگاریکردن لێیان، بەها و نرخ و راستییەکان لای هەر هێز و رێباز و تاکێک دیاری دەکات. چونکە دەبێت بەلای تێکڕامانەوە بەڵگەنەویست بێت کە کورد و کوردایەتی نابێت بکرێتە قوربانی هیچ شتێکی دەرەوەی خۆی. ئەم یاسایەش دژ و پێچەوانەی هیچ فەرمانێکی یەزدانی و گەردوونی نییە.
لە کاتێکدا لەم چاوپێکەوتنەدا گەشتێکی هەستیار بە نێو کۆمەڵێ فاکت و مێژوو و رووداو و سەردەمی ئیسلامدا دەکەین، هەمان کات پرسگەلێکی ئەدەبی و مێژوویی و سیاسی و رۆشنبیریی کوردیمان بەسەر کردۆتەوە.
بە باوەڕی ئێمە پرسی گرنگ ئەوەیە بۆ کورد نەیتوانی وەک گەلانی دیکە سوود لە ئیسلام وەرگرێت؟ گازندەییمان لەو هێز و لایەنانەیە

که ئەجندای دەرەکیان کرتۆتە قورئانی سیاسی خۆیان لە کوردستاندا بە دووی لایەنگردا عەودالن!؟ رەخنەمان لەوانەیە کە دەیانەوێ بە ناوی خودا و قورئانەوە ئاستەنگ بۆ کوردایەتی دروست بکەن و رێز لە بەها نەتەوەییەکانی کورد نەگرن!؟... بە پێویستی دەزانین ئەو سنوورە لە نێوان ئایین و نەتەوایەتیدا دیار بکەین. ئایین ئازادی تاک و پەیوەندییەکانێتی بە خوای خۆیەوە و نەتەوایەتی کورد هەوڵ و تێکۆشانە بۆ مانەوە و کورد و بەرپەرچدانەوەی سیاسەتە نامرۆڤانییەکانی داگیرکەران و شەکاندنەوەی ئاڵای ئازادی سەربەخۆیی کورد و کوردستانە.

حەکیم کاکەوەیس ناوێکی ئاشنا و ناسراوی پانتایی رۆشنبیریی کوردییە. بە درێژایی 20 ساڵ زیاترە بە قەڵەمە رەنگینەکەی و کوردییە پاراوەکەی و وەرگێڕانە دانسقەکانی سەرگەمی خزمەتی ووشە و فەرهەنگ و کتێبخانەی نەتەوەکەیەتی و ئامادەگی بەرداوامی لە نێو گۆڤار و رۆژنامەکاندا بە نووسین و هەڵوێست دەربڕین بە رانبەر بە پێشهات و رووداوەکان هەیە. دوای بڵاوکردنەوەی (( نەتەوایەتی کورد و ئیسلامەتییەکەی)) کەڵکەڵەی بەشێکی ئەم پرسیارانە لە مێشکمدا دروست بوون. هاوزەمانیش بە چاکم زانی دەرفەتێکی تر لەم کەناڵەوە بخرێتە بەردەم کاکەوەیس بۆ ئەوەی، ئەوەی نەیوتوە و بەسەریا تێپەڕیوە، لێرەدا جێیان بۆ بکاتەوە.

سەرباری مەشغەڵەتی نووسین و وەرگێڕان و دەردیسەری ژیان، کاک حەکیم لە دەمێکی کورت و پێوانەییدا، بە دڵێکی فراوان و خۆشییەوە، چاکی لێ هەڵماڵی و وەڵامی پرسیارەکانی دامەوە. ئەم بەدەنگهاتنە گورجوگۆڵانەی بە دەم پرسیارەکانمەوە دەکرێت بە رێز و دڵسۆزیی لێ قبوڵ بکرێت. جگە لەدەست خۆشی و هیوای بەردەوامی کاک حەکیم لەسەر خزمەتی زیاتری فەرهەنکەکەمان، بەختەوەرم گەر بە پرسیار و وەڵامەکانمان توانیبێتمان خزمەتێکی ژیکەڵەمان پێ ببڕێت.

بەرهەمەکانی کاکەوەیس:

خێرت دەگاتێ ... کۆمەڵێ چیرۆکی عەزیز نەسین. و.لە فارسییەوە.
کێڵگەی ئاژەڵان.. جۆرج ئۆرۆڵ و. لە فارسییەوە
جۆرج ئۆرۆڵ و. لە سویدییەوە

نامەکانی مەسعوود محەمەد
زمانی کورد .. مەسعود محەمەد و لە عەرەبییەوە
تەونی جالجالۆکە... کاکەوەیس رۆمان
نەتەوایەتی کورد و ئیسلامەتییەکەی... کاکەوەیس
هاوسەنگکردنەوەی تەرازوویەکی سەنگەلا... مەسعوود محەمەد و.لەعەرەبییەوە.
بۆچوونێک لەسەر لیکدانەوەی مرۆیی مێژوو... مەسعوود محەمەد. و. لەعەرەبییەوە.
بۆ کۆمەڵگای مرۆفایەتی لە نەخۆشخانەی شێتان دەچێت... مەسعوود محەمەد. و. لە عەرەبییەوە.

---

## دیدار لەگەڵ (حەکیم کاکەوەیس)دا:

## ئەوەی بۆ نەهێشتنی ئیسلام پێویستە، لە دروستکردنی سەد دەوڵەت زیادە.

### 1. کاکەوەیس بۆ کێ دەنووسێت و بۆچی دەنووسێت و نووسین چی پێ دەبەخشێت و چ مانایەکی دەداتێت؟

و: لە گۆشەنیگایەکی بە قەدەر حاڵەوە دەڕوانمە جیهانێک، کە کورد تیایدا گیری خواردووە. پێم خۆشە ئەوانەی کێشە و خولیایان بە کێشە و خولیای من دەچێ یا هاورێی سەفەری منن بەرەو چارەنووسی نەتەوایەتی و ئامانجەکانی، لە هەمان گۆشەنیگاوە لێی بڕوانن و وەک من درکی پێ دەکەم، ئەوانیش ئاوها، بە بێ پەنابردن بۆ فەلسەفە و ئایدۆلۆژیا و پەراوێزەکانی ئاین و قال و قیلی پەیامبەران و فەیلەسووفان، وەک هەیە ببینن و درکی پێ بکەن. دەمەوێ ئەوانەی چاویلکەی خوازراوەی فەلسەفی و فکرییان لە چاو کردووە و کێشەی نەتەوایەتییان لێ بزرە و ئاوازی پاراوبوون و حەسانەوە بۆ تەراویلکەی چاوخەڵەتێن دەڵێن چاویلکەکانیان دانێن و واقیعەکە وەک هەیە ببینن: ئێمە لە چ قەفرایەکی فکریی کوشندەداین! لە کوردایەتی گەڕێ و بزانە لە چ قەیرانێکی مرۆڤایەتیدایین! بۆچی گلۆڵەمان ئاوها ئاڵۆسکاوە و کەس سەرەداوەکەی نادۆزێتەوە؟!

دەمەوێ بڵێم ئەو تووڵەمارە ڕەنگاوڕەنگ و ڕازاوەیەی پێی دەڵێن ڕێبازی سەرجەمی مرۆڤایەتی، جا ئایدۆلۆژیای دینی یا دنیایی یا هەر شتێکی تر، بۆ ئێمەی دەرەوەی ڕێڕەوی مێژوو و مرۆڤایەتی، ژەهراوی و کوشندەیە و دەستی بۆ مەبە. دەمەوێ لەگەڵ مامۆستا مەسعوود محەمەددا بڵێم: "ئەو میللەتەی دابەش کرابێ و بە درێژایی مێژوو بێگانە حوکمی کردبێ، بە پێوانە لەگەڵ ئەو میللەتانەدا کە وەک منداڵ لەگەڵ لەدایکبووندا کیانیان هەیە، گوتنەوەی قسەکانی مارکس لە بارەی پلەکانی پێشکەوتنەوە، دەبێتە خورافات چونکە ئەو گەلە نە خاوەنی خۆی بووە نە خاوەنی مێژووی خۆی بووە نە خاوەنی چارەنووسی خۆشی بووە." من، لەگەڵ داوای لێبوردنم لە ڕەوانی مامۆستا، ئەوەشی بۆ زیاد دەکەم کە لە بەر هەمان هۆ، خەریکبوون لەگەڵ عەولەمە و فێمێنیزم و ئیسلامەتی سیاسییانەشدا دەبێتە خورافات. خۆ دەبینین بۆ هەڵهێنانی هەموو مەتەڵێکی مێژووی خۆمان پەنا بۆ دەرەوەی خۆمان دەبەین و هەر کە نهێنییەکیان لە ناخی خۆمانەوە بۆ درکاندین یا درۆیەکیان بۆ هەڵبەستین، خەنیی دەبین. هەر بۆ نموونە دەڵێم خۆمان لە بارەی خەتەنەکردنی مێینەوە لە ڕابردووی دوودا شتێکی ئەوتۆ نازانین کەچی لە شیعرێکی جەریردا، وەک وەحشی باس کراوین کە ئافرەتمان نە خەتەنە کراوە نە زانیویەتی لە دەفردا شیر بخواتەوە! لێی ناگرم ئاوها باسی (ئاگرپەرست) بکا چونکە کاری ئەو لە هەجودا زێدەڕۆیی بووە. جەریر لە هەجوی فەرەزدەقدا، لە بەیتێکدا دەڵێ:

وما وجعت ازدية من ختانة    ولا شربت في جلد حوب معلب[1]

دەستکاریکردنی نەورۆزیش بە شێوەیەک لە زەرەری خۆماندا بێ هەر هی داگیرکەرە و بۆی هەڵدەپەڕین. ئەو نەورۆزەی ئاهەنگی بۆ دەگێڕین تێکشکانی دەسەڵاتی (ئاستیاگ)ە کە سەر بە مادەکان بووە و کراوە بە داستانێک سێ سەری هەبووبێ و دوایی دوو لە سەرەکان کراون بە مار و ناوەکەشی کراوەتە ئەژدەهاک. نەورۆز، لە بنەڕەتدا پێشوازیکردن بووە لە فرەوەهر (ڕۆح)ی باوباپیران و دواجار، لە بەرەبەیانی یەکەم ڕۆژی نەورۆزدا، بە ئاگرکردنەوە بەڕێ کراونەتەوە بۆ دنیای بالا و جینوەت (بەهەشت)ی خۆیان... لەوەش گەڕێ جارێ دەمانبەنەوە سەر نەوەی جنۆکە و جارێ دەمانکەنە نەوەی عەبباسییەکەن و بۆ هەر عەشرەتێک سەرچاوەیەکی عارەبی دەدۆزنەوە. تەنانەت عەلی کیمیاویشمان لێ ببووە مێژووزان و لە

دادگادا دەیگوت: یەزیدییەکان هەر لە ناوەکەیانرا دیارە سەر بە کێن، ئیتر چۆن غەدریان لێ دەکەین! پێشتریش، لە کاتی دەسەڵاتیدا پێی دەگوتن: ئەوانە چین تا ببنە کورد یا عارەب! وەک نەوەکانی بەلقیس بەرەڵای کێوانیان بکەن! بەشەرێکمان، تا دوای ڕاپەڕین، نەبوو باسی ئەوە بکا کە ئەو بەشەی کورد ئێزدین نەک یەزیدی. کە باسی حەقیقەتی نەورۆزیش دەکەیت، خەڵکت لێ دەڕەنجێن: هەر ئەو مێژووەمان هەیە ئەوەشمان لێ دەشێوێنن! نەخێر، ئەو مێژووە خۆی شێواوە و پێویستە ڕاست بکرێتەوە. میللەتێک دوژمن بیخاتە سەر ڕێگا، ئەو ڕێگایە قەت ناگاتە ئامانجێک پێی ڕازی بێ یا تیایدا ئاسوودە بێ. نەورۆز هی کوردە و کەس ئەوەندەی کورد مافی بە سەریەوە نییە. من بەش بە حاڵی خۆم، بە یادی ڕۆحی باوباپیرانەوە نەورۆز دەکەم و ئەوەش جەژنەکەم لە دڵدا شیرینتر و جوانتر و پیرۆزتر دەکا. بۆچی دانیشتوانی نەرویج و سوید یادی ڤایکینگەکانی خۆیان بکەنەوە من یادی فرەوەهری باوباپیرانی خۆم نەکەمەوە. ئەوان یادی (توور)ی خەیاڵکردی خۆیان دەکەنەوە کە چەکوشەکەی ئەوەندە قورس بووە و دوو تەگە گالیسکەکەیان ڕاکێشاوە و بە شانازییەوە، وەک مەدالیا بە بەرۆکی خۆشیانەوە دەکەن.

باش دەزانم هەر بەشەرە و بە جۆرێک لەو جیهانە و خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیان دەڕوانێ و هەر یەکە بە شێوەیەک عەشقی توولەمارێکی دیاریکراوی ئایدۆلۆژی دەبێ و بەهەشتێک لە خەیاڵی خۆیدا دروست دەکا، ژەهرەکەی بیر دەچێتەوە و لەگەڵیدا کێشە نەتەوایەتییەکەی خۆشی بیر دەچێتەوە، لەوانەش گەڕێ کە بە مەبەست برەو بە بابەتی وا دەدەن و خەڵکی پێوە سەرقاڵ دەکەن: خەباتی نەتەوایەتی لە بیری خۆت بەرەوە و خەبات دژی باوکسالاری و کۆنەپەرستی و سەرمایەداری و چەوساندنەوەی ژن و منداڵ و پیسبوونی ژینگە و ئاوهەوا بکە، هەموو ئەوانەش ئەوەندەی ڕاوەجنۆکە لە تاکی کوردەوە دوورن و کەسیش باسی ئەوە ناکات نەتەوەی کۆیلە ناتوانێ منداڵەکەی خۆشی بە کەیفی خۆی پەروەردە بکا چجای کاریگەری لە سەر سستەمی باوکسالاری و کارگەی ناوکی و پرۆژەی ئاودێری جیهانی و کەشوهەوا و بەرزبوونەوەی پلەی گەرما و داچۆڕانی ئەستێرە و سوهۆڵبەندانی دوو تەوەرەکەی زەمین و بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوی زەریاکان و ڕزگارکردنی ورچی پاندا و چینە چەوساوەکانی دنیا هەبێ! ئێمە، ئەگەر ژینگەش پیس بکەین

بە کەرەسەی خەڵکی تر پیسی دەکەین و خۆمان، ئەگەر کەرەسەی خەڵکمان نەبێ، بە چاک یا خراپ، هەر هێندەی گیاندارە کێوییەکان کاریگەریمان لە سەر ژینگە هەیە و هەر هێندەی گیاندارە کێوییەکانیش دەسەڵاتمان بە سەر سستەمی ژیاندا دەڕوا و هەر هێندەی ئەوانیش دەتوانین ڕاوچی وقەساب و بکوژی خۆمان لە خۆمان دوور بخەینەوە یا لە دەستیان ڕابکەین.

لە ئیسلامدا دەڵێن: (باوەڕدار لە یەک کونەوە دوو جار پێوەنادرێ). ئەوە گوتەیەکی جوانە بەڵام کورد، لەگەڵ ئەوەشدا کە یەکێکە لە میللەتە هەرە باوەڕدارەکانی دنیای موسوڵمانان، بە هیچ شێوەیەک سوودی لێ نەدیوە. نەک دوو جار، بگرە هەزار جاریش لە یەک کونەوە پێوە دراوین و واز ناهێنین. ئێستا کورد کەوتۆتە بارێکەوە، لەوە دەرچووە جاروبار گفتوگۆ و ئاگربەست لەگەڵ دوژمندا ڕابگەیەنێت، بەڵکو لە گفتوگۆیەکی هەمیشەیی بێبڕانەوەدایە لەگەڵ بەغدادا و دەڵێی هەرگیز لە بەغدا پێوەی نەداوە. گفتوگۆی کورد لەگەڵ بەغدادا لەوە دەرچووە دانوستانی نێوان دوو لایەنی سیاسی بێ کە ڕووباری خوێنیان لە نێواندایە و بۆتە پیشەیەکی بەردەوامی بەپیت بۆ بەرپرسانی کورد. عیراقیش، تا ئارامبوونەوە و بەهێزبوونەوەی، ئەو بەرەکەتەی کوردی لە خوا دەوێت... نوێنەرانی کورد هەندێ جار هەر دەڵێی چ کێشەیەکی نەتەوەییان نییە. من دەمەوێ بڵێم ئەوە قومارێکی دۆڕاوە و پیشەیەکیش نییە شانازی پێوە بکرێ. کێ باوەڕ دەکا کەسێک بە لای کەمەوە چل ساڵ گفتوگۆچی بووبێ و هەر وازیش نەهێنێ؟! بەردەوامبوون لە سەر ئەو پیشەیە و بە هەمان ئاڕاستەدا و لە هەمان بەرەدا، خۆی لەخۆیدا، ئەگەر بەڵگەی بازرکانیکردنیش نەبێ، بەڵگەی سەرنەکەوتنێتی. ئەو ڕێزدارانەی گفتوگۆیان کردۆتە پیشە، لە ڕاستیدا گفتوگۆ ناکەن، بەڵکو لێهاتوانە، بە دەم گوتنی ئەی ڕەقیب و ڕاوەشاندنی ئاڵای کوردستانەوە، خەریکی دەستەمۆکردنی کوردن بۆ داگیرکەران، بە تایبەتی بۆ بەغدا. بە درێژایی مێژوو، هیچ هێزێکی عیراقی نەیتوانی کورد ڕام بکا بەڵام سیاسەتمەدارانی خۆمان بۆیان ڕام دەکەن. کورد خۆی بە خەسڵەت سڵە و بە ئاسانی بە داوی داگیرکەرەوە نابێ بەڵام نوێنەرەکانیان، کە لە گفتوگۆدا دۆڕاو و لە خۆڵلەچاوکردنی کورددا جادووگەری لێهاتوو و سەرکەوتوون، ڕامی دەکەن. من بۆ خۆمی کورد و تۆی کورد و ئەوانی کورد دەنووسم کە مێژوومان پڕە لە کارەساتی جەرگبڕ و دڵتەزێنی

وەکو ئەنفال... ئەنفال لە هەموو سەردەمێکدا نەک تەنها سەردەمی بەعس و سەددام. ئەگەر ئەنفال بکەینە تاوانێک و تەنها بیخەینە ئەستۆی سەددام حوسێن و بەعسەوە، ئەوانی تر لەو تاوانە بێبەری دەکەین... سەرباز و جاسووس و شوفێری گواستنەوە و چاڵهەڵکەن و دەستڕێژکەر بێبەری دەکەین جگە لە جاشەکانی خۆمان. خۆمان بە ویستی خۆمان بێبەرییان دەکەین. من دەمەوێ قەعقاع لە ناو قوڕگی مێژووەوە بهێنمە بەردەمی دادگا بۆ ئەو تاوانە گەورانەی لە گەرمیانی ئێمەدا ئەنجامی داون. دەمەوێ ئەو دەیان هەزار ژن و کچە کوردە بهێنمە زمان کە لە سەردەمی غەزاکان و دواتر لە سەردەمی ئەمەوییەکاندا و... دواتریش لە سەردەمی بەعسدا وەک ماڵات تاڵان کران و کرانە سەراری و جاریە و سەبایا و فرۆشراون و کڕدراون و کوژران و ڕەفتاری وەهایان لەگەڵدا کراوە، بەشەر ئەگەر دڕندە نەبێ بە ئاژەڵیشی ناکا. من دەمەوێ عارەب، نەک لە عیراقدا، بگرە وەک نەتەوە داوای لێبورد لە کورد بکەن و دەست لە یەخەمان بکەنەوە. من دەمەوێ هەموو کورد بەوە بزانێ کە بە درێژایی مێژووی سەدان ساڵ، ئێمە پەراوێز و موالی و سوارەی حەمیدی و جاش بووینە و تەنانەت لە شۆڕشگێڕێتیشدا بۆ خەڵکی ترمان کردووە و هەمیشە بە چاوی سووک تەماشامان کراوە و بە چاوی سووک تەماشای خۆمان کردووە. کۆماری کوردستان، سۆڤیەتی پێ لە خشتە برا و شۆڕشی شێخ مەحموود بەرهەمەکەی بۆ تورک بوو و شۆڕشی ئەیلوول ڕێکەوتنی جەزائیری بۆ ئێران لێ کەوتەوە و شۆڕشەکانی دوای ئەوانەش دەسەڵاتیان لە سوننە سەندەوە و وەک چەپکە گوڵ دایانە دەستی عارەبی شیعەوە و دەستیان کردەوە بە خەبات! شۆڕشی کورد ئەو حکوومەتەی ڕووخاند و ئەوی تری لە جێی دانا. قاسم، کورد لاوازی کرد و بەعس ڕووخاندی، بەعسی 1963 کورد لاوازی کرد و سەلام عارف خواردی، سەلام و ڕەحمانی برای کورد لاوازی کردن و دیسان بەعس خواردی و کە دیسان شەڕی بەعسمان کرد، شیعەکان بەرهەمەکەیان خوارد. من هەست دەکەم کارێکمان بە ناوی شۆڕشەوە کردووە، خوێن و ماڵوێرانییەکەی بۆ خۆمان بووە و دەستکەوتیش بۆ دوژمن. ناوی چی لەمە بنێین؟!. دەمەوێ کورد هەوڵ بدا لەو بازنە نەفرەتییە بێتە دەرێ و چی دی بۆ بارودۆخی خەڵک یاریدەدەری هاوکێشەی کیمیایی نەبێ کە تیایدا خەڵک بگۆڕێ و خۆی، دوای ئەنجامدانی خزمەتەکەی وەکی خۆی بمێنێتەوە و لە

هاوکێشەکە بێتە دەرێ. دەمەوێ بە لای کەمەوە کورد بیرێک لە ئەنجامی شۆڕشەکانی خۆی بکاتەوە تا بە قەدەر خۆیان شانازییان پێوە بکات، نەک بەقەدەر باڵای شەهیدەکان و قەبارەی خەسارەت وماڵوێرانییەکان! شەهیددان خەسارەتە و دەستکەوت نییە تا شانازی پێوە بکرێ... کەچی ئێمەی کورد ئەوەشمان بە سەردا تێدەپەڕێت و وەک شانازی بۆ خۆمانی تۆمار دەکەین. ژمارەی زۆری شەهید دەکەینە مایەی عەنتەرپیاتی سەرانی خۆمان، وەک لە خۆپیشاندناندا لە دژی داگیرکەر هەڵدەپەڕین و تەنانەت ئەوانەی کە لە دوای شۆڕشی ئەیلوول بوون بە (عائیدوون) تیایاندا هەبوو لە ئۆردوگا سەربازییەکاندا هەڵدەپەڕین و عارەبی دیوانییەیان سەرسام کردبوو!

من نەمتوانی ببمە قارەمانێکی دوژمنکوژ و لە سەرەڕێی ڕۆیشتنم بەرەو ترووسکایی ئازادی، بە داوی فایلدارێکی فێڵبازی حەوتسەرەوە بم و بچمە لستەی دوور و درێژی شەهیدانەوە و شانازی ساختەکارانەی حیزبەکان یەک میللیم زیاد بکەم. نووسین نەختێ ویژدانم ئاسوودە دەکا چونکە هەوڵ دەدەم بەرژەوەندی نەتەوەکەم و نیشتمانەکەم نەکەمە قوربانی هیچ شتێکی پیرۆز یا ناپیرۆز. لەو باوەڕەدام هەموو نووسەرێک، ئەگەر ڕاستگۆ بێ، خاوەنی جۆرە پەیامێکە و درۆزنیش بێ، خاوەنی هەموو سامانی جیهانیش بێ خاوەنی پەیام نییە. ئەگەر واشبێ، پەیامی من نەتەوایەتییە... ئەو ڕێبازەیە کە پێم وایە تاکە ڕووناکاییە بەرەو ئەنجام و ئامانجمان دەبا، ئەگەر بزانم کۆمۆنیزم کورد لە ژێردەستەیی دەردەکا، دەیکەمە گەوهەری تاجی سەری هەموو ئایدۆلۆژیاکان، بەڵام تا بەرەو کەند و کەلێنی پڕ جانەوەری بەشەریم ببا و بکوژی خۆم لێ بکاتە برا، بۆی نییە خۆ لە باسێک هەڵقورتێنێ کە پەیوەندی بە چارەنووسی نەتوەییمانەوە هەیە. بەڵام من کێم هەتا ڕێ بدەم یا ڕێ نەدەم خۆی هەڵقورتێنێ؟! بە داخەوە ئەوانەی یاسا دادەڕێژن و ڕێ و شوێن بۆ خەڵک دیاری دەکەن، فڕیان بە مەسەلە نەتەوایەتییەکەوە نییە. ئەوان خەریکن یاسا بۆ بازرگانییەکی بە پیتی درێژخایەن بۆ خۆیان دادەنێن. من دەمەوێ بڵێم: بە زۆر کراومەتە عیراقی و خاکم بە زۆر بە عیراقەوە لکێندراوە و ئەوانیش بە پێی یاساکانی عیراق، بە تایبەتی هی بەعس سنوورمان بۆ دادەنێن و زۆری لەسەر بڕۆین سەگمان تێ بەردەدەن. عارەبەکانی عیراق لە ناو خۆیاندا تەبان هەتا لەگەڵ کورددا تەبا بن؟ ئەوان کاتێ کوردیان دەوێ کۆیلەیان بێ.

شێرکۆ بێکەس لە شیعرێکدا باسی ئەوە دەکا کە منداڵی کورد پێڵاوی بێگانە بۆیاغ دەکات و هەر ئەوە ماوە پێڵاوی خواش بۆیاغ بکا، کەچی فەتوای کوشتنیان دەرکرد. ئەو فەتوایە بۆ ناوێڵییەک نەبوو بەرانبەر خوا کرابێ چونکە باوی لەتوپەتکردنی حەللاج نەماوە، بەڵکو لە سەر تاوانێکی لەوە گەورەتر بوو ئەوەش ئەوە بوو شێرکۆ بێکەس ویستوویەتی منداڵی کوردی کۆیلە و موالی، دەست لە موالێتی و بۆیاغچێتی و خزمەتکاری ئاغاکانمان هەڵگرن. ئەو مەلا موالیانە چۆن شتی وا قەبووڵ دەکەن؟ چۆن قەبووڵ دەکەن کورد موالی و کۆیلەی عارەب نەبێ؟! عارەبەکان هەندێ زاراوەی سەیریان هەیە و لە سەر ئێمەی سەپان و موالی و کۆیلەیان پێویستە بیانزانین تا جێی خۆمان بزانین و بە دڵیان بجووڵێینەوە یا هیچ نەبێ بە تۆمەتی کافربوون نەمانکوژن:

موعەڕەب: ئەو کەسەیە عارەب نییە بەڵام عارەبی خۆش دەوێ و بە گەورەی دەزانێ. موستەعرەب: ئەو کەسە ناعارەبەیە کە بووبێتە عارەب. موالی: ئەو ناعارەبەیە بووبێتە موسوڵمان و ژێردەستەیی عارەبی قەبووڵ بێ. شعووبی: پێچەوانەی موعەڕەبە و ئەو ناعارەبە موسوڵمانەیە کە عارەب بە گەورەی میللەتان نەزانێ. ئیتر وەرە لە سنووری ئەو پێوەرانەدا لەگەڵیاندا دەربەرە! لە ڕاستیدا بۆمان هەیە سێ لەو پلە و پایانە، بە بێ سزادان وەرگرین. دەکرێ موعەڕەب بین و دنیا، بە خۆشمانەوە بکەینە کۆیلەیان و شەڕی دنیایان بۆ بکەین. بشمانەوێ دەتوانین موستەعرەب بین و خۆمان لە بیری خۆمان دەرکەین، هەروەها دەشێ بە کوردی، وەک موالی و کۆیلە بمێنینەوە و باج و سەرانە بدەین. بەڵام شعووبی بقەیە و تۆمەتێکی گەورەیە و کوشتنی لە سەرە! چۆن عارەب لە میللەتان بە گەورەتر نازانی؟!! بۆچی جوو خۆیان بە خەڵکی هەڵبژاردەی خوا بزانن و نازییەکان خۆیان بە ڕەگی خاوێنی بەشەر بزانن و عارەب شای میللەتان نەبێ؟!

لەو چوار زاراوەیەی سەرەوە بەو واتایانەوە کە هەیانە، من بەبێ دوودڵی و سڵکردنەوە، بە شانازییەوە شعووبیم چونکە عارەب لە میللەتان بە گەورەتر نازانم. بۆچی گەورەتر بێ؟! ئاخر دینداری و خواناسییەکەی؟! ویژدانە زندووەکەی و هەقخوازییەکەی یا پیشەسازییە پێشکەوتووەکەی؟! ئەوەتا لە شەڕی ئێراندا هەموو دنیا یارمەتی عارەبی دا، کەچی ئێستا ئێران خاوەنی وزەی ئەتۆمییە و عیراقیش بەو هەموو نەوتەوە خەریکی دزی و گەندەڵکاری و

دەرۆزەکردنـە و بـە بـێ ڕەزامەنـدی ئێـران نـاتوانێ حکوومـەتی خـۆی دامــەزرێنێ و ســەروەری عیراقیــان کردۆتــە ســەروەری جەســتەی هەڕاجکراوی لەشفرۆشـەکان! لە شوێنی تریشـدا گوتوومـە کـە ئـەوان دوو شانازی وایان لە مێژوویاندا هەیـە کـە ڕێـڕەوی مێژوویـان گـۆڕیبێ: یەکەمیان ئەوەیـە قورئـان بـە عارەبییـە و دووەمیـان ئەوەیـە جـارێ لـە جـاران قودســیان لــە خاچهــەڵگران ڕزگــار کــردووە. بــەڵام یەکــەمیان ئیــرادەی خــوا بــوو و ئازایــەتی خۆیــانی تێــدا نــەبوو، دووەمیشــیان ســەلاحەددینی ئــەییووبی و کــورد بــۆی کــردن. ئــەوجا دەگــەڕێن تــا شــانازییەکی تـر بدۆزنـەوە، کـاتێ کـە هـیچ نادۆزنـەوە، فەلەسـتینیان هەیــە: منــداڵانی فەلەســتین قارەمــانن و ســەربازی ئیســرائیلی بەردباران دەکەن! منداڵانی فەلەستین شۆڕشـی بـەرد بـەرپا دەکـەن! ئەو شانازییە، سەرشۆڕی لەدەسـتدانی فەلەسـتینیان بیـر دەباتـەوە. ئەوە دەڵـێن و لـە بیریـان نییـە ئەگـەر هـەمان ئـەو منداڵانـە سـەربازی دەوڵــەتێکی عــارەبی بــەردباران بکــەن، لافــاوی خــوێن هەڵدەســتێ. ئاگایان لەوە نییە ئەگەر خۆیان خاکیـان نەفرۆشـتبا و جوویـان بـە نـاوی دەرکردنــەوە نەناردایەتــە فەلەســتین و خیانــەتیان نــەکردبا، پێویســت نــەدەما منداڵــەکانیان ســەربازی ئیســرائیل بــەردباران بکــەن و ببنــە قارەمانی شاگردی دۆن کیشۆت. لە بیریان نییـە شـانازی درۆزنانـەیان بە خۆیانەوە نەبوایـە، پێویسـت نـەدەبوو شـەڕی شـەش ڕۆژە لـە دژی ئیسرائیل بکەن و ئێستا تەنها داوای ئەو مافانە بکەن کە لەو شـەڕەدا لـە دەسـتیان دان. ئیتـر بـۆ دەبـێ لـە میللـەتان بـە گـەورەتر و بـاڵاتر بزانـدرێن؟! مـن بـە زمـان و بەلاغەتیانـەوە سەرسـامم و وەختـە بڵـێم هێندەی کوردی، عارەبیم بـە لاوە ئـازیزە، بـەڵام چـۆن بـە کـوێر دەڵـێن "بەسیر" ئاوهاش چاکە بە خراپە و خراپە بە چاکە باس دەکـەن و مـرۆ نـازانێ لـە سـایەیاندا چـی چاکـە و چـی خراپـە! ڕەنگـە مەسـەلەکە دڕندەیی و دواکەوتووییش نەبێ، بـەڵکو بەوپـەڕی سـاکاری، جیـاوازی بێ لە جۆر و جەوهەردا. خاکیان بـە ئیسـرائیلییەکان فرۆشـت چونکـە نیشتەجێبوون لە خاکێکدا لە کەلەپووریاندا دەگمەنـە. جوولەکـەیان لـە وڵاتانی خۆیانەوە بەرەو ئیسرائیل دەرکرد، چونکـە دەرکـردن (تـەهجیر) کەلەپوویانی پڕ کـردووە و بـە لایانـەوە ئاسـایی بـووە خـەڵکی تـریش وەک خۆیان جێگۆڕکێ بکەن... ئەم (واحە) نا، ئەوی تر! ئەوەی بە لای ئەوانەوە ئاسـاییە بـە لای ئێمـەوە مردنـە، بۆیـە جیاوازیمـان لـە جـۆر و جەوهـەردا هەیـە و ئەگـەر خۆمـان بـە دەسـتیانەوە نـەدەین، هـەزار

سســـتەمی شـــموولی و دیمـــوکراتی و ئـــاین و ئـــۆین پێکـــەوەمان نابەستێتەوە. من کە ئـەو قسـانە دەکـەم حیسـاب بـۆ ئـەو ڕیزپەڕانـە ناکەم کە بیرکردنەوەیان جیاوازە چونکە هەشـبن، دڵـۆپن لـە زەریـادا و کارپگەرییان لە سـەر ڕەوتەکە سفرە... ڕێزیشـم بۆیـان هەیـە. مـن لـەو خەڵکەی کە بیرکردنەوەیان سـنووری نەتەوایـەتی ناناسـێ دەپرسـم: ئەگەر کورد ئەو زاراوانە بۆ قەومی تر لە زمانەکەیدا هەبوایە چییان پـێ دەگوت: بە کـوردکراو و بـە کوردبـوو و کـورد بـە گـەورەزان و نـەزان...؟! ئەی ئەگەر بە پێی ئەو زاراوانە کورد خەڵکی خەڵات بکردبـا یـا سـازای دابا چیمان پێ دەگوترا؟! ئەدی بۆچی عارەب پـەکی نەکـەوتووە و لای ئێمە لە مەزنایەتی ناکەوێ؟!

هەر کوردێک ئەمڕۆ نەتەوەییانە بیر بکاتـەوە و بـدوێ و بنووسـێ، زۆر بە زەحمەت لە نیشتمانی ئێمەدا جێی دەبێتەوە. سـەروبنی سـەرانی کورد لە ناخ و نەفس و دەروون و بوونی سیاسی و ئینسـانیاندا کۆیلـە و زەلـیلن و ئـەو ڕۆژە جەژنیانـە بەعسـییەک سـڵاوێکیان لـێ بکـا و عارەبییەکـــەیان دەمـــەزەرد بکەنـــەوە. عـــەمر مووســـا، لـــە گـــۆڕە فیرعەونییـەکانی میســـرەوە هاتـــە هـــەولێر و لـــە نـــاو پەرلـــەمانی کوردستاندا خاکی کوردستانی بـە خـاکی عـارەب دانـا، کـەچی یـەک پەرلەمانتێری کورد فزەی لێـوە نـەهات. ئـەوە خەجاڵەتییـە... شـەرمە بەڵام شەرم ماوە؟! تەماشای فارسەکان بکە چۆن ئـاینی ئیسـلامیان بۆ خۆیان بەکار هێنا و بوونی نەتەوایەتی خۆیـان پـێ پاراسـت و ڕێیـان نەدا ببنە پاشکۆ و موالی عارەبـەکان... جێـی سـەرسـوڕمانە: قـەعقاع بووە یاوەری ئیمامی عەلی کـەچی لای ئـەوان نـاوی نییـە چونکـە لـە قادسییەدا کەرامەتی نەتەوەیی بریندار کـردوون و ژنـی لـێ بـە تـاڵان بـردوون. تەنانـەت عـەلی، بـە نـاوی بـەکرد و عوسـمانیشـەوە کـوڕی هەبووە، بەڵام فارسەکان لە داخـی بـەکر و عوسـمانەکەی تـر ناویـان ناهێنن و باسیان ناکەن. ئەبوو لوئلوئەی یەخسیری غەزاکان کـە قـەت نەبووە موسوڵمان، عومەری خەلیفەی لە عارەبستان کوشـت کـەچی ئـەوان قـەبرێکیان لـە وڵاتـی خۆیانـدا بـە ناویـەوە سـازدا و هـەتا ڕۆژی ئەمڕۆ بە ڕدێن و عەمامەوە بەردەوام زیـارەتی دەکـەن و ڕەحمـەتی بـۆ دەنێرن. کەس نازانێ چۆن تەرمی ئەبوو لوئلوئە گەیشتە سەر خـاکی فارس!. پێم وایە ئـەبو لوئلوئـە فارسـیش نـەبووە چونکـە جگـە لـەوەی خەڵکی نەهاوەند بـووە، چەکەکەشـی خەنجـەر بـووە... خەنجـەرێکی دوودەم کە دەسکی لە ناوەڕاستەوە بووە. سـەرم لەوە سوڕماوە چـۆن

فارسەکان، کە شانازی بە خۆیان و ئەبو لوئلوئە و مێژووی خۆیانەوە دەکەن، ئەو خەنجەرەیان نەکردۆتە ڕەمزی نەتەوایەتی خۆیان! تۆ بڵێی لەبەر ئەوە نەبێ کە خەنجەر هی کوردە و ئەگەر وا بکەن شانازییەکەیان کەلێنی تێدەکەوێ؟!

تورکەکانیش کە بوونە موسوڵمان، ئاینەکەیان بۆ بەرژەوەندی نەتەوایەتی خۆیان بەکار هێنا و نەک هەر قەبووڵیان نەبوو ببنە موالی و ژێردەستەی عارەب، بگرە بوون بە مەولاشیان و دوای ئەوەی بورج و مەنارەیان لە کەللەی سەریان دروست کرد، سەدان ساڵیش بە ناوی سەڵتەنەتی عوسمانییەوە حوکمیان کردن و تەربووشیان لە سەریان کرد و فێرە سەمایان کردن. حەسەن عەلەوی دەڵێ: تورک ڕازی نەبوون چوار خەلیفەکەی ئیسلام بکەنە مایەی شانازی خۆیان، بەڵکو تەیمور لەنگ و هۆلاکۆیان کرد بە جێی شانازی نەتەوایەتییان. کەچی کورد لە مەزەبەکانی ئیسلامیشدا شافعییان هەڵبژارد کە وا باوە لە مەزەبەکانی تر عارەبچێتی زیاتر تێدایە... ئیمامی شافعی مەرجی بانگدان و (تەکبیر)ی بە عارەبی داناوە بەڵام ئەبو حەنیفە گردەبڕ جائیزی کردووە عەجەم (ناعارەب) بە زمانی خۆیان بۆ خۆیان بانگ بدەن! کورد بۆچی نەبوون بە حەنەفی؟! ئەبو حەنیفە تەنانەت ئەوەشی جائیز کردووە خەلیفەی موسوڵمانان ناعارەب بێ بۆیە تورکەکان قۆستیانەوە و بوون بە خەلیفە بەڵام کورد بە لایدا نەچوون. بە پێی مەزەب بێ، ئەگەر دەوڵەتی سەربەخۆشمان هەبێ، دەبێ لە بنی دنیا بە دوای کەسێکدا بگەڕێین کە ڕەگی بۆ عارەب بگەڕێتەوە تا بیکەینە سەرکردەی خۆمان!! وای لەو بچووکییەی چۆتە خوێنمانەوە!!

من پێم وایە کێ زیاتر سووکایەتی بە کورد کردووە، کورد زیاتر دووی ئەوە کەوتووە و بەعسیبوونی سەدان هەزار کورد بەڵگەیەکی زندوو و نێزیکەدەستە، جگە لە فایلدارەکان کە لە هەرەتی شۆڕشگێڕێتیدا، جاسووسییان بۆ بەعس دەکرد. یەکێتی سۆڤیەت هەمیشە هاوکاری داگیرکەری نیشتمانی ئێمەی کردووە کەچی دەیان ساڵ، هەر لە دوورەوە و تەنانەت بێ ئەوەی ئاگاشیان لێ بێ سەڵاواتمان لە دیداریان لێداوە. دەشێ بیانووی نان و ژیان بۆ کەسێکی خێزانداری دانیشتووی شار بدۆزینەوە کە بوویێتە بەعسی، بەڵام پیاو لە لایەکەوە پێشمەرگە و سەرکردە بێ و لە لایەکی ترەوە فایلی هەبێ و ئێستاش بێمنەتانە ڕێنمایی خەڵک بکات بۆ کوردایەتی، ئەوە

دیاردەیەکی ئاسایی نییە. ئەوە سووپەر خیانەتە... پۆست تەرەسییە. هەر کاتێکیش گیانی ئازادیخوازی لە کوردێکدا بزوابێ و خوێنی خۆی کردبێتە کاسەوە، یا زوو بە کوشت دراوە یا دەوریان بە تۆمەتی فاشێتی و ڕەگەزپەرستێتی تەنیوە و ڕێیان نەداوە هەناسە بدا. ئەدی ئەوە نییە هەموو کەس ڕێی هەیە حیزب و ڕێکخراو و بنکە و بودجە و بارەگای هەبێ کوردە نەتەوەییەکان نەبێ؟! وەک ئەوەی کورد لایەکی دنیای داگیر کردبێ و چەند میللەتێکی تواندبێتەوە، لە ڕەشنووسی دەستوورەکەیشماندا باسی ئەوە هەیە ڕەگەزپەرستێتی و شۆڤێنێتی و نازانم چی تر مەودایان نادرێ و قەدەغە دەکرێن! تۆ بڵێی کورد لە بارێکدا بێ بتوانێ ڕەگەزپەرست و شۆڤێنی بێ! دەسەڵاتی کورد هیچ نەماوە لێی بترسێ ڕەگەزپەرستی کورد نەبێ؟! ڕەگەزپەرستانی عارەب عاقڵ بوون و هاتنە سەر خەت، ماوەتەوە ئەوەی کوردیش وەک ئەوان خەت بگرێ!. ئەدی نازانم بۆچی بەعسێتی و تۆرانێتی لە کوردستاندا قەدەغە ناکرێن؟! هەستی نەتەوایەتی کاتێ دەبێتە ڕەگەزپەرستی نەهاتووی نەتەوەکەی خۆت لە لێهاتووی نەتەوەکانی تر بە باشتر بزانیت... باشتر، نەک ئازیزتر و خۆشەویستتر!

چۆن ئەمانە نەنووسم؟! چۆن خەڵکیان لێ ئاگادار نەکەمەوە؟! چۆن نەڵێم کورد خەسڵەتی کۆیلەی زەلیلی تێدا هەیە و پێویستە بەو نەخۆشییەی خۆی بزانێ تا چارەسەری بکا؟! پێم وایە هەر کوردێک نەزانێ کۆیلەیە، ئەگەر لێیگەڕێن، تاکە کوردی بەختەوەرە چونکە پەکی بەوە ناکەوێ ئاخۆ کورد دەوڵەتی سەربەخۆی هەیە یا نییەتی، دەچەوسێتەوە یا خۆی دەچەوسێنێتەوە! بە لاشیەوە گرنگ نییە دەرپێی ژنەکورد بە ئاریەلی تانکی دوژمنەوە بشەکێتەوە. من کە دەڵێم کورد هەستی دوونێتی تێدایە و خۆی بە بچووک دەزانێ، تەنها ئەوانە پێیان ناخۆشە کە تەنانەت وەک هەستکردنیش هەست ناکەن پاشکۆ و بچووکی میللەتانن، یا بچووکیی خۆیان بە لاوە سروشتییە. وەک کۆیلەکانی سەدەکانی ناوەڕاست کە وایان دەزانێ ژیان بۆ ئەوان هەر ئەوەیە کە هەیە: یەکتر بکوژن و قەیسەر قاقا بە فوارەی خوێنیان پێبکەنێ، یا بە دەستی خاڵییەوە لەگەڵ گورگ و سەگ و شێر و پڵنگدا بە شەڕیاندا بدەن! تۆ بڵێی ژیانی ئاسایی مرۆڤ لە جاشایەتی و پێشمەرگایەتی و خیانەتکاری و فایلدارێتی پێکهاتبێ؟! ئەگەر وابێ ئێمە وەک میللەت بەختەوەرین!

**2. تـۆ چیـرۆک و رۆمـان دەنووسـی و بـەردەوام بـە وتـاری سیاسـی و رەخنـەیی ئامادەگیـت لـە کایـەی سیاسـی و رۆشـنبیری کوردیـدا هەیـە. بـەم حەوسـەڵە فـرە رەنـگ و رەهەندە دەتەوێت چ پەیامێک بە خوێنەری کورد ببەخشیت؟**

و: من وەک کەسێکی لە سەرەمەرگدا بێ و بیەوێ دواتۆزقاڵـە هـەوا هەڵمژێ، ئاوها هەوڵ دەدەم... پێم وابێ کەسێ لە دیوی نائاگاییـەوە لە مردن بترسێ دووچاری حاڵەتێکی وا دەبێ. منـیش کـە نەخۆشـی دڵم هەیە، دوور نییە بەو نەفەسـەوە هەوڵ بـدەم و کـار بکـەم. هـەوڵ دەدەم بە سـەر نەخۆشـی دڵمـدا زاڵ بـم یـا پـێش مـردن هەنـدێ لـە ئەرکە نەتەوایەتییەکانی خۆم بەجێبێنم.. هـەوڵ دەدەم تروسـکاییەکی کەمیش بێ بخەمە سەر ئەو واقیعەی کورد کە لێمـەوە دیـارە. بـوونی مـن لـە بونیـادی نەتەوایەتیـدا تاکـە خشـتێکە، بـەڵام هـەوڵ دەدەم جێیەکەم جۆرێ بێ، ئەگەر لێی نەبم وەک کـەلێنێک بمێنێتـەوە و دیـار بێ تا کەسێکی تر پڕی بکاتـەوە. پـێم خۆشـە ئـەرکی گرنـگ بکەوێتـە سـەر ئەو تاکە خشتەی کە منم. نـازانم ئـاخۆ کـەلێنم پـڕ کردۆتـەوە یـا خەرێکی دروستکردنی کەلێنی ترم لە بونیادی نەتەوەیەکدا. هیـوادارم ئەنجامی کارەکانم لەگەڵ نیەت و مەبەستمدا هاوتەریب بن.

حـەزی خـۆم لـە کـاری ئەدەبیـدا دەبینمـەوە و خولیاشـم هـەر لـەو بوارەدایـە. دەشـزانم بەرهـەمی ئـەدەبی مـن، وەک زۆربـەی نووسینەکانی ترم زەرەر بە پەزی زۆر کـەس و لایـەن دەگەیـەنێ و بـە دەگمـەن نـەبێ ڕەخنـەگرانی نـاوەوەی کوردسـتان خۆیـانی لـە قـەرە نادەن. ئاخر ڕەخنەگریش ژیانی خۆی هەیە و کەرەسـەی ژیـانی دەوێ و بژێو کاریگەری لە سـەری هەیـە. ڕەخنـەگر هەیـە، ڕاسـت و ڕەوان و ڕوو بە ڕوو پێی گوتووم: ناوێرم خۆ لە بواری تـەونی جاڵجاڵۆکـە بـدەم!. ئەو دەزانێ بەر لە ئاشکرابوونی فایلەکان من باسـی فـایلم کـردووە و ڕسوام کردووە. خۆ لە کارە ئەدەبییەکانیشمدا هەتا ئێسـتا نـەمتوانیوە لایەنە ئایدۆلۆژییەکە، کە لە هزری مندا نەتەوایەتییە فەرامۆش بکـەم و ئەوەش کەلێنێکی گەورەیە لە کاری ئەدەبی مندا. ئەو کەلێنـە بـە بـەر چاومـەوە دیـارە بـەڵام پـێم چارەسـەر نـاکرێ، چونکـە کێشـە نەتەوایەتییەکـە بـە سـەر هـەموو کێشـە کۆمەڵایـەتی و ئـابووری و دەروونیەکاندا زاڵە و هەموویانی خستوونەتە پەراوێزەوە. کاری مـن بـۆ زاڵکردنی کورد نییـە بـە سـەر میللەتانـدا، بـەڵکو بـۆ پچڕانـدنی کـۆتی

دیلێتی و کۆیلایەتی کوردە. کۆیلایەتی لە هەر کوێی دنیادا هەبێ من دژیــم بــەڵام هــیچم بــۆ نەتەوەکــەی خــۆم پــێ نــەکرێ و نــەتوانم بارودۆخەکەی بگۆڕم، بۆ سیریلانکا و تامیل یا کەمبۆدیا، وەک نموونـە، چیم پێ دەکرێ؟ هەرچی بۆ ئـەو خەڵکـە دوورەدەسـتە بکـەم دەبێتـە هەوڵی بەفیڕۆدراو.

لە ڕاستیدا، لە بەر ناچاری نـەبێ بـە لای گوتاری سیاسـیدا ناچم و ڕەخنەش لە سیاسەتمەداران ناگرم، بەڵام ئەوەی لە وڵاتی داگیرکـراو و هەڕاجکراوی ئێمەدا ڕوودەدا هی بێدەنگبوون نییە. من سوور دەزانـم گفتوگۆ لەگەڵ بەغدادا ئەنجامەکەی ماڵوێرانییـە و دەشـبینم کـورد بـە گـەرموگوڕی ئایـە و مایـەی خـۆی خسـتۆتە سـەر مێـزی قومـارێکی دۆڕاوەوە، نــاکرێ بێـــدەنگ بـــم. هەســـت دەکـــەم، بـــە هـــۆی بێدەنگنەبوونمـەوە تـەمێکی خەسـت دەخرێتـە سـەر بەرهـەمی مـن چونکە لە گوێچکەیاندا دەنگێکی نەشازم و ئـاوازی کۆرسـی سیاسـی تێکدەدەم. چۆن تێکی نەدەم؟ بە بەر چاومـەوە عیـراق لەتوپـەت بـوو و کـورد بـە هـەوڵی خـۆی دروسـتی کـردەوە! لـە ڕاسـتیدا ئەوانـەی بـۆ ماچکردنی سەددامی کوردکوژی خوێنڕێژ ڕیز بوون، لـەوە زیاتریـان لـێ چــاوەڕوان نــاکرێ کــە ئێســتا دەیکــەن!! ئەگــەر ســەرانی کــورد هەڵوێستیان جۆرێکی تر بوایە، ئێستا کاروانمان لە جێیەکی تـر دەبـوو. جێی سـەرنجە بە دەستی خۆت ئەو لەشـکرە دروسـت بکەیتـەوە کـە میللەتەکەتی ئـەنفال کـردووە و کیـژە کـوردی بـە پـارە بـە مـەلهاکانی میسر فرۆشتووە! بۆ؟! ئاخر بۆ؟! نەدەکرا لە دروسـکردنەوەی عیـراق و لەشکرەکەیدا، هیچ نـەبێ بێلایـەن بـین؟! ئـەوەی سیاسـەتمەدارانی کورد دەیکەن وردبوونەوە و لێکۆڵینەوە و تۆژینەوەی دەروونیـی گەرەکـە و دیاردەیەکی هەر وا ساکار نییە بە سەریدا باز بـدرێ. ئـەدی نـابینی سوپای عیراق هەر لە بنەڕەتەوە لە سەر دەستی کورد دروست بوو و یەکـەم شەڕیشـی هـەر لـە دژی کـورد بـوو؟! لـە کـاتی دەسـەڵاتی عوســمانیدا شــیعەکانی عیــراق، بـــە هـــۆی جیــاوازی مەزەبـــەوە ئەفسەریان یا نـەبوو یـا بـە دەگمـەن هـەیانبوو بـەڵام کـورد و عـارەبی سونە کـە لـە خزمـەتی تـورکی عوسـمانلیدا بـوون و وەک تورکـەکان ســونە بــوون، ئەفســەریان زۆر بــوو و هــەر ئەوانــە دوای شکســتی عوســمانلی بوونــە بــەهێزترین ســتوون بــۆ بەرژەوەنــدی و ئیــرادەی بـەریتانیای هـەتا دوێنـێ دوژمنیـان و دروسـتبوونی ئـەو کیانـەی پێـی دەڵێن عیراق... ئەو ئەفسـەرانە، هەمان ئەو هەسـتەیان هەبوو کـە زۆر

کەسی کورد دوای شکستی شۆڕشی ئەیلوول خۆیان بە دەستەوە دا و بەرانبەر بەعس هەیانبوو: تەسلیمبوون و دڵسۆزییەکی بێسنوور تا ئاستی بە عارەببوون! بەڵام ئێستا بۆ؟ خۆ ئێستا شکستخواردوو نین و سەرشۆڕی بەرانبەر شیعە دەسەڵاتدارەکانی ئەمڕۆی عیراقیش نین! ئەم خۆبەدەستەوەدانە لە پای چی؟! لە ڕاستیدا کورد و عارەبی سوننە عیراقیان دروست کرد چونکە شیعەکان بە هۆی هەڵوێستی فڵان پاشا و فیسار شێخ و شۆڕشی بیستەوە کە لە دژی ئینگلیز بەرپایان کرد، خرابوونە دەرەوەی گەمە سیاسییەکانی ئەو دەمەوە. ئەوە کورد خۆی بوو عیراق و سوپاکەی دروست کرد و دوایی، بە هۆی داخوازییە نەتەوەییەکانیەوە پەراوێز خرا... هەر خۆشی بوو دوای ڕووخانی بەعس، جارێکی تر بە هەڵەداوان دروستی کردنەوە و دیسان هەوڵی پەراوێزخستنی دەدرێ. ئەوە ئەمین زەکی بەگ پاشا و جەعفەر پاشا عەسکەری و تۆفیق وەهبی بەگ و بەگەکانی تر بوون کە عیراقیان دروست کرد و بەگ و ئاغا و شێخ و پاشاکانی ئەمڕۆشمان دیارن و لە سەر ڕێبازی ئەوان بەردەوامن و عیراقی تەفروتونابوویان دروست کردەوە. مامۆستا مەسعوود محەمەد دەڵێ: "کە عیراق دروست بوو، حکوومەتەکەی ئەوەندەی توانا نەبوو دوو پۆلیس لە بەغداوە بۆ کەرکووک بە نووسراوێکی ڕەسمییەوە بنێرێ!" بەڵام خۆمان وەکو پیاوی ناو پیاوان دروستمان کرد و کە ئەمەریکاش لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا ڕووخاندی، دیسان بە پەلەپروزێ دروستمان کردەوە! چ دەبوو ئەوە نەکەین کە لە دوای ڕووخانی عیراق و هەرەسی لەشکرەکەیدا کردمان؟ باشووری کوردسستان داگیر دەکرا؟!! ئەی ئەوسا و ئێستا داگیرکراو نەبووە و نییە؟! تورکەکان ویلایەتی موسڵیان وەردەگرتەوە؟! بۆ ئێستا لە دەستی خۆماندایە؟! هەرچی بوایە لە واقیعەکەی خۆی خراپتر نەدەشکایەوە. لە ڕووی دەروونییەوە تەنها ئەوە دەمێنێ بڵێین: لەگەڵ دەسەڵاتی عارەبی عیراقدا ڕاهاتووین و دەزانین چیمان پێ دەکا، بەڵام نازانین تورکیا چیمان لێ دەکا و ڕەنگە خراپتر یا باشتر بێ. سەیر لەوەدایە کە دروستمان کرد و دواتر دروستمان کردەوە، ئەوە نەبوو خۆمان بە خاوەنی بزانین و هەوڵ بدەین خۆمان بەڕێوی بەرین. چاویشمان بۆ بەڕێوەبردنی هەر لە خەڵک بووە. لە دروستبوون و بەڕێوەبردنی عیراقدا، عارەبی سوننە کورد و شیعەی بەکار هێناوە: بۆ بەرەنگاربوونەوەی شەیعە کوردی وەک هاومەزەب خستۆتە پاڵ

خـۆی و بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی کـوردیش، لـە ڕووی قەومایەتییـەوە شـیعەی خسـتۆتە پـاڵ خـۆی و ئێسـتاش لـە سـەر هـەمان گەمـە بەردەوامە و لەو باوەڕەدام لە ئەنجامدا دەکەوێتـەوە دەسـتی خۆیـان و ئێمـەش دەبینـەوە شۆڕشـگێڕ و قارەمانـەکانی جـاران و کارگـەی شەهیددان!
ئەو خۆبەکەمزانینەی لە دەروونی کورددا هەیە، تا درکی پێ نەکەین نـاتوانین ڕووناکـایی ببینـین و تەنانـەت نـاتوانین وەک مرۆڤـی ئـازاد یـا ئازادیخواز بیریش بکەینەوە! کە لە کـورد دەڕوانـم، حوکمـدراوێکم دێتـە بەر زەین دوای بیست ـ سیی سـاڵ زینـدانی، ئـازاد کرابـێ و لـە بـەر دەروازەی بەندیخانەکـە وەسـتابێ و تەماشـای شـەقامی بێبڕانـەوەی ڕاسـت و چـەپی خـۆی بکـات و نـەزانێ ڕوو لـە کـوێ بکـا... ئـارەزووی گەڕانەوە بۆ بەندیخانە لە دڵیدا چەکەرە بکات. کوردیش دوای بیست ـ سیی سەدەی دیلێتی و موالێتی نـازانێ ئـازادی چییـە و ئەگـەر ئـازاد بێ چۆن ڕەفتار بکا یا چۆن سـەری ناحەزی ناوخۆ پان بکاتەوە!. ئـا ئـەو دیاردانـە ناچـارم دەکـەن بچمـە نـاو باسـی سیاسـەتەوە و ڕەخنـەی سیاسی بگرم، دەنا نێـوانم لەگـەڵ سیاسـەتدا ئەوەنـدە خـۆش نییـە! هەر ئەم قسانەم کە دڵڕاگرتنـی هـیچ کـەس و لایـەنێکیان تێـدا نییـە، بەڵگەن بۆ ئەوەی من و سیاسـەت، یا حیزبایەتی، پێکەوە هەڵناکـەین. سیاسی ئەو کەسـەیە بزە لـە سـەر لێـوێتی و ئـاگر لـە دڵیدایـە. وەک قومارچی پۆکەر کە بە وەرەقەی چرووکیش براوەیـە. دەبیـنم ئەوانـەی سیاسـەتی کوردی لرفی کردن خۆیان و ماڵ و منداڵیان بوون بە چی و چارەنووسی نیشتمانیان بە کـوێ گەیانـد. دەبیـنم مانگانـەی جاشـی دێرین چەند بە قەدەر مانگانەی پێشمەرگەی دێرینە و چـۆن بەعسـی و جاشـی کـوژراو دەکرێنـە شـەهیدی سـەنگەری پێشـەوەی پێشـمەرگایەتی، لـە کاتێکـدا شـەڕ لـە سـەر نـاوی پێشـمەرگەش بـە گەرمی دەکرێ. ئەو جیاوازییەش، جیاوازییە لـە نێـوان ڕاسـتیی کـاری یەکـەم و دووەمـدا و وام لـێ دەکـا بپرسـم: ئایـە جـاش، بـە ڕاسـتی جاشایەتی دەکرد یا پێشمەرگایەتی؟! ئەدی پێشـمەرگە، بـە ڕاسـتی پێشمەرگە بوو یا جاش؟! بە داخەوەم کە ئەو پرسـیارانە دەکـەم و کـە دەشیانکەم ئەو گومانە هەموو شانازی و شـەرمەزارییەکان لە مێـژووی نێزیکی کورددا سـەروبن دەکا... ئێمە لە چ گەمەیەکدا بەشدار بووینە و نـەمانزانیوە؟! ئـەو دەمـەی لـە سـێبەری بەعسـدا ملمـان لـە چـەقۆ دەسوو، خەباتی ئازادیخوازانەمان دەکرد یا سـەربازێک بـووین لـە سـەر

تەختـەی شـەترەنج و لـە سـەر خـوێن و چارەنووسـی نەتەوەیـەک گەمەمان پێ دەکرا؟! بە ڕاسـت، لە سەر چارەنووسـی کورد گەمـەمان پێ دەکرا یا لە سەر کۆمپانیای پشکدار و بەشداربوون لـە تـاڵانکردنی نەوتی کوردستاندا؟! ئایە ئێمە خۆمان بڕیارماندا شـۆڕش بـەرپا بکـەین یا ئەرکی زەلیلانەی سەر شانمان بوو بەرپای بکەین؟! هۆی چـی بـوو مەلا مستەفا دوای بۆردومانکردنی بارزان ئەوجا دەستی دایـە چـەک، لە کاتێکدا لە شوێنانی تر شەڕ گەرم بوو؟ ئایە ئەوە وا ناگەیەنێ مـەلا مستەفا نەیویستووە شۆڕش بکرێ؟ ئەدی نهێنی لەوەدا چییە یانزەی ئـەیلوول کـرا بـە ڕۆژی دەسـتپێکردنی شـۆڕش کـە ڕۆژی یەکـەم بۆردومـانکردنی کوردسـتان بـوو لـە لایـەن قاسـمەوە؟! عەبدولکـەریم قاسم، لەگەڵ هەموو پۆخڵەواتەکانی و شێتوشووریەکەیدا، باشـترین سەرکردە بووە لە مێژووی عیراقی نوێدا کەچی لـە سـەردەمی ئـەودا دامانە شاخ. تەنانەت دروشمەکەشی، کە هی (شـووش) بـوو، فـڕی بە عارەبەوە نەبوو. تۆ بڵێی لـە پاشـەڕۆژێکی نێزیکـدا ئاشـکرا نـەبێ فڵانـە سیاسـەتمەداری کـورد ئەنـدامی قیـادەی قـوتری بـووە و کـورد هەرچییەکی کردووە، لە پێناوی ڕێبازی عرووبەدا کردوویەتی؟! تۆ بڵێی عیسا پەژمان لە باسکردنی ڕێکەوتننامەی جەزائیردا هەنـدێ ڕاسـتی نەگوتبێ؟! چ نهێنیەک لەوەدا هەیە کە پەژمان ئەم سەرکردەی خۆش ویستووە و ڕقی لەوی تر بووە؟! ئاشکرابوونی ئەو بابەتانە، بە ڕاستی جەرگبڕ دەبێ، بەڵام چاوەڕوانکراویشـە! گـەلێ جـار بـە بیـری خۆمیـدا دەهێنمـەوە بەرپرسـە سیاسـییەکان هاواریـان دەکـرد: پێشـمەرگە قارەمانەکان ئەوەندەیان لـە جاشـە ڕووڕوشـەکان تۆپانـد و ئەفسـەری پلەباڵای تکریتیش ڕێبازی شۆڕشـی بۆ ڕوون دەکرایـەوە و ئـازاد دەکـرا. ئێسـتا کـە جـاش و پێشـمەرگە بـەری ڕەنجـی خۆیـان دەڕنـن، جێـی خۆیەتی بپرسین ئاخۆ پێناسـەی قارەمان چییـە؟! تـۆ بڵێـی نائاگـایی و کەمهۆشـیی نـەبێ؟! ئـەدی ڕوورەشـی لـە قاموسـی کوردیـدا سـەروەریی نییە؟! ئەدی تۆپین چەند پلە لە شـەهیدبوون بـاڵاترە یـا چ جیاوازییەک لە ئەنجامەکانیانـدا هەیـە؟! ئەگـەر ئەوانـە پێچەوانـە نـین، بۆچی ئەنجامی ئـەویان زەلالـەت بـێ و هـی ئـەمیان پلەوپایـە بـێ؟! ئەگەر پێچەوانـە نییـە بـۆچی ئـەوەی لـە سـەردەمی بەعسـدا دڕکـی هەبوو ئەمڕۆش دڕکی هەیە و ئەوسـا خۆمـان لێـی لادەدا و ئـەمڕۆش خۆمـانی لـێ لا دەدەیـن؟! ئەگـەر ئـەو دەمـە ئەفسـەری پلـەباڵا ئـازاد کرابێ بۆچی ئێسـتا فڕۆکـەوانی کوردکـوژ ئـازاد نـەکرێ؟! بـە داخـەوە

هەرچی دەکرێ، گومانم هەیە پەیوەندی بە ئامانجە نەتەوەییەکانی کوردەوە هەبێ، بەڵام گەمەی نێودەوڵەتی دەخوازێ ئەوە لە کوردستاندا بکرێ کە دەکرێ!

ئەدەب گەمەیەکی شیرینی تەعبیرە بە زمانێک کە هەموو کەس، یا زۆرینەی خەڵک دەیزانن بەڵام کەم کەس دەتوانن دایڕێژن. ئەدەب ئەگەر دەرمان بێ، کاریگەریی پاش دەیان ساڵ دەردەکەوێ یا هەر دەرناکەوێ. ئەدەبی کوردی زمانی گوڵ و پەپوولەیە لە جیهانێکدا دڕندە بەڕێوەی دەبا، بەڵام باسی بازرگانی و سیاسەت و ئاشکراکردنی بەهای نەوت و دۆلار، بە پێوانە لەگەڵ باسی ئەدەبیدا هەر بە کەرەسەی قەسابخانە دەچن و کاریگەرییان ڕاستەوخۆ و دەمودەست و خوێناوییە. ئێستا ئەگەر ناوی پەرلەمانتێرێکی پاشکۆی پۆخڵەوات بێنین، سبەینێ پۆلیسی گوێڕایەڵی حیزبەکان ـ نەک حکوومەت ـ ئاگادار دەبنەوە و بە پێی یاسای پارێزەری بەرژەوەندییان سزا دەدرێین بەڵام هەزار جار ڕۆحی هەرزەکارێکی ئەنفالکراوی عاشق بژێنینەوە و بیهێنینە زمان تا باسی ئەویندارى خۆی و شەهیدبوونی خۆی بۆ نەوەکانی داهاتوو بکا، کەس گوێی پێ نابزوێ. ئەوەیە وا دەکا هەست بکەم کاری ئەدەبی بەشی ئەم بازاڕە قوماراوییە ناکا. ئاخر منیش لە هەمان ئەو کەشتییەدام کە میللەتێکی تێدایە و بەرەو دوورگەی مەرگەساتمان دەبا و کاپتنەکانی کوێراییان داهاتووە! ئەگەر لە گۆشەنیگای بەرژەوەندی تایبەتییەوە لە مەسەلەکان بڕوانین، وای دەبینم من لە دۆمینەدا دووشەش لە دەستمدا تۆپیەوە، بەڵام لە گۆشەنیگای نەتەوەییانەوە خۆم بە هیچ کەس، لە لووتکەوە تا بنار، ناگۆڕمەوە و بەرانبەر کەسێکی وەک پەشێویش دەچمەوە قاوغەکەی خۆم.

تۆ تەماشای حیزبە پارەخۆرە پەراوێزەکانی دەسەڵات بکە! هەر یەکە و شتێکی هەیە بۆ جنێودان و سووکایەتی بە هەر کەسێکی پێیان بڵێ بەری چاوتان برۆیە. هێندەش بەخۆت دەزانی باروبنەی لە پەراوێزەوە گواستەوە بۆ ناوەندی دینەمۆی ئەو دەسەڵاتەی ساڵانێکی دوور و درێژ هەموو شتێ بوو بەشەر نەبێ. ئەوانە دەبنە هۆی لەدایکبوونی نووسینێکی وەکو تەونی جاڵجاڵۆکە... بەڵام تەونی جاڵجاڵۆکە چی پێ دەکرێ؟! دەبوو ئەمڕۆ حیزبێکی کۆمۆنستی کوردستانی ڕۆڵی کاریگەری هەبوایە، چونکە ڕۆژ ڕۆژی ئەوانەیە کە بەرگری لە مافی غەدرلێکراوانی کورد دەکەن. لەشفرۆشی ناچارکراو

و تەعەددالێکراو و دەرۆزەکەر و بێکار و بێ تەزکیەی حیزب و ناحیزبی و هەژار و قۆڵبڕاو و پێشمەرگەی دێرین و باوککوژراو و براکوژراوی نەدار، هەموو جەماوەری ئەوانەن کە بە خێرێ بەرگری لە هەژاران دەکەن، کەچی ئەوان خەریکی خۆپڕکردنن لە پارە و پلە و پایەی بەرز و هەندێکیشیان دروستکردنی تاوەر! باسی یەکگرتنی کرێکارانی دنیا دەکەن و لە ڕۆژی کرێکاراندا ئۆتۆمبیلی سەرمایەداران و پیاوەکانی ئیستیعمار بە خەڵات وەردەگرن!!. دەبوو ئەمڕۆ پاسۆکیش، لەم بازاڕی کوردفرۆشییەدا پێشڕەوی کوردپەروەران بێ بەڵام جگە لەوەی مەودایان نادرێ، نازی پاکژیش بە سەر یەکدا دەکەن و خەریکی دەوەن بەئاشێکی بێئەنجامیشن. حیزبە ئیسلامییەکانیش لە بەر باسی قەیامەت، باسی دنیای کورد لە بیری کورد دەبەنەوە... کورد بەختەوەرە کە ئەنفال کراوە چونکە زۆرینەی دانیشتوانی بەهەشت کورد دەبن و ڕەحمەت لەوەی بە ئەنفالکردن هەندێکی ترمان دەنێرێتە بەهەشت! لە هەمان کاتدا، دەسەڵات و دەستەیەک لە ڕووناکبیران خەریکی خۆڵلەچاوکردنی خەڵکن و بیر و هۆشی خەڵک بە لای فەلسەفەی یۆتۆپیایی و پارە و سێکس و سێکسی (ئازاد!!) و (دڵداری!!)دا دەبەن و خەڵکی سووک و خۆفرۆشیش ڕۆڵی قەوێدە دەبینن و قسەکانی عەبدوڵڵا کەمال بە ڕاست دەردەکەن کە لە کتێبی (القوادون والسیاسة ـ گەوادەکان و سیاسەت)دا کردوونی. تۆ دەبینی لە کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکاندا خەریکی چین؟! ئەدی دەزانی هەڵەی چۆن لە زمان و تەعبیردا، لە کتێبی خوێندنی منداڵاندا هەن؟! من دیتوومە لە گۆڤارێکی منداڵاندا پرسیاریان کردووە: ئەو ئەستێرەیەی بە ئاڵای کوردستانەوەیە، چەند تیشکی هەیە؟! ئاخر ئەوە ئەستێرەیە یا خۆرە مام گۆڤار؟! یا لە کتێبی خوێندنی منداڵاندا تەناف بە گوریس بە منداڵان دەناسێنن! ئەو لایەنە شیرپەنجانەی جەستەی نەتەوایەتی کورد بەوەشەوە ناوەستن ئێستای کورد وێران بکەن، بەڵکو خەریکن داهاتووشی تەفروتونا دەکەن تا بەخۆیان، تا قەیامەت بخۆن و ببەن و بکەن، کاتێکیش لێیان قەوما، فەرشی دۆلار لە قوژبنێکی ئەو دنیایەدا بۆ خۆیان ڕادەخەن و میللەتەکەش بە گورگانخوارد دەدەن! خۆ ئەوانە لە هیچ شکستێکی نەتەوایەتیدا زەرەرمەند نابن. ئەوە هەر ئەو خەڵکەیە دوای هەموو شکستێک بە نەفیکردن و ئیعدامکردن و نانبڕین و برسیکردن و سووکایەتی پێکردن سزا دەدرێ نەک سەرانی بزووتنەوە و ئەندام و بەرپرسانی گفتوگۆ!

دەکرێ بە دڵگەورەیی یا بێمنەتی دەسەڵاتی نیوەی باشووری کوردستان سەرسام بم کە تا ئێستا ئازاری ڕاستەوخۆیان پێ نەگەیاندووم. چاوەڕوانی چاکەشیان لێ ناکەم. بەڵام وا پێ دەچێ کاتی ئەوەیان نەبێ بەرپەرچی ڕەخنەی کەسێکی وەک من بدەنەوە یا یاسایەکی لە دژ بخەنە کار بۆیە جاروبار و لە بەهای کورسییەکی کە بەم لایەن و ئەو لایەنیان بەخشیوە و پارەیەکی بە زوڕناژەنانی دەدەن، تایبەتکاری ئەو بوارەم لێ دەنگ دەدەن! ئەوان جنێوفرۆش و خەڵکی شەڕانگێزیان بۆ ڕۆژێکی وا و کەسێکی وا ڕاگرتووە. خۆ ناشکرێ ئەو جنێوفرۆشانە بیر لەوە بکەنەوە چییان پێ گوتراوە. ئەوان تەنها بیر لەوە دەکەنەوە چی بە خەڵک دەڵێن و هەرچییەکیشیان پێ بگوترێ، وەک ئیسفەنج هەڵیدەمژن! کەسێ ئەوەندە کوڵەوار بێ نەزانێ من بۆچی ئاماژە بە هەستی دونێتی و خۆبەکەمزانی تاکەکانی میللەتەکەم دەکەم، لەگەڵ ڕێزمدا بۆ پاسەوانان، هی پاسەوانییە نەک نووسین. جاروباریش بیر لەوە دەکەمەوە ئەم بابەتە نووسینەی منیش، وەک باسی فەلسەفە و ژنسالاری و باوکسالاری و ئازادی سێکس و ڕزگارکردنی کرێکارانی جیهان لە چەوساندنەوە، بە سوودی بازرگانانی سیاسەت بشکێتەوە چونکە خوێنەر بە بابەتی ترەوە سەرقاڵ دەکا و بازرگانانیش لە سەر کاری خۆیان بەردەوام دەبن... بە داخەوە، قومارخانەیەکی چەپەڵە ئەم وڵاتە!!... بتەوێ یا نەتەوێ دەبێ بەشداری تێدا بکەیت... بەشداریش نەبیت بەشداریت!

بە شێوەیەکی ئەدەبی باسی زەلیلیی کوردم کردووە. ئیدی تەواو: من وەک ئەتاتورک بیر دەکەمەوە و ڕەگەزپەرست و هەزار شتی بەدی ترم. بەڵام ئەو کەسە خۆی بەرگری لە فەلەستین دەکا... لای ئەو جۆرە کەسە کۆیلایەتی کورد چارەنووسە و بە باڵای بڕاوە! لای ئەو، سەربەخۆیی کورد خەونە... خەیاڵە... لەتکردنی جەستەی یەکگرتووی کرێکار و چەوساوەکانی جیهانە!. ئەوە کرۆکی کۆیلایەتییە و وەک شیرپەنجە گەیشتۆتە ئێسک... ئەوە موالێتییە و لە کرۆمۆسۆمەوە پێی گەیشتووە. من چاک دەزانم سەربەخۆیی کورد ئاسان نییە. باش لەوە دەگەم تێکدانی چوار دەوڵەت و دروستکردنی دەوڵەتێک بۆ کورد کارێکی لە زەحمەت زەحمەتترە. بەڵام کە دەرفەت هاتە پێشەوە بۆچی نەقۆزرێتەوە؟! کە سوپای کوردکوژ تەفروتونا بوو، لە بری ئەوەی داواکارییەکانی خۆمان بسەپێنین، یا ئەو واقیعە نەفرەتییە بگۆڕین، بۆچی بە دەستی خۆمان و بۆ گیانی خۆمان

دروستی بکەینەوە؟! کە عیراق لەتوپەت بوو بۆچی وەک پینەچی پارچەکانی پێکەوە گرێ بدەینەوە؟! خوا لەو بان سەرەوە دەرفەت بۆ کورد دەهێنێتە پێش، کوردیش یەک شاپی تێ هەڵدەدا و بە سەر خاوەنیدا دەداتەوە. من دەمەوێ کورد وا نەبێ و هیچی تر!! سوپای عیراق یەک ڕۆژ درەنگتر بکەوێتەوە سەر پێی خۆی بۆ کورد باشترە، چونکە یەک ڕۆژ کەمتر شەڕی کورد دەکا و کورد دەکوژێ. لەو باوەڕەدام ئەگەر کورد (ناڵێم خیانەتکار) بەڵام ئەوەندە ساکار نەبوایە، هەرەسهێنانی عیراق و سوپاکەی، دەبووە هۆکار بۆ هەرەسهێنانی دەوڵەتانی دەوروبەریش، چونکە دەبووەماڵی هەتیو و هەر کەسە و بەشی خۆی دەویست و ململانێیەکی نوێی عوسمانی و سەفەوی پەیدا دەبوو. کورد شەڕێکی عەجایەبی شێواند!

بەڵام لە قاموسی سیاسەتمەدارەکانماندا من و تۆ کێین تا بمانەوێ یا نەمانەوێ یا لە بوارێکدا بۆچوونمان هەبێ؟! ئێمە نە زەرەریان پێ دەگەیەنین تا بەرتیلمان بدەنێ و بارەگایەکمان بۆ بکەنەوە، نە قازانجمان بۆیان هەیە تا حیسابێکمان لایان هەبێ. ئەوکەسە لە پێشە ئاوازی کوردی تەعریب بکا و هونەری کوردی و کەلەپووری کوردی و ئەخلاقی کوردی بشێوێنێ و سبەینێی کور بکاتە تاریکستان و بەخۆشی لە تاریکاییدا ڕاوی خۆی بکا. ئاگات لێیە چی بە زمانی کوردی دەکرێ؟! بەرنامەی خوێندنیان وەها تێکداوە شەیتان زەفەری پێ نابا و ناویشیان ناوە بەرنامەی سویدی، نەک خوانەخواستە یەکێ ناڕەزایی دەربڕێ! لە سوید، منداڵ شەش تا حەوت سەعات لە قوتابخانە دەبن و خۆراکیان پێ دەدرێ و چاودێری دەکرێن و لە سەرما و گەرما و برسێتی و نەخۆشی دەپارێزرێن، کەچی خوێندنی منداڵی کورد، ئەوپەڕی چوار سەعاتە و نە خۆراکی هەیە نە چاودێری، لە سەر ئەوەشەوە لە پۆلەکەیدا یا لە سرماندا دەلەرزێ یا لە گەرماندا عارەقە دەردەدا. بەڵام خوا هەقە منداڵی بەرپرسان وا نین. ئەوان، بۆ خۆجیاکردنەوە لە ڕەشورووتی کورد، بە تورکی و بە ئینگلیزی، لە قوتابخانەی زۆر تایبەتی خۆیاندا دەخوێنن... ئیدی وڵات وڵاتی خۆیانە! کە پلەی ئامادەییش دەبڕن، ڕاست دەچن سیاسەت و یاسا دەخوێنن تا نەوە دوای نەوە لە سەر خوێنی ڕەشورووتی کوردستان بژین. کومێتی کوڕی زەیدی ئەسەدی، کە شاعیرێکی سەردەمی ئەمەوییەکانی سەر بە شیعەکان بوو، بە خەلیفەکانی ئەو دەمەی گوتووە: "یاخوا ئەوەی ئێوە برسی دەکەن

خوا تێریکا و ئەوەی ئێوە تێری دەکەن خوا برسی بکا"! منیش بە مافی خۆمی دەزانم هەمان داوا لە خوا بکەم بۆ ئەوانەی دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی کورد برسی و تێریان دەکەن!

**3. لە زمانی عەرەبی، فارسی، سویدی و ئینگلیزییەوە بەرهەمت بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوە و بەردەوامیت. ئەم بەرهەمانە چۆن هەڵدەبژێریت و دەتەوێت ئەم ئەزموونەی لەگەڵ ئەم کارانەدا هەتە بۆ فەرهەنگی نەتەوایەتیمان چ مانایەکی هەبێت و چی خستۆتە سەر خەرەمانی رۆشنبیریی کوردی.**

و: لە زمانی فارسییەوە بەرهەمم وەرگێڕاوە و لەبەر دوو هۆ لێی پەشیمانم. یەکەمیان ئەوەیە بەرهەمی عەزیز نەسینم کردە کوردی کە هەموو کەس، یا زۆر کەس پێی دەوێرێ، دووەمیشیان ئەوەیە لە فارسییەوە کردوومەتە کوردی کە ئەوانەی پێی دەوێرن یەکجار زۆرن. کەریمی حیسامی. خوا لێی خۆش بێ، بە دەنگە سەرنجڕاکێشەکەی خۆی دەیگوت: "کوردی عیراق بە فڕۆکە بە سەر تاراندا بفڕن فێری فارسی دەبن!" و منیش (عیراق)ەکەی لێ دەرکەی، ئاوها فێری فارسی بووم!! لە ڕاستیدا منیش وەک زۆربەی خوێنەران دوای هەڵلا کەوتم و لە نیوەی دووەمی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە حەزم بە بەرهەمی عەزیز نەسین بوو. گەلێ جار کتێبێک یا گوتارێک دەخوێنمەوە لە ناخەوە پێم خۆشە هەموو کورد بیخوێننەوە. خۆزگە دەخوازم بمتوانیبا هێندەی کۆمپیوتەر لە وەرگێڕاندا خێرا بم تا ئەو بابەتانە بکەمە کوردی کە سەرنجم ڕادەکێشن. ئێستا دووکتێبم بە نیوە کردووە و جاروبار بە تەماحی وەرگێڕان تەماشای سێیەمیش دەکەم کە (کۆلارە)ی خالید حوسێنی ئەفغانستانییە. یەکێک لەو دوانە باسی ئەو کۆمۆنستانە دەکا کە لە سییەکانی سەدەی ڕابردوودا بۆ خزمەتکردنی سۆڤیەت لە سویدەوە، بە تایبەتی لە باکووری سویدەوە، بۆ خزمەتکردنی دەوڵەتی کرێکاران چوونە سۆڤیەت و لەوێ بە تۆمەتی باوی ئەو سەردەمە یا گوللەباران کران یا ڕەوانەی سیبیریا کران. ئەوی تریان بیرەوەری نووسەرێکی جوولەکەیە. کە ئەمەیانم خوێندەوە، سەرسام بووم ئەوان بەر لەوەی دەوڵەتیان هەبێ چۆن بیریان دەکردەوە و ئێمەی بێدەوڵەت چۆن بیر

دەکەیەنــەوە. ئــەوان بــۆ یــەک چرکــەش دەســـتبەرداری ئـــاواتی دروســـتبوونی دەوڵــەتی خۆیــان نــەبوون و ئێمــەش یــەک چرکــە دەســـتبەرداری پــەراوێزی خــەڵک نەبووینــە. ئەگــەر لێــی ورد بینــەوە دەبینین دروستبوونی ئیسرائیلی ناموسوڵمان لە ناوجەرگەی عارەبدا، زۆر لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی موسوڵمان زەحمەتتر بووە بـەڵام ئەویان هاتە دی چونکە ویستیان بێتە دی و نرخەکەیان دا. شتێکم لـە ســەر پــۆڵ پــۆت دەزانــی بــەڵام کــە بیــرەوەری کچــە کەمبۆدییــەکم خوێندەوە، یەکسەر بڕیارم دا بیکەمـە کـوردی و کـردم و بـڵاو کرایـەوە. ئەوە چ کارەساتێکە بە سـەر ئـەو میللەتـەدا هـاتووە و چـۆن پـۆڵ پـۆت تـوانی ئـەو دەردە بـە سـەر میللـەتی خۆیـدا بێنـێ هـەر بـۆ ئـەوەی بۆچوونی سیاسـی خۆی بە ڕاست بگەڕێ کە بـە ڕاسـتیش نەگـەڕا؟! بەڵام لە هەموو بارێکدا بارودۆخی ئەوان لە هی کورد باشـترە چەنکـە دەوڵەتیان هەیە و بوونی نەتەوایەتییان پارێزراوە. پۆڵ پۆت، لـەو حـەوت ملیۆنە دانیشتوانەی کەمبۆدیای وڵاتی خۆی، یەک ملیـۆنی کوشـت و ماراند.

من کەرکووکیم و لە منداڵییەوە نەختێ بـە سـەر زمانـدا زاڵ بوومـە و پێـی دەوێـرم. ئـەو دەمـە سـێ مـەوج بـووم و ئێسـتا سـێی تریـان هاتوونەتە سـەر. بـەڵام ئایـە ڕاسـتە مـن جگـە لـە کـوردی، زمـانی تـر دەزانم؟! پێم وانییە. من لەو زمانانە تێدەگەم، بەڵام نـە دەزانـم ئاخیـان پێ هەڵکێشم نە دەزانم خەونیان پێ ببینم. خەونم هەر بە کوردییە و ئاخ و حەسرەت و ئۆفیشم هەر بە کوردییە و هەتا ئێستاش ناتوانم بـە زمانێکی تر بیر بکەمەوە. لەبەر ئەوەیە دەڵێم من تەنها کوردی دەزانـم، ئـەویش نـەک بـە باشـی. بـە شـێوەیەکی گشـتی، ڕەنگـە لـە ڕیـزی کوردیزانەکاندا زۆر لە کۆتایی ڕیزەکەدا نەبم.

لە وەرگێڕانێک بێزارم کرابێتە فارسی یا عارەبی ئەوجا بکرێتـە کـوردی چونکە وەرگێڕان کە گەیشتە ئەوەی ببێتە دەستی سـێیەم و چـوارەم، بیکەیتەوە بە زمانەکەی خاوەنی، کـەس نایناسـێتەوە. ئەوەنـدەی مـن بـزانم، لـە زمانـە ئەوروپاییەکانـدا وا نییـە. ئـەوان مـافی وەرگێـڕان بـە ئەمانەتەوە دەگەیەنن. هەقە عارەبیزانەکانمان بەرهەمی عارەبی، بـە تایبەتی هی عیراقی بکەنە کوردی تا پـەی بـە بیرکردنـەوەیان بـەرین. ئەگەر (عمر والتشیع)ی حەسەن عەلەوی نەخوێنینەوە، چـۆن بـزانین عارەب دەیانەوێ عومەری خەلیفە بکەنە بەعسـی و چـۆن بـزانین ئـەو غەدرانەی لە کورد کراون بە لای عارەبەکانەوە غـەدر نـین و ئەرکـە لـە

سەرمان بە شانازییەوە قووتیان بدەینەوە. حەسەن عەلەوی بە لایەوە سەیرە ئەبو لوئلوئە ئەو چاکەیەی عارەبی لە بیر کردووە کە دەیانتوانی سەری بپەڕێنن و نەیانپەڕاندووە و دوایی چووە عومەری خەلیفەی کوشتووە. ئەوە لای ئەو سفڵەییە. حەسەن عەلەوی قەت بۆ ئەوە ناچێ لەشکری عارەب شارەکەی و وڵاتەکەی وێران کردووە و ژنەکانیان تاڵان کردووە و خەمی لێ خواردوون و تۆڵەی کردوونەتەوە. عەلەوی دەیەوێ کەس شعووبی نەبێ کەچی دەڵێ: ئەگەر فارسێکی قەومی بوایەم ڕێم نەدەدا کوڕانی میللەتەکەم لە سەر ئەو توربەیە نوێژ بکەن کە هی خاکی عارەبە. ئەدی بۆچی لە خۆی ناپرسێ چۆن سەدان ملیۆن موسوڵمانی ناعارەب ڕێ بە خۆیان و کوڕانی میللەتی خۆیان دەدەن ڕوو لە مەککەی سەر خاکی عارەب بکەن و کڕنۆش ببەن؟! خۆ ئەو خۆی بوایە ئەوەشی نەدەکرد. لە ڕاستیدا پێویستە ئەو جۆرە کتێبانە بە وردی بخوێندرێنەوە و لە سەریان بنووسرێ و ڕوون بکرێنەوە تا هەموو کەس بزانێ ئێمەی کورد، بە خێرێ، لەگەڵ کێدا شەریکەبەشی نیشتمانین!!

پێم وایە بە وەرگێرانی: کێڵگەی ئاژەڵ و 1984 ی جۆرج ئۆروێڵ و دۆن کیشۆت و گەلەلوورانی جاک لەندەن و (بەردیش بە دەنگ دێ)ی ژێموسیاکی کەمبۆدی و بازنەی ترسی حوسێن سومێدەی بەعسی و هاوسەنگکردنەوەی تەرازوویەکی سەنگەلا و زمانی کورد و کۆمەڵگەی ئادەمیزاد و لێکدانەوەی مێژوو لە ڕووی مرۆییەوەی مامۆستا مەسعوود محەمەد و هەندێ گوتار و چیرۆکی تری ئەملا و ئەولا، جگە لە تاوان و سزای دۆستیۆڤسکی کە بڵاو نەبۆتەوە، کەلێنێکم پڕ کردۆتەوە جا با ئەمڕۆ جێیان دیاریش نەبێ. من خۆم ماندوو کردووە و جاری وا بووە لە شەو و ڕۆژێکدا، پتر لە 17 سەعات کارم کردووە و مەگەر بە دەگمەن دەنا بۆ نانخواردنیش بە درەنگەوە چووم. جیهانی من ژوورێک و کتێبەکانم و لاپتۆپێکە و ئەگەر بانگ و سەڵای مزگەوتەکە نەبێ، هەندێ جار ئاگام لەوە نییە لەودیو پەنجەرەکەوە ئاوەدانی هەیە یا نییە یا چی ڕوو دەدا یا کێ مردووە یا سەعات بۆتە چەند یا کام مامۆستا لە ڕێی حیزبەکەیەوە بۆتە بەڕێوەبەری ئەم قوتابخانە یا ئەوی تریان. من کاری خۆمم کردووە و ئیتر ئەوە ئاستی بەتەنگەوەهاتنی ئەو میللەتەیە ئاخۆ سوودیان لێ دەبینن یا نابینن.

با ئەوەش بڵێم بەردەوام ترسی ئەوەم هەیە لە وەرگێڕاندا، بە تایبەتی کتێبەکانی مامۆستا مەسعوود محەمەد دووچاری بەدحاڵیبوون و هەڵە هاتبم و ئەو ترسەش شانازیمی کردۆتە بارێکی گران بە سەر دەرووندمەوە. ئەوە دەڵێم و زۆرپیشم دەستخۆشی لێ کراوە... هەندێ جار خاتری خۆم دەگرم و دەڵێم: چ قەیدی هەیە لە کتێبێکی دووسەد یا سێسەد لاپەڕەییدا هەندێ هەڵیش هەبن! بەڵام یاخوا نەبن!

**4. لە یەکێ لە رۆژنامە ئەڵمانییەکاندا دەربارەی بەرهەمەکانی جۆرج ئۆرۆڵ خوێندمەوە کەوا وەزارەتی دەرەوە و دەزگای سیخوری بەریتانیا بڕیاری لە چاپدانەوە و پشتیوانی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی بوون لەسەردەمی شەڕی سارددا ، هاوزەمان لە شورەوی هەمان وەزارەتی دەرەوە و دەزگای سیخوری ک . گ ب دژی بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانی بوون . تۆش لەبەر ئەوەی ئەو بەرهەمە شاکارانە ئەنتی کۆمەنیستییە وەرتگێراون یاخود وەک ئەدەبێکی بەرزی جیهانی مامەڵەت لەگەڵدا کردووە؟.**

و: کێڵگەی ئاژەڵ و 1984ی جۆرج ئۆروێڵم کردوونەتە کوردی چونکە یەکەم، وەک دوو بەرهەمی بەرزی جیهانی سەرنجیان ڕاکێشام و دووەمیش کە دەمخوێندنەوە بەعس لە بەر چاوم بە خۆی و دروشم و دڕندەییەوە بەرجەستە دەبوو. ئەوەندەی پێی دەچوو ئۆروێل باسی بەعس بکا، پێنەدەچوو، وەک باوە و باس دەکرێ، باسی سستەمی ستالین بکا. هەر دەتگوت جۆرج ئۆروێڵ لە بەندیخانەیەکی بەعس دەرباز بووە و باسی دەکا. داڕووخاندنی مرۆڤ و ئیرادەی مرۆڤ و بەتاڵکردنەوەی مرۆڤ لە مرۆڤایەتییەکەی ئەوەندە بە ڕوونی باس دەکا، من بەش بە حاڵی خۆم پێی سەرسامم. داڕووخاندنی ئیرادەی مرۆڤێک بەڵگەیە بۆ دڕندەیی بەرانبەرەکەی، ئیتر ئەو بەرانبەرە کێ دەبێ و کام سستەمی دڕندە دەبێ با ببێ. واتە مرۆڤ لە کاتێکدا ئەشکەنجە دەدرێ، خەیاڵت بە لای دڕندەیی مرۆڤێکی تردا دەبا کە لە سەنگەری بەرانبەرێتی. لە جێیەکدا خوێندوومەتەوە کۆمۆنستێکی ئەوروپایی دەڵێ: برسیکردنی خەڵک خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە پیشەسازی سەرمایەداری. ئەم بۆچوونەم بە لاوە جوان بوو... بەو

پێیـــەش بێدەســـەڵاتکردن و بەســـتەزمانکردنی خـــەڵکانێک، بەڵگـــەی دڕنـدەیی و سـاختەچێتی خـەڵکانی تـرن. وەک مامۆسـتا مەسـعوود محەمـەدیش دەڵـێ: "لـە هـەر شـوێنێک زۆردار هـەبێ، هێزێکـی وێرانکەریش خۆی لە بۆسە ناوە و چاوەڕوانی دەرفەتە." بەشەری ئەم سەردەمە بەرهەمی پیشەسازین بۆ پەرەپێدانی ریکلام و ڕیکلامیش بـۆ بەرهەمێکـە کـە بـۆ بەشـەرە بەرهەمەکـە خـۆی دەگەڕێتـەوە و سەرفی دەکا... ئەوە بازنەیەکی شەیتانکردی ترسناکە. دەیان ساڵ مارکسییەکان هەوڵیاندا مرۆڤ وەک بـەرزترین سـەرمایە بخەنـە ڕوو، بەڵام ڕۆژاواییەکان بە بێ گاڵەگاڵ و هاتوهاوار و خەباتی ژێرزەمینـی و سـەرزەمینی و شـۆڕش و فەلسـەفەی ماتریـالی، بەشـەریان کـردە بەرهەمی پیشەسازی و خەڵکەکە بە ئیرادەی خۆیان ئامێزیشـی بـۆ دەگرنـەوە و قـەبووڵیان کـردووە. ئۆروێـل، لـەو گەمـە تۆتالیتێرانـە تێگەیشتبوو.

من ڕامنەگەیاندووە دژی کۆمۆنیزم بم و لە بەر ئەوەش بەرهەمەکانی ئۆروێلم نەکردوونەتە کوردی کە دژی سستەمی کۆمۆنیزمین. نەک هـەر ئـەوە، بـەڵکو نـەبوونی کۆمۆنسـتی کوردسـتانی بـێ داش و پەراوێزبوونی ئەم و ئەو، بۆ کورد بە کەمایەتی دەزانم. ئەوە هەسـتی خۆبەکـەم زانینـە وای کـردووە کـەس خـۆی لـە قـەرەی دامەزرانـدنی حیزبێکی کۆمۆنسـتی کوردسـتانی نـەدا. بڵـێم چـی کۆمۆنسـتەکانی ئێمـە ئەوەنـدەیان ئازایـەتی تێـدا نـەبێ بـوونی خۆیـان لـە پـەراوێزی میللەتە سەردەستەکان بهێننە دەرێ. باوەڕت هەبێ هەندێ جار بە خەیاڵمـدا دێ لـە دامەزرانـدنی حیزبێکـی کۆمۆنسـتی ئاوهـادا، بـۆ گردکردنەوەی غەدرلێکراوانی کورد بەشداری بکەم یا کـاری بـۆ بکـەم، وەک بـــە خەیاڵمـــدا دێ بـــۆ دامەزرانـــدنی حیزبێکـــی ئیســـلامی کوردستانی بۆ مەبەسـتی ئـازادی کـار بکـەم. ئـەو ئایدۆلۆژیانـە کـاری زۆریان پێ دەکرا و دەکرێ چونکە جەماوەری خۆیان هەیە و ئەو هەوڵە نەدرێ، بە خۆیـان و جەماوەیانـەوە بـە تاشـەبەردی ناحـەزانی کـورددا دەدرێـن و ئـەوەش زەرەرێکـە لـە نەتەوەکـەمان دەکـەوێ. هـەزار جـار ڕایدەگەیـەنم دژی زوڵمـم. بڵـێم چـی زوڵـم لـە نـاو چەپەکانـدا، بـە پێچەوانەی پەیامی ڕێبازەکەیانـەوە بەرەکـەتی تـێ کـەوتبێ و کـوردی کۆمۆنسـت فشـەی تەواویشـی بە نەتەوایـەتی کـورد نـەیات؟ تەنانـەت خۆزگـە دەخـوازم بەعســیش بەرانبــەر کــورد دڕنــدە نەبوایــە تــا ئــەو دینەمۆی ڕقە لە ناخمدا بەرانبەر هەموو بەعسییەک بـەهێز نـەکا. مـن

کەسێکم بەرگەی ڕق و ڕقبوونەوە ناگرم... ڕق لە ڕووی مەعنەوییەوە دەمکوژێ و کۆتاییم پێ دێنێ. خۆزگە بمتوانیبا بیانوو بۆ بەعسیبوون و خیانەتکاری بدۆزمەوە و وەک نەخۆشی و کەمئەندامی سەیری دیاردەی خیانەت بکەم و بەزەییم بەو بابەتە کەسانەدا بێ، یا لە سنوورێکی بەرتەسکدا هەبوونایە. بەڵام ڕەفتاری ئەو جۆرە کەسانە سنووری مەعقوولی بەزاندووە!

که لە وەرگێڕانی 1984ی جۆرج ئۆروێڵ بوومەوە، هەندێ کەسی ڕێڕەوی ناو دەسەڵات لە فیکەی خۆیان تێگەیشتن و ویستیان بەربەست لە بەردەم چاپکردنی دانێن. پڕوبیانووی سەیریان دەهێنایەوە. دوای هاموشۆ و پەتپەتێیەکی زۆر کە پێم کرا، لە وەزارەتی ڕۆشنبیری پارەی بۆ تەرخان کرا و گەیشتە چاپخانە، بەڵام بەڕێوەبەری چاپخانە بووە سانسۆر و بەربەست و دەیویست "مەرگ بۆ ڕێبەری گەورە" بکەمە "مەرگ بۆ قەیسەر"! منیش قەبووڵم نەکرد و ئەویش بە سەریدا دامەوە. هەواڵی کتێبەکەیان وا گەیاندبوو کە لە بەرگەوە بۆ بەرگ دژی دەسەڵاتی کوردە... ئێستاش نەمزانی چۆن جۆرج ئۆروێڵ لە 1948دا دژی دەسەڵاتی کوردی نووسیوە! لە ئەنجامدا بە هەوڵی دۆستێکی دڵسۆزی نێزیکی خۆم بە بێ ئەوەی ڕێبەر بکەمە قەیسەر یا هیچ دەستکارییەکی بکەم، چاپ کرا. باجی ئەو چاپکردنەشم بەوە دا کە چوومە جێیەک نەدەبوو بچم!

مرۆ نازانێ هاوار بۆ کوێ بەرێ. خەریکە وام لێ بێ لە دەست سەنگەرفرۆشان و (تصدیر) کراوان بۆ جێیە هەستیارەکانی ناو دەسەڵات، دەست لە نووسین هەڵگرم. نازانم چ قوتابخانەیەک ئەو هەموو جنێوفرۆش و شەڕانگێز و بەربەستانەی پەروەردە کردووە و چۆن ئەو شوێنە هەستیارانەیان دۆزیوەتەوە و لە چ خەتێکەوە خەڵکی وەکو من دەدۆزنەوە تا بەربەست لە بەردەمیدا دانێن و جنێوی پێ بدەن و هەوڵی شکاندنەوە و ملشکاندنی بدەن، لە کاتێکدا من ناوی کەسم نەهێناوە. ئەوانە، هەر دەڵێی تازە لە دینێک لایانداوە و چوونەتە سەر دینێکی تر بۆیە وا گەرم و توندن. یەک جار لە دەستی بەعس وڵاتم جێهێشتووە و بە داخەوەم ئەگەر لە دەست سەگ و گورگی دەسەڵاتی خۆماڵیش جارێکی تر و بەم تەمەنەوە جێی بهێڵم! ئەگەر ئەوەش بکەم، ڕەنگە خۆم بۆ کاری وەرگێڕان تەرخان بکەم... ئەوەیان نەختێ بێگێچەڵترە! هیچ لایەک لە بازرگانان حەز بەو بابەتە ناکەن کە خولیای من و تۆیە. ئیتر جگە لەو خولیایانە باسی چی

دەکـەیت کێشـە نییـە! مـایکرۆفۆن لـە زاری پیرەمێردێکـی هـەژاری گوندنشین دەبەنە پێشـێ تا وەڵامی پرسـیاریان بداتـەوە: ژنەکـەت بـە ئەوینداری خواستووە؟!... یا لە پیرەژنێکی داماوی پاشـماوەی ئـەنفال دەپرسـن: دڵداریت کـردووە؟ بابـەتی ئاوهـا باشـە! ئـەو باسـە باشـە بیسەلمێنێ ڕۆسـتەم نێـر بـووە و خـۆ ئەگـەر پێچەوانەشـی بکاتـەوە و ڕۆستەم بکاتە مێ، زۆر باشترە و خەڵاتیش دەکرێ چونکە خەڵکی بە ناوگەڵی ڕۆستەمەوە سەرقاڵ دەکا نەک ناوگەڵی بەرپرسان.

دەزگا سیخوڕی و ناسیخوڕییەکانی دنیا ناهـەقیان نییـە حیسـاب بـۆ بەرهەمـەکانی ئۆروێـل بکـەن. ئەگـەر لـە وێرانەکـەی ئێمـەدا و لای ئەوانەی بە بـێ تێگەیشـتن دوای هـەڵلای کۆمـۆنیزم کەوتوونـە ئاوهـا بقە بێ و وا سـەیر بکرێ، دەبـێ لـە مۆسـکۆی سـتالیندا چـۆن سـەیر کرابێ! وا باوە ئەو دوو ڕۆمانـە باسـی سسـتەمەکەی سـتالین بکـەن بۆیـە هاوشـێوەکانی ئـەو سسـتەمە نایانـەوێ بـڵاو بکرێتـەوە و پێچەوانەی ئەوانیش حەز بە بڵاوبوونەوەیان دەکەن. ئۆروێڵ گوتەیـەکی هەیە و دەڵێ: "بۆچوونی ئەدەب بۆ ئەدەب و هونـەر بـۆ هونـەر، خـۆی لە خۆیدا بۆچوونێکی سیاسییانەیە". چۆن سیاسییانە نییە کە بتـەوێ 1984 باسـی سسـتەمێکی مرۆخەسـێن نـەکا یـا کەسـێک لـە کـورد باسـی هەسـتی کەسـێک بـە شـێوەی ئـەدەبی نـەکا کـە فایلـدارە؟! ماوەیەکی زۆر ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا، لە جەنگی ساردا، هەموو چـەکێکی سـاردیان لە دژی یەک بەکار دەهێنـا بـە بەرهەمـەکانی ئۆروێڵیشـەوە. ئەوانەش چەک بوون و ڕۆژاوا بەکاری دەهێنان و ڕۆژهەڵات بەرانبـەریان بەرگری دەکرد. بە تەبیعەتی حاڵ کۆمەڵگـەی دیمـوکراتی لـەو بـوارەدا حەساوەتر و بێمنەترە و پەکی بەوە ناکەوێ چی پێ دەگوترێ چونکە بـە شـێوەیەکی گشـتی، لـە هـەموو ڕوویەکـەوە چ بـۆ نـاوخۆ و چ بـۆ دەرەوە کراوەیـە و نایشـارێتەوە کـە مـرۆڤ بەرهـەمی ڕیکـلام و پیشەسازییە، بەڵام سسـتەمی تۆتـالیتێر، کۆمەڵگـەی خـۆی دەخاتـە قەفەزێکەوە تا دەرەوە نەبینن و دەرەوە نەیانبینێ. لەو سسـتەمەدا کە ئۆروێل باسـی دەکـا، بێهیـوایی گەیشـتۆتە ئاسـتێکی هێنـد ترسـناک، دیواریش چاو و گوێی هەیە. بلۆکی ئەوساى ڕۆژهەڵات نەما تا ئێسـتا حیسابی بۆ بکرێ، بەڵام ئەو زوڵمە بەردەوامە کە لە مـرۆڤ دەکـرێ و دوور نییە ئۆروێڵی تر بۆ نووسین لـە سـەر زوڵمـی نـوێ بـەڕێوەبن. لـە ڕاستیدا ڕۆژاواش بە بێ دوژمن هەڵناکات و هەر کە بلۆکی ڕۆژهـەڵات ڕووخـا بەرەیـەکی تـری شـەڕی پەیـدا کـرد: ئیسـلام. کێشـەی

موسـولّمانیش بـۆ هـەموو دنیـا ئەوەیـە بـە مـردووییش خۆیـان بـە سـەرکەوتوو دەزانـن و دۆڕان لـە حیسـابیاندا نییـە. ئـەوەش مەترسـییەکی گەورەیـە! ئـەو چەکـەی کـۆد و کلیـل و جلّـەوی بـە دەستی لیژنەی مەرکەزی کۆمۆنستی سۆڤیەتەوە بوو و لە سەد لاوە شـیکردنەوەی بـۆ دەکـرا، ئێسـتا بـە دەسـتی نەفەرێکەوەیـە کـە بـە قیلێکی پێش هەزار سـاڵ بـە بـێ شـیکردنەوە و لێکدانـەوەی ئـەنجام دەیکاتەوە و دەیتەقێنێ چونکە بەهەشت بۆ ئەو. لە وێرانکردنـی گـۆی زەوی و سـڕینەوەی شـوێنەواری ژیـان گرنگتـرە. بـۆ دەرخسـتنی ئـەو مەترسییە نوێیەش، خەڵکی تر جێی ئۆروێڵیان گرتۆتەوە. ئەوەی خالید حوسێنی لە ڕۆمانی (کۆلارە)دا بـە دەسـەڵاتی تالیبـانی دەکـا، جـۆرج ئـۆروێڵیش لـە کێڵگـەی ئـاژەڵ و 1984دا هـەر ئەوەنـدەی بـە سستەمەکەی ستالین کردووە بەڵام دەبێ جیاوازی لـە نێـوان توانـای دەرپڕینی ئەو دوو نووسـەرەدا بخەینە حیسابەوە.

نابێ بە نەمانی بلۆکی ڕۆژهـەڵات زوڵـم و زۆرداری ڕۆژاوامـان لـە بیـر بچێ بەرانبەر خەڵکـە دواکـەوتووەکانی دنیـا. هـەر بـۆ نموونـە، زۆر بـە ڕوونیـی دەبینـین، ئـەو کەرەسـانەی بـە بـاتری بـەکار دەهێنـدرێن، لـە وڵاتی ئێمەدا لە سنووری مەعقوول چوونەتە دەرێ و خۆمان هەستی پـێ ناکـەین. مـن وای دەبینـم ئـەوە بـۆ ئـەو مەبەسـتەیە کوردسـتان بکرێتە زبڵدانی پاشەڕۆی ڕۆژاوا و وڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا. خۆ خۆت دەزانیت لە ڕۆژاوا چی دەکەن تا باتری ژینگەیان پیس نەکات. ئەمـە نموونەیەکـە و لـە دەرمـانی بەسـەرچوو و خـۆراکی ژەهـراویش بگەڕێ. وای بۆ دەچم ئەو ئامێر و کەرەسانەی بە بـاتری کـار دەکـەن و دێنـە کوردسـتانەوە، هـەر بـۆ ئـەوە دروسـت دەکـرێن باترییـەکان لـە کوردسـتاندا سـەرف بکـرێن و لـە خۆیـان و ئاوهـەوای خۆیانـەوە دوور بکەونەوە، بۆیە هەرزانیشن.

زوڵم بەردەوامـە و پـێم وایـە بـەردەوامیش دەبـێ. دەوڵـەتان ئـەوە بـۆ خۆیان قەبووڵ ناکەن بەڵام بازرگانەکانی ئێمە، کە سەر بە دەسـەڵاتن یـا خۆیـان دەسـەڵاتدارن و هـیچ چاوێـک چاودێرییـان ناکـات و هـیچ دەسەڵاتێک لێپێچینەوەیان لەگەڵدا ناکات، مادام سەروەت و سامانیان زیاد دەکا، گوێی نـادەنێ و خـوای دەکـرد کوردسـتان دەبـووە کانگـەی تیـزاب و قوڕقۆشـم. بەرهەمـەکانی جـۆرج ئـۆروێڵیش، جگـە لـە بـەها ئەدەبییـەکانیان، تـا زوڵـم هـەبێ و بـەردەوام بـێ، بـۆ چاوکردنـەوەی خـەڵک پێویسـتن... بەرانبـەر سسـتەمێکی وەک ئـەوەی سـەددام و

ئەربـەکان و ئەسـەد و مـەلاکانی ئێـران، کـە کـورد دەچەوسـێننەوە، هەروەها زۆر شوێنی تر پێویستن و بـەهای ئـەدەبی و فکریـی خۆیـان لە دەست نادەن.

**5. فـەرهاد شـاکەلی دەڵـێ: کوردبـوون ئاسـان نییـە . لـەم هەلومەرجــەدا بــۆ تۆیــەک هــەردوو ئــەزموونی نــاوەوەی نیشتمان و هەندەرانت هەیە لەم رووەوە چیمان پێ دەڵێیت؟**

و: کـاک فـەرهاد شـاکەلی زۆر جـوانی پێکـاوە بـەڵام نـەختێ بـە هێمنـی... بۆچوونەکەشـی وەک خـۆی هـێمن و لەسـەرخۆیە. بـە بۆچوونی من، کوردبوون نەک هەر ئاسان نییە، بەڵکو گرانترین بارە بـە سـەر شانی هەر مرۆڤێکـەوە، کـە کـورد بـێ، بـە تایبـەتی ئەگـەر ئـەو کـوردە هەسـت بـە بەرپرسـیارەتی نەتـەوەیی و نیشـتمانی بکـا. بـە گوێرەی ڕادەی خەمخۆرییەکەشـی ئـەو بـارە قـورس دەبـێ یـا سـووک دەبـێ. کوردبـوون بـە تایبـەتی لـە چوارچێـوەی ئـەو دەوڵەتانـەدا کـە کوردسـتانیان داگیـر کـردووە، وەک جوولەکەبوونـە لـە ئـەڵمانیای نازییەکانـدا و دەبـێ هـەموو شـەوێک چـاوەڕوانی شـەوی کریسـتاڵ بـین... نـا، هـەموو شـوێکمان شـەوی کریسـتاڵ بـووە. کوردبـوون لـەو دەوڵەتانـەدا، کەرکووکیبوونـە لـە کوردسـتانی بـن دەسـەڵاتە نیوەچڵەکەی خۆماندا کە بەردەوام و لە هەموو لایەکەوە لێی دەکوژرێ و سووکایەتی پـێ دەکـرێ. کوردبـوون گـەلێ جـار بـە تـەنها هۆکـاری مەرگە و لە حاڵەتی وادا لەوە دەردەچێ ئاسان نەبێ یا بـارێکی گـران بـێ، بـەڵکو بەڵایەکیشـە بـە سـەر شـانی مرۆڤـی کـوردەوە. تاکـە ڕێگایـەکیش بـۆ سـووککردنی ئـەو بـارە، پەنابردنـە بـۆ ئایـدۆلۆژیا شـموولییەکان بە مەرجێک دوور و نزیک، پەیوەندییان بە کوردەوە نـەبێ و باسـی سـەرهێشـەی کوردیـان تێـدا نـەبێ و ئـەرکیان ئـەوە بـێ بمانخـەوێنن. کۆمـۆنیزم و هیومـانیزم و فێمێنیـزم و کرێکـاریزم و دژوەسـتانەوەی باوکسـالاری و کـۆن و ئاینـەکان و بـەرگریکردن لـە عەولەمە و پۆستنازانم چی و ئازادی سێکس، باشترین ئازارشکێنن بۆ دەردی کوردبوون، بەڵام ئەوانە بـە هـیچ جـۆرێ چارەسـەر نـین. ئیـدی ئەوە قەدەرمانە و کوردین. وەک چۆن داوامان نەکردووە کوڕی ئەو دایک و باوکە بین کە کوڕیانین و شانازیشیان پێوە دەکەین، ئاوهاش داوامان نەکردووە کـورد بـین و شانازیشـی پێـوە دەکـەین. بـەڵام کـە کـوردین،

دەبـێ کـار بـۆ کوردبـوونی خۆمـان بکـەین، نـەک پـەنا بـۆ ئایـدۆلۆژیای خەولێخستن بەرین. مـرۆ دەتـوانێ دەسـتبەرداری ئـاینی خـۆی بـێ و شپڕوشکڵی خۆی بگۆڕێ، بەڵام هیچ برینکارییەک کوردبـوونی لـە مـل ناکاتــەوە. دەبــێ کارێــک بکــەین کوردبــوون هۆکــاری حەســانەوە و ئاســوودەیی بــێ، ئــەوەش بــە ڕزگــاربوون... ڕزگــاری، کوردبــوون لــە تۆمەتــەوە دەکاتــە شــانازی و لــە بارگرانییــەوە دەیکاتــە حەســانەوە و بارسووکی. پێویستە بە بەردەوامی کار بۆ ئەوە بکەین.
بە زۆر شێوە هەوڵی سڕینەوەی کوردبوونمان دەدرێ بـەڵام ئیـرادەی ئینتیمـای نەتـەوەیی بـایی ئـەوە هێـزی تێـدا هەیـە خـۆی ڕاگـرێ و هەڵنەتەکێ. تەنانەت ئەوانەش بە ڕێبازی ئاسـانی ناکوردیـدا دەڕۆن و دووی ئـەو ئایـدۆلۆژیا و میتۆدانـە دەکـەون کـە بـە کوردایـەتی تۆمـەتبار ناکرێن و مەترسـی کوردبوونیان تێدا کەمترە، ناتوانن یا زەحمەتە بتوانن دەسـتبەرداری کوردبـوونی خۆیـان بـن... لـە ڕاسـتیدا، لـە کۆڵیشـیان ناپێتەوە! تۆ هەرچییەک بیت هاودەنگێکت لـە سـەر ڕووی زەوی هەیـە بەڵام کورد هاودەنگی نییە. کەس نییە بەرگریت لێ بکا و دەنـگ بـەرز بکاتەوە و بڵێ: بۆچی وا لەو میللەتە دەکەن، چونکە خۆی هاواری لێ هەڵناسێ و خۆی بە شایستەی بێئـازاری و سـەروەری نـازانێ. تاهـا یاسـین ڕەمـەزان بـە تـەواوەتی وازی لـە کوردبـوون هێنـابوو بـەڵام کـە ئیعدام کرا، عارەب گونی بۆی لە خم نەگرت و لای ئێمە خائینێک بوو و لای عارەبیش وەک ئەوە بوو هەر نەبووبێ... قەوزەیـەکی بێـڕەگ بـوو. ئەو کابرایە دەستبەرداری کوردبوون بوو، بـەڵام ئـەوەش فریـای سـەرە بێڕەگەکـەی نەکـەوت. یاسـاکانی نەتـەوە یـەکگرتووەکان لـە بـواری ژینگەپارێزیدا، بەرگری لە گورگ و نەهەنگ و درەخـت و ورچـی پانـدا و بەشـەری هۆمـۆی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت دەکـەن، بـەڵام یاسـا نییـە بـەرگری لـە کـورد بکـا... کێشـەی کـورد وەک کێشـەی نـاوخۆی ئـەو دەوڵەتانە سەیر دەکرێ کە کوردستانیان بە سەردا بەش کراوە. چەنـد ساڵێک لەوەبەر سەربازێکی تورکیا کەڵلەسەری کوردێکی سـەرپڕاوی بە دەستەوە بوو و بە دەم بزەکردنـەوە وێنەیـەکی پێـوە گرتبـوو. ئەگـەر ئەو سەرە سـەری مـەیموونێک یـا چەقـەڵێک بوایـە، تورکیایـان ڕیسـوا دەکـرد، بـەڵام چونکـە سـەری کـوردێکی بـە دەسـتەوە بـوو، هـەر قسەیەک بکرابـا دەیـانگوت ئـەوە دەسـتوەردانە لـە کاروبـاری نـاوخۆی تورکیا. ئیتر کوردبوون چۆن ئاسان دەبێ؟. کوردبـوون وەک کۆیلایـەتی سـەدەکانی ناوەڕاسـت بەڵایـە. ئـەوان شـەڕی یـەکتریان دەکـرد تـا

قەیسەر بە فوارەی خوێنیان پێبکەنێ و دڵی خۆش بێ، ئێمەش شۆڕشمان بۆ حوکمی زاتی پێ دەکرێ و لە کاتی یەکترکوشتندا فیشەکمان بۆ دەنێرن تا ئەوەی ئەوان دەیانەوێ پێمانی بکەن، خۆمان بە خۆمانی بکەین. ئێمە بەئاگا نەهاتووینەتەوە کە دوژمنەکانیشمان لە مردن دەترسێن و خوێنیان لێ دێ بەڵام کۆیلەکانی ئیتاڵیا درکیان بەو نهێنییە کرد بۆیە سپارتاکۆس بە تێکشکاویش بووە سیمبۆلی ڕاپەڕین و ئازادی. ئێمە هەوڵ نادەین دوژمن بکەینە نیشانە بەڵکو بیر لەوە دەکەینەوە بۆ دوژمن، خۆمان بکەینە نیشانە یا نەکەین.

مرۆڤێک چاوێکی سەقەت بێ و هەمیشە بیر بکاتەوە "بۆچی من وام و خەڵک وا نین؟" ڕەنگە دووچاری جۆرە ئاڵۆزییەکی دەروونی قورس بێ بەڵام ئەگەر وەک هەیە بەو تاکە چاوەوە خۆی گەرەک بێ و خۆی قەبووڵ بێ، باری دەروونی سووکتر دەبێ. کەچی ئێمەی کورد بۆ دەربازبوون لە عیللەتی کوردبوون، پەنا بۆ هەموو شتێک دەبەین جوانکردنی کوردبوون نەبێ. کاتێکیش کوردبوون جوان دەبێ و دەبێتە مایەی شانازی، بزانین نەتەوەکەمان لە هیچ نەتەوەیەک کەمتر نییە و کاریش بۆ ڕزگاربوونی بکەین لەو قەدەرەی کە تێیکەوتووە. ئەو ڕیفراندۆمەی لە کاتی دروستبوونی عیراقدا لە کوردستان کرا، بە ڕاستی بەشی ئەوە ناکات شانازی پێوە بکەین چونکە چەند هەستی کوردستانی تێدا بوو، ئەوەندەش کاردانەوەی تێدا بوو بەرانبەر بە تورک... کاردانەوە وای لە زۆر کورد کرد دەنگ بدەن عیراقی بن... ئێمەی کورد شای کاردانەوەین و مسکێنی کارین! کەچی کە وەک میللەتێک لە سەدا نەوەد زیاترمان لە ڕیفراندۆمدا دەنگمان بۆ سەربەخۆیی دا، بەر لە هەموو کەس سەرانی خۆمان حیسابیان بۆ نەکرد... کورد چییە تا ئازادی و سەربەخۆیی بوێ؟! ئیتر دەسەڵاتی عیراق لە چی بترسێ و بۆ حیساب بۆ ڕای جەماوەری کوردستان بکات؟ ئەوەتا سەرانی خۆی لە بری ئەوان دەمی دادەخەن و ئیرادەی زەوت دەکەن!

نەتەوە یەکگرتووەکان نەورۆزی کرد بە جیهانی بەڵام بە بێ ئەوەی ناوی کورد بهێندرێ. بە قەولی مامۆستایەکی زانکۆ کە لە کۆڕێکدا گوتی، ئەوە ئەنفالی کەلەپووری کوردە و نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجامی داوە. ئاخر نەورۆز لە سەر خواستی تورکیا بکرێتە جیهانی چۆن ناوی کورد دەبرێ. لە پەیماننامەی لۆزاندا خاکمان دابەش و داگیر کرا و ئێستاش لە سەردەمی عەولەمەدا کەلەپوورمان بە سەر هەموو

دنیادا دابـەش دەکـرێ و بەشــی خۆمـانی تێـدا نییـە لـە کاتێکـدا هـیچ میللەتێک ئەوەنـدەی کـورد پەیوەنـدی تونـدوتۆڵی بـە نـەورۆزەوە نییـە. هۆکاری ئەوە کوردبوونە بۆیە دەڵێم کورد لەوە دەرچووە ئاسـان نـەبێ. کوردبوون هەموو شتێکمان دەکاتەماڵی هەتیو و بە بەر چاومانەوە بـە سـەر خەڵکدا دابەشـی دەکەن.

## 6. ئامـــانجی ســـەربەخۆیی و دامەزرانـــدنی دەوڵـــەتی نەتەوەیی پێویستە چی بۆ بکرێت؟

و: ســەربەخۆیی بـۆ کـورد ئامانجێکـە لـە قـوڕگی حەزیادایـە، بـەڵام حەزیایـەکی دەبـەنگ و نـەفام و دڕ و دڕنـدە، کـە بـەردەوام فرســەتت دەداتـێ ســەڕبەخۆیی بـە دەســت بێنیـت و بـەردەوامیش وەک هـەر کەتنکەرێک سڵە بەڵام ئێمە، وەک ئەوەی لە چاوەڕوانی گـۆدۆدا بـین، هەمیشە چاوەڕوانین دەسەڵاتدارێکیان تێدا هەڵکـەوێ، زوڵمـمـان لـێ نـەکا. ئێمـە یـا چوارمشــقی دانیشــتووین یـا لـە ڕێگـای شـۆڕشــەوە بەردەوام چاوەڕوانین و دەڵێین: عجل الله فرجه الشـریف! لـە باشــترین حاڵەتـدا ڕادەپــەڕین و وەک نیشــانێکی زەق و دیـار بەرانبــەری لــێ دەگــرین، لــەو حاڵەتەشــدا کــە داواکاریمــان لــە دامێنــی خواســتی نەتەوەیەکدا نییە، پێکانمان و لەناوبردنمان ئاسانن. شـۆڕشـی ئـەیلوول مەزن بـوو بـەڵام ئەوەنـدە بـاری گـرارا بـوو، پێـی ڕاسـت نەدەکرایـەوە. هەزاران ژن و منداڵ و پەککەوتـە بـە سـەریەوە بـار بـوون و لای شـای ئێران بوونە بارمتە. لـە بـری ئـەو 110 هـەزار چەکـدارەی، کـە دەگـوترا هەیەتی، ئەگەر 110 چەکداری بزری لە ناو عیراقدا هەبوایە، قەت بەو دەردە نەدەچوو. چەندین جار دەرفەت هەبووە سەربەخۆیی لە قـوڕگی حــەزیا بـۆ کـورد بێتـە دەرێ بـەڵام خۆمـان لـە بارێکـدا نەبووینـە ئـەو دەرفەتانە بقۆزینـەوە... دانیشـتووین و چـاوەڕوانی گـۆدۆ بووینـە. نـەک هەر ئەوە، بگرە دەرفەتیشمان بە ویستی خۆمـان لـەبار بـردووە. وا بـۆ حەفتا ساڵ دەچێ هەر لە ناو خۆی کـوردەوە، هـەوڵ دەدرێ بـە پێـی هەندێ لۆژیک وا لە کورد بکەن ملـی بـۆ ئـەو واقیعـە مـات بکـا کـە بـە سـەریدا سـەپاوە. بەڵام ئیرادەی ئازادی تاکی مرۆڤی کـورد ئەگـەرچی ســـت بـــووە، نـــەمردووە. تــۆ وەرە دژی دەوڵــەتێک شــەڕ بکــەیت و سـەربازەکانیشـی بە برای خۆت بزانیت! لـە هـیچ کـوێی دنیـادا شـتی ئەوتۆ نییە و نـەبووە. بەرانبەرەکـەت، ئەگـەر دوژمنـە بـرا نییـە و ئەگـەر

برایە بۆ شەڕ لە دژی دەکەیت؟ ئێمە کارێکمان کردووە جیاوازی لە نێوان دۆست و دوژمندا نەمێنێ! لە خەیاڵی ئێمەدا مەڕ و گورگ پێکەوە ئاو دەخۆنەوە. ئەوە داهێنانە، داهێنان!! نازانم بۆچی جوولەکە و عارەب چاو لە کورد ناکەن تا برا بن! بۆچی ئەڵمانیا و فەرەنسا، یا سوید و نەرویج باسی برایەتی نێوان خۆیان ناکەن! لە دەروازی شارێکی فەرەنسی نووسراوە: ئەڵمانی بۆی نییە بێتە ئەم شارەوە! کەچی ئێمە زات ناکەین بۆ هەڵەبجە شتێکی وا بکەین و بنووسین: عارەب بۆی نییە بێتە هەڵەبجەوە! من دەسەڵاتم هەبێ ئەوە دەکەم. ئەو کارەی کە من دەمەوێ بکرێ، هەر ئەوەندە ڕەگەزپەرستییە کە ئەوان داوای لێبوردن لە کورد ناکەن و لەو تاوانانەی ئەنجامیان داوە پەشیمان نابنەوە. بە بۆچوونی من، پێویستە بەر لە هەموو شتێک ئێمە خۆمان بناسین و بزانین زۆر بە چڕیی خەسڵەتەکانی کۆیلەمان تێدان و ناوێرین ئازاد بین... ئەگەر باسی ئازادیش بە جۆرە شەرمێکەوە بکەین ئەوەندە سنووردار و مەرجداری دەکەین ناوەڕۆکەکەی دەبێتەوە بە کۆیلایەتی. سەدان ساڵە فێر دەکرێین کە کۆیلە بین و خۆمان لە سەر کۆیلایەتی ڕادێنین و حیزبەکانیشمان دەستی باڵایان لەو بچووکییەماندا هەبووە و هەیە و بۆچوونی پێچەوانەی ئەو بیرە بە دوژمن و خیانەتکار دەزانن. هەموو شتێک لە ئاغاکانمان قەبووڵ دەکەین، بەڵام تەنانەت ئەم قسانەی منیش لای هەندێ لایەن بە جنێو و سووکایەتی لێکدەدرێنەوە چونکە سەر بە کۆیلستانەکەی خۆیانم... منیش وەک خۆیان یەکێلم لە ڕانەکە و پێم دەوێرن. دەیانەوێ منیش وەک ئەوان ئەو بەندیخانەیە پرازێنمەوە کە تیایدا بەند کراوین. لە بنی زەوییەوە بەڵگە دەهێننەوە کە من سەر بە بەرەی فاشی و نازیم، کەچی لەولاوە بۆچوونەکانم لە بارەی کوردەوە بە سووکایەتییەک لێکدەدرێنەوە کە بە کوردی دەکەم! ئەم قسانە لە من قەبووڵ ناکرێن کە بۆ هۆشیاربوونەوە دەیانکەم، بەڵام کە نووسەرێکی عارەب لە دەوڵەتێکی خانەخوێی هەمیشەیی سەرانی کوردەوە دەڵێ خەڵکی شیمالی عیراق بەکرێگیراو و خائینن، کەس ورتەی لێوە نایێ، با خۆمان و باو و باپیریشمان بگرێتەوە. زەکەریا تامر لە سووریاوە ئەوەی گوت. ئەو عارەبە بەندیوانیانە و منیش وەک خۆیان بەندکراووم. بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ دەبێ بەر لە ناسینی دوژمنەکانمان خۆمان وەک میللەت بناسین. ئایە ڕاستە ئازادیمان دەوێ یا ئەوەش گەمەیەکە و پێمان ئەنجام دەدرێ؟! لە

سەدا پتر لە نەوەدی کورد لە ڕیفراندۆمێکدا دەنگی بۆ سەربەخۆیی دا، بەڵام دەرکەوت گەمە بوو... قەشمەریکردن بوو بە ئیرادەی کورد. ئێمە، دوای ڕووخانی میدییەکان کراینە حەرەس حدوود و ئێستا خۆمان داوا دەکەین ببینەوە حەرەس حدوودی دەوڵەتی داگیرکەری وڵاتی خۆمان! ئەوە سووکایەتی نییە بە خۆمانی دەکەین؟! تەماشای هەر نیمچە سەرکردەیەک دەکەیت بەرانبەر کوردی کلۆڵ عیفریتێکە بۆ خۆی، کەچی بەرانبەر کەسێکی ئاسایی میللەتە سەردەستەکە، دەچێتە ناو قاوغە کۆیلایەتییەکەی خۆیەوە و هەمووومان نموونەی ئەو بابەتە خەڵکانەمان دیتوە. کاتێ وا نابین کە تێبگەین ئێمە میللەتێکی کۆیلەسیفەتین و نامانەوێ ئازاد بین. کەسێکی وەک سپارتاکۆسیشمان تێدا هەڵنەکەوتووە، تا تێبگەین یا تێمانبگەیەنێ ئاغاکانیشمان خوێنیان لە بەر دەڕوا و لە مردن سڵ دەکەنەوە و تاکە ئەرکی ئێمە خزمەتکردنی ئەوان و کوشتنی خۆمان نییە. لەو ڕاستییە تێنەگەیشتووینە بۆیە بە ویستی خۆمان دەمانەوێ ببینە حەرەس حدوودی داگیرکەری وڵاتی خۆمان. کە عارەبەکانی عیراق بە ئیسرائیلی دووەم ناومان دەبەن، ئەژنۆمان دەشکێ و هەزار پاکانە دەکەین و سەد سوێند دەخۆین کە بۆ فەلەستین لە خۆیان دڵسۆزترین. سەرانسەری کوردستان بگەڕێ کەسێک نابینی یا بە دەگمەن دەبینی بەرپەرچیان بداتەوە و بڵێ: ئێوە خۆتان ئیسرائیلی دووەمن چونکە وەک ئەوان داگیرکەری خاک و کەرامەت و وڵاتی میللەتێکن! کەس ئەو ئازایەتییەی تێدا نییە بە دەنگی بەرز داوای ئازادی بکا. تەماشاکە: مەلا مستەفا پاتەوپات گوتی ئەگەر کەرکووک یەک کوردیشی تێدا نەهێڵن هەر کوردستانە، کەچی بەرپرسەکانی ئێستا، دوای پرۆسەیەکی دوورودرێژی تەعریبکردنی کەرکووک و زاوزێکردنی عارەبەکان و زیادبوونیان و ڤڕانی کورد لە ئەنفالدا دەڵێن: دەیخەینە دەنگدانەوە، زۆرینە گوتیان کوردستانە، ئەوا کوردستانە، دەنا عارەبستانە! ئەمە دۆڕاندنی کەرکووکە بە ئانقەست! ماددەی 140یش ڕێک پێچەوانەی ئەو قسەیەی مەلا مستەفایە و شانازیش بە هەردووکیانەوە دەکەن! ئای کە ڕێبوارانی ڕێبازەکەی(!!) ڕقیان لە خۆی و هەڵوێستەکانێتی، چونکە ئیحراجیان دەکا. بەڵام چی بکەن!! ئەوانەش کە ئینقلابیان بە سەریدا کرد گوایە لەو کوردتر و دڵسۆزترن، قەت نەیانتوانی هەڵوێستیان نیوەی هەڵوێستەکانی ئەو کوردانە و مرۆڤانە بێ!

ئێمەی کورد دەبێ کار بۆ ئەوە بکەین کە تێبگەین حوکمی زاتی و فیدرالی مافی ئێمە نین. کەچی دانوساندن لە سەر خاکی خۆمان، لەگەڵ داگیرکەری وڵاتی خۆماندا دەکەین: ئەرێ کەرکووک کوردستانە یا کوردستان نییە؟! ئەوەتا ڕێژەی کورسییەکانی هەڵبژاردن سەلماندی عارەب لە کورد زۆرترن یا لە یەکەوە نێزیکن. تەواو؟! ئەرکی خیانەتکاری کۆتایی هات؟! ئەمە خەسڵەتی میللەتێک نییە ئازادی لە خوێنیدا بێ و کۆیلایەتی ڕەت بکاتەوە. من گومانم هەیە: کەرکووک، بە خاک و خەڵکەوە فرۆشراوە و پراوەتەوە بەڵام بۆ ئەوە ڕاپێناگەیەنن دەنگ بهێنن و لایەنگرییان بکرێ.

عیراقی پیش سەددام ناوی (الجمهورية العراقية) بوو و سەددام کردیە (جمهورية العراق). ئێستاش، بە حیساب عیراق بۆتە (عیراقی فیدرالی و دیموکراتی)، بەڵام ئەو ناوە لە بەردەم و لە پشت سەری سەرۆکە کوردەکەی عیراق دەنووسن کە سەددام دایناوە... (جمهورية العراق). نووسراوێکی ڕەسمی وەزیرێکی کوردم دیت، لە سەری سەرەوە نووسرابوو: جمهورية العراق و ڕۆژی دەیان و سەدان شتی وا بە دەستی موبارەکی خۆیان ئیمزا دەکەن و نقڵەیان لێوە نایێ! قەبووڵمانە! ئەدی ڕێکنەکەوتن عیراق دیموکراتی و فیدرالی بێ؟! بەڵێ ئەوەشمان قەبووڵە کە نابێ قەبووڵمان بێ. کە ئەوەشمان قەبووڵ بوو، دەسەڵاتدارانی عیراق چاک دەزانن جەوهەرمان چییە و چۆنە! هەر لەبەر ئەوەشە هەمیشە بە سەرماندا زاڵن. دوای ڕووخانی بەعس عارەبی تەعریب لە کەرکووکدا نەمان بەڵام دوایی کە گەڕانەوە، یەکێ لە شێخەکانیان گوتبووی: ئەگەر دەمانزانی کورد یەکەم ئاواتی تاڵانکردنە، لە کەرکووک دەرنەدەچووین و دواماں دەپرینەوە! تەعریبچییەکان، سەددام دەوڵەمەندی کردن و دەسەڵاتی کوردیش دەوڵەمەندتری کردن. کورد ناوی ئەو عارەبانەیان نابوو دە هەزاری چونکە بەعس دە هەزار دیناری پێ دابوون، بەڵام ئێستا کە بیست ملیۆنیان وەرگرتووە، ناویان لێ نانێین بیست ملیۆنی... بە باوەڕی من ئەو تەعریبچییانە، پێشتر دە هەزاری بەعس بوون و ئێستا بیست ملیۆنیەکانی کوردن و بەعس چی بۆ کردن سەرانی کوردیش هەمان کاری بۆ کردوون. سەرانی کورد هەرچییەکیان کردبێ داوە مووەکەی معاوییەیان لەگەڵ بەغدادا نەپساندووە، دەبێ ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەو داوە مووە بپسێ و سەری کورد بکەوێتە سەر دووڕێیانێک: کوردستان و نەمان! نەپساندنی ئەو

داوە مووە بۆتە هۆکاری ماڵوێرانییەکی زۆر و تەرەکیوە و فایل و فایلدار و دز و خیانەتکاری لێ کەوتوونەتەوە. ئەوانەی لێ کەوتوونەتەوە چونکە لە یەکەم هەڵگیرسانی شۆڕشەوە، هەموان زانیویانە ئەنجام هەر گەڕانەوەیە بۆ باوەشی بەغدا... ئیتر شۆڕش و خۆبەکوشتدان چ واتایەکیان دەمێنێ؟! دەبێ خەڵکێکی زۆر بکوژرێن و سەدان گوند وێران بکرێن و کورد ئەنفال بکرێ و هەڵەبجە بە کیمیاوی لێی بدرێ تا ڕێ بە سەری گەورە بدرێ بچێتە بەغدا و ئاواتەکەی، کە گفتوگۆکردنە لەگەڵ دەسەڵاتی بەغدادا، بێتە دی. نابێ تاها محێدین جێگری سەرۆک بێ و دەبێ منی سەرکردە جێگر بم! ئەمە گاڵتەجاڕییە!!

پێویستە خۆمان وەک نەتەوە بناسین و خۆمان بە شایستەی مافی نەتەوایەتی بزانین... هەبوونی دەوڵەتی کوردی نەکەینە خەونی شاعیر و خەیاڵ هەر لەبەر ئەوەی پیرەمێردێکی نەخۆش و لاکەوتەی وەک من کە ناتوانێ بەرگری فیزیکی لە خۆشی بکا فریای دیتنی ناکەوێ! وای بۆ دەچم ئەگەر هەڵەی زل بە خیانەت ناو بەرین، یەکەم و گەورەترین خائین لە ئێستا و مێژووی کورددا، هەندێ لە منەوەر و ڕۆشنبیرانن ئەوجا سیاسەتمەداران. ڕۆشنبیرانی سەردەمی دروستبوونەوەی عیراق هەمان گەمەی منەوەرانی سەردەمی دروستبوونی عیراق ئەنجام دەدەن. ئەو دەمە یەک دوویەک ناڕازی بوون و ئەمڕۆش یەک دوویەک ناڕازین. ڕۆشنبیری میللەتان بەر چاوی خەڵک ڕووناک دەکەنەوە و هی ئێمە خەڵک دەخەنە سەر خەیاڵی ڕاوەڕێوی و ڕاوەژیژک و بۆ خۆڵلەچاوکردن، هەر ڕۆژە سەری ئەو میللەتە بە دیواری بیرێک و ئایدۆلۆژیایەکدا دەدەن. ئەوان نەبن، خەڵکی ساکاری گوند و شار، ئەگەر سەریان لێ نەشێوێندرێ، هەر بە غەریزەش بێ ئازادییان دەوێ. حاجی ئەحمەدی (مەحمەخان)ی لای چەمچەماڵ، کام ڕۆشنبیر یا سیاسەتمەدار فێری کرد دوای کشانەوەی چەکداری حیزبەکان لە ترسی هێرشی بەعس، بە ژن و منداڵی ئۆردوگای تەکیە بڵێ: ئێوە بڕۆن خۆتان دەرباز بکەن من پێش بە لەشکری عیراق دەگرم؟! کێ فێری کرد بۆ بەرگریکردن لە شەرەفی خۆی و ئەو خەڵکە بە تاقی تەنها لەشکری بەعس ڕاگرێ تا هەموو ژن و منداڵ دەرباز بوون ئەوجا شەهید بکرێ؟! ئەگەر بەرپرسێکی سیاسی یا ڕۆشنبیرێک هەبا ڕێی لێ هەڵە بکا قەت ئەوەی دەکرد؟! بەڵام مێژوویەکی دوور و درێژ و هەزاران سیاسی و خوێندەوار و خواپەرست ئەو لەشکرە دڕندەیەیان فێر کردووە ئەو

مەردە و مەردی وەک ئەو بە کوژراوی سەر بڕی! واز لە سیاسەتمەداران بێنە، بەڵام ئایە جێی سەرسوڕمان نییە پەیکەرتاشێکی کورد نەبێ (کە ڕۆشنبیرە) پەیکەرێک بۆ حاجی ئەحمەد داتاشێ؟! جێی سەرسوڕمان نییە ئەدیبێکی کورد نییە بەسەرهاتەکەی، کە لە نێزیکی بەردە قارەمانی مەلیک مەحموودە، بکاتە ڕۆمان و ڕەگی بۆ شێخ بگەڕێنێتەوە؟! سەیر نییە شاعرێک نەبێ شیعرێکی بەرزی بۆ بنووسێ و بە دیواری پەرلەماندا هەڵیواسێ؟! هیچی بۆ ناکەن چونکە بە پیلانی خۆیان بەکوشت نەدرا تا لە کوشتنیش و لە ناشتنیشیدا بەشدار بن و فەرمان بدەن: پەیکەرێکی برۆنزی بۆ دروست بکەن! حاجی ئەحمەد، کە زیارەتی ماڵی خوای کردبوو، شەرەفی خۆی نەکردە قوربانی ئەو ماڵەی خوا و بە بێ لێکدانەوەی فەلسەفی و دینی دەیزانی چی دەکا! ئەو، تەفسیری تەعریبکردنی نەخوێندبوو تا خاکی خۆی بکاتە قوربانی لمی سعوودیە و سەری لە چینایەتی دەرنەدەکرد تا لە بەر خاتری ئەوەی سەربازەکان کوڕی هەژاران بوون، لە بەریان ڕابکات و ژن و منداڵیان بە دەستەوە بدا. حاجی ئەحمەد هەتا کوژرا وەک بەرد چەقی و وەک مەرد شەڕی کرد. ئەو کەڵەپیاوە هی ئەوەیە بۆ کردنەوەی بەختی کورد زیارەتی گۆڕە پیرۆزەکەی بکەین و سەری ڕێزی بۆ دانەوێنین. دە توخوا با ڕۆشنبیران تەفسیرێک بۆ هەڵوێستی ئەو و ئەم قسانەی من بدۆزنەوە! خۆ هەگبەی بیانوویان لێی دەڕژێ و شیکردنەوەیان بۆ مێژوو سەد جۆگا، جگە لە جۆگای کوردی و نەتەوایەتی، سەرچاوەیەتی! لە بیری مارکس و فیختە و نیتشە و حەججاج و عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان و سەرانی کورد و سەرجەمی ڕۆشنبیرانی کورد تەفسیر بۆ ئەو هەڵوێست و قوربانییەی حاجی ئەحمەدی مەحمەخان نادۆزرێتەوە، بەڵام لە قامووسی کوردی غەدرلێکراودا کە خاکی داگیر کراوە و هەڕەشە لە سەر کەرامەت و (عیزز)ی کوردبوونی هەیە، یەکسەر تەفسیرەکەی دیارە... حاجی ئەحمەدی تەمەن سەرەوەی حەفتا ساڵ، بە بێ تەفسیری دینایەتی و چینایەتی بەرانبەر ئاپرووبەرانی کور و کوردکوژان هەڵوێستی خۆی دیاری کردووە و ژیانی خۆی لە پێناوی کەرامەتی خۆی و خەڵکدا بەخشی. ئایە کام سوودمەند لە سیاسەت ئامادەیە بەو شێوەیە بەرگری لە کەرامەتی کورد بکا؟ ئەو، ئاوها شەهید بوو و شانازیش بۆ فایلداران و ئەوانەیە کە بۆ فرۆشتنی هەژدە کچی کوردی گەرمیان بە مەلهاکانی میسر

فززەیان لێوە نەهات! ئەو میللەتەی ئێمە، بە هونەرمەند و ڕۆشنبیر و فەیلەسووفەوە، وەها لە سێبەری سیاسییەکاندا لە خشتە براوە، حاجی ئەحمەدی ناوێ چونکە لە خۆیەتی و هی خۆیەتی، بەڵام مانیفێستی برایەتی لەگەڵ بکوژی حاجی ئەحمەددا ڕادەگەیەنێ و بەرگری لێ دەکا: ئەفسەرێکی عیراقی لێهاتووە!!

**7. شەیدایی تۆ بۆ بەرهەمەکانی مامۆستا مەسعوود محەمەد بێسنوورە، نهێنی ئەم عەشقەت لە چییەوە هاتووە و لەو یەک دوو جارەی دیدارت لەگەڵ مامۆستادا چ یادگارێکت هەیە بۆمان بگێڕیتەوە؟**

و: ئەو پیاوە گەورەیە قەت نەیگوتووە مارکس وا دەڵێ و ئیتر دەمت داخە. قەت نەیگوتووە قورئان وا دەڵێ و نابێ لە سەری ڕۆیت. نەک هەر ئەوە، بەڵکو لە دیمانەیەکدا کە ڕزگار سیان لەگەڵیدا کردوویەتی و لە (بەدرخان)دا بڵاو کراوەتەوە دەڵێ: "ئەوەی خۆ دەکاتە لەمپەر لە پێش هەنگاوی  کوردایەتی، بە قەناعەتی من نوێژەکەشی دروست نییە، حەجەکەشی دروست نییە و هەرچی ناوی لێ دەنێی دروست نییە". ئەو سنووری دەوری بیری خۆی تێکشکاندووە و ئازادانە بە ناو هەموو بیر و هۆش و فەلسەفەیەکدا، بە ئاسمان و جیهانی ماددە و مرۆڤدا لە شەقەی باڵی داوە و تەنانەت لە تەفسیرە زانستییەکانیش درێغی نەکردووە. من کاتێ ئاشنای بەرهەمەکانی ئەو مرۆڤە گەورەیە بووم بیری نەتەوەیی لە قەیراندا بوو و جگە لە لۆژیکی دەمودەست و حازرەکی خەیاڵی خۆت، چ چەکێک نەبوو بەرانبەر لێشاوی چەپایەتی، ماویزم و ستالینیزم بە تایبەتی، بەرگری پێ بکەیت. خۆ بەعسایەتیش هەمیشە وەک دڕندەیەکی تێنووی خوێن لە سەر هەق بوو!! چەپەکان بە پشتبەستن بە قسەی ستالین دەیانگوت کورد ئوممە نییە و تۆش دەبوو بینەیتە نەڕ ملەوە: نەخێر کورد ئەممەیە و ستالین شەکری خواردا! بەعس و دەسەڵاتەکانی پێش بەعسیش لە ناو کورددا دەرفەتیان بەو بۆچوونانە دەدا برەویان هەبێ تا بیری نەتەوەیی و ویستی سەربەخۆیی لە ناو قاڵبی عیراقچێتیدا گیر بخوات و دەرنەچێت. کورد ئەوەندەی سەرقاڵی ململانێی فیکری بوون، ئاگایان لە هۆکارەکانی تێکشکانی شۆڕشی ئەیلوول و زەلالەتی کورد نەبوو. تەفسیری هەرەسیان زۆر ئاسان

کردبۆوە و چ سەرهێشە و لێکدانەوەی نەدەویست. هەر ئەوەندە بوو: "پیاوی ئەمەریکا بوون و هەر ئەوەیان لێ شین دەبێ!" و بڕایەوە. ئەوەش ناڕاستەوخۆ تەزکییەی پاکژی خۆیان و هەڵوێستە چەواشەکارییەکانیان و جاشایەتیشیان بوو. یەکێ لەو مارکسییانەی ئەو دەمە، گوتبووی: بە خوا سەخافەتە فکری خۆت لە بازنەی قەومایەتیدا قەتیس بکەیت! کەچی ئێستا لە بناری لووتکەی دەسەڵاتی کوردیدایە و کێشە نێونەتەوەییەکانی تەواو کرد و ئێستا خەریکە بە خێرێ شتێ بۆ کورد دەکا. ئێستا کە ئەوە دەکا، باش دەزانێ ئەم کاروانەش وەک ئەوەکەی پێشتری خۆیان بەم کەرەسانەوە ناگاتە هەوار! کەچی چۆن ئەویانی کرد و لەوەڕا، ئەمەش دەکا و دەلەوەڕێ. کەسێ ماوەی چل یا پەنجا ساڵ عەقڵی خۆی خستبێتە قوتووی ستالینەوە، چ کێشەیەکە ئێستا بیخاتە قوتوویەکی ترەوە؟! چی لەوەیان کرد، ئەمەشیان هەر وا لێدەکا و هەمیشەش هەر خۆی پێشکەوتنخواز و ڕاستە! هۆش و لێکدانەوەی ئاوها چ ئەنجامگیرییەک و چ بەرهەمێکیان دەبێ و چاوەڕوانی چییان لێ دەکرێ؟ کوردی نەتەوەییش لە هەموو بارەکاندا، ئەگەر ڕێزی خۆی بگرێ دەبێ پەراوێز بێ و بەردەوام بەرانبەر ناپاکی و گەندەڵی و خیانەتکاری لە سەنگەری بەرهەڵستکاریدا بێ. بۆ کوردی نەتەوەیی، بەرهەڵستکاری تا ئەو ڕۆژە قەدەرە کە ئاڵای سەرفرازی کورد دەشەکێتەوە و مەترسی لە سەر نامێنێ.

مامۆستا مەسعوود محەمەد قسەیەکی هەیە باشترین پێناسەیە بۆ لێکدانەوەی خۆی... شتێکی لەم بابەتە دەڵێ کە ئێستا ناتوانم بگەڕێمەوە سەر دەقەکەی: "ئەگەر بسەلمێ لە بۆچوونێکدا بە هەڵەدا چوومە، وەک ئەوەی لە کاتی تونیەتیدا پەرداخێک ئاو بخۆمەوە ئاوها بە ئاسانی دەستبەرداری دەبم". کێ ئامادەیە ئاوها دەستبەرداری فکر یا بۆچوونی هەڵە بێ؟! کامە ڕۆشنبیری چەپڕەوی کورد، دوای جاشایەتی و خراپەکاری و چەواشەبوون و چەواشەکاری دانی بە هەڵەی خۆیدا نا و بە ئاشکرا گوتی من هەڵە بووم؟! ئەوانەی سەنگەریشیان گۆڕی، بە خشکەیی سەنگەری خۆیان چۆڵ کرد و ورتەیان نەکرد! من کە یەکێ لە چرا هەرە گەشەکانی فکرم مامۆستا مەسعوود محەمەدە، ئامادەم دەستبەرداری هەر زاراوە یا وشە یا هەڵوێست بم ئەگەر بسەلمێ لە زەرەری کوردە.

من دوو جاران بە خزمەتی ئەو پیاوە گەورە بیرمەندە گەیشتووم. جاری یەکەم لە ساڵی 1997 لە ماڵی ئامۆزایەکی لە هەولێر و جاری دووەم سەرەتای ساڵی 2002 لە ماڵەکەی خۆیدا، هەر لە هەولێر. بە داخەوە لە جاری دووەمدا نەیدەناسیمەوە و منیش نەمویست فشار بخەمە سەر بیرکردنەوەی. تەندروستی باش نەبوو... نا، تەندروستی زۆر خراپ بوو. ئەو دوادیدارە لە سەر دڵم بووە خەمێکی گەورە و کەسەرێکی گەورەتر چونکە بە هۆی دوورەوڵاتییەوە پێشتر لە خزمەتیدا نەبووم. بەڵام ئێستا، کە چوار کتێبیم کردنە کوردی وا هەست دەکەم هەمیشە لە خزمەتیدام و قسەم بۆ دەکا... گوێی لێ دەگرم... بەردەوام گوێی لێ دەگرم.

مامۆستا مەسعوود، جگە لە توانا فکرییەکەی و زمانە پاراوەکەی و عارەبییە لووتکەکەی، مرۆڤێکی قەدردار و قەدرزان و پەروەردەکراو و پەروەردەکارێکی وەهایش بوو، لە نموونەی کەم بوو. ئەو، پەروەردەکراوی دەستی مەلای گەورە بوو کە دەڵێ: مەلایان بێ عیلم و ماڵ شێخیان بێ کەشف و کەماڵ ئاغایان ڕووت و ڕەجاڵ قوتەی مل نێرکە کاردی

بە ڕاستی کورد هێشتا نەیزانیوە بە مردنی ئەو کەڵەپیاوە چی لە دەست داوە. گەورەترین خەسڵەتی مامۆستا مەسعوود ڕوونیی و ڕاستگۆییەتی کە پەروەردە و خۆپەروردەکردنێکی مەزن لە پشتیانەوە هەن و بنەمای سەرمایە فکرییەکەیین. ئەو پیاوە گەورەیە هەرچی گوتووە ڕاستی گوتووە بەڵام وەک مرۆڤێک مەرج نییە هەموو ڕاستییەکانی درکاندبێت. لەو باوەڕەدام گرێیەکی بەرانبەر کەسایەتی مەزنی باوکی لە دڵیدا هەبوو و هەرگیز بەری نەدا. کە دەڵێم هەرگیز بەری نەدا، پێم وایە دەرپڕینێکی نوێیە لە بارەی کەسایەتی مامۆستاوە. ئەگەر پشتەوەی دێڕەکان بخوێنینەوە، لەوەش دەگەین ڕەفیق حیلمی چەند بە لای مامۆستاوە گەورە بووە. ئەوەش ڕووناکییەکی ترە لە سەر بیرکردنەوەی مامۆستا مەسعوود محەمەد.

هەستم دەکرد مامۆستا لە باسەکانیدا تەعبیر لەو بیرکردنەوانەی من دەکا کە نەمتوانیوە دەریانبڕم و لە بنەبانی هۆشمدا قەتیس ماون. ئەوەی من ویستوومە بیڵێم و نەمتوانیوە، مامۆستا گوتوویەتی. جیهانی من جیهانی هەقخوازییە و هەست دەکەم مامۆستا پاشای سەر عەرشی هەقخوازانە. کە دیویەتی کورد میللەتێکی غەدرلێکراوە، بەشی ئەوە زۆر زیاتر بەرگری لێ کردووە کە بە تاکە

کەسـێکی کـورد بکـرێ کـە هـەموو چەکەکـەی، بـە قـەولی خـۆی، ڕاسـتگۆیی بـوو و مـن قەڵەمەکەشـی بـۆ زیـاد دەکـەم. بـاوەڕ ناکـەم هەناوی کورد بەم زووانە جێی ئـەو پیـاوە بـۆ کـورد پـڕ بکاتـەوە، ئەگـەر پڕیشـی بشـیکاتەوە ماوەیەکی زۆری دەوێ. ئێسـتا گرنگ ئەوەیە ڕێبازە هەقخوازی و ڕاستگۆییەکەی بێ ڕێبوار نەبێ و مایەی دڵخۆشـییە کـە زۆر لە ڕۆشنبیرانی ئـەمڕۆ خـەریکن ئاشـنایەتی لەگـەڵ خـۆی و بیـر و بیرکردنەوەکانیـدا پەیـدا دەکـەن و ئـەوەش ئاماژەیـەکی گەشـە بـۆ پاشـەڕۆژێکی ڕوونتـر. ئێسـتا، بـە بـێ خۆڕێکخسـتن و کۆبوونـەوە و تـەگبیرکردن، خەریکـە ڕێکخراوێکـی سـەر بـە ڕێبـازە فکرییەکـەی ئـەو مامۆستا گەورەیە، بە هیممەتی ئاسۆس کەمال و کاروان عارف و وریا مامڵەسی دروست دەبێ و ئێمـەومانانیش خۆبـەخۆ پشـتگیرییان لـێ دەکـەین و خـەڵکی تـریش خۆبەخشـانە کـاری بـۆ دەکـەن. زۆر جـار گوتوومـە: کـوردی نەتـەوەیی لـە هـەر شـوێنێک دەسـتی هـەبێ لـە بەرژەوەنـدی کورددایـە و دەتـوانێ جێـی دەسـتی دیـار بـێ. هـەر بـۆ نموونە، عومەر شـەمەیی، خوا لێی خۆش بێ، مامۆسـتای فیزیـا بـوو. یەکێ لەوانەی سـەردەمانێک قوتابی ئەو بووە گوتی: مامۆستا عومـەر لە شـەرحکردنی فیزیاشـدا کوردایـەتی دەکـرد و لـە باسـی عەتەلـەدا خورجین و گۆچانی شوانی کـوردی بـە نموونـە دەهێنایـەوە، ئیتـر مـن چـۆن نەتـەوەیی نـابم؟ هـەوادارانی بیـری مامۆسـتا مەسـعوود محەمەدیش چەند زۆر بن ڕاستگۆیی و دڵسۆزی لـە نـاو کـورددا زۆرتـر دەبن و ئەوەش لە بەرژەوەنـدی کورددایـە. ماوەتـەوە ئـەوەی کـاری بـۆ بکـرێ: بەرهەمـەکانی چـاپ بکرێنـەوە و عارەبییـەکانی وەربگێڕدرێنـە سـەر زمانی کوردی.

**8. خوێنەران و بەشـێکی زۆری سیاسـەتمەدارانی کـورد لـە عـۆدەی تێگەیشـتنی نووسـینەکانی مامۆسـتا مەسـعوود نایـەن، کـەچی تـۆ قەڵـەمبازێکی گـەورەت داوە و زۆر دەسترەنگینانە و قەڵەم بوێرانە چـاکی وەرگێڕانـی بەشـێکی چاکی بەرهەمەکانی مامۆسـتات لـە عەرەبییـەوە بـۆ کـوردی لێ هەڵماڵیوە. سـەرچاوەی ئەم ئازایەتی و چونـە ژێـر بـاری ئەم ئەرکە گرانە چییە؟**

و: عارەبییەکەی مامۆستا لە ئاستێکی زۆر باڵادایە و تێگەیشتنی ئاسان نییە. کەسێ عارەبییەکی باش نەزانێ باوەڕ ناکەم تەنانەت لە خوێندنەوەشدا بتوانێ یەک تاکە ڕستەی بە ڕەوانی بخوێنێتەوە و بزوێنی ڕاست بۆ حەرفی وشەکان دانێ چجای لێحاڵیبوون. پێشتر کە دەمخوێندەوە، هەمیشە خەیاڵم لە بابەتەکە لای دەدا و دەچووە سەر شێوەی داڕشتنەکەی... چۆن و بۆچی وا دەگوترێ و ئەو وشەیە مەرفوع بێ چییە و نەسب کرابێ چی دەگەیەنێ و ڕستەکە دەبێتە چی؟!. ماوەیەکی زۆر بە عارەبییەکەی خۆمدا چوومەوە و یەک دوو گوتاری عارەبیشم بڵاو کردەوە کە بە لای خۆمەوە لە ئاستێکیی باشدا بوون و شایەدیشم بۆ درا کە لە ڕووی زمانەوە باش بوون. دیسان گەڕامەوە سەر کتێبە عارەبییەکانی مامۆستا و هەر وەک هەوڵێک، ویستم یەکەم لاپەڕەی زمانی کورد بکەمە کوردی. دوو سێ جار هەوڵم دا و بە دڵم نەبوو. چوومە سەر هەندێ لەو کورتەنووسینانەی کە لە (العراق)دا بڵاو کرابوونەوە و لەبەر دەستمدابوون و هەوڵم لەگەڵیاندا دا... توانیم بیانکەمە کوردی و گۆڤاری ڕامان بڵاوی کردنەوە... خوێنەر دەیتوانی لێیان حاڵی بێ. ئەوە هەنگاوێکی باش بوو بەرەو پێگرتن و وەستان لە سەر پێی خۆم لەو جیهانە ئاڵۆزەدا کە مامۆستا پاشای بوو. ئەوانەم بڵاو کردەوە و چاوەڕوان بووم بروسکەی ڕەخنە بەر تەوقی سەرم بکەوێ و بڕمێم. بەڵام دەستخۆشانەم لێ کرا. گەڕامەوە سەر زمانی کورد و هەوڵێکی ترم دا... ئەوجا بەردەوام بووم... هەندێ جار، کەسم دەست نەدەکەوت پرسیاری لێ بکەم یا دڵم بە وەڵامەکانیان ئاوی نەدەخواردەوە، پەیوەندیم بە سایتە عارەبییەکانەوە دەکرد... هێندەم بە خۆم زانی تەواوم کرد. باوەڕم نەدەکرد. من خۆم بۆ مامۆستام نووسیبوو کە ئەو عارەبییە بە خۆشی ناکرێتە کوردی کەچی من کردم. هەندێ برادەر، کە خۆیان بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی مامۆستا مەسعوود محەمەد تەرخان کردووە، پێیدا چوونەوە و هەڵەچنیان کرد... ئەوانیش، وەک نەختێ پێشتر ناوم هێنان، کاک ئاسۆس کەمال و کاک کاروان عارف و کاک وریا مامڵەسی بوون، جگە لە کاک ئەمجەد شاکەلی کە بە (زمانی کورد)دا چووەوە. زۆر سوپاسی ماندووبوونیان دەکەم... هەر ئەوان خۆیان بە هاوسەنگکردنەوە و لێکدانەوەی مێژوو و کۆمەڵگەی ئادەمیزاددا چوونەوە و لە سایتەکەی مامۆستادا بڵاو کرانەوە. بە ڕاستی

ئەوانیش بەو بەرھەمانەوە زۆر ماندوو بوون. چارەنووس وا بوو لە نوێژی وەرگێڕانــی بەرھەمــەکانی مامۆســتا مەســعوود محەمــەددا، مــن پێشنوێژی بکەم و ئەو برا خاسانەش بە دوامدا بێن.

من پێم وایە ئەگـەر مامۆسـتا خـۆی لێهاتوانـە ئـەو هـەموو داوەی لـە داڕشــتنی عارەبیـدا دانەنایـە، ئاوھـا لـە داوەکـانی (نـالی)ش حـاڵی نـەدەبوو و نەیـدەتوانی ئـەو هـەموو داوە شـاراوانە ئاشـکرا بکـا، بۆیـە چەپکێ لە گوڵزاری نالی و دەسـتودامانی نـالی، بـە تایبـەتی ئـەوەی یەکـەمیان ئەوەنـدە نایابـە کـەس کـاری وەھـای لـە دنیـای نالیـدا پـێ نــەکراوە. ڕەنگــە مەتــەڵی داڕشــتنە عارەبییەکــەی مامۆســتام دۆزیبێتـەوە... یـا دەروازەی تێگەیشـتنیم کەشـف کردبـێ. ئـاخر زۆری لەگەڵـدا خـەریک بـووم. مـن (تـاوان و سـزا)ی دۆستیۆڤسـکیم لـە سویدییەوە کردە کوردی کە 600 لاپەڕە زیـاترە بـەڵام ھێنـدەی زمـانی کورد پێوەی ماندوو نەبووم کە سەد لاپەڕە نابێ. ئەوە دەڵـێم و دەزانـم عارەبییەکەم زۆر لە سویدییەکەم باشترە و ئاسانتریش بە دەسـتمەوە دێ. خوێنەر ئەگەر ورد بـێ، شـێوازی نووسـینی نووسـەران لێـک جیـا دەکاتەوە و منیش ئاشنایەتیم لەگەڵ نووسینی مامۆستا مەسعووددا پەیدا کرد چ کوردییەکەی و چ عارەبییەکەی. من دروشمێکم لـە ژیـانی خۆمدا ھەیە: ھەر شتێ بیزانی ئاسانە و نەیزانی گرانە!

حەیفە ئەو کتێبانە بە کـوردی نـەبن... ئیتـر لـە خـۆمم کـردە ئـەرک و چاک یا خراپ ئەنجامم دا... نـاڵێم کـارێکی نایـابم ئـەنجام داوە، بـەڵام ھیـوادارم کارەکـەم زۆر خـراپ نـەبووبێ. ئەگـەر خـراپیش بـێ، داوای لێبوردن لە ڕەوانی شادی مامۆستا و خوێنەرانی ئەو کتێبانـە دەکـەم و ھیوادارم خوێنەریان زۆر بـێ تـا ھـەوڵی ڕاستکردنەوەشـیان بـۆ چـاپی دواتر، ئەگەر خوا کردی و کرا، زۆر بێ.

مام ھێمن قسـەیەکی ھەیە دەڵـێ: ئـەوەی لـە نـالی نـەگا، حەیفـە تێیبگا... لێیگەڕێ با تێینەگا. بـەڵام مـن بـە پێچەوانـەوە دەڵـێم: حەیفـە ڕۆشنبیرانی کورد لە مامۆستا مەسعوود نەگەن، بـا عارەبییەکانیشـی بکرێنە کوردی تـا تێیانبگـەن. ڕاسـتە مامۆسـتا مەسـعوود بـۆ نوخبـەی نووسیوە و بەرھەمە عاربییەکانیشی بە کەڵکی نوخبەی ناو نوخبـەی کورد دێن، بـەڵام بـا نیـوەتیرەی بازنـەی ئـەو نوخبانـەی لێـی تێدەگـەن فرەوانتر بێ و چەند فرەوانتر بێ باشترە.

**9. دژی بێـــدەنگیت و داوای هەڵوێســـت دەکـــەیت. ئـــەو دیاردانــەی ئــەرکی رۆشــنبیرانە دژی بوەســتنەوە کامانــەن و قسەی تۆ لەسەر رۆشـنبیرانی کـورد لـەم قۆناغـەی پرسـی نەتەوەیی و فەرهـەنگی وڵاتـدا چییـە؟ چـی بـە رۆشـنبیرانی نەتەوە سەردەستەکانی کوردستانیان داگیرکردووە دەڵێیت؟**

و: هەنــدێ جــار بێــدەنگبوونی ڕۆشــنبیرانی کــورد لــە نووســین و بەدەنگهاتنیان خراپتر نییە چونکـە لـە بـری ڕوونکردنـەوەی بـەرچاومان، لەوەی هەیە ئاڵۆزتری دەکـەن. زۆر لـە ڕۆشـنبیران دەوڵەمەنـد بوونـە و هەمووشــمان دەزانــین هــەرچی لــە وڵاتــی ئێمــەدا ببێتــە هۆکــاری دەوڵەمەندبوون، نووسین پێـی نـاکرێ ئـەوە بـۆ نووسـەر بکـات. بـاڵای سـەرمایەکەیان لەگـەڵ هەڵوێسـت و پلـەی ڕاسـتگۆییاندا پێچەوانـەی یەکترن. یەکێکیان باڵا بێ ئەوی تریان نزمە. پێم وایـە لـە کوردسـتاندا، هەڵوێســت و ســەرمایەی ڕۆشــنبیران یــەکتری ئاشــکرا دەکــەن... ئــاپووی یــەکتر دەبــەن یــا دەکڕنــەوە. کــە تــۆ باســی بابــەتێکی دوورەدەسـتی کـورد بکـەیت و مـەودات بـدرێ و ڕیکلامـت بـۆ بکـرێ و سـەرمایەکەت بەرێتە کەشکەڵانی ئاسمان، بزانە کارێکـت کـردووە زۆر بە دڵی دزەکانـە بۆیـە بەشـت دەدەن و تـۆش بـە ئاگاییـەوە قـەبووڵی دەکەیت و بتەوێ یا نەتـەوێ، دەبیتـە پاشـدز و ڕۆشـنبیری پاشـدز لـە وڵاتـی ئێمـەدا لـە ژمـاردن یـاخین. خـۆ ئەگـەر لـە هـیچ کـوێش جێـت نــەبووەوە، بزانــە باســی بابــەتی بڤــە دەکــەیت، عومــەری کــوڕی عەبدولعەزیز، کە ئەستێرەیەکی گەش و درەوشەدارە لە تاریکستـانی ئەمەوییەکانـدا، بـە یـەکێ لـە میرەکـانی خـۆی لـە ئرفریقیـا دەڵـێ: هیوادارم هەموو دنیا ببنە موسوڵمان تا منیش و تۆش، بە جووتیـاری و ڕەنجی شان نانی خۆمان پەیدا بکەین! بەڵام ئەو جـۆرە ڕۆشـنبیرانەی ئێمە ناتوانن لەگەڵ ئەو هەڵوێستەدا بن چونکە دەست و پێ سپین و دەبــێ بــابێ هــەبێ بیــانژێنێ... ئــەوان لــە ســای سســتەمێکی دادپەروەری وەک ئەوەی کـوڕی عەبدولعـەزیزدا هەڵناکـەن. خـۆ ئەگـەر ئـەو بابەتـە ڕۆشـنبیرانە سـوودیان بۆیـان نـەبێ، بـۆچی دەیـانژێنن؟! مەبەستیشــم لـە ڕۆشـنبیران ئەوانەیـە جێـی دەسـتیان لـە دنیـای نووسیندا دیارە و ناسراون و ناویان بە من و تۆ ناسپردرێتەوە.

ئەحنەفی کوڕی قیس و (حوتات)ی مەجاشـعی چوونـە لای معاویـە، کە یەکەمیان سـەر بە بنەماڵـەی عـەلی بـوو بـە عەلـەوی نـاو دەبـرا و

ئەوی تر سەر بە عوسمان بوو. معاویە چل هەزار درهەمی دایە ئەحنەف و دە هوزاری دایە حوتات. کە ڕۆیشتن، لەڕێ حوتات کە زانی ئەحنەف چل هەزاری وەرگرتووە، گەڕایەوە بۆ لای معاویە و گلەیی کرد. ئەویش پێی گوت:

ـ "من باوەڕی ئەحنەفم بە پارە کڕیوە".

حوتات گوتی: باوەڕی منیش بە پارە بکڕە!

معاویە سیی هەزاری تری دایێ و هی ئەویش بوو بە چل هەزار.

من هەست دەکەم زۆر لە ڕۆشنبیرانی ئێمە لەو بارە دەروونییەی حوتاتن چونکە سەنگەرگۆڕین و بازدان بەرەو سەرچاوەی دارایی کارێکی وایان کردووە باوەڕ بە پارە بفرۆشرێ... لە حیزبی (س)دایە و سیی هەزارەکەی حوتاتی بۆ زیاد بکەن، بە بازێک دەچێتە لای (ص) و ئەگەر (ع)یش بۆی زیاد بکات، ئیدی بازدان ئاسانە و ڕۆژگار، خوانەخواستە بگۆڕێ، باوەشی لایەنێکی وەک بەعسیش گەرمە، ئەگەر هەر لە بنەڕەتەوە ئەوێ سەرچاوەی بەختەوەری نەبووبێ!

ڕووی دەمم لە ڕۆشنبیران دەکەم و دەڵێم: هیچ شتێک مەخەنە پێش بەرژەوەندی نەتەوەیی کوردەوە. نانەدرانیش لە بارێکدا نین بیر لە بەرژەوەندی نەتەوایەتی کورد بکەنەوە... زاراوەی (کۆمبرادۆر) و سەرمایەدارتان بۆ کەی هەڵگرتووە و بۆچی لە قاموسی ڕۆشنبیری کورد دەرتان کردوون؟!! ئەی سەرمایەدارەکان کە لاپەڕەیان لەسەر پڕ دەکرانەوە چییان لێ هات؟! هەموو ئەو قسانە درۆ بوون یا مەبەستیان لە پشتەوە بوو یا پایەی پەیژەبوون بەرەو دەربار... هەر دەربارێک؟! ئەدی ئیستیعمار چی بە سەر هات؟! عەولەمە و مۆدێرنایەتی و بازاڕی جیهانی بەرەو چاڵی لەبیرچوونەوە پاڵی پێوەنان کەچی ئازاری نەتەوایەتیمان وەک خۆی ماوەتەوە و با خۆمانی لێ گێل نەکەین. هیوادارم هەموومان لە ئاستێکدا بین حوتاتەمان لە بیر بێ و کنوت هامسنی نەرویجیشمان لە بیر نەچێ کە بە هۆی لایەنگرییەوە لە نازییەکان، ئێستاش میللەتی خۆی نەفرەتی لێ دەکا، ئیتر هێمەنگوەی با هەر بە مامۆستای خۆی زانیبێ! با ئێمەش لە پاشەڕۆژدا نەفرەتمان لێ نەکرێ. حەیفە لە لایەکەوە بسووتێین و لە لایەکەوە بەر نەفرەتی میللەتی خۆمان بکەوین.

## 10. < حەسارچێتی> لای کاکەوەیس لە مەملەکەتی کوردایەتیدا کام جێگای پێ دەبڕێت؟

و: وەک چۆن خۆشویستنی منداڵی خۆت ڕقبوونەوە نییە لە منداڵی خەڵکی تر و خۆشویستنی نیشتمانی خۆت ڕقبوونەوە نییە لە نیشتمانی خەڵکی تر، خۆشەویستی منیش بۆ حەسار شتێکی لەو بابەتانەیە. پەلەوەر و گیاندارانی ناو ئەو سروشتەی ئێمەش لەگەڵیاندا شەریکەبەشین، خەسڵەتی لەو بابەتەیان هەیە و هەر جۆرێکیان بە شوێنێکەوە وابەستەیە. حەسار بۆ من هێلانەیە... وشەیەکی جادووییە. حەسار واتە پێکهێنەری جەستە و هەست و نەست و کوردبوون و مرۆڤبوونم. واتە هەناوی دایک. واتە ئەو خۆشاوەی ڕەگی درەختی تەمەنم هەڵیمژیوە و هەڵیدەمژێ. ئەگەر حەسار یەک بەشەریشی لێ نەبێ، دەتوانم لەگەڵ دار و بەرد و خۆڵ و پنچکەکانیدا گفتوگۆ بکەم و تێیانبگەم و هەست بە هیچ جۆرە غوربەتێکیش نەکەم. دەزانم فڵانە بستە خاک ناوی چییە و چی لێ دەڕوێ و چۆن بە منداڵی بە سەریدا تێپەڕیوم و چۆن قوڕم بە ئاونگی سەر گەڵا و گوڵ و گیایەکانی گرتۆتەوە و کردوومە بە کەر و بەشەر. حەسار پڕە لە داستان... پڕە لە مرۆڤدۆستی و سەد ئەوەندەی (ڕشتەی مرواری)ی سەججادی قسە و باسی خۆشی هەیە. گەلێ جار گوتوومە حەسار لە ڕووی قسەخۆشییەوە (سلێمانی)یەکی بچووکە. دیارە خاڵیش نەبووە لە هەندێ خاڵی نەگەتیڤ. ئەو هەموو ساڵەی لە سوید بووم، یەک جاریش خەونم بە کەرکووکەوە نەدیت کە 16 کیلۆمەتر لێیەوە دوورە و هەندێ لە سەردەمی منداڵی و هەرزەکاریم تیایدا بەڕێکردووە، بەڵام دەیان جار حەسار هاتۆتە خەونم. ئێستاش کە لە حەسارم، هەر خەونی پێوە دەبینم... خەون بە حەسارەکەی پێش چۆڵکردن و تەعریبکردنیەوە دەبینم. ئەو حەسارەی شەقامی بە ناوی شەهیدەکانەوە نەبوو و ململانێی حیزبایەتی نەیشێواندبوو، وەک پەری دێتە خەونم. ئەو دەمە دەمانگوت: "کۆڵانە باریکەکەی میم ڕێحان و مام مەحەد" و ئێستا دەڵێین شەقامی شەهید فڵانی سەر بە فڵان حیزب. کوردستانی هەمووان، لە حەساری من و سلێمانی تۆ و کۆیە و هەیبە سوڵتانی مامۆستا مەسعوود محەمەد و هەولێری ڕەمزی نافیع... پێکدێ. کە نەخۆشی دڵم تووش بوو، زۆر لەوە دەترسام تەرمم لە حەسار نەنێژرێ. ئاخر

پێکهاتەکانی جەستەم هـی حەسـارن و لـە سـەرم قـەرزە و فـەرزە و هەر دەبێ بیدەمەوە.
بەعسـییەکان، حەسـاریان ڕووخانـد و چۆڵیـان کـرد و عارەبیـان تێـدا نیشتەجێ کرد و ناویان لێ نا (ثغور). ئەو وشـەیە، ناوچەی بێخـاوەنی نێوان دوو لەشـکرد دەگرێتەوە کە لە شەڕدا بـن... وەختـە بڵـێم دەکاتـە بەرزەخی نێوان بەهەشـت و دۆزەخ. هەنـدێ جـار، نـەختێ منداڵانـە و ساکارانە، پێم سـەیر بوو ئەو خاکـە ئـەو نـاوەی قـەبووڵ کـردووە و ئـەو غەوارانەی لـەخۆ گرتـووە. دەبـوو ئـەو خاکـەیان لـێ ببێتـە ئـاگر. دەبـوو هەسـت بکا ئەوانە زۆڵەکن نەک ڕۆڵەی ڕەسـەنی خۆی. بـەڵام عـەلی کیمیاوی زەوت و بەرزەوت و ئەتکی کردبـوو. ئـەو دەیکـێڵا و بەرهـەمی دەهێنا. باوەڕم دەکرد خاکەکەش وەک خەڵکەکە، لـە عـەلی کیمیـاوی دەترسا و هەر لـە ترسـان ئـەو هـەموو بەرهەمـەی پـێ دەبەخشـی. هەسـتم دەکرد ئەو خاکە ڕۆحلەبەر و زنـدووە و وەک خەڵکەکـە ئـازاری هەیە و ژان دەیگرێت.
لە ڕۆژی ڕووخـانی بەعسـدا، لـە هـەولێرەوە بـەرەو کـەرکووک بـەڕێ کەوتم، یەکەم جار لام دایە حەسار... سـەگ و کەری بەرەڵا و خانووی عارەبی یەکژووریی و بێ ئاودەست، لە جێـی عارەبـەکان مابوونـەوە و خۆیـان ڕایـانکردبوو. پێدەکـەنیم و دەگریـام... هـەردووکیان لـە بنـەبانی ناخەوە. ئەو عەهدەم بیر چووبۆوە کە کردبووم: پێڵاوەکانم دادەنێم و بە پێخاوسـی، وەک سـەردەمی منداڵی بە حەسـاردا دەسـووڕێمەوە. کـە بیرم کەوتەوە، پێڵاوەکانم گرتنـە دەسـتمەوە و بـە پێخواسـی ئەوەنـدە سـووڕامەوە تـا بنـی هـەردوو پـێم خـەڵتانی خـوێن بـوون. نـە خـۆم منداڵەکەی جاران بووم و نە بنی پێم ئەو پێستە ئەسـتوورەی جـارانی هەبوو. بەڵام حەسار دەستکاری کرابوو. بەرزایی و نزمـایی و جۆگـە و شـیوی تـەخت کرابـوون و شـێوابوون. بـە زەحمـەت جێیـەکان دەناسـرانەوە. بـەڵام خۆشـبەختانە قەبرسـتانەکە، (خـدر زنـدە)، وەک خۆی مابوو و چوومە سـەر گۆڕەکەی "کاکەوەیس"ی بـاپیرم... دەتگـوت خـەوی لـێ کـەوتووە... هـەر بـە تەنیشـت گۆڕەکـەی نـەنکم و مـەلا عومەری ڕەش و حاجی کاکەڕەشـی ئامۆزای باپیرمەوە بـوو. لـە سـەر قەبرسانەکەوە، لەگەڵ مامەم جەلیلدا، مەزەندەم لە شوێنەکانی تری حەسار دەدا و یەک بە دوای یەکدا دەمانناسینەوە. شوێنی ماڵەکـەی خۆمـان... مـاڵی بـاپیرم و و مـام عـەلی مەردانـە تـوورە خۆشـەکەی حەسار و کوێخا و مزگەوتەکە و مـەلا و خـەڵکانی تـری حەسـار. گۆلـە

دارەمانیشـم دیتـەوە. سـوورکانەکەش. سـوورکانەکە، کـانێکی خـۆڵی سوور بـوو و خـەڵکی حەسـار خشـتیان لـێ دەبڕی و سـواخیان پێـی دەکرد. لە گرانی گەورەدا، ژنێکی تەنها، کە خەڵکی حەسار ئێسـتاش بـە "لیلـۆ" دەیناسـن، ڕووی کردۆتـە حەسـار و کـەس لـە قسـەی تێنەگەیشتووە، لـە حەسـار مـردووە. لەبەر ئـەوەی بـە لای خەڵکـەوە قسـەکردنی جووکەجووک بووە، بە جوولەکەیان زانیوە و لەو سـوورکانە بـە تـەنها ناشـتوویانە، چونکـە ناموسـوڵمان نـابێ لـە "خدرزنـدە"ی حەساردا بنێژرێ. ئێسکی ئەو ژنە، لـە سـەردەمی منـداڵی منـدا بـەو نـاوەدا پەرشـوبڵاو ببـۆوە و لەگـەڵ خۆڵەکـە تێکـەڵ ببـوو. بـاوەڕ ناکـەم خانووی ئەو سەردەمەی حەسار هەبووبێ پارچە ئێسـکی ئـەو ژنـەی تێدا نەبووبێ. بـە سـەرهاتی ئـەو ژنـە ئەوەنـدە کاریگـەری لـە سـەرم هەبوو، لیلۆ و حەساری لێم تێکەڵ کردبوو...

حەسار، ئەگـەر داگیرکـەر لێـی تێکنـەدابا، دەکـرا وەک حکوومـەتێکی سـەربەخۆ خـۆی بـەڕێوە بـەرێ: کوێخـا پاشـا بـێ و حـاجی حـەبیب وەزیری دارایی و مام عەلی مەردان وەزیری کشـتوکاڵ و... منـیش بـە شـانازییەوە دەبـووم بـە قەڵەمـدار و بچـووکی هـەموویان!. حەسـار پێویستی بە کەس نەدەبوو. بەڵام قـەت لێنەگـەڕان. لـە سـەردەمێکی زوودا کە باسـی کۆمپانیای بە پشـک (ئەکسـی ـ سەهم) کـەم کـەس بیستبوویان، لە حەسار ئەو سستەمە ئابوورییە خرایە کـار. مەکینـەی ئاش و دوکان و گەرماو و تراکتـۆر، بـە پشـکی حەسـاریەکان کـڕدران و دامەزران و ساڵانە، هەر کەسە و بایی پشکەکەی خۆی قازانجی پێ دەبڕا و وەریـدەگرت. ئـەو سسـتەمە، لـە لایـەن یـەک دوو پیرەمێـردی ڕێـزدار و ڕێزگـرەوە بـەڕێوە دەبـرا و هیچیشـیان لـە بـارەی سـەهم و سەهمی سنووردار و کۆپانیاوە نەدەزانی. هەموو شـتێکی حەسـار یـا تاڵان کرا یا ڕووخێندرا، بـەڵام فلاونـی ئاشـەکە لـە بـەر قورسـییەکەی ئێسـتاش مـاوە و وەک ڕەمـزی یـەکگرتوویی خـەڵکی حەسـار، فلکەیەکی بۆ دروست کراوە... فلکەی ئاشەکە!

خەڵکی قسەخۆش و سوعبەتچی لە حەساردا زۆر هەبوون و کـەس لە قسەیان زویر نەدەبوو. کاک ساڵحە، کـە نـەختێ بـە پەلـە قسـەی دەکرد و هەندێ جار لێحاڵیبوونی ئاسان نەبوو، یـەکێکی دیـار بـوو لـەو مرواریانەی حەسار... لە سـەرەتای نەوەتەکانـدا ئـەویش وەک هـەموو خـەڵکی ئـاوایی، کـە کەوتبوونـە سـلێمانی و هـەولێرەرەوە، ئـاوارەی هەولێر ببوو. ئەو دەمە سەردمی برسـێتی خـەڵکی کوردسـتان بـوو و

ئـەویش، لەگـەڵ کـاک خالیـددا، کـە بـە تـووڕە ناسـرابوو، خـوا لـە هـەردووکیان خـۆش بـێ، دەسـت دەکـەن بـە کۆنەفرۆشـی. مـانگی ڕەمەزانی هاوینێکی گـەرم، بـە زمـانی بـەڕۆژووەوە دەکەونـە گـەڕان و کەس هیچیان لێ نـاکڕێ... لـە هاوینـدا جلـی زسـتانیان دەفرۆشـت. ڕێکـەوت ژنێکیـان بـۆ دەڕەخسـێنێ و دەیـەوێ بلووزێـک بکـڕێ. هەڵیدەگرێ و ئەمدیوئەودیوی دەکـا و دەیـەوێ بیپێچێتـەوە و پارەکـەی بدا، کاک ساڵحە بە گورجی پەنجـەی بـەرەو لای بلۆزەکـەی دەسـتی ژنەکە درێژ دەکات و دەڵێت: کونە... کونە... کونە...

ژنەکـە ژیـوان دەبێتـەوە و بلووزەکـە دادەنێتـەوە. کـاک خالیـدیش لـە داخاندا پیش دەخواتەوە. لـە پـەنا دیوارەکـە دادەنیشـێ و جگەرەیـەک پێدەکات و ڕۆژووەکەی دەشکێنێ.

کاک ساڵحە لە دەست پارتی بێزار دەبێ و دەڵێ: مانگایەک دەکەمە خێـر دەسـەڵاتیان نـەمێنێ. دوای شـەڕێکی زۆر و قورسـی پـارتی و یاکێتی، یەکێتی دەچنە هەولێر. یەکێتی لە یەکێ لـە کوڕەکـانی کـاک سـاڵحە دەدەن. ئـەویش دەڵـێ: خوایـە حوشـترێک خێـر بـێ پـارتی بگەڕێنەوە!

بە بێ پرسـی کەسوکاری ئەو مرواریيانە نـاتوانم لـەوە زیـاتر باسـیان بکەم نەک پێیان خـۆش نـەبێ و منـیش دڵـی ئـەوان، لـە هـەر بـەرە و حیزب و لایەنێک بن، بە دنیا نادەم. ئەوانە مـرواری حەسـارن... ئەوانـە حەسار خۆین. کاک ساڵحە بەو برسێتی و نـەبوونی و ماندووبوونـەوە، ڕازی نەبووە فێڵ لە ژنێکی نەناسراوی هەولێری بکات. ئەوەندە پـاک و ساغ بوو، کەسـی پێـڕا نەدەگەیشـت. قسـەیەکی هەیـە، بـەو دوايیـە بیستم: ئەگەر ئەم کێرە حیزە نەبێ، چوونەبەهەشت زۆر ئاسانە!

بۆ من حەسار چەقی هـەموو گەردوونـە و خۆشـم دەوێ... حەسـار نـەبێ منـیش نـیم و گـەردوون بـە مـن چـی؟! خـۆ وەنـەبێ ژیـانێکی تێروتەسـەل و حەساوەم لە حەساردا بـە سـەر بردبـێ. ئێمـەش وەک زۆرینەی خەڵکەکە هەژار و نەدار بووین، بەڵام مرۆ هەستی دەکرد، لە ناو هاوشێوەی خۆیدایە و خاکەکەش دەیناسـێ و ڕێـزی دەگـرێ و لـە خۆی دەگرێ. هەرچی کـاری فەلاحـەت و مەڕدارییـە، جـووت و گێـرە و دروێنە و کێشـە و شـوانی و بەرخەوانی، کردوومـە... هـەرچیم کـردووە بە دەم سـوعبەت و پێکەنینـەوە کردوومـە و هـەموو ئەوانـەش بـۆ مـن زەخیرەی کەلەپوور و زمـانن. ئاشـنایەتیم لەگـەڵ مانـدووبوونی پاڵـە و جووتیاردا هەیە و دەزانم تامی نانی مادە و دۆی ناو مەشکە لە کـاتی

برسێتی و ماندووبووندا چۆنە و چای قورس و ڕەش و شیرینی سەر پەرێز، کە بە تیاڵە لێنرابێ چۆنە... ئێستا، کە چایخۆریش نیم، کە باسی دەکەم هەست دەکەم بۆنیم بۆ دێ! وای کە بە بێ گوێدان بە دەوروبەر فڕڕڕڕەت لێ هەڵدەستاند چەند خۆش بوو! پەرێز، قاوەخانەی ئەوروپا نەبوو تەقەی کەوچکت بێ یا فڕەی دەمت بێ عەیب بێ! تۆ بڵێی ئێستاش چایە ئەو تامەی هەبێ!

هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی ئەو گەوهەرانەی حەسار. کاک حەمەفاتیح، کە خاڵۆزای باوکم بوو، باوکی ناردی بەشی حەوت پاڵە خورماوڕۆن بۆ سەر پەرێز بەرێ. دایکی خورماوڕۆنەکەی لە تەشتێکدا بۆی کرد و کۆڵێ نانی لە پشتی قایم کرد. ئەویش سواری کەرەکە بوو و خورماوڕۆنەکەی نایە بەردەمی خۆیەوە و نانەکەشی لە کۆڵی کرد و بەڕێکەوت. بە دەم ڕێوە جاروبار پارچەیەک نانی دەردەکرد و بە خورماوڕۆنەکەیدا دەهێنا. تا نیوەی ڕێ، بنەکەشی بە نان لستەوە و ئیتر نەیوێرا بچێتە سەر پەرێز و ڕێوڕێ گەڕایەوە. باوکی، دوای چاوەڕوانییەکی زۆر دەگەڕێتەوە ئاوایی و بە تووڕەیی لە ژنەکەی، کە پووری باوکم بوو، دەپرسێ: کوا نان و خورماوڕۆنی پاڵەکان؟ ئەویش دەڵێ: بە حەمەفاتیحدا ناردم، ئەدی نەیهێنا؟. حەمەفاتیح ملی مات دەکا. باوکی دەڵێ: کوڕە کوا خورماوڕۆنەکە؟. ئەویش بە کزییەوە دەڵێ: خواردم!. باوکێ دەڵێ: تەشتێ؟! ئەویش دەڵێ: بەڵێ!

کاک حەمەفاتیح قسە و بەسەرهاتی زۆر خۆشی هەیە. پیاوێکی پاک و بێغەلوغەش و مەرد بوو. لە کارکردن و توانای جەستەییشدا کەسی پێڕانەدەگەیشت. هەزار ڕەحمەت لە گۆڕەکەی.

خۆزگە من یا کەسێکی تری خەڵکی حەسار بیتوانیبا هەموو قسە خۆشەکانی ئەم گوندە ئازیزە کۆ بکاتەوە و بیکاتە ڕشتەیەکی تری مرواری. خۆ ئەوەکەی مامۆستا سەججادی باسێکی حەساریشی تێدا هەیە. بە دڵنیاییەوە باوکم و باپیریشم پشکی باشیان لەو لایەنانەوە هەیە، هیچ نەبێ باوکم، بۆ تاقیکاری، دەرزی نەوتی ڕەشی لە مریشک داوە و باپیرم کە پیاوێکی کورتەباڵا بوو، بە مودیر مەحەتەی قەتارەکەی گوتبوو من لە تۆ قورسترم. مودیرەکە باڵابەرز بووە و گەدگ و گیپاڵیشی هەبووە. دەچنە سەر قەپان و خۆیان دەکێشن، باپیرم قورستر دەبێ. تمەز بەردی کردبووە باخەڵی خۆیەوە.

شوێنێک لە حەساردا هەیە، شوێنەواری دێرینی کوردی تێدا هەیە. ئێسکی مردوو لە کوپە و گۆزەدا هەن. من خۆم یەکێ لەوانەم دۆزیوەتەوە. مێژووی ئەو کەرەسانە بۆ سەردەمی ئاینی میترایی دەگەڕێتەوە... پێش زەردەشت. کەچی شوێنەوارناسانی کەرکووک، هەوڵ دەدەن بۆ ئاشووریەکانی بگێڕنەوە. دەیانەوێ ڕابردووشمان ببەنەوە سەر یەکێ لە لقەکانی خۆیان. بەڵام بەڵگە هەیە کە پێش کورد کەس لەم حەسارەدا نەژیاوە. دوو لە شوێنەوارناسەکانی کەرکووک لە سەر داوای من هاتنە سەری. لێم پرسین جگە لە میتارییەکان کام میللەت ئێسکی مردوویان لە گۆزە و کوپە ناوە؟ هەوڵیان دەدا بیکەنە موڵکی ئاشووریەکان بەڵام بۆیان پینە نەدەکرا. یەکێ لەو دوو شوێنەوارناسانە عارەب بوو و ئەوی تریان بە بێ ئەملاوئەولا گوتی: "من کوردێکی موستەعرەب ـ بە عارەببووم". ئەگەر کوردی دڵسۆز لەو بوارەدا خەمسارد بن، نەک ئێستا و داهاتوومان، بگرە ڕابردووشمان تەعریب دەکرێ.

بە داخەوە گەنجانی ئەوسای حەسار دوای خەیاڵێکی سەیر کەوتبوون. پێیان وابوو دەبێ ئەو گۆزانە لیرەیان تێدا هەبێ. لیرە لە کوێ و نووکە ڕمی بەرد و ئێسکی ناو گۆزە لە کوێ! لیرە هی سەردەمی عوسمانیەکانە و نووکەڕمی بەرد هی هەزاران ساڵ پێش ئێستایە. بەداخەوە گەنجەکانمان زۆری ساغیان دۆزیوەتەوە و بە تەمای لیرە شکاندوویانن!! ئاخر لە قوتابخانەش فێر نەکراوین... فێر نەکراوین و تێنەگەیەندراوین ئەو گۆزە و کوپە و تەنوور و شوێنەوارانە، خۆیان وەک هەن لە زێڕ بەنرخترن... ئێستاش یەک مامۆستا باسی ئەو کەرەسە مێژووییانەی بۆ منداڵانی حەسار نەکردووە. بەڵام گەنجی ئێستا، پێم وا نییە ئەو کارە بکەن... ئێستا دەزانن ئەوە ڕەگی باوباپیرانی خۆیانە و نابێ هەڵێکێشن. ئەمڕۆ پزیشک و ئەندازیار و خاوەن شەهادەی بەرز و نووسەر و وەرگێڕ لە حەساردا هەن و نرخی ئەو گۆزە و دیزە و کوپە و بەردی تاشرا و ئێسکانە دەزانن. ئێستا، بە لای کەمەوە، زۆریان، دەزانن لە ڕێی ئەو کەرەسانەوە توێژینەوە لە سەر مێژوومان دەکرێ.

شتێکی تر کە لەو شوێنەوارانەی حەسار دۆزراونەتەوە خاچێکی هەڵکەندراوی سەر قوری سوورەوەکراوە کە نیشانەی ئاو و خاک و ئاگر و هەوایە و بۆ میتراییەکان دەگەڕێتەوە و نازییەکان لە ڕێی نیتشەوە پێی ئاشنا بوونە و کردوویانەتە دروشمی خۆیان و وەک

مەداليا بە بەرۆکی سەرباز و سەرکردەکانیانەوە هەڵواسیوە. ئەو خاچەی مەسیحیش پێ دەچێ لەوەوە هاتبێ نەک هەڵواسینەکەی مەسیح. ئەوەشیان، لەگەڵ نووکە ڕمی بەرد و گۆزەی دەمشکاو و قوڵفشکاو و لێوار و پارچەی گۆزە و کوپەی سوورەوەکراو لە لای من پارێزراون و دەپارێزرێن تا ڕۆژێکی دڵسۆزانی کورد دەبنە شوێنەوارناس و مۆزەخانەیەکی ژێر دەستی پاک لە خۆیان دەگرێ... جا لە کەرکووک بێ یا لە شوێنێکی تری کوردستان. بەڵام ئێستا دەستی جاوچنۆکانیان بگاتێ، ئاودیو دەکرێن و دەکرێنە بەشێک لە مێژووی خەڵکانی تر. ئەوەی جێی سەرنجە شوێنەوارناسەکانی کورکووک گێڕایانەوە: لە دەوروبەری کەرکووک گۆڕێکی بەکۆمەڵ دۆزراوەتەوە کە بۆ پێنجسەد ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە. بە پێی لێکدانەوەی من ئەوە ئەنجامی شەڕی عوسمانی و سەفەوییە و هی ئەو دەمەیە شاعەباس هێرشی کردۆتە سەر بەغدا و دەبێ بە کەرکووکدا تێپەڕیبێ. خەڵکی کەرکووک و دەوروبەری هەم کورد بوون و هەم سونەش بوون، شا عەبباسیش کە شیعە بوو، هەر بە دەم ڕێوە ئەو تاوانەی ئەنجام داوە. بڵێی وا نەبووبێ؟!

هەزاران چەپکە گوڵ بۆ سەر گۆڕی کاک ساڵح و مام عەلی مەردان و کاک خالید و هەموو ئەوانەش لەو دەمەدا کۆچی دواییان کردووە کە من لە هەندەران بووم.

## 11. دژی بێدەنگیت داوای هەڵوێست دەکەیت لە ڕۆشنبیران. ئەوەی تۆ لەم دەستەیەی چاوەڕوان دەکەیت گەرە چۆن و چی و بۆ کێ بێت؟

و: کاکە من و تۆ و هەموو کوردێکی ڕۆشنبیر و ناڕۆشنبیر لە گەمییەکداین و بەرەو چارەنووسی خۆمان دەڕۆین بێ ئەوەی خۆمان دەستمان لە دیاریکردنیدا هەبێ. سەفەرێکی ناچارییە و دەیکەین. ئەم نیشتمانە هەرچییەکی بە سەر بێ بە سەرماندا دێ و ببێ بە هەرچییەک بۆ ئێمە دەبێ. چۆن بێدەنگ بین؟! داواشم لە ڕۆشنبیران، وەک پێشتر گوتم، ئەوەیە هیچ شتێک نەخەنە پێش بەرژەوەندی نەتەوەیی کوردەوە. دەیڵێمەوە تەماشای کنوت هامسن بکەن نەوەی ئێستای نەرویج چی پێ دەکەن. هیچ شتێک ئەوەندە ناهێنێ چارەنووسی نەتەوەیەکی بۆ بە قوڕدا بەرین. ئەگەر ڕۆشنبیران بەهای

ڕاستەقینەی خۆیان بزانن، دەبێ ئاگایان لەوە بێ ئەوان، ئەگەر چاوی میللەتێکیش نەبن چاوساغی میللەتێکن! چاوی ساغیش مرۆ بەرەو هەڵدێر و ملشکاندن نابات. ئەگەر ڕۆشنبرانی کورد ببیستن کچێکی سەر بێشکە لە پشت کێوی قاف مارە بڕدراوە، بە گژ ئاسماندا دەچن و دەستیان ڕوا جەنگێکی جیهانی بەرپا دەکەن، بەڵام سەرجەمی نەوەکانی داهاتووی کورد کە هێشتا نەهاتوونەتە دنیاوە چارەنووسیان بە قوڕدا دەبرێ و لە نەزاندراو و نەناسراو مارە دەکرێن و فززەیان لێوە نایێ لە کاتێکدا پای نەوەکانی خۆشیان، بە کوڕ و کچ و کوڕەزا و کچەزایانەوە دەگرێتەوە. ئەگەر تۆ نەتوانی پاشەڕۆژی نەوەی خۆت دابین بکەیت، بۆ کیژۆڵەیەکی ئەوپەڕی نەزاندراوی دنیا چیت پێ دەکرێ؟! ئەمە گەمەیەکی ترسناکە ڕۆشنبیری کورد دەیکات. نەختێکیش لەو گەمەیە دۆڕاوترە کە دەوڵەتە دەوڵەمەندەکان بە دڵناسکەکانی خۆیانی دەکەن: منداڵێک لە بەرازیل بەخێو بکە و بیکەرە کوڕ یا کچی خۆت! بەڵام بە ملیۆن منداڵی ئەو وڵاتە بێ پەنا و سەرپەرشتین و کەس خۆی بە خاوەنیان ناکات. یەک نەفەری دەوڵەتێکی پیشەسازی، یەک منداڵی وڵاتێکی دواکەوتوو و هەژار لە برسێتی دەرباز دەکا بۆ ئەوەی ببێتە پەردە و مردن یا تێکشکانی کەسایەتی یەک ملیۆن منداڵی تر لە پەنایدا بزر بێ کە دەوڵەتە پیشەسازییەکە هۆکارێتی. ئەگەر ئەمڕۆ هەست بە بەرپرسیارەتی نەکەین و قسەمان لە سەر کێشەکان نەبێ، سبەینێ کاڵەک بە ئەژنۆ دەشکێنین و دادیشمان نادا. ئەوەی هەیە، ئەگەر لە دەستمان بترازێ، دەبێ وەک سەرکردە خڵتوخاشەکانی دوای شۆڕشی ئەیلوول کە لە چاخانەکانی شام دادەنیشتن و بیرەوەری خۆیان دەگێڕایەوە، ئەوانیش لە قاوەخانەکانی ئەوروپا دانیشن و بیرەوەری خۆیان بۆ یەکتر بگێڕنەوە و وەک ئەوانەی پێش خۆیان بڵێن: پیلانی نێودەوڵەتی بوو... پیلانی ئیستیعمار بوو... کارەسات بوو!

**12. عەباس وەلی دەڵێ : ناسیۆنالیست لە کوردستاندا زۆرە و ناسۆنالیزم نییە. خوێندنەوەی تۆ لەم بارەیەوە چییە؟**

و: کاک عەباسی وەلی بە پێوانەی خۆی، کە لە ئەوروپای خواستۆتەوە، دەڕوانێتە ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالست. من پێم وایە هەردووکیان لە کوردستاندا لاوازن چونکە دەیان ساڵە ململانێیان

دەكرێ و ناشرین و دزێو دەكرێن. ئەگەر مەبەستی ئەوە بێ كە ناسیۆنالستەكانی كوردستان لە ناسیۆنالیزم تێنەگەیشتوون، ئەوەیان تا ڕادەیەك ڕاستە بە مەرجێ حیزبەكانی كوردستان نەختە خانەی ناسیۆنالزمەوە، چونكە ئەوانە هەرچی بن ناسیۆنالست نین و دەمێكە ئەركیان ئەوەیە ناسیۆنالیزم لە ڕیشەوە دەربێنن... ئەوانە پێشینەی چەپایەتییان هەیە نەك نەتەوایەتی ئەگەرچی هەست و سۆزی خەڵكیان بە باسی نەتەوایەتی بزواندووە و سودیان لێ وەرگرتووە. كام هەنگاوی ئەو حیزبانە نەتەوەییانەیە؟! ئەندام پەرلەمانێك قەبووڵی بێ بە دە ـ پانزە ملیۆن دینار ئەوجا نوێنەرایەتی میللەتە دەستبڕاوە برسییەكەی خۆی بكا و یەك وشەش بۆ بەرژەوەندی نەتەوەكەی بە زاریدا نەیێت، ناسیۆنالستە؟! ئیدی لەو پەرلەمانتێرەوە پێدا بڕۆ و هەموو سیاسەتمەداران بەسەر بكەوە بزانە یەك كەس دەدۆزیتەوە ناسیۆنالست بێ. دیارە دەبێ پێناسەی ناسیۆنالست بكەین ئەوجا لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بكەین ئاخۆ هەون یا هەو نین. ئەگەر نەتەوایەتی و ناسیۆنالیزم یەك واتایان هەبێ، من بە كورتی وەها پێناسەی ناسیۆنالیست دەكەم كوردێك بێت هیچ بەرژەوەندییەك نەختە سەرووی بەرژەوەندی نەتەوایەتییەوە. كێشەكە لەوەدایە هەر دەستەیەكی كورد بگریت مادام چەپ نییە، هەر دەبێ ناسیۆنالستە نەفرەتییەكە بێ، بۆیە هەرچی دز و گەندەڵكار و فایلدار و مفاوەزاتچی كورد هەیە، بە ڕێگر و جەردە و پیاوكوژیشەوە، بە نەزەری چەپی كورد ناسیۆنالستن و ئەگەر نەختێ دەستی بە بەرەوە بچووبا ئیسلامیشیان دەكردە ناسیۆنالست. ئێ بەرەكەت دا!

هەر دەڵێی كورد ئەڵمانیایەكی بە خەڵك و پیشەسازی و ڕەگەز و فكری نازییەوە بە دەستەوەیە و ئەمڕۆ نا سبەی پەلاماری ئێران و تووران دەدا و وێرانیان دەكا. كاكە، كورد لە بارێكدا نییە ببێتە هەڕەشە لە سەر هیچ میللەت و وڵاتێك. ئیسلامی و ماركسی، جگە لە بەرژەوەندخوازان كە دەكەونە بەرەی هەردووكیانەوە، ململانێی ناسیۆنالیزم دەكەن و هەتا هەرەسی سۆڤیەت ناسیۆنالیزم لە ناو كورددا عەیبە بوو... دواكەوتن و نەخوێندەواری بوو. ئەوانەی دەیان ساڵ خەڵكی كوردستانیان لە باوەڕی ناسیۆنالیزم دەتەكاندەوە، كە باوەڕی جارانیشیان هەرەسی هێنا، دەرفەتێكی تریان بۆ ڕەخسا و بە ئاوازێكی تر كەوتنە ململانێكردنی ناسیۆنالیزم. دەستەیەك كوردی

نەتەوەیی بـە خۆیـان و باوەڕیانـەوە لـە مەیـدانی خەباتـدا بـوون بـەڵام ببوونە مایەی پێکەنینی خەڵکی چەپی توندڕەو کە مەیدانی خـەباتیان قۆرخ کردبـوو. لـە دوای ڕووخـانی کۆمـاری کوردسـتان و دروسـتبوونی حیزبـی دیمـوکرات و پارتییـەوە بـوار بـۆ ناسـیۆنالیزم لـە کوردسـتاندا نەڕەخسـاوە و ئـەوانی دوای ئـەوانیش دروسـت بـوون یـا لێیـان جیـا بوونەوە، ئیتر نەتەوایەتییان خنکاند. ئێستا کـە نـەختێ بـوار هەیـە، بـە هـەموو لایـەک سـەرکوێری دەکـەن تـا سـەر دەرنـەهێنێ و زەرەر بـە پـەزیان نەگەیـەنێ. بـەڵام بـە دڵنیاییـەوە ناسـیۆنالیزم وزەیـەکی زەبەلاحی قەتیسکراوە (طاقة کامنة) لە هەناوی نەتەوەی کورددایـە و ئەو ڕۆژە هەر دێ خۆی ڕاپسکێنێ و دنیایەک لەگـەڵ خۆیـدا ڕامـاڵێ و وەرچەرخانێک لە ڕێڕەوی مێژوودا دروست بکات. ئەوەش پێویستی بـە پشـوودرێژی و ڕامـان و بیرکردنـەوە و کـارکردن هەیـە. ئـەو لایەنـە سیاسـییانە توانیویانـە بیـری نەتەوایـەتی، کـە هەسـتی سروشـتیی نەتەوەیەکە و لـە هەناویـەوە هـەڵقوڵاوە، لـە کـورد بکەنـە پـەراوێزێکی ناحـەز و بـە ویسـتی خـۆی بەربەرەکانـەی بکـا. ئێسـتا ئـەو هەسـتە کپکراوە بە ئاسانی گەشە ناکاتەوە. هەر دەڵێی پەیامی پێغەمبەرێکـە و تازە لـە نـاو قـەومێکی کەڕوکاسـی بتپەرسـتیدا جاڕی بـۆ دەدرێ... ئەگەر واش بێ سـەیر نییە خاوەنی ئەو پەیامە بـەردباران و جنێوابـاران و تۆمەتباران بکرێ... نەتەوەیەک، هەستی خۆی و نەتەوایـەتی خـۆی بەلاوە نائاشنان!!

کاک عەباسـی وەلـی، وەک زۆر لـە ڕۆشـنبیرە ئەوروپاییـەکانی وەک مـارتین فـان برونەسـن و ئەوروپاگەسـتەکانی وەک خـۆی و زۆری تـر، فەرەنسا بە بێشکەی ناسیۆنالیزم دەزانێ و ناتوانێ ئەحمەدی خـانی ببینێ کە پێش فەرەنسەییەکان دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ کورد ویسـتووە و جـاڕی بـۆ داوە. برۆنەسـن، لـە نووسـینێکدا گوتوویـەتی کـە خـانی مەبەستی دەوڵەتی قەومی نەبوو... ئەوە دەڵێ تا کورد لەو بوارەشـدا پـەراوێزی ئـەوروپا بـێ. ئـەو بەڕێزانـە نایانـەوەێ کـوردێکی بێدەوڵـەتی کڵاشدڕاوی دواکەوتوو پێش فەرنسا شتێکی زانیبێ یـا هەسـتی پـێ کردبێ. ئەوانە، هـەر خۆیـان بـوون دەیانویسـت حـاجی قـادری کـۆیی چەپڕەو بووبێ و مـەحوی لـە شـیعرەکانیدا جاڕی خـەباتی چینایـەتی دابـێ. چـەپی کـورد، دوای ئـەوەی لـە بەربـەرانیکردنی ئیسـتیعمار و سـەرمایەدار و زاراوە داهێندراوە ناحەزەکانی تر کۆڵیان دا و چوونـە بـەر سێبەری ئەمەریکا، هیچ ناحەزێکی تریان بۆ دژایەتیکردن نەما هەست

و بیرکردنەوەی نەتەوەییانەی کـورد نـەبێ. وای لـەو ماڵوێرانییـەی کـە کوردی تێدایە!
لە کوردسـتان، نە ناسـیۆنالیزمی پێگەیشتوو ئەوەندە تینی تێدا هەیـە جێیەک پڕ بکاتەوە یا کێشـەیەک چارەسـەر بکـا، نـە ناسیۆنالسـتی وا هەیـە بچـووکترین کاریگـەری لـە سـەر گەمـە سیاسـییە دۆڕاوەکـان هەبێ، هەیبوایە، کورد ئەوەنـدە بـۆ دەسـەڵاتی بەغـدا داینـەدەهێنا و کەرکووک نەدەخرایە سەر مێـزی قومـارەوە و بـە ملیـارد دۆلاریـش بـزر نـەدەبوو... نـەک هـەر ناسـیۆنالیزم، ئایـدۆلۆژیای خۆدۆڕانـدن و خۆبچووککردنەوە نەبێ، هیچ ئایدۆلۆژیایەکی تر لـە کوردسـتاندا کامـڵ نەبووە. چما کۆمـۆنیزم کامڵـە؟! لـە ناوەڕاسـتی سـییەکانی سـەدەی ڕابردووەوە کۆمۆنیزم لە کوردستاندا هەیە، کەچی ئێسـتاش گـاگۆڵکێ دەکـا و نەکەوتۆتـە سـەر پێـی خـۆی و باشـیش دەزانـین سـەردەمی پێگرتنی تێپەڕیوە و پێنەگەرتن لێی پیر کـردووە! ئیسـلامەتییەکەش لـە وڵاتی ئێمەدا بە شێوەیەک دەکرێ، کەس نایکا... وەرە منداڵی خەڵک بکەیتە پێشباری قەیامەتی خۆت و دژی هەموو شتێکی نەتەوەییانەی میللەتی خۆت بیت هەر بۆ ئەوەی بچیتە بەهەشتەوە، بەڵام دژایـەتی تۆرانچێتی و عرووبە و پانئێرانیزم نەکـەیت! ئەگـەر بەهەشـت نـەختێ نێزیکەدەسـت بوایـە و پـێش مـەرگ بـەدی بهاتبایـە، ئێسـتا ئـەوەی هەشـمانە نـەدەما، بـەڵام خـوا بـەوە ڕەحمـی کـردووە بەهەشـتی خستۆتە دوای مردنەوە. من ئاواتەخوازم ڕۆژێ بێ چەپی کـورد بـەئاگا بێتەوە و چەپایـەتی لـە نـاو دەوڵـەتی سـەربەخۆی کوردسـتاندا بکاتـە ئامانجی خۆی و کاری بـۆ بکـا، نـەک لـە بۆشـاییەکی ڕەهـادا گێژووێـژ بخولێتەوە و نە جیاوازی لە نێوان خوار و ژووری جێی بـوونی خـۆی بکـا نە باشـوور و باکوورەکـەی. چـەپی کـورد پێویسـتە کـار بکـا بـۆ ئـەوەی خـەبات بکـا... کـار بـۆ دامەزرانـدنی دەوڵـەتی کورسـتان تـا خـەباتی چینایەتی تێدا بەرپا بکـا و ئـەوەش بـە دوو کـار نـەزانێ چونکـە بـوونی دەوڵەتی سـەربەخۆ، دەبێتە مەیدان و بازاڕی خەباتی چینایـەتی بـۆی، نـەبوونی ئـەو مەیـدان و بـازاڕەش سـەری خـاوەنی بازاڕەکـە و خەباتەکەش دەخوا. ئەوەی لە بارەی چـەپی کـوردەوە دەیڵـێم شـانی ئیسـلامییەکانیش دەگرێتـەوە و تـا دەوڵـەتی سـەربەخۆیان لـە کوردسـتاندا نەبێ، هیچ واتایەک بۆ کارە دنیاییەکانیان نامێنێ.
نـەبوونی ئـارەزووی دەوڵـەتی سـەربەخۆ لای چـەپ و دینیـی کـورد، سـەرچاوەکەی بۆ هەسـتی خۆبەکەمزانین دەگەڕێتەوە چونکە حـەزیان

لێ هەیە کار بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستین بکەن، ئەگەرچی بۆ ئەو کارە شاگردیشیان پێ ناکەن.

**13. لە کتێبی نامەکانی مەسعوود محەمەددا رەخنەت لە نووسینی پێشەکی من بۆ کتێبی پەرژینی بێدەنگی دەگریت لە لایەک پێشەکییەکە بە پێوسیت نازانیت و لەلایەکی دیکەوە شێوەی داڕشتنی پرسیارەکانت لا پەسەند نییە . دەکرێت روونکردنەوەیەکی زیاتر لەم رووەوە بۆ خوێنەران باس بکەیت؟**

و: جارێ بەر لە هەموو شتێک وەرە پێناسەیەکی پەرژینی بێدەنگی بکەین! پەرژینی بێدەنگی یەعنی چی؟! ئەگەر پەرژینی قسەکردن بوایە واتایەکی دەبوو بەڵام پەرژینی بێدەنگی چییە؟!. ڕەنگە ئەوە ناوێکی شاعیرانەی گونجاو بێ بۆ دیوانێکی شیعری ڕەمزی، بەڵام قەت نایێتە ناوێکی فیکری کە مامۆستا مەسعوود محەمەد پێیەوە سەرقاڵ بوو و جێی بیری ئەو پیاوەی تێدا نایێتەوە. ئەوجا مامۆستا مەسعوود محەمەد کەی بێدەنگ بووە تا پەرژین بە دەوریدا هەبێ یا نەبێ؟ من نامەوێ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بگەڕێمەوە بۆ کتێبەکان. لە بیرمە بەدحاڵیبوونێک لە نێوان تۆ و مامۆستادا ڕوویداوە، ئەوەش بە هۆی داڕشتنی پرسیارێکەوەیە کە ئاڕاستەی کراوە... ئێستا لە بیرم نییە کامە پرسیارە. کارەکە زۆر مەزن بوو بەڵام دەکرا بە ڕوونبوونی مەبەست مەزنتریش بێ. لە داڕشتنی ئەم پرسیارانەش کە ئێستا خەریکی وەڵامدانەوەیانم، بە گوێرەی سەلیقە کوردییەکەی خۆم زۆر ڕازی نیم چونکە دەکرا باشتر داڕێژرێن... نەک هەر جەنابت، من و هەر کەسێکی تریش ئەگەر داڕشتنمان پاراو نەبێ، داوای لێ دەکەم (تاریک و ڕوون)ی مامە هێمن بخوێنێتەوە... یا هەندێ لە (چەپکێک لە گوڵزاری نالی) وەک شیرینایەتی بەربانگی ڕۆژوو بخوێنێتەوە ئەوجا دەست بە نووسین بکا. کاکە تۆ دەزانی پرسیارت ئاڕاستەی کێ کردبوو؟!. مەسعوود محەمەدێک کە هەر وشەیەکی کەنزێکە. توانیوتە بیدوێنێ بەڵام نەتتوانیوە ئیحراجی بکەیت وەک توانیوتە من ئیحراج بکەیت. جگە لەوەش، کوردی من یا تۆ بە تەنیشت کوردییەکەی ئەو پیاوە گەورەیەوە بێ خۆی لە خۆیدا بچووک دەبێتەوە. ئەدی نابینی من لە نووسینی نامەکاندا چ هەوڵێکم داوە و

چ چنگەکڕێیەکم کـردووە تـا شایسـتەی مـەقامی ئـەو پیـاوە گەورەیـە بــێ؟! ئــەوجاش وەهــا بــووە ســێ جــار و چــوار جــار نامــەکانم داڕشـتوونەتەوە چونکە بە شایانی ئەو مەقامە بەرزەم نەزانیوە. جارێک لە جارەکان، هەر لەبەر ئەوە نامەم پڕا و بۆ مامۆسـتام نـەنارد، تاقـەتم بە سـەر نووسـیندا نەدەشـکا... سامم لێی دەکـرد... نەمـدەزانی چـۆن بدوێم و چی بڵێم تا وای لێ بکەم شتێ، هەر شتێ بێ، بیڵێ.

پێشەکییەکەش، جا هی من بێ یا هی جـەنابت، بـە لای مـەنارەی بــەرزی مەســعوود محەمــەدەوە بــێ کــورت دێنــێ. لــە پاشــکۆی نامەکانیشـدا داوای لێبـوردنم لـە جـەنابت و خـەڵکی تـریش کردبـوو و دووبارەشـی دەکەمەوە ئەگـەر دڵـی کەسـێکم هێشـاندبێ، وەک پـێ دەچێ نەختێ دڵی تۆم هێشاندبێ. ئێمـە ڕەخنـەگرتن نامـانڕووخێنێ بەڵکو ڕەخنەنەگرتن دەمانڕووخێنێ.

ئەو بەراوردکارییەی کـە لـە نێـوان کوردییەکـەی خـۆم و مامۆسـتا، یـا کوردییەکەی تۆ و مامۆستادا دەیکەم، وای لە من کردووە نەوێرم شـیعر بنووسـم ئەگـەرچی نـەختێ سـەلیقەی شیعریشـم هەیـە. مـن کـە نەتوانم بگەمە بناری چیای پەشێو، بۆچی شیعر بنووسم؟! بـا ئـەو لـە بری منیش شیعر بووسێ. زۆرینەی خوێنەران بە شـیعر دەسـتیان بـە نووسـین کـردووە و ڕەنگـە مـن بـە شـیعر کۆتـایی بـە نووسـین بێـنم. ئیقباڵم وایە وەک زۆرینە نەبم!

**14. چۆن لەو گلەیی و گازندەیەی ئاڕاسـتەی سـەلاحەدینی ئـەییوبی دەکرێـت دەگـەیت، لـە کاتێکـدا سـەلاحەدین هـەم کوردبـوونی خـۆی نەشـاردۆتەوە و هـەمیش لەشـکرەکەی هـەموو کوردبـوون؟ بـە رای ئێـوە بـۆ سـەلاحەدین بیـری لـە دامەزرانـدنی دەسـەڵاتێکی کـوردی، دەوڵـەتێک یـان هـەر چوارچیوەیـەکی دیکـەی سـەربەخۆی کـوردی نـەکردەوە؟ نەیتوانی؟ باوەڕی پێ نەبوو؟ یان ...؟**

و: سـەلاحەددین کورد بوو و لەو باوەڕەدام مەودای مـوالێتی پڕیبـێ و ئازایـەتی و دڵسـۆزی بـۆ ئیسـلام یـا بـۆ عـارەب لـەو ئـازاری گچکەییـە دەربـازی کردبـێ. سـەلاحەددین، لـە نێـوان مـوالێتی و سـەرکردەییدا دووەمیـانی هـەڵبژاردووە. عارەبـەکان گوتوویانـە "خوایـە سـوپاس کـە عارەبت بە شمشێری کورد کردە سـەروەر" و نەیانگوت ئیسلامت کردە

سەروەر. عارەب بووە سەرەوری کوردیش کە سەلاحەددین یەکێکیان بوو. ئەوە بەڵگەیە بۆ ئەوەی ئەو دەمە هەستی قەومی هەبووە. تەنانەت لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتتابیشدا ئەو هەستە قەومییە لە ناو عارەبەکاندا هەبووە... لای عارەب و فارس و ڕۆم هەبووە بەڵام لای کورد نەبووە یا سەرکوێر کراوە و تا ئاستی مردن ڕۆیشتووە. بۆ هەستی قەومی عارەب ئەوەندە بەسە عومەری کوڕی خەتتاب بە نموونە بهێنینەوە کە لە یەکەم حەفتەی خەلافەتیدا بە دیلهێشتنەوەی ژنە عارەبی ناموسوڵمانی هەڵوەشاندەوە، بەڵام بۆ ناعارەبی تەنانەت موسوڵمانیش ئەوەی نەکرد. سەلاحەددینی موالی، وەک هەر کەسایەتییەکی مێژوویمان، هەستی خۆبەکەمزانینی بەرانبەر بە عارەب هەبووە و بەوەی کردی خۆی لەو هەستە دامالیوە... وەک خالید بەگداش کە بوو بە گەورەی کۆمۆنستەکانی سووریا هەستی بچووکی خۆی پێ شاردەوە و هەتا پێی کرا خۆی لە کوردبوون داپری، هەر وەها ئەوانەی عیراقیش. بە لای کەسانی وەک بەگداشەوە چ سەروەرییەکە لەگەڵ عارەبی مەزنیدا دانیشێ و کۆبوونەوە بکا و بە یەکتریش بڵێن هاوڕێ!! چ خەونێکە بۆی دێتە دی هاوڕێ و هاوسەنگی ئاغای خۆی بێ! سەلاحەددین بەوەی کردی، لە موالییەکی زەلیلەوە بووە بە بەشەرێکی تەواوی دەسەڵاتدار و لە هاوڕێیەتیشی تێپەڕاند! من وای بۆ دەچم نزیکەی هەزار ساڵ دوای ئەو، تۆفیق وەهبی و ئەمین زەکی بەگ و ئەفسەرە کوردە عوسمانییەکانی تریش هەمان هەستیان هەبووبێ و هەمان کاریشیان کردبێ و خۆیان لە هەمان ئەو ئەرکە لادابێ کە من و تۆ باسی دەکەین بۆیە دڵسۆزانە بەشدارییان لە دانانی بەردی بناغەی ئەم عیراقەی ئێستادا کرد کە بۆتە دەستاڕ و ئێسکی کورد دەهاڕێ. ئەو ئەفسەرانە لە بەر دوو هۆ هەستی خۆبەبچووکزانینیان تێدا هەبووە: یەکەمیان ئەوە بوو وەک ئەفسەر لەگەڵ سوپای عوسمانییەکاندا تێکشکابوون و بە تێکشکاوی کەوتنە لای ئینگلیزەکان کە سەرکەوتووی شەڕی یەکەمی دنیا بوون. دووەمیشیان ئەوە بوو کە کورد بوون. بۆ پڕکردنەوەی ئەو هەستە، لەگەڵ زۆر ئەفسەری تری کورددا بە دڵسۆزی عیراقیان دروست کرد... یا بەشدارییان لە دروستکردنی عیراقدا کرد تا بەو کارە ئینگلیز ڕازی بکەن، ئەوجا کەسایەتییەکی وەک ئەمین زەکی بەگ قنج دانیشت و بیری لە کورد کردەوە و کەوتە نووسینی مێژووەکەی. ماڵی

ئاوا بێ! خۆ ئەوانی تر ئەوەشیان نەکرد. لەو ئەفسەر و منەوەر و کەسایەتییە لێهاتووانە پێم وابێ تەنها ڕەفیق حیلمی بە ڕێزی خۆیەوە دانیشت. کە هیچی بۆ کورد پێ نەکرا، دەستیشی لە نەخشەکێشانی چارەنووسی نەحسیدا نەبوو. لە نموونەی ڕەفیق حیلمی لە ناو کورددا، هەر لە کۆنەوە (مەنجەڵێک یاپراغ) بەشیانی کردووە و ئەرکی ئێمە ئەوەیە کارێک بکەین مەنجەڵێک یاپراغ بەشیان نەکات.

ئەو گلەیی و گازندەیەی شانی سەلاحەددینی ئەیوبی دەگرێتەوە، شانی سەرانی ئەمڕۆی کوردیش بە زیادەوە دەگرێتەوە و وان لە بەر دەست و هەست و چاومانن و دەبینین خەریکی چین. تۆش نابینی خەریکی هەمان ئەو کارەن کە سەلاحەددین ئەنجامی دا؟ ئەو قودس و ئەمان بەغدایان ڕزگار کرد و شاپێکیان لە نەتەوەی خۆیان هەڵدا! جا هەرچییەکی بەو دەڵێی بە ئەمانیشی بڵێ تەواوە، بەڵام سەردەمیان جیاوازە و ئەگەر بیانووی نەبوونی هەستی نەتەوایەتی بۆ سەردەمی سەلاحەددین جێی باس بێ، بۆ ئەوانەی ئەمڕۆ ئەو بیانووەش نییە. خۆ ناکرێ چاوەڕوان بین تا ئەمانیش دەبنە هەیکەلێک لە مێژوودا ئەوجا وەک سەلاحەددین تێکیان بشکێنین!

بەڵێ من پێم وایە سەلاحەددینی ئەییووبی بەرانبەر میللەتی خۆی کەمتەرخەمی کردووە، بەڵام کەمتەرخەمییەکەی لەو کەمتەرخەمییە زیاتر نییە کە سەرکردە ناودارە کوردەکانی دوای خۆی کردوویانە یا هەیانبووە.

## 15. تۆ سەرودەرێکی قوڵ و فراوانت لەگەڵ ئیسلامدا هەیە، کەچی زۆر بوێرانە هەمووی دەکەیتە قوربانی کوردایەتی. ئەم قەناعەتەت لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە و ئەو کۆڵەکانەی ئەم ساباتەی لەسەر وەستاوە کامانەن؟

و: سەرودەری من لەگەڵ ئیسلامدا لە ئاستی شارەزاییدا نییە. کەی پێویست بێ تەفسیری قورئان دەخوێنمەوە. حەزم لە خوێندنەوەی مێژووی ئیسلامە بە تایبەتی سەردەمی ئەمەوییەکان. قورئان ئەو تەوەرەیە عارەبی وەک یەک نەتەوە هێشتەوە و جۆگەلەی توانەوەی زۆر لە میللەتانی لە ناو عارەبدا هەڵچنی، بە تایبەتی ئەو میللەتانەی زمانیان لەگەڵ زمانی عارەبیدا خزمایەتییان هەیە. با بە

شێوەیەکی تر بیڵێم: عارەب قورئانیان کردە تەوەری مانەوەی خۆیـان و کارگەی توانەوەی میللەتان لە ناو خۆیاندا، ئەگەرچی ئەوە پێچەوانـەی ئـەو (شـعوب و قەبائیل)ەیـە کـە قورئـان باسـی دەکـا. ئەگـەر قورئـان نەبوایە، عارەب هی ئەوە نەبوو لـە دوورگـەی عـارەبی بچنـە دەرێ یـا ململانێـی ئیمپراتۆریەتـەکانی ئـەو سـەردەمە بکـەن. ئەگـەر نـەختێ خزمایەتی لە نێـوان زمـانی کـوردی و عارەبیـدا هەبوایـە، بـاوەڕ ناکـەم ئێستا میللەتێک بە ناوی کوردەوە هەبوایە، یا ئەگەر قورئـان بـە زمـانی فارسـی بوایـە بـەم ڕەچەڵەکـە زمانـەوە کـە هەمانـە، دەتواینـەوە و نەدەماین. ڕێکەوت و هەڵکەوت ڕۆڵی خۆیان لە مانەوەماندا دیـوە. مـن بە عارەبییەکـەی قورئـان سـەرسـامم و زۆر سـەرنجی ڕاکێشـاوم. کـە دڵم تەنگ دەبێ سـوورەتی یوسف دەخوێنمەوە یا گوێی لـێ دەگـرم و هەست بە ئاسوودەیی و ئارامی دەکـەم. مێـژووی ئیسـلامیش، وەک هـەر بابـەتێکی تـر بـە چـاوی ڕەخنـەوە دەخوێنمـەوە و هـیچ فەرمانڕەوایـەکی زاڵمـم بـە لاوە پیـرۆز نییـە هـەر لـە بـەر ئـەوەی موسـوڵمانە... ئەگـەر وا بکـەم، دەبـێ سـەلام عـارف و ناسـر و سەددامیش بە پیرۆز بزانم چونکە ئەوانیش وەک معاویە و حەجاج و عەبدولمـەلیک سـەرکردەی عـارەب بـوون. لـە سـەرجەمی مێـژووی ئیسـلامدا بـە دوو کـەس سەرسـامم و بـە مـەزنیان دەزانـم: ئیمـامی عەلی و عومەری کوڕی عەبدولعەزیز. ئەو دووە مرۆڤدۆست و ڕاسـتگۆ و چـاکگۆ و دادپـەروەر بـوون و جیاوازییـان لـە نێـوان موسـوڵمانەکاندا نـەکردووە و دەسـتپیس و دز نەبوونـە و سـەروەت و سامانیشـیان نەبووە. ڕەنگە ئەمەش بۆ من، جۆرە سواڵکردنێکی بـەزەیی بـێ تـا لـە سـەرانسـەری مێژووی هەزار و چوارسـەد سـاڵدا دوو کەسـی دڵنـەرم بەرانبەر بە کورد بدۆزمەوە و بیانکەمە بەڵگەی سەلامەتی جەوهـەری باوەڕی خۆم، چونکـە دەروونـی منـیش بەشـێکە لـە دەروونـی کـورد و تەنانەت لە ئاڤێستاشـدا ئەوە بە ڕوونیی دیارە کە توورانییەک بـە نـاوی (فریانە)وە بۆتە زەردەشتی، نەسکی لە سـەر هـاتووە و بـاس کـراوە، ئەگەرچی دواتر زەردەشـت هـەر بـە دەسـتی ئـەوانیش کـوژرا. بـەڵام قورئان لە هیچ ئایەتێکـدا بـە نـاو باسـی گـاوانی کـوردی و سـەلمانی فارسی و بیلالی حەبەشی و نازانم کێی ڕوومی ناکـات. مـن حـەیفم دێت تەنانەت لە ئاڤێستاشدا درک بە هەسـتی بچـووکی بکـەم... لـە نەسکێکی نەمر و پیرۆزدا خۆشحاڵی دەربڕێ کە تورکێک هاتۆتە سـەر ڕێ... هـەمان ئـەو خۆشـحاڵییەیە کـە ئێسـتا بـە بـوونی ئیسـماعیل

پێشـکچی دەریـدەپڕین... یـەک ئیسـماعیل پێشـکچی لـە شەسـت حەفتا... یا سـەد ملیۆن تـورک، ڕای بەرانبـەر بـە کـورد باشـە! خـەنیی خۆمان!
ئەو باوەڕشم نییە ئیسلام دژی کوردایەتی بووەستێتەوە، بە تایبەتی هەتا کورد ژێردەسـتە بـێ. لـە خـۆم دڵنیـام و دەڵـێم: ئەگـەر کـورد لـە بارێکـدا بـێ میللـەتان بچەوسـێنێتەوە، دژی دەسـەڵاتەکەی دەوەستمەوە. بەڵام ئێستا نەتەوەکەمان وەک کەسێکی پەککەوتەیە و پێویستی بە دەستگرتن و ڕاستکردنەوە هەیە و بە قەولی مامۆستا مەسعوود، کە شتێکی لەم بابەتە دەڵێ: کوتـەکی کـورد ئەوەنـدە لـە خـۆی دوور ناکەوێتـەوە بـەر خـەڵکی تـر بکـەوێ ئەگـەر خـەڵک خۆیـان نەیەنە بەر کوتەکی.
بۆچی عارەبایەتی و تورکایەتی و فارسایەتی لە ئیسلامدا ڕەوابـێ و کوردایەتی حەرام یا دزێو بێ؟ ئەو ماستە موویەکی تێدایە... من باوەڕ بە قسەی وا ناکەم و نەمزانیوە قورئان شتی وای تێدا هـەبێ. شـتی وا لە داهێنانی قەومییـە عارەبەکانـە کـە ئیسـلام بـۆ مـەرامی خۆیـان بەکار دێـنن، وەک تورکـەکان و فارسـەکان بـەکاریان هێنـا و گەشـەیان پێی کرد. سەرچاوەی قەناعەتی من، باوەڕی تەواومە بە حەق. ئەگەر ببینم کـورد دەبێتـە میللـەتێکی چەوسـێنەری زۆردار، وەک گـوتم، دژی سستەمەکەی دەوەستمەوە، بەڵام کورد تا ئێسـتا نـەیتوانیوە بـەڕەی خۆی لە ئاو دەرکات. هەتا بڵێی ڕقـم لـە معاویـە و یەزیـد و حەججاجـە بەڵام تا بڵێی عومەری کوڕی عەبدولعەزیزم لە لا گـەورە و پیـرۆزە، خـۆ هەمووشیان دەسەڵاتدار و دەستپۆیشتووی ئەمەوی بـوون. عومـەری کوڕی عەبدولعەزیز باجی لە سـەر موالی هەڵگرت و بە سـەبیەکردنی ژنەکانیانی هەڵوەشاندەوە کە عومەری کوڕی خـەتاب ڕەوای کردبـوو و دوای ئەویش پـەیرەو دەکـرا. ئـەو پیـاوە تـەما و حـەزی دنیـای لـە پـێ کردبوو و بە دوای حەقدا وێڵ بـوو و تەنانـەت بـە ژنەکـەی خـۆی گـوت: من و تۆ نابێ ئەو گەوهەرەی گەردنت لە نێوانماندا هـەبێ... یـا مـن و تۆ یا ئەو گەوهەرە و تۆ، ئیتر بۆ خـۆت هـەڵبژێرە. کـەچی خەلیفـەکانی پـێش ئـەو و پـاش ئـەویش، بـە فـەردە زێڕیـان کـۆ دەکـردەوە. ئـەوەی سـەددام بـۆ خـۆی و کـوڕ و خزمـەکانی دەیکـرد، خەلیفـە ئەمـەوی و عەباسییەکانیش هەمان کاریان دەکـرد... سـەددام نـەوەی ڕەسـەنی حەججاج بوو. ئەوە نەریتیانە و بە ئاسـانی دەسـتبەرداری نـابن. ئێمـە سـەرچاوەمان شـاخەکانە بۆیـە نـاتوانین لێـی دابـڕێین و ئـەوان زادەی

بیابانن و بە تاڵان و ڕاوڕووت چاویان کراوەتەوە و گۆش کـراون. خەنجـەر و شـمشـێر کە یەکەمیان هی کوردە و دووەمیان هی عارەبـە، بەڵگـەن بۆ ئـەوەی کـورد بەرگریکـەر بـووە و عـارەبیش هێرشـهێنەر، چونکـە بـە ڕوونیـی دیـارە شـمشـێر هـیّ هێرشـە و خەنجـەر بـۆ کەمینـدانان و پەلاماری کتوپڕ دەست دەدا. شیعری عارەبی پڕە لـە شـانازیکردن بـە تـاڵان و ئـەنفال و کوشـتنەوە، هەمووشـیان، ئێسـتا و لـەم ڕۆژەشـدا مایەی شانازییانن. خۆ بەڵگە هەیە ئەنفال پێش ئیسلامیش، بە خـۆ و ناو و ناوەڕۆکەوە هـەبووە و لـە نـاو خۆیانـدا ئـەنجامیان داوە. عەنتـەری کوڕی شـەدداد کە لە پێش ئیسلامدا ژیاوە، لە شـیعرێکی خۆهەڵنانـدا دەڵـێ: ئێمـە لـە شـەڕدا لـە پێشـەوە هێـرش دەکـەین و لـە کـاتی دابەشکردنی ئەنفالدا خۆمان پەراوێز و تەریک دەگرین. ئـەوەی باسـی دەکەم هـی پـێش ئیسـلامە و ئیسـلامیش لـە کـاتی غەزاکانـدا لێـی قەدەغە نەکردن... بەردەوام بوون و ئێستاش بەردەوامن.

ئێمە خەڵکێکی غەدرلێکراوین. ئاڤێسـتامان هـەبوو و ئەسـکەندەر لـە نیوە زیـاتری لـێ تـاڵان کـرد و بـردی. ئـەوی مایـەوە و دەسـت عـارەب کـەوت، لــە سـەردەمی عومــەردا فــەوتا چونکــو عومــەر فــەرمانی فەوتانــدنی دا. کــەمێکی کــەمی مایــەوە و هەنــدێ موغــە زەردەشـتییەکان، لەگـەڵ خۆیانـدا بردیـان بـۆ هندسـتان و پاراسـتیان. تەنانەت دوای ئەوەی بووینە موسـوڵمانیش هـەر غـەدرلێکراو بـووین و بـاجی کوردبوونیـان لـێ سـەندوین و کـەمترین سـەرپێچیمان کردبـێ کەللەی سـەرمان خـوێن بردوویـەتی. ئایـە قورئـان ئـەوە لـە بارەمانـەوە دەڵێ؟! ئایە ئیسلام ئاوهایە؟! ئەدی ئیسلام بـۆچی بەرانبـەر تـورک و فارس وانەبوو؟! لە یەکێ لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی هەواڵدا باسـی ژنـە مەلایەکی تورکمانی کەرکووک کراوە کـە بـە فەتوایـەک جلـی ژنانـەی کوردی حەرام کردووە. ئەدی بۆ پیاوە مەلایەکی کوردیش بەرانبەر ئـەو فـەتوا تورکمانییـە فەتوایـەکی کـوردی دەرناکـا و نـاڵێ بـۆ ژنـانی کـورد لەبەرکردنی جلی کوردی واجیبە؟! لەبەرچی ئەو ژنە ئیسلام لـە دژی کورد بەکار دێنێ بەڵام لە کورردا پیـاو نـەبێ بـۆ بەرژەوەنـدی کـورد بـە کاری بێنێ؟! خـۆ ئەگـەر ڕەوایـەتی لـە ئـارادا هـەبێ، ئەمـەیان لـەوی تریان لە ڕەوایەتییەوە نێزیکترە. نەخێر ئەوە خۆمانین، چۆن بەرژەوەنـدی نەتـەوەییمان کـردە قوربـانی سـعوودییە، ئاوهـاش کردمانـە قوربـانی مۆسـکۆ و ئامـادەین بیکەینـە قوربـانی هـەموو شـوێن و شـتێکی تـر... عەولەمـە... ڕۆژاوا و فەلسـەفە ڕۆژاوایـیـەکان و بـازاڕی هاوبـەش و...

خۆمـانین لـە هـەموو سـەردەمێکدا سـەلاحەددین و ئیـبن السـعوود العمادیمان لێ هەڵدەکەون بەڵام بۆ خەڵک دەبنە خێروبێر و لە خۆمـان دەبنە بەڵا و بارگرانی. کاوە ئەمین، لە نووسینێکیدا کە لە ڕووداودا بڵاو کراوەتـەوە، باسـی کوردێـک دەکـا، کـە لـە سـوید ئەنـدامی حیزبـی مۆدێراتە و گوتوویەتی: "من لە بەر خـاتری پارتەکـەم، دژی جینۆسـاید ناسـاندنی کیمیابارانی هەڵەبجـە و ئـەنفال دەنگـم داوە". ئـەو کـوردە، دەتـوانێ لـە سـوید بـە بـێ حیزبایـەتی بـژێ، کـەچی بۆتـە ئەنـدامی حیزبێکی سویدی و لـە پێنـاوی ئـەو حیزبـەدا، دژی نەتەوەکـەی خـۆی دەنگی داوە. حەسـەن خـەیری[2] ئیمـامی خیانەتکارانـە و هـەر دەبـێ بڵێـین: حەسـەن خـەیری بـۆ پێشـەوە! خـۆ حەسـەن خـەیریش هـەر ئەوەندەی کردووە. ئەوە، لە سەدا سەد باری دەروونی تاکی کـوردە و بەرژەوەندی نەتەوەکەی خۆی دەکاتە قوربـانی هـەر شـتێکی بـاوەڕی پێیـەتی و سـەرگەرمی دەکـا. ئەگـەر هیچمـان دەسـت نەکـەوێ بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانمان لە بـەر پێیـدا سـەرپڕین، دەسـتبەرداری هـەموو داواکانمـان دەبـین بـە مـەرجێ کورسـییەک لـە بەغـدا بـە کەسایەتییەکمان (نەک بە خۆمان) بدرێ: بۆزە نەبێ بازە بێ، مێـردێ تەڕ و تازە بێ! تاها محێدین نا، شـەخسـە پەڕۆینەیەکی نـەجیبزادەتری تر! گرنگ نییە!

**16. هادی عەلەوی لە کتێبی چەند نموونەیـەک لـە مێـژووی ئەشـکەجەدان لـە ئیسـلامدا دەڵـێ: جـا لـەژێر ئـەم جـۆرە یاسایانەدا < مەبەست یاساکانی ئیسلامە ـ هەڵۆ> خـەڵکی هـەردەم لـەناو ترسـێکی بەردەوامـدا دەژیـن، تـرس لـەوەی بکەونە ژێر چەردەیەک لێپرسینەوەی شـەرعییەوە، کـە رەنگـە ببێتە مایەی مرۆڤێکی ڤێزەون یـان لەدەسـتدانی ئەنـدامێکی لەشـیان کاتێـک هەڵەیـەکیان لەدەسـت قـەوما و یـەکێک لـە سزاکانیان بەسـەردا سـەپاند. بەڵام جەماوەر بەم شتە رازییـە چونکە باوەڕبوون بە ئایینەکـەی وایلێکـردووە مـۆرکێکی پیـرۆز بداتە پاڵی ئەم سزادانە، هـەر بۆیـە رازیشـە لەسـەر ئـەوەی هەمان شت دەرهەق بە خـەڵکانی تـر پیـادە بکـات. ئەمـەش بـەو مانایـە دێـت کـە ئـەم جـەماوەرە لـە یـەک کاتـدا دوو خاسییەتی لێکدژی لە خۆیدا هەلگرتووە بـە جۆرێـک لـە یـەک کات دا قوربانیشـە و جەللادیش.**

**لێرەدا عەلەوی جگە لە ئاماژەدان بە دزێوی ئەشکەنجەدانی ئیسلامی، باس لە ڕەزامەندی و دووفاقێتی جەماوەریش بەرانبەر بە کردەوەی نامرۆڤانەی دەسەڵات دەکات. لام وایە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەمە شتێکی نامۆ نییە. لەگەڵ ئەوەشدا لە تۆ دەپرسم ئەم نموونەیە چی بە ئێوە دەڵێت و ئایا سەرچاوەی ئەم هەڵوێستەی جەماوەر هەلپەرستی و بێباریبە یان ترس لە دەسەڵات و پارێزگاری لە بەرژەوەندی خۆ؟**

و: لە سەردەمی غەزاکانی دەرەوەی دوورگەی عارەبیدا، کە دەکاتە سەردەمی عومەری کوڕی خەتتاب، دەستی دوو کەسی عارەب نەبڕدرا، بەڵام سەری دەیان هەزار کەسی ناعارەب پەڕێندرا. ئەوە ئیسلام نەبوو ئەوەی دەکرد بەڵکو موسوڵمانانی ئەو دەمە بوون. لەو سەردەمەوە هەتا ئێستا قەومایەتی عارەب بە سەر ئیسلامەتییەکەیدا زاڵە. من لە بارێکدا نیم بەرگری لە ئیسلام بکەم یا هێرش بکەمە سەری. ئیسلام نە پێویستی بە بەرگریکردنی من هەیە نە من پێویستم بەوەیە هێرش بکەمە سەر ئیسلام. ئەرکی من و تۆ شتێکی ترە: نەتەوەیەک هەیە خاکی داگیر کراوە و دەچەوسێتەوە و زمانی لێ قەدەغە دەکرێ و ڕێی پێشکەوتنی لێ دەگیرێ. پرسیاری من ئەوەیە ئاخۆ ئیسلام ڕێی بەو چەوساندنەوەیە داوە یا نەیداوە؟! ئەگەر داویەتی بە بێ دوودڵی ڕەتی دەکەمەوە چونکە باوەڕ ناکەم خوا ئەوەندە بچووک بێ خۆی تەنها بۆ خوایەتی عارەب تەرخان بکا و کورد بە بێ خوا بهێڵێتەوە. خۆ ئەگەر نەشیداوە ئەم درۆودەلەسەیە چییە بە هۆشی ئەو خەڵکەدا پەرتی دەکەن!. دەزانی ئەگەر ئیسلام ڕێی بە چەوساندنەوەی کورد دابێ چ دەگەیەنێ؟! ئەوە دەگەیەنێ عارەب دین و خوای تایبەت بەخۆیان هەیە، کە دەبێتەوە بەردەوامێتی بتەکانیان: هوبەل و لات و عوززە، کە خواوەندی پێش ئیسلامی عارەبەکانن. هەر قەبووڵکردنی شتێکی ئەوتۆ، ئیسلام لە ڕەگەوە هەڵدەتەکێنێ و ئایەت بە سەر ئایەتدا هەرەس دێنێ. خۆ ئەگەر ڕێشی نەداوە، کە نەیداوە، بۆچی بە هۆی تەفسیری ئەوانەوە کە سوود لە ئیسلام وەردەگرن، کۆیلایەتی قەبووڵ بکەین و بۆچی ئێمەش بە پێی بەرژەوەندی خۆمان تەفسیری نەکەین و سوودی لێ نەبینین با تەفسیرمان بگاتە ئەوەی مەزەبێکی

کـوردی تایبـەت بـە خۆمـانیش هـەبێ؟!... بـۆ دەبـێ هەمیشـە لـە خزمەتی ئەواندا بـین و واش بـزانین خزمـەتی ئیسـلام دەکـەین. لـەم باسـەدا ئیسـلام بڵـێ چـی؟!: لـە کتێبـی (کوردسـتان فـي عهـد المغول)دا کە د. عەبدوڵڵا عەلیاوی نوسیویەتی، شتێکی لەم شێوەیە هـاتووە (دەرفـەت نـەبوو دەقەکـەی بگوازمـەوە): حـاکمی دەرتـەنگی نێزیـک زەهـاو کـە نـاوی حیسـامەددین عەکـە بـوو و نێـوانی لەگـەڵ موستەعسەمی خەلیفەدا خۆش نەبوو، لە سەر ئەوەشەوە خەبـەری هێرشی مەغۆلی بۆ موستەعسەم نارد و پێـی ڕاگەیانـد کـە حیسـاب بۆ هۆلاکۆ ناکات و ئەگەر دڵنیای بکاتەوە و هەندێ سەربازی سـوارەی بۆ بنێـرێ، ئـەویش ئامادەیـە بـە سـەد هـەزار سـەربازەوە بـەرگری لـە بەغـدا بکـات. بـەڵام خەلیفـە هـەر وەڵامیشـی نەدایـەوە. عـەلیاوی ئەوەش دەڵـێ کـە هۆکـاری وەڵامنەدانـەوەی خەلیفـە بـە نەزانـدراوی ماوەتـەوە و خـەڵکی سـەرسـام کـردووە. ئـەنجامیش ئـەوە بـوو کـاتێ هۆلاکـۆ بـەو نامەیـەی زانـی، ئـەو حیسـامەددینەی بـە خـۆ و کـوڕ و خزمەکانیەوە کوشت، جگە لە یەک کوڕی کە هەسـتی بـە پیلانەکـە کردبـــوو و خـــۆی دەربـــاز کردبـــوو. دوایـــیش نـــۆرە هاتـــە ســـەر موستەعسەمی خەلیفە و دیارە چی بە سەردا هات.

لەو سەردەمانەدا کورد بە چاوی ڕێـزەوە لـە بەغـدایان دەڕوانـی و بـە چەقی دەسەڵاتی ئیسلامیان دەناسی بۆیە بـەرگرییان لێـی کـردووە، بەڵام ئێستا هۆکـاری بـەرگریکردنمان لـە بەغـدا دیـار نییـە، کلکایـەتی نەبێ کە هێشتا لای هەندێکمان مـاوە. کـە ئەمـەریکا هێرشـی کـردە سـەر بەغدا، بە بێ ئەوەی هەواڵی حیسـامەددین عەکـەی دەرتـەنگ بـزانین، وەک وانەیـەکی مێـژوو لـە زەینمانـدا مـابۆوە بۆیـە نـەک هـەر بەرگریمان لە بەغـدا نـەکرد، بـەڵکو سـەربازی ئەمـەریکامان لـێ بـووە مەلایەکـەتی ڕزگارکـەر. خـۆ دەبـێ ئـەوەش لـە یـاد نەکـەین ئەگـەر بمانویستبا پشتی بەغدا بگرین، هەڵوێستی سەددام لە هەڵوێستی موستەعسەم باشتر نەدەبوو.

بە دڵنیاییـەوە دەڵـێم هـەموو میللەتـە موسـوڵمانەکان، هـەر یەکـە و بایی خۆی سوودی لە ئیسلام بینیوە ئێمەی کـورد نـەبێ. ڕەوانشـاد، ئـازاد مســتەفا دەیگـوت: پـێم خۆشـە ببمـە مـەلا و لـە مینبـەری مزگەوتەکانـەوە کوردایـەتی بکـەم. زۆر جـوانی بـۆ چـووە و شـێخ مەعشووقی خەزنـەویش هـەر شـتێکی وای کـرد بۆیـە بەعسـییەکان کوشتیان. ئەو سەنگەرە، بۆ داگیرکەر زۆر جێی مەترسییە بۆیە تا پێـی

بکرێ دڵی مەلاکان ناڕەنجێنێ و هەمیشە ـ ئەگەر لە خەت لانەدەن ـ قسەڕۆیشتوو و ڕێزلێگیراون. مەلاکانمان، ئەگەر دڵسۆزی نیشتمان و نەتەوەکەی خۆیان بن، دەتوانن لە مینبەری مزگەوتەکانەوە کورد بخەنە سەر ڕێبازی ڕزگاربوون لە چەوساندنەوە وەک مەلای قەومەکانی تر دەیکەن و کردوویانە. هەقە مەلاکانمان بەردەوام ئەو قسەیە بڵێنەوە: ئەوەی نیشتمانی خۆی خۆش نەوێ ئیمانی نییە. کەچی بە داخەوە مەلای کورد خەریکن بیری موسوڵمانانی کورد وا لێ دەکەن تەنها سەر لە قەیامەت دەربکا و بۆ دنیا هیچی پێ نەکرێ.

ئەگەر ئیسلام ئاینێک بێ و تایبەتمەند بێ بە ڕۆژی پەسڵانەوە قسەم نییە و با هەر مەلایەک و بۆ خۆی خەریکی باسی دۆزەخ و بەهەشت بێ و واز لە کاروباری دنیا بێنێ. ئەگەر بۆ دنیاش بێ، خۆ ئێمەش هەین و بە زندوویی لە دنیادا دەژێین و بۆشاییەکمان پڕ کردۆتەوە و بە گوێرەی ئاینە ئاسمانییەکان پاشماوە و نەوەی ئادەم و حەواین. باوەڕی من وایە کە هیچ دین ومەزەب و ئایدۆلۆژیایەک بۆی نییە یا ڕێ بە خۆی نادا چەوساندنەوەی نەتەوایەتی حەڵاڵ بکا و ئاین بەرگری لە حەیوان دەکا چجای کورد. یەکێ لەوانەی قەول بوو ببێتە میری ناوچەیەک و دوایی لە بەر ئەوە نەیانکرد، کە بۆ گرتنەوەی ئەسپێک خۆراکی پیشان دابوو و دوایی، کە گرتبوویەوە نەیدابوویێ. گوتیان: تۆ بتوانیت غەدر لەو ئەسپە بکەیت دەتوانی غەدر لە بنیادەمیش بکەیت. خۆ بەشەری کورد بایی ئەو ئەسپە لای خوا بەهای هەیە کە بەردەوام دەیخەڵەتێنن! نیەتی؟!

ئەشکەنجەدان لە ناو قەومی دواکەوتوو و دڕندەدا برەوی هەیە. خەڵک هەیە ژنی خۆی هەڵواسیوە و لە ئاست سەری ئاگری لە کا بەرداوە و دووکەڵەکەی خنکاندوویەتی. تاوانەکەشی هەر ئەوە بووە بە بێ پرسی مێرد ویستوویەتی بچێتەوە ماڵە باوانی خۆی. نووسەرێکی سیاسەتمەدار کە دەستێکی باشی لە نووسیندا هەیە، لە سەر شێوەی ڕۆمان ـ بەڵام گێڕانەوەی ڕووداوە ـ باسی ئەوە دەکا چەکدارەکان هاورێیەکی خۆیان لە سەر ئاگری پرێمز داناوە و بە دیاریەوە قەزوان و گوڵەبەڕۆژەیان قرتاندووە تا بە بەر چاویانەوە گیانی دەرچووە. هەموو میللەتێکی دواکەوتوو ئەو خەسڵەتانەی تێدا هەیە و عارەبیش یەکێک بووە و یەکێکە لەو دواکەوتووانە و ئێستاش نەیانتوانیوە وەک میللەت شارستانی بن.

قەبووڵکردنی ئەشکەنجە و بەردباران و دەستبڕین، لە ترسی خوا، مرۆڤایەتی مرۆڤ لاواز دەکا. مەسەلە لای موسوڵمانان و بۆ بەرژەوەندی دەسەڵاتداران بۆتە (سمعا و طاعة)، دەنا لە کاتی چوار خەلیفەکەدا خەڵکی ڕەشۆکی بازاڕیش لە هەندێ بواردا پرسوڕایان پێ دەکرا و ڕایان وەردەگیرا. ئەوە حەججاج بوو کە بڕیاری قەدەغەکردنی هاموشۆی دا و لادێیەک هاتە ناو شارەوە و گرتیان، گوتی: پێم نەزانیوە. حەججاج گوتی: باوەڕ دەکەم پێت نەزانیوە بەڵام کوشتنت سوودی سەرجەمی موسوڵمانانی تێدایە. کوشتی. ئەوە حەججاج بوو ئەو کارەی کرد و بەو شێوەیە خەڵکی گوێڕایەڵ کردبوو.

**17. عەلی وەردی دەڵێ: عەلی کوڕی ئەبو تالیبش پێی وایە کەوا قورئان هەڵگری چەند دیوێکە هەر گروپێک دەتوانێت بە گوێرەی مەرامی خۆی پشتگیری لە قورئان دا بۆ خۆی بدۆزێتەوە. بەم جۆرە لای عەلی تەنها قورئان بەس نییە بۆ ڕێنمویی خەڵک بەڵکو پێویستە بە راڤەیەکی گونجاو هەیە تاکو ئەو پەیامە کۆمەڵایەتییە بگەیەنێت کە لە پێناویدا دابەزیوە . ئایا ئەم راگەیاندنە بە رانبەر بە دەقێکی وەک قورئان و دینێکی وەک ئیسلام پارادۆکس نییە؟ ئەی لە دیدی تۆوە چی دەگەیێنی؟**

و: قورئان و سوننەت و ڕەفتاری خەلیفەکان ڕێنیشاندەرن. بەڵام کە یەکێکیان عارەبایەتی کرد، ئیتر سنووری میللەتە ناعارەبەکان دەست پێ دەکات. ئیمامی عەلی موالی و ناعارەبی گرتە خۆی، بەڵام عومەر جیاوازی لە نێوان عارەب و موالیدا دەکرد و هەر ئەو بوو جوولەکە و مەسیحییەکانی لە دوورگەی عارەبی دەرکرد، خۆ قورئانیش بۆ هەردووکیان هەمان قورئان بوو. ڕەنگە عارەب کاری عومەریان پێ باش بێ و هەوڵ بدەن وەک ئەو بکەن. ئەدی ئێمە کە عارەب نیین چۆن بیری لێ بکەینەوە و ڕەفتار بکەین؟. پشتیان بگرین یا خەتەکەی عەلی لە ئیسلامدا هەڵبژێرین؟! لە ڕاستیدا، خەتەکەی عەلی بە کەڵکی عارەب نایەت و تەنانەت عەلەوییەکانیشیان لە سیاسەت و بەڕێوەبردندا عومەرین نەک عەلەوی. ئەوەی ئێستا لە عیراقدا دەیبینین، پەیڕەوکردنی سیاسەتی معاوییەیە نەک عەلی. خۆ دەسەڵات لە دەستی شیعەشدایە و عەلی بە ئیمامی خۆیان

دەزانن! بەڵام شیعە دەسەڵاتدارەکانی ئەمڕۆی عیراق لە تکریتییەکان عومەریترن.
لێکدانەوەی قورئان و حەدیس بۆ مەرامی تاکەکەس بە شتێکی زۆر خراپ دەزانم و وەک ئەوەیە مرۆ لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیدا مکیاڤیللیست بێ نەک لە پێناوی ئامانجێکی نیشتمانی و نەتەوەییدا، بەڵام بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیەک بێ و بۆ نەهێشتنی زوڵم بێ لە سەری، نەک هەر ڕەوایە، بگرە بە واجبیشی دەزانم و دەبێ بە دوای قیلێکدا بگەڕێم کە لە بەرژەوەندی نەتەوەییماندا بێ لە سنووری مافە نەتەوایەتییەکانی خۆی نەک زیاتر. ئەگەر لە خۆمانی نەشێوێنین هەموو ڕەوا و ناڕەوایەک وەک ڕۆژی ڕووناک دیارن. لە مەلای گەورەیان پرسیبوو چۆن گوتووتە فێربوونی زمانی ئینگلیزی کە زمانی کافرانە، جائیزە؟ ئەویش فەرمووبووی: "من نەمگوتووە جائیزە، گوتوومە واجیبە!" لێکدانەوە ئاوها دەبێ!
لە سەر شێوەی دەستنوێژ و نوێژ و ڕۆژوو و زەکات چ کێشەمان نییە، بەڵام کە باس هاتە سەر ئەوەی دینی ئیسلام هی عارەبە، کێشەکان دەست پێ دەکەن و بەرەی ناتەبایی دەکرێنەوە. ئەگەر هی عارەب بێ ئێمە چ کارەین؟! یا دەبێ کۆیلەیان بین یا ڕێبازێکمان هەبێ کەرامەتمان بپارێزێ. بەڵام خۆ دەبینین کەرامەتی میللەتە موسوڵمانە ناعارەبەکانی تر پارێزراوە و کەس ناتوانێ لە گوڵ کاڵتریان پێ بڵێ. کەواتە کێشەکە خۆمانین و هەر خۆمان بەرماتمان بۆ ئەو سووکایەتییە خۆش کردووە کە پێمان دەکرێ یا پێمان کراوە. ئۆباڵی هەرە گەورە لە ئەستۆی ڕۆشنبیرانمانە بە تایبەتی مەلاکانمان. بزانە بە دەگمەن نەبێ مەلامان لێ دەکوژرێ؟! ناکوژرێن چونکە زۆربەیان کار بۆ ئەوە دەکەن کورد لە ڕێی دینەوە موالی و بچووکی عارەب بێ و بیانووشی بۆ دەهێننەوە. بە دەگمەن قارەمانێکی وەک مەلا مەعشووق هەڵدەکەوێ کە کۆیلایەتی کورد ڕەت دەکاتەوە و زوو لەناوی دەبەن. عارەبەکان مەلای کورد ناکوژن چونکە هەوڵ دەدەن میللەتی خۆیان وەک موالی و کۆیلەی عارەب بهێڵنەوە بەڵام فارسەکان زۆر مەلامان لێ دەکوژن چونکە ململانێ و کێشمەکێشی ئەوێ جیاوازە...
قورئان هەزار و چوارسەد ساڵە بە دەستی موسوڵمانەوەیە و بە بەردەوامی دەخوێندرێتەوە و لێکدەدرێتەوە و شەرح دەکرێ، کەچی کە داهێنانێکی زانستی دەکرێ، گورج یەکێ پەیدا دەبێت و دەڵێ:

ئەها ئەوەتا لە قورئانیشدا باسی ئەوە هەیە! ئیتر دەبێتە ماشەڵڵا و سەڵاواتلێدان و دەیخەنە تەفسیرەوە! ڕەنگە ڕاست بکەن بەڵام بۆچی ئەو ماوە دوور و درێژە خۆیان باسیان نەکرد و ئێستا بە هۆی توانای عەقڵی بێدینێکەوە تێیگەیشتن؟! واتە ئێستاش لە سەر تەفسیرکردنی قورئان بەردەوامن. ئەی نابێ ئێمەش بە پێی بەرژەوەندی شەرعی و ئینسانی خۆمان بەردەوام بین و تەفسیری بکەین؟! مادام داوەکانمان ڕەوان، هەر دەبێ قورئان باسی کردبێ. میللەتانی تر وەک کوردیان نەکردووە. کە عارەب دەڵێن کورد موالییە، ئیتر مل مات دەکەین و بە ڕەزامەندی خۆمان، بۆ ئەوەی زەرەر بە دینمان نەکەوێ بە موالێتی ڕازی دەبین و بە قەدەر و چارەنووسی خۆمانی دەزانین. من بیستوومە بۆ ڕازیکردنی خوا گوتوویانە: ئەوەڵ عارەب، ئاخر عارەب!... واتە خۆی هیچ بایەخێکی نییە! ئایە ڕاستە خوا بەوە لێمان ڕازی دەبێ یا ئەوە لە داهێنانەکانی مزگەوتەکانی کوردستانە؟! کورد و غەیری کورد کۆیلەی خوان بەڵام کە کورد بوو بە کۆیلەی عارەبیش، واتا دوو ئاغای هەیە و بەوەش شەریک بۆ خوا پەیدا دەکا.

**18. ئیبن خەلدون دەڵێ: عەرەب وەک دڕندە وان و تاڵانچین و رزقیان لەسایەی شمشێرەکانیانەوەیە. تا دەگاتە ئەوەی دەڵێ: عەرەب دەست بەسەر هەر شوێنێکدا بگرێت وێرانی دەکات. عەلی وەردیش دەڵێ: عەرەب دەشتەکییە لە ئاوەزی ناوەوەیدا و موسڵمانە لە ئاوەزی دەرەوەیدا. وەک زانراویشە قورەیش ئیسلامی کردە دەوڵەتێکی فەتحکەر، هەر بۆیە مامۆستا مەسعوود دەڵێ : 80% عەرەب لەسەر زەوی ناعەرەب دەژین.**

**ئەم پێناسە ناشیرینەی عەرەب و دوو ڕوویەی تاکی عەرەب لەلایەن ئەو دوو زانایەی عەرەب خۆیەوە چۆن دەبینن و گرفتی ئەقڵێتی کوردی پاشکۆی ئەم دیاردەیە ماڵوێرانە چەند ئاستەنگە لەبەردەم تیگەشتنێکی ئەقلانی پرسی کورد و رێگای چارەسەرکردنی؟ هەر نەبێت لەدەرەوەی دەسەڵاتی ئیسلامیش دوو پارچەی کوردستان کەوتۆتە بندەستی دوو دەوڵەتی داگیرکەری عەرەبییەوە؟ ئایا**

**پێتوانییە کە ئەم داگیرکارییە قورسترین وێنەی کۆلۆنیالیزمە لە جیهاندا؟**

و: ئیبن خەلدوون، گەلێ جار لە ناڵیشی داوە و لە بزماریشی داوە. هەر ئەویشە کە دەڵێ مادام زمانی قورئان عارەبییە، زمانی تر پێویست نین. کە باسی داهاتی عەبباسییەکان دەکا، ڕوون و ئاشکرایە کە زۆربەی هەرە زۆری لەو باجەوە بووە کە لە موالییەکان سەندراون، ناوچەکانی کوردستان زۆرترین باجیان داوە. سەدان کوندە هەنگوین و هەزاران کوندە ڕۆن و هەزاران سەر مەڕ و مانگا و کۆیلە... بەڵێ کۆیلەشی بە سەر ژماردووە و کورد بەشی خۆی داوە و ئەگەر کۆیلەی نەبوایە نەیدەدا. لەو باوەڕەدام ئەگەر باج و خەراجی کورد نەبوونایە، دەسەڵاتی عەبباسییەکان زۆر زووتر لەناودەچوو و ڕێڕەوی مێژوو بە جۆرێکی تر دەبوو. بە هەموو وڵاتانی ئەفریقیا و هەموو ناوچە عارەبییەکان نیوەی کوردستان باجیان نەداوە. ئەدی بۆچی ئەبوو موسلیمی خوراسانی شۆڕشی لە دژیان بەرپا کرد؟! ئەو زوڵمەی لە دانیشتوانی کوردستان دەکرا هی قووتدانەوە نەبوو، بەڵام ئیبن خەلدوون وای نابینێ چونکە سوودەکە بۆ دەسەڵاتی عارەبی بووە. ڕەوا نییە ئێمەش وەک ئەو تەماشای مەسەلەکە بکەین چونکە باجدەر و باجوەرگر هەمیشە دوو بەرەی دژ بە یەکن.

ئیبن خەلدوون، ئەگەرچی دڵی عارەبی زۆر هێشاندووە، بەڵام ئەوەندە ڕەگەزپەرستیش بوو، دەڵێ: چۆن نەجیبزادەیەکی وەکوو هاروونی ڕەشید خوێنی خۆی بەوە پیس دەکا موالییەک بکاتە زاوای خۆی؟!

عارەب میللەتێکی سەر بە بیابانن و بیابانیش خەسڵەت و پێکهاتەی جەستەیی و عەقڵی تایبەت بە خۆی دەوێ تا مرۆڤ تیایدا هەڵبکا. ڕزقی بیابانشین لە سەر کۆچکردن و شەڕ و هێرشبردن بووە تا ئیسلام هاتووە و تا ڕادەیەک نیشتەجێی کردوون. ئێستاش ئەوەی ڕەگ و ڕیشەی بۆ بیابان بگەڕێتەوە ناتوانێ وەک بەعارەببووەکان نیشتەجێ بێ و پیشەی کشتوکاڵی بکا، بۆیە کاتێ نیشتەجێ بوون، وەک سەردەمی بەدوویەتییان هەمیشە هەوڵیان داوە بەری ڕەنجی خەڵکی تر بخۆن و خۆیان ئەمنێتی و ئەفسەرێتی و تاڵانچێتییان کردووە. لە زۆربەی هەردوو بەری دیجلە و فوراتدا، لە باشووری عیراق شیعە نیشتەجێن و لە شوێنە وشکەکاندا سوننە

هەن. هەمووشمان دەزانین ماوەیەکی دوور و درێژ بەوانەی هەردوو بەری ئەو دوو ڕووبارە دەگوترا موالی، یا خەڵکی ڕەشەخاک. خالیدی کوڕی وەلید سوێندی خوارد: دەبێ لە بری ئاو خوێن بە ڕووبارەکەی خۆیاندا بڕوا... خۆیان واتە ناعارەب. عیراق خەسڵەتی بیابانشینی تاڵانچی و نیشتەجێبووی وەرزێر و پیشەوەری نیشتەجێبووی چیانشینی تێدا تێکەڵ بوونە و هەر یەکە لەوانەش خەسڵەت و ڕەوشت و دیاردەی بەهاداری تایبەت بە خۆیان هەیە و لە ئاساییترین بارودۆخیاندا سەنگەریان لە یەکتر گرتووە. هەر ئەوەیە وا دەکا خەڵکی ناو سنوورەکانی ئەوەی پێی دەگوترێ عیراق، هەمیشە لە ترس و دڵەڕاوکێ و ورياییدا بژێ. تاکی خەڵکی ناو ئەو سنوورانە، بەردەوام کەسایەتی ناسەقامگیری نێچیری هەڕەشەلێکراوی هەیە. تەماشای مێژووی هەر وڵاتێکی ئەوروپا دەکەیت، هێڵێکی بەردەوامە و لە تاریکایی مێژووەوە پەیدا بووە و بە بێ پسانەوە هاتووە، کەچی لە عیراقدا، هەر مەودایەکی مێژوویی دەگری، لایەنێک دەسەڵاتی تێدا هەبووە، جیاوازی بنەڕەتی لەگەڵ ئەوەی پێش خۆیدا بووە. ئەم هاتووە ئەوی دەرپەڕاندووە و یەکێکی تر هاتووە و ئەوی دەرپەڕاندووە. مێژوویەکی پچڕپچڕی بە زۆر گرێدراو و سەپاو... ئێستاش بە هەمان شێوە بەردەوامە. وەنەبێ هەر لە ڕووی جوگرافياییەوە جیاوازی لە نێوان ناوچەکانیدا هەبێ و ناوچەکان خەسڵەتی جیاوازیان خستبێتەوە، تەنانەت لە ڕووی ڕەگەزیشەوە چەندین ڕەگەزی تێ خزاون. چونکە خاکەکەی، لە لایەکەوە دەرگای بەرەو بیابانی کراوەیە و بە بێدەنگی تێی خزاون، لە لایەکی ترەوە دەرگای لە ڕووی ئارییەکان کراوە بووە و تێی خزاون، ئەوجا تورکیش لە بیابانەوە بۆی هاتن و دەستیان بە سەردا گرت. ئەوانە هەموویان هۆکارن بۆ نەبوونی کۆمەڵگەیەکی هاوچەشن یا نەریتێکی هاوبەش یا تەنانەت دینێک یا مەزەبێکی هاوبەش لە عیراقدا.

ئیبن خەلدوون وای بۆ دەچێ عارەب کە وڵاتێک داگیر دەکەن، هەرچی بێتە بەر دەستیان تاڵانی دەکەن یا بە زۆر داگیری دەکەن و قەدری پیشە و کار و بەرهەم نازانن. جا وڵاتێک ئاوها ڕووتێتەوە چۆن کاول نابێ؟ هەر ئیبن خەلدوون لە باسی عارەبدا دەڵێ: عارەب هێرش نابەنە سەر لایەنێکی بەهێز. ئەمەشیان، ئەگەر هێرشکردنیان بۆ سەر ئیمپراتۆریەتی ساسانییەکان ڕیزپەڕ بکەین، بە ڕاست دەگەڕێ چونکە لە کەڕ و فەڕی ناوخۆیاندا، هەمیشە چاویان بە دوای

کەسێک یاعەشـرەتێکی لاوازدا گێـڕاوە تـا بـە ئاسـانی و بـە بـێ زیـان تاڵانی بکەن. وڵاتی تـاڵانکراویش بـە دەیـان سـاڵیش زەحمەتـە خـۆی بگرێتــەوە. هێرشـــی بــەردەوامی عــارەبی عیــراق بــۆ ســـەر کــوردی تاپڕبەدەستی بێتوانا ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ. هەرچی هێز و توانـای ســوپای دەوڵــەت هــەبوو، بــە تانــک و تــۆپ و فڕۆکــە و کیمیــایی و هێشوویی و چەکی سووکەوە، کە سامانی نەوت پشتگیریان بوو، لـە دژی چەند کڵاشینکۆف بەدەستێکی کورد دەیانخســتە کـار و دەزگـای ڕاگەیانــدنیش وەک ســەردەمە کۆنــەکان شــانازی بــە ســەرکەوتنەوە دەکرد. هەروەها هێرشیان بۆ سەر ئێران لە لاوازترین کاتی ئێراندا بوو، خۆ کوێتیش بە پارووی ئاسانی عیراق ناو دەبـرا. بـەڵام بزانـە بەرانبـەر ئیسرائیل موو دەپسێنن! ئەوەندەیان شکات لە ئیسرائیل کـرد نەتـەوە یەکگرتووەکانیان وەڕس کرد.

لە ڕاسـتیدا، وەک حەسـەن عەلـەوی دەیگێڕێتـەوە، بـەر لـە ئیسـلام یـەک عــارەب لـە هــیچ کـوێی عیراقـدا نـەبووە و تەنانـەت بەسـراش عارەبی لێ نەبووە. سەرەتای بەعارەبکردنی عیراق لە لەشکرکێشـی عومـەری کــوڕی خەتتابـەوە دەســتی پـێ کـردووە و ئێسـتا خەریکـە شـــوێنێکی عیــراق، بــە کوردستانیشـــەوە، نــەمێنێ عــارەبی لــێ نەچێندرابێ. ئەگەر وا بڕوا و کـورد لـە سـەر ئـەم سیاسـەتە بـەردەوام بێ، بە ڕاستی کورد دەکەوێتە بەردەم هەڕەشەی نەمانەوە.

بیابانشین ناتوانن بە ئارامی نیشتەجێ بن، یا بە لایانەوە زەحمەتە. بەڵام کورد یـەکێ لـە ئەرکـە دینییـەکانی لـە سـەردەمی زەردەشـتدا نیشتەجێبوون بووە. خزمەتی درەخت و جـووتکردن و ئـاودێری ئـەرکی پیرۆز بوونە. پـەیامی زەردەشــت ئـەوە بـووە و تـا ڕادەیـەکی زۆر تیایـدا سـەرکەوتوو بوو دەنا کورد تا ماوەیـەکی زۆرتـر بـە کۆچـەری دەمانـەوە. وای بۆ دەچم بەر یەککەوتنی ئەو دوو نەریتە کـە تـا ئاسـتی پێچەوانـە لە یەکتر جیاوازن، مەحاڵە ئەنجامەکەی ئارامی بێ.

بێگومان ئەگەر ئەو دوو نەریتە جیاوازە بـەر یـەک بکـەون ئاگریـان لـێ دەکەوێتـەوە و مەگـەر بـە زۆرەملـێ دەنـا پێکـەوە هەڵناکـەن. عـارەبی بیابان حـەز لـە ئـاوەدانی و شـینایی ناکـەن بـەڵام هەرچییـەکیان نیـە بـەڵێنیان پـێ دراوە لـە بەهەشــت بــە ئاســانی بــە دەســتی بێــنن. عەزرەتیان کچی جوان و هەنگوین و میوە و لووسکەیە و بـەڵێنیان پـێ دراوە لە بەهەشتدا هەموو ئەوانەیان هەبێ. ئیتر بۆچی خۆیان ماندوو بکەن؟! لە ڕاستیدا، نانی بیابانشین لە سەر نیشـتەجێبووەکان بـووە.

نیشتەجێبوو کاری کردووە و ئەوان چ لە ڕێی باجەوە و چ بە زۆرداری بردوویانە. وەنەبێ ئەوە تەنها خەسڵەتی عارەبی بیابان بێ، ڤایکینگەکانی باکووری زەویش هەر شتێکی وایان کردووە. لەبەر ئەوەی خۆیان هیچی ئەوتۆیان نەبووە پێی بژین، بە ڕاوڕووت ژیاون و بە سەر هەر وڵاتێکیاندا دابێ وێرانیان کردووە و تاڵانیان کردووە و تەنانەت بۆ ڕاوڕووت گەیشتوونەتە بەغداش. دوایی ئەو خەڵکە ڕاوڕووتکەرە کە بوونە خاوەنی پیشەسازی و شارستانەتی، بوونە سەلامەتترین و ئاشتیخوازترین خەڵکی گۆی زەوی. بەڵام عارەبەکان نەیانتوانی ئەو بازە بەرەوپێش بدەن بۆیە لە جیهانێکی پێشکەوتوودا بە دەردی خۆیانەوە مانەوە و چۆن ژیاون ئێستاش هەر وا، جگە لە نەوتەکەیان کە سامانێکی سروشتییە، لە سەر باج و خەراج و فەرهوودکرنی میللەتان دەژین... دوا میللەت کە بۆ ڕووتاندنەوە بە دەستیانەوە ماوەتەوە کوردە ئەوجا بەربەرەکانی باکووری ئەفریقیا... پێ ناچێ ئەوەشیان تا سەر بۆ بمێنێتەوە.

ئەگەر عارەب باج و خەراجیان بە دەستەوە نەمێنێ و نەوتەکەیان وشک بکات، ڕەنگە بیرێک لە خۆیان بکەنەوە و بچنە ڕیزی میللەتە پێشکەوتووەکانەوە، بەڵام تا بژێویان بە ئاسانی دەست بکەوێ، هەر وا دەمێننەوە. زەقترین بەڵگەش ئاستی پێشکەوتنی سووریا و عیراقە کە لە سەر ڕەنج و چارەڕەشی کوردی ژێردەستەیان دەژین.

**19. پێدەچێت بە کەسایەتی ئیمامی عەلی زۆر سەرسام بیت. کەسایەتی سەرەکی ڕۆمانی تەونی جاڵجاڵۆکەت ناوی عەلییە . لە دوا کتێبەکەشدا دەیان نموونە لەسەر کەسایەتی و گووتەکانی عەلی بەرچاو دەکەون. ئەم کەسایەتیە دیارەی مێژووی ئیسلام کە بەرای گەلێک بە رابەری شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی چاکەخوازی دادپەروەری دنیانەویست دادەنێن . هەمان کات بۆتە سیمبۆلی ناکۆکی و ناتەبایی ریزەکانی ئیسلام. ئەم ئامادەگییەی عەلی لە رۆشنبیریی تۆدا بۆ چ ئامانجێک تەرخان کراوە؟**

و: من خۆم بە ناچار دەزانم بە کردەوە و گوتەکانی ئیمامی عەلی سەرسام بم و ڕێزی لێ بگرم. ئەو، بە بۆچوونی من، سەرەتای دروستبوونی چەپایەتییە لە سیاسەت و لە ئایندا. دەیان هەزار ژنی

ناموسولمانی کورد و فارس پێش سەردەمی ئەو، تاڵان کران و بە بێ هیچ بەربەستێک حەڵاڵی سەربازە عارەبەکانیان بوون. هەر لە سەردەمی عومەردا و تەنها لە گەرمیانی ئێمەدا، پتر لە بیست هەزار ژن تاڵان کران. ئەوجا ئەو ژنانە منداڵیان بوو... منداڵی بێ سەرپرشتی و پشتوپەنا، خەڵکی مەککەیان تا ئەو ئاستە بێزار کردبوو کە عومەر بڵێ: خوایە لە شەڕی منداڵی ژنە جەلەولاییی بمانپارێزە. کەچی عەلی پەنای ئەوانەی داو و سوور بوو لە سەر ئەوەی لە ئیسلامدا جیاوازی لە نێوان عارەب و ناعارەبدا نییە، وەک جیاوازی لە نێوان عارەبی ئاسایی و عارەبی پایەداری وەک قورەیشدا نییە. ئەو لەو ئاستەدا بوو کە جارێ خۆراکی نەورۆزیان بۆ برد و کە لێی خوارد، لە خوا پاڕایەوە هەموو ڕۆژێکیان نەورۆز بێت. عەلی، لە مەیدانی سیاسەتدا دۆڕا، چونکە عارەبێکی قەومیی نەبوو و ئەوەش لە کاتی سەرکەوتنی عارەبدا دنیادیتنێکی سەیری ئەو سەردەمەیە. سەرکەوتنی عارەب جێی سەرنج بوو کەچی ئەو، باوەڕی بە دادپەروەری لەق نەبوو. زۆر لە عارەبەکان لێی تەکینەوە چونکە پێیان سووکایەتی بوو وەک مەوالی و عەجەم و خەڵکی خاکی ڕەش و منداڵی ژنە جەلەولاییی سەیر بکرێن و شان بە شانی یەکەوە شەڕ بکەن و دوایی بچنە بەهەشتەوە. بەر لەوەش زۆر لە پایەدارە عارەبەکان لێی تەکینەوە چونکە جیاوازی لە نێوان ئەوان و عارەبی ڕەشۆکیدا نەدەکرد. لە شەڕی نێوان لەشکرەکەی عەلی و معاوییەدا، منداڵی ژنە جەلەولاییەکان دوایان پڕایەوە.

کورد، ئەگەر ساسانییەکان بە کورد نەزانین و ئەردەشێر کە بۆ سووکایەتیکردن پێی گوتراوە "کوردی لە ڕەشماڵدا گەورەبوو"، کورد نەبووبێ، چونکە لە سەردەمی غەزاکاندا چەقی دەسەڵاتی خۆی بە دەستەوە نەبووە بەرگری لێ بکا و تاکە بەرگریکەر لەشکری فارسەکان بوو و ئەویش تێکشکا بوو، عارەبەکان بە بێ بەرگریکردنێکی ئەوتۆ هێرشیان دەکردە سەر گوندنشینەکانی کوردستان و سەربازەکانیان، بە کەیفی خۆیان ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکردن... مەڕ و ماڵات و ژنیان تاڵان دەکرد و دیانبردن. ئەگەر ساسانییەکان کوردیش بووبن، ئەوا ئەو خەڵکەیان بە بێ بەرگری جێهێشتووە. خۆ لە بیرمانە ئەنفالچییەکان چۆن هێرشیان دەکرد و چەکداری حیزبەکانی خۆمان ئەو خەڵکەیان بە بێ پشتوپەنا دەهێشتەوە و خۆیان دەرباز دەکرد!. لەشکری عیراق لە ئەنفالدا

چییان نەبر؟! چییان نەکرد؟! ئەو لەشکرەی سەردەمی غەزاکانیش، بە پێی توانای ئەو سەردەمە، هەر شتێکی لەو بابەتەیان بەرانبەر دانیشتوانی کوردستان کردووە، جا کورد بووبن یا فارس. ئەدی سەربڕینی دووسەدهەزار (کەس) ـ نەک سەرباز ـ بە دەستی خالید چ دەگەیەنێ؟!

جگە لەوانە، ئیمامی عەلی کاتێ کە مرد. تەنها سێسەد دەرهەمی لە پاش بەجێ ما، کەچی عوسمان کە کوژرا، سێسەد هەزار درهەم و یەک ملیۆن دیناری لە پاش بەجێ ما، جگە لەو موڵکانەی کە دەستی بە سەریاندا گرتبوو یا هی خۆیی بوون. حەسەن عەلەوی دەڵێ عوسمان بە جۆرێ ڕەفتاری بە پارەی بەیتولمال کردووە وەک ئەوەی هی خۆی بووبێ. جیاوازییەکان زۆر زەق و ئاشکرن. عەلی، وەک کە لە شەڕدا ئازا بوو، بە پێی ئەو سەردەمە یەکێ بوو لە ڕۆشنبیرە دیارەکانی عارەبیش. جگە لەو زمانە عارەبییەی کە دەیزانی و بە ڕاستی جێی سەرنجە و وەختە بڵێم لە ئاستی ئیعجازدایە، زمانی فارسیشی زانیوە و تێکەڵی لەگەڵیاندا هەبووە. ئاخر ئەو دەمە فارسەکان تا ئاستێکی زۆر پێشکەوتوو بوون و زۆربەی ئەو شوێنەوارانەی ئێستا لە سعوودییە ماون، هی ئەوانن.

کێشەی نێوان عەلی و معاویە هەر خەلافەت نەبوو، بەڵکو جگە لە جیاوزی باوەڕیان، کە مێژونووسە سوننەکان بە هەڵەی ئیجتیهاد لێکی دەدەنەوە، ئەمەوییەکان، بە تایبەتی کوڕەکانی ئەبو سوفیان، ئەو ڕقەیان هەر لە دڵدا مابوو کە خاڵیان بە دەستی عەلی کوژرا. ئەدی (هند)ی دایکی معاویە لە داخی کوشتنی براکەی جگەری هەمزەی مامی پێغەمبەری بە کاڵی نەخوارد؟ دایکی معاویە هەتا مردیش ڕەشپۆش و پرسەدار بوو. معاویە کوری ئەو ژنە بوو، ئیتر چۆن لەگەڵ عەلیدا ناکۆک نابێ؟! لە لایەکی تریشەوە باوەڕ کێشەیەکی گەورە بوو لە نێوانیاندا و مەگەر هەر لە شایەدیماندا بە تەواوەتی یەک ڕا بووبن! عەلی دنیاویست نەبوو بەڵکو حەقویست بوو، بەڵام معاویە دنیا و دەسەڵاتی دنیای هەبا هیچی تری پێ گرنگ نەبوو.

لە سەردەمی ئەمەوییەکاندا ئەو میللەتانەی بشبوونە موسوڵمان باجی موالیبوونیان دەدا، کەچی لە قورئاندا مەجووس (ماگوش) وەک خاوەن کتێب و ئاین باس کراوە. لە سوورەتی (حەج) ئایەتی 17دا دەفەرموێ: "ئەوانەی پڕوایان هێناوە و ئەوانەی بوونە جوو و سوببی و مەسیحی و ماگووش ئەوناەش شەریک بۆ خوا دەناسن، ڕۆژی

پەسڵانێ خوا پێیانڕا دەگا و خوا ئاگای لـە هـەموو شـتە". کـە خـوا لـە ڕۆژی پەسـڵان ـ حەشـر، حیسـابیان لەگەڵـدا بکـا، ئیتـر بـۆچی دوای موسوڵمانبوونیش عارەب لەو دنیایە باجیان لێ وەرگرێ؟
دەڵێن باج هی ئەوە بووە دەستدرێژی نەکرێتە سـەریان، بـەڵام ئـەوە بۆچوونێکی ورد نییـە چونکـە جگـە لـە دەسـەڵاتی خۆیـان دەسـەڵاتی کەسی تر لە ناوچەکەدا نەمابوو و باجیش هەر وەردەگیرا.

**20. معاوییــە وەک عــەلی وەردی دەڵــێ بــە کراســەکەی عوســمان دەوڵـەتی ئەمـەوی دروســت کـرد، کـە یەکـەمین دەوڵەتی ناسیونالیستی عەرەبی بوو. سەلاحەدین قودسـی رزگار کرد و ئەبو موسلمی خۆراسـانی پێشـەوای روخانـدنی دەوڵەتی ئەمەوی کرد و کەریم خـانی زەنـد وای کـرد و شـای ئێرانمـان بــەجۆرێکی دیکــە روخــان و گــەورەترین هێزبــوون بەشداری رووخانی سەددامان کرد و چەندان نموونەی دیکە. ئەی بۆ هەموو ئەمانە یان یـەکێکیان بیریـان لـە چارەنووسـی نەتەوەکەیان نەکردەوە؟ گلەیی لە مێـژووی دوێنـێ ئیمـڕۆش بەرۆکمان دەگرێت. کەی بڕیار و ئیرادەی سەربەخۆیی کوردی بەرجەسـتە دەبێـت؟ ئـەم گـرێ مێژووییـە چـۆن بکەینـەوە و پێویستە نەوەی نوێ و داهاتوو چییان لێوە فێر بێت؟**

و: ڕاستە معاویە لە سیاسەتدا زۆر لێهاتوو و بلیمەت بـوو، بـەڵام پـێم وایە بناغەی دەوڵەتی قـەومی عـارەب هـەر لـە سـەردەمی عومـەری خەلیفەوە داندرا. ئەو، بە ئاشکرا جیاوازی لە نێـوان عـارەب و ناعارەبـدا دەکرد و خێروبیری وڵاتە داگیرکراوەکـانی خسـتە خزمـەتی عارەبـەوە. ڕاسـتە عومەر یەکێکە لە دادپەروەرانی مێژووی ئیسـلام، بـەڵام بـۆ نـاو عـارەب دادپـەروەر بـوو. تەنانـەت خـەڵک بـۆ لێپێچینـەوە بانگیـان کـردە مزگـەوت: "بـۆچی کراســی تــۆ لــە کراســی هــەموو موســوڵمانان قوماشـی زیاتری تێ چووە؟. ئەویش لـە بەرگریکردنـدا گـوتی: مـن لـە هەمووتان کەڵەگەتترم و بەشـە قوماشـەکەی عەبـدوڵای کوریشـم بـۆ خۆم کردۆتە کراس، ئەوجا ئەمەی لێ دەرچووە کە لەبەرمدایە". بەڵام لە نێوان عارەب و موسوڵمانی ناعارەبدا وا نـەبوو. ئـەو قەدەغـەی کـرد ژنە دیلی عارەب بکرێتە سـەبیە و سـەراری و جاریـە بـا موسـوڵمانیش نەبووبن و هەرچی لە سـەرەتای دەسـەڵاتی ئـەودا جاریـە و سـەبیەی

عـارەب بـوو، بـۆ کەسـوکاریان ڕەوانـە کرانـەوە. دەیگـوت ئەوانـە ئەگـەر موسـوڵمانیش نەبن، عیززی عارەبیان تێدایە. بەڵام بۆ ناعارەب قەیـدی نەبوو و دیارە پێی وا بووە ناعارەب عیززەتی نەفسیان نییە و بەلایانەوە گرنگ نییە ژنیان بە تاڵان بچـێ. ئەمەوییـەکان لـە سـەر هـەمان ڕێبـاز بەردەوام بـوون و کراسـی عوسـمانیان قۆسـتەوە. ئـەو تـاریقی کـوڕی زیادەی ئەندەلوسـی بۆ داگیرکردن، کابرایەکی بەربەر ـ ئـەمازیغ ـ بـوو بۆیە لە دەرەوەی باسـی ئەندەلوسـدا باسـی نییـە و لـە دوای گرتنـی ئەندەلوسیش باسی نەما. ئەو ئەندەلوسـی گـرت و مووسـای کـوڕی نەسیر خواردی. ئەمەوییەکان لە بـارەی بەربـەرەوە دەیـانگوت: بەربـەر نێزیکترین عەجەمە لە خەسڵەتی عارەبەوە. بەربەر لە دەسـت زوڵمـی ئیسـپانیا و یۆنـان زوو بوونـە موسـوڵمان و پشـتگیری عارەبیـان کـرد. هەمان بەزمی کوردی جزیرە و بۆتان... یا نێوان هەردوو ڕووبارەکە، کـە لـە دەسـت زوڵمـی یۆنـان ئامێزیـان بـۆ لەشـکری عـارەب گرتـەوە. نێزیکایـەتی زمـانی بەربـەر و عـارەبی بـووە هـۆی ئاسـانکاری لـە تەعریبکردنی باکووری ئەفریقیادا، بەڵام ئەوە لەگەڵ کوردی و فارسیدا نەکرا و هەر دەبێ شوکرانەبژێر بین کە زمانەکەمان خزمایەتی لەگـەڵ عارەبیدا نییە دەنا ئێستا شتێ نەدەما ناوی کوردی بێ... بە خۆمـان و زمانەوە لە ناویاندا دەتواینەوە و دەپراینەوە!

ئەوەندەی مـن بـزانم ئیسـلام ئـاینێکی نێونەتەوەییـە بـەڵام هـەر لـە سـەردەمی عومەرەوە خرایە سەر خـەتی عارەبایـەتی کـەچی عـەلی وای نەدەویسـت. عـەلی سـەرکەوتنی بەدەسـت نـەهێنا چونکـە بـە هۆی نزیکبوونەوەی موالی و منداڵی ژنە تاڵانکراوەکان لێیەوە، عارەبی لێ تەکینەوە ئەگەرچی دەشیانزانی هەقخوازە بۆیە گوتوویانـە دڵمـان لەگەڵ عەلیدایـە و شـمشێریشـمان لـە سـەریەتی. ئـەو، وەک کـوڕ و نەوەکانی ئەبو سـوفیان تـالبی دنیـا نـەبوو. عـەلی ئەوەنـدە سـۆفیانە بیری دەکردەوە و ئەوەندە دنیانەویست بوو، لـە بیـری چـووەوە عـارەب نـەریتی بیابانیـان هەیـە و حـەزیان لـە داگیرکـردن و تـاڵان کـردن و هێرشبردنە. بەڵام معاویە، دوای ئـەویش یەزیـد، ختووکـەی هەسـتی عارەبایەتییان دەدا و کامیان نەختێ توانای هەبا، دەیانکردە کەڵەگا بـە سەر هەر ناوچەیەکەوە کە دەستیانی لێ گیر دەبوو.

سـەلاحەددین زۆر گلـەیی لـێ نـاکرێ چونکـە هەسـتی نەتەوایـەتی کـورد کـەوتبووە ژێـر دوو کاریگەرییـەوە: یەکـەمیان ئـاینی ئیسـلام و دووەمیان گەورەیی عارەب بە هۆی قورئان و ئیسلامەوە و ئەو خۆشـی

یەکێ بووە لەوانەی لە ژێر ئەو کاریگەرییانەدا بووە. ئەو تەنانەت بەرانبەر خاچهەڵگرەکانیش مرۆڤانە ڕەفتاری کردووە. بەڵام نابێ لە بیرمان بچێ کاتێ سەلاحەددین هەڵکەوت و بووە سەرکردەیەکی شەڕکەری ئیسلامی، دەمێ بوو هەستی کەمایەتی و موالێتی کوردی وێران کردبوو و خەڵک خواخوایان بوو بەڵای کوردبوونیان لە کۆڵ بێتەوە. کورد موسوڵمان بوو بەڵام بە موالی ناو دەبرا و دەبوو باجی ساڵانە و سەرانە بدا. دەسەڵاتی عارەب لەگەڵ هەموو ناعارەبەکاندا وا بوو. لە باکووری ئرفریقیا، لە سەردەمی ئەمەوییەکاندا، ئەوەندە باجیان قورس کردبوو، خەڵک گوندەکانیان چۆڵ دەکرد. لەو دەمەدا، دەوڵەتی ئەمەوی دەوڵەمەندترین و بەهێزترین دەوڵەتی هەموو دنیا بووە و هەڕەشەیەکی گەورە و ڕاستەوخۆش بووە بەرانبەر هەموو ئەوروپا. ئەمەوییەکان، دینەمۆی ڕقی بەربەریان خستە کار و بە سەربازە موالییەکانی باکووری ئەفریقیا ئەندەلوسیان گرت ورەی فەرەنسییەکان نەبوایە کە پێشیان بە لەشکری ئەمەوی گرت، هەموو ئەوروپا دەکەوتە بن دەستیانەوە.

لەو باوەڕەدام هەر کوردێکی تر بوایە لە بری سەلاحەددین، یا هەرگیز ناوی نەدەبوو یا هەمان کاری دەکرد و ئەوەی نەکردبا لەناودەبرا و ئێستا گلەییەکی ئەوتۆی نەدەهاتە سەر. ئەو، لەبەر ئەوەی نەکوژرا گلەیی هاتۆتە سەر. کورد لە بری هەستی نەتەوایەتی هەستی کۆیلایەتی و بچووکی تێدا هەبوو... هەستی کۆیلایەتی و موالێتی کورد زۆر لە هەستی ئیسلامەتییەکەی بەهێزتر بوو بۆیە لە ڕووی دەروونییەوە ئامادە نەبوو هیچ شتێک بۆ خۆی بکا. چما ئێستا کوردی هەڵکەوتوو هەمان ئەو کارە ناکەن کە ئەو کردی؟ ئیتر بۆچی گلەیی لەو بکەین و باسی ئەمانەی ئێستا نەکەین؟ سەلاحەددین، بە هیچ جۆرێ لە خەتی گشتی کوردی زەلیل لاینەداوە و باوەڕ ناکەم لە ڕەسەنایەتیدا هیچ کوردێکی پێ بگا!!

ئەبوو موسلیمی خوراسانیش کە زوڵمی ئەمەوییەکان بێزاری کردبوو، لە ڕووی ئازایەتییەوە بووە ڕێبەری بزووتنەوەیەکی زۆر مەزن و زۆر لە زەردەشتییەکان کە تا ئەو دەمە نەبووبوونە موسوڵمان، بە هۆی ئەوەوە بوونە موسوڵمان. عارەبەکان وەک خوێنڕێژ باسی دەکەن و پێ دەچێ هەر وکە ئەمەوییەکان ڕەفتاری کردبێ... واتە لە شەڕدا لاسایی دڕندەیی عارەبی کردۆتەوە. بەڵام کە عەبباسییەکانی هێنایە سەر دەسەڵات چۆن پاداشتی درایەوە؟! من وای دەبینم گفتوگۆی

کورد لەگەڵ داگیرکەردا لەوپەڕی هێزیەوە، لەوەوە دەستی پێ کردبێ و هەتا ئێستاش بەردەوام بێ. ئێمە ئاوهاین... ئێمە دەوڵەتی عەبباسیمان بۆ عارەب دروست کرد و تورک لە پێناوی دەسەڵاتی خۆیاندا ڕووخاندیان! تەماشای ئەو جیاوازییە! چەند ئاشکرایە ئێمە بەو نەفەسەوە دەرەقەتی تورک نایەین! هۆکاریش ئەو بچووکییەمانە نەک شتی تر! ئەبوو موسلیم و شۆڕشەکەی، بوونە هۆی دامەزراندنی دەوڵەتی عەبباسی و شۆڕشی ئەیلوولی ئەم سەردەمەي بووە هۆی لەدایکبوونی ڕێکەوتننامەی جەزائیر و زاڵبوونی ئێران.. تا دەگاتە ئەوەی شۆڕشی کورد بووە هۆی ڕووخانی بەعس و پەیدابوونی دەسەڵاتی شیعە لە عیراقدا، هەمان ئەو کارەمان کردووە کە ئەبوو موسلیم کردوویەتی... دەوێرم بڵێم جۆرە جاشایەتییەک کە شانازی پێوە دەکەین و بە پێی هەزار تەفسیر، بە جاشایەتی نازانین! وەک ئەوەی هەمیشە کورد و کورد یا عارەب و عارەب برا بوون، بیانووی برایەتی کورد و عارەب کە قەت هیچی لێ شین نەبوو، بۆتە بیانووی خۆدۆڕاندن چجای دۆڕاندنی مافەکانمان.

کەریم خانی زەندیش، کوردبوون وای لێ کرد لە بری ئەوەی بە خۆی بڵێ شا، خۆی بە خزمەتکاری ڕەعیەت ناوزەد کرد و دوای ئەوەی ئێرانی لە تەفروتونابوون دەرباز کرد، لە بەر دەرگای شا نێژرا تا لە هەموو هاتوچوونێکدا پێ بخاتە سەری. ئەگەر کەریم خان کوردیش نەبووبێ ـ چونکە زۆر لە لورەکان خۆ بە کورد نازانن و ناتوانین بە زۆرداری بیانکەینە کورد، بە دڵنیاییەوە کەریم خان هەمان خەسڵەتی کوردی هەبووە و خۆی پێ لەوە بچووکتر بووە ببێ بە شا.

کاکە سەروبنی مێژووی کورد بگەڕێی تاکە یەک خەسڵەتی هاوبەشی هەموو سەردەمەکان بەدی دەکەیت: بچووکی و خۆبەکەمزانین! ئێمە بە قەدەر ئەرکەکانی ئاین، بگرە زیاتریش، ئەرکە بە سەرمانەوە ئەو هەستە لە ناخی خۆمان و کورد دەربێنین... بەردەوام، لە هەموو بەرەیەکەوە کاری بۆ بکەین. ئەگەر ئەوە نەکەین، شۆڕشمان دنیاش داگیر بکا، ئەنجامەکەی دەبێتە ڕێکەوتنی نێوان دوو لایەن یا ڕووخاندنی دەسەڵاتێک و پەیدابوونی دەسەڵاتێکی تر و بەخۆشمان وەک خۆمان دەمێنینەوە: ئازا و شۆڕشگێڕ و قارەمان و کۆڵنەدەر و... ئەوەندە هەزار شەهید و ئەوەندە هەزار خێزانی شەهید... و ئەوجا هەموو بیانوومان دەبێتە ئەوەی بڵێین: دوژمن وەعدە بەخیلاف دەرچوو و بەڵێنی خۆی نەگەیاندە سەر!! قەت بە

دووری نـازانم ئـەنجامی ئـەم هـەرێم و هەرێمایەتییـەش ئـەوە بـێ کێشـەی ویلایەتی موسـڵ کـە ئێسـتا گـەرم نییـە، لـە نێـوان عیـراق و تورکیادا بە لایەکی تردا بخرێ، یا ببێتە هۆکار بۆ چارەسـەری کێشـەی قوژبنێکی دنیا کە بیرمـان بـۆی نـاچێ. ئـەوجا تـا دەتـوانی گلـەیی لـە ویژدانی دەوڵەتان و بەختی نەحسی کورد بکە! با تا هێڕ دەبین بڵێـین ئەمەریکا خیانەتی لە کورد کرد!

**21. تـۆ دەڵێـی کـورد دیلێکـە بەندیخانەکـەی دەگـۆڕێ نـەک خۆی. وەلێ کەسێکی وەک حەسەن بـەننا دەڵـێ: داگیرکـەر لــەناو دڵتانــدا دەربکــەن، هــەر خــۆی دەچێتــە دەرەوە لــە نیشتیمانتان. جا داخۆ کەی کورد دەتوانێت ئەم بڕیارە بـدات و کەنگێ شۆڕش بەرپا دەکات؟**

و: هەسـت دەکەم بۆچوونەکەی من لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا جیاوازییـان نییە. من دەڵێم کورد بەندیخانەکەی دەگۆڕێ و دەمەوێ خۆی بگـۆڕێ. واتە لە بەندیخانەکـە بچێتـە دەرێ، ئـەوەش دەرکردنـی داگیرکـەرە لـە ناخ... ڕازینەبوونە بـە بەندیخانـە و خـاوەنی بەندیخانـە. ئـەو قسـەیەی بەننا قسەیەکی ڕاستە و پرسیارەکەش پرسیارێکی هەستیارە. ئێمە، ئەگـــەر ڕێبـــازە فکرییـــەکانی ئیســـلامییەکان و کۆمۆنیســـتەکان و هەرچییـەکی لێیـان دەکەوێتـەوە لێمـان بگـەڕێن، دەتـوانین فێـر بـین داگیرکـەر لـە ناخمـان دەربکـەین. بـەڵام چەنـد هـەوڵ دەدەیـن، بـە سیاسـەت و ئایـدۆلۆژیای هـاودینی و هـاوچینی دەمانهێننـەوە سـەر سـفر، بۆیە زۆر گرنگە ئەو دوو بـوارە فکرییـەش بـۆ هـەمان مەبەسـت، واتـە کێشـەی نەتەوایـەتی کـوردی غـەدرلێکراو بـەخۆ بکـەون. بزانـە خەباتی چینایـەتی چـی بـە کـورد دەکـا: پـێش ڕووخـانی بـەعس، لـە دارەتووی هەولێر، لە دوکانێک ویستم پەنیرێک بکڕم، تەماشـام کرد لـە تکریت بەرهەم هێندرابوو. منیش تەماشـایەکی کڕیـارێکی تـرم کـرد و گوتم: ئەم پەنیرە پێ دەچێ باش بێ بەڵام لە بەر ئـەوەی لـە تکریـت بەرهەممهێندراوە من نایکڕم. کابرا لێم زیت بووەوە: کاکە تۆ باسـی چـی دەکـەیت؟! ئـەوە بەرهـەمی کرێکـار و جووتیـاری هـەژاری تکریتـە! بەرهەمی زەحمەتکێشـانە! هەژارانی تکریت چییان لێمان کردووە؟! جا ئەوە بیرکردنەوەی چەپرەوی کورد بێ، تکریت بـە بـەرگی کرێکارییـەوە چۆن لە ناخی ئەو خـەباتگێرە شـۆڕشـگێڕە توندڕەوانـە دەردەچـێ؟! تـۆ

هەوڵی دەربازبوون بدە لە دەستی تکریتییەکان بەڵام ئەو بە یەک چاوترووکان پشتەوشارت دەکاتەوە. لەبەر ئەوەیە ئایدۆلۆژیای گشتگر بە ماری ژەهراوی ناو دەبەم. ناهەقمە؟! حیزبی شیوعی لە ڕێی جاڕی خەباتی چینایەتییەوە لە سەردەمی قاسمدا یەک ملیۆن جەماوەی هەبوو، کەچی ئێستا، بە هۆی کورتهێنانی نەزەرییەکانیەوە یەک کورسی لە بەغدا نییە... بە هەرحاڵ خەتە کوردستانییەکەی نیەتی.

خۆ کاکی ئیسلامیش هەمان خەیاڵی لە کەڵڵەدایە. لە بیرم ناچێتەوە کە ئەربەکان دەسەڵاتی لە تورکیا بە دەست هێنا چۆن شاگەشکە بوون و هەر لە سەردەمی ئەویشدا شەڕی کورد گەیشتبووە چڵەپۆپە و هەر ئەویش بوو گوتی ئەگەر ئەتاتورک زندوو بێتەوە دەبێتە ئەندامی حیزبەکەی ئێمە... هەر ئەو بۆچوونانەن کورد دەکەنە سوارەی حەمیدی و جاشی بیروباوەڕ و جاشی نان و پارە. هەر ئەو جۆرە لێکدانەوانە وا دەکەن سەد سەلاحەددینیش هەڵکەون، لەو ئەیووبییە باشتر نەکەن و باشتر نەبن. هەر سەرکردەیەکی کورد بە دڵسۆزی بۆ مەسەلە نەتەوایەتیەکان بگاتە لووتکەش، لاقی دەگرین و ڕایدەکێشینە خوارەوە: وەرە! تۆ بۆت نییە بچووکی داگیرکەران نەبیت! بۆت نییە لە ئێمە مەردتر بیت!

ڕاستە ئێمە داگیرکەر لە ناخماندایە و دەرماننەکردووە. کەس دەتوانێ وەک عەبدوڵڵا پەشێو تەعبیر لەو زەلالەتەی کورد بکا؟! کاری کوردی نەتەوەیی و لە پێشەوەشدا ڕووناکبیرانی، ئەوەیە ئەو پەیامە بگەیەنێ جا حەسەن بەننا خاوەنی بێ یا هەر کەسێکی تر. داگیرکەر سواری ئاوەزمان بووە و نەمانتوانیوە خۆمان ڕاپسکێنین. لە بیرتە لە گەرمەی ئاگربارانی کوردستان و ئەنفالدا باسی برایەتیمان لەگەڵیاندا دەکرد؟! ئێدی چۆن بەرەو ئازادی بچین؟ هەستی کۆیلایەتی بۆ بازرگانانی سیاسەت لە کوردستاندا، سەروەت و سامانە و بە سەریاندا دەبارێ. کەی بیانەوێ شۆڕشی پێ دەکەن و کەی بیانەوێ گێرەی گفتوگۆی پێ دەکەن و هەر کاتێکیش بیانەوێ لە پێناوی دابەزین بەرەو بنی بنەوەی کۆیلایەتی شەڕی یەکتری پێ دەکەن و یەکتر دەکەنە دوژمنی سەرەکی کورد. ئەوە، بە قەولی کورد، کیمیایە کیمیا! ئەوە خێروبەرەکەتە و بە سەریاندا دەبارێ. ئیتر چۆن ڕێ دەدەن داگیرکەر لە ناخمان دەربکەین، کاکە!

تاکە تاکەی سەرکردە هەبوون نەختێ هیوامان پێیان هەبوو، بەڵام ئەوانەش ئەوەندە بەڵێنیان دا و نەیانگەیاندە سەر و ئەوەندە بۆ بەغدا دایانشکاند، دەستمان لێیان شوشت. هەرچی نێرەجاشە دەیکاتە پڕپەی پشت، کەچی لەولاوە لە سەر ناوی پێشمەرگە شەڕ دەکا، گوایە وشەیەکی پیرۆزە و کەرامەتی کوردی پاراستووە. تۆ بڵێی ئەو جاش و بەعسییانەی ئێستا برەویان هەیە و پێشتر ڕاوی ژنە کوردیان بۆ بەعسییەکان دەکرد، پارێزەری شەرەف و کەرامەتی کورد بووبن!! بە قەولی پەشێو، میللەتێ وڵاتی نەبێ کەرامەتی لە کوێ بوو؟!

**22. هەندێک هەیە پێیان وایە کاتێ ئیسلام وەک هێزێکی بێگانە لە دەرگای ماڵی کوردی داوە فارس دەرگاکەی کردۆتەوە. ئەمە بۆ تۆ چ مانایەک دەگەیێنێ و چەند لە ڕاستییەوە نزیکە؟**

و: پێشتر باسی هەڵوێستی فارسەکانم کرد. ئەگەر کوردیش وای کردبا، جێی شانازی دەبوو و چارەنووسیشمان جۆرێکی تر دەبوو. نا، من لەو باوەڕەدا نیم فارسەکان دەرگایان کردبێتەوە چونکە خاوەنی شانازی مێژوویی بوون و شانیان لە شانی یۆنان دەدا و یەکێ بوون لە زلهێزەکانی ئەو دەمەی دنیا. ئەدی لە قورئاندا باسی ئەوە ناکا کە ڕۆمەکان تێکدەشکێن و دوایی سەردەکەونەوە؟! ئەو شکستەی قورئان باسی کردووە بەرانبەر فارسەکان بووە. فارسەکان تا سنووری پایتەختی یۆنانیان داگیرکرد. لە شەڕێکدا یۆنان کە سەرکەوتنی بە دەست هێنا، سەبازێک ـ وەک لە بیرم بێ ناوی فیدیپیدیس ـ بوو، بە ڕاکردن تا ئەتینا نەوێستایەوە و هەر ئەوەندە فریا کەوت بڵێ: "سەرکەوتین!" و دوای ئەو قسەیە هەناوی پسا و گیانی لە دەست دا. ڕاکردنی ماراتۆن یادی ئەو سەربازەیە کە ئێستاش لە هەموو جیهاندا دەکرێتەوە. فارس هێزێکی حیسابۆکراو بوو و دەسەڵاتی هەبا خۆی بە دەست لەشکری عارەبەوە نەدەدا. بەڵام ئاشکراشە سەربازانی فارس وەک عارەبەکان بە دڵسۆزی شەڕیان نەدەکرد چونکە عارەب ئامانجیان ئەوە بوو شەهید بن... واتە لە هەموو حاڵەتەکاندا خۆیان بە براوە و سەرکەوتوو دەزانی بۆیە فارسەکان لە قادسیەدا، لە ماوەی سێی ـ سیوپێنج ڕۆژێکدا شکستیان هێنا. سەربازی لەشکری ئیسلامی، بکوژرابان دەبوونە خاوەنی حووری

نازدار و غیلمانی جوان و ئاوی خاوێن و هەنگوین و میوەی بەهەشت، کە لە نیوەدوورگەی عارەبساتانی ئەو دەمە هەموو ئەوانە لە قەیراندا بوون. نەشکوژرابان، دەبوونە خاوەنی ژنی جوانی مەجووس (ماگۆش) و سەروەت و سامانێکی زۆریان دەست دەکەوت. ئاخر دەستکەوتی جەنگیش پێنجیەکی بۆ دەوڵەت بوو و ئەوی تر بۆ سەربازانی لەشکرد بوو و لە ناو خۆیاندا بەشیان دەکرد و گەلێ جاریش لە سەر دەستکەوت بەشەڕ دەهاتن. نەخێر، هەر ئەوە بوو فارسەکان بەرگەیان نەگرت و چاریان نەبوو. تەنانەت هەتا سێسەد ساڵیش دوای دەسەڵاتی ئیسلامی، زۆر لە فارسەکان ـ تەنانەت کوردیش ـ دەستبەرداری دینی خۆیان نەبوون و هەر ئەوەشە وای کرد هەتا ئێستاش ئاینی زەردەشتی لە ناویاندا بمێنێ. کورد بەرگرییەکی زۆری لە خۆی و ئاینەکەی کرد بەڵام کە تێکشکا و چارەی نەما، زۆر بە دڵسۆزییەوە بووە موسوڵمان. هەتا ئێستاش بەو دڵسۆزییە ماوەتەوە و تا ئاستی کۆیلایەتی دەڕوا و قەبووڵێتی. ئەگەر کورد وەک بۆ ئیسلامەتی و کۆمۆنستی و ڕێبازە فکرییەکانی تر دڵسۆزە بۆ نەتەوەکەی خۆی دڵسۆز بوایە، ئێستا لە هەوارێکی تردا دەبووین. هەر پەیدابوونی مەزەبێکی جیاوازی ئیسلام لای فارسەکان بەڵگەیە بۆ خۆجیاکردنەوەیان لە عارەب. لە ناو عارەبەکاندا، تەنها ئەوانە بوون بە شیعە کە لە تاڵان و دەستکەوتی شەڕ بەشیان نەدرا، ئەوانی تر سەرچاوەیان ناعارەبە. نەخێر فارسەکان دەرگایان نەکردەوە، بەڵکو دەرگایان بە سەردا شکا و بەرگەی هێرش و پەلاماری عارەبیان نەگرت و کوردیش وەک پەرواوێزی دەسەڵاتی ئەو دەمە، تێوە گلا.

ئەوەی جێی سەنجە، فارسەکان هەتا ئێستا و ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر لە عارەب دوور دەکەونەوە و هەوڵ دەدەن بە سەریاندا زاڵ بن. عارەبیش کاردانەوەی توندی بەرانبەریان هەیە بۆیە قادسییەکەی سەددام لە ڕووی کاتەوە، نزیکەی سەد قادسییەی لەوەکەی سەعدی خایاند بۆ ئەوەی دڕکی فارس نەهێڵێ. ئەوەی سەعد 30 تا 35 ڕۆژ و ئەوەکەی سەددام هەشت ساڵ، لە ڕووی زەرەری وێرانکاری و بەشەریشەوە، ئەوە هەر مەپرسە چەند بە قەدەر قادسییە کۆنەکە بوو. هەردوو جارەکەش عارەب ئامادەی شەڕ بوون و هێرشیان کرد و فارسەکان ئامادە نەبوون یا لاواز بوون و بەرگرییان کرد.

**23. موسڵمانەکان بە تایبەت حەجاج و هارونە رەشید داهێنەری جۆرە شێوازی ئەشکەنجەدان بوون وەک لە مێخدان، کوتکوتکردنی لاشە، سەر پەڕاندن. ئەم کولتوورە هەنووکەش لای ئیسلامییە توند رەوەکان رەواجی هەیە و لەم چەند ساڵەی دواییدا دژی چەند کوردێکی بێتاوان ئەنجام دران. ئایا گێتی شارستانێتی و ئەم گەشە گەورەیەی بەسەر پێشکەوتنی مرۆڤدا هاتووە چەند لەگەڵ ئەم شێواز و دیاردە بەربەرییەدا تێکدێتەوە؟**

و: لەو باوەڕەدا نیم ئەشکەنجەدان سەرچاوەکەی لە ئیسلامەوە بێ یا عارەب پسپۆڕ و تایبەتمەندی ئەو بوارە بن. مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی خەسڵەتی دڕندایەتی تێدا هەیە و ڕەنگە لای خێڵە دواکەوتووەکانی بیابان، عارەب و تورک، چڕ بووبێتەوە. خۆ کوردیش لە ئەشکەنجەدان قسووری نەکردووە. مێژووی عارەب، کە ئێستا بە زەحمەت لەگەڵ مێژووی ئیسلامدا لێک جیا دەکرێنەوە، پڕە لە ئەشکەنجەدانی مرۆڤ. کاک نالەی حەفید باسی ئەشکەنجادانی سەگ دەکا لە لایەن منداڵانەوە و وای پیشان دەدا کە ئەوە سەرەتایە بۆ جۆرە دڕندایەتییەک بەرانبەر بە مرۆڤ. پێم وایە هیواقادریش شتێکی وای باس کردووە. ڕێزگرتنی ئاژەڵ یا ئەشکەنجەنەدانی، پێشەکییە بۆ ڕێزگرتنی مرۆڤ و مافی مرۆڤیش. عارەب لە کاتی توینێتیدا ڕەگی خوێنی حوشتریان دەبڕی و خوێنەکەیان دەخواردەوە. سروشت فێری ئەوەی کردبوون. من نەمدیوە ئایەتێک باسی ئەشکەنجەدانی مرۆڤ بکا، جگە لە سزای دەستبڕین و بەردبارانکردن... یا لە دۆزەخدا. ئەوانەش لە سەرەتای ئیسلامدا دەگمەن بوون، بەڵام لە ئێرانی ئەمڕۆ و ئەفغانستانی تالیباندا، کە ڕەگەزیشیان ناچێتەوە سەر عارەب زۆر بووە. ژنێک چووە لای عومەر و گوتی: من کۆیلەکەی خۆم وەک مێرد بەکار دێنم چونکەماڵی خۆمە و ئەوە لە قورئاندا هاتووە. ئەویش بە بێ ئەوەی سزای بدا ئاگاداری کردەوە کە ژن بۆی نییە ئەوە بکا چونکە (أَوْ ما ملكتْ أَيمانكمْ) تەنها بۆ پیاوە و ژن ناگرێتەوە... زۆر نموونە هەن لە سەرەتای ئیسلامدا سزا نەدراون چونکە سزاکان گردەبڕ نەبوونە. پێغەمبەر خۆی هەوڵی داوە سزای زینا وا لێ بکا مەیلەو مەحاڵ بێ... شایەد و ئیسپات و دانپێدانان.. ئەوجا مەگەر سزا درابێ. دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆ

ئاسانکاری لەو بوارەدا دەکەن و بیانوو بۆ بەردبارانکردن و دەستبڕین دەدۆزنەوە بۆیە من ئەوانە بە دەست دەزانم. دەسەڵاتداران کارێکیان کردووە ئەم ئیسلامەی کە ئێستا هەیە لەگەڵ ئەو ئیسلامەدا جیابێ کە پەیدابووە.

چۆن دەسەڵاتدارەکان هەوڵیان داوە چی لە بەهەشت هەیە لە دنیادا هەیانبێ، ئاوهاش ویستوویانە چی لە دۆزەخدا هەیە، هەر لە دنیادا بۆ دوژمن و ناحەزەکانیان دابینی بکەن، بۆیە کۆشکی خۆیان پڕ دەکرد لە کەرەسە هاوشێوەکانی کەرەسەی بەهەشت: لووسکە و کیژی ناسکۆڵە و خۆراکی نایاب و ئاوریشم و هەنگوین و میوە. کەرەسەکانی دۆزەخیشیان هەر لە ژیانی دنیاییدا بۆ دوژمنی خۆیان دەستەبەر دەکرد: ئاگر و قۆرقوشمی تواوە و سەهۆڵی زەمهەریر و چاودەرهێنان و داغکردن و فڕن و تەنوور، بۆ سووتاندن و زۆر شتی تر. ئەوە دەسەڵاتدارەکان بوون قەیامەتیان لە سەر زەوی ئامادە دەکرد. بەڵام نەمزانیوە ئیسلام ئەوە ڕەوای بەشەر ببینێ، بە تایبەتی لە کاتێکدا کە جەنگ لە ئارادا نەبێ. خۆ دەکرا کوردیش بە هەمان ئەندازەی تورکەکان دۆزەخ بۆ دوژمنی خۆی هەڵخات. بۆ نەیکرد؟!

باقر یاسین لە کتێبی (تاریخ العنف الدموي فی العراق) باسی ئەشکەنجەدان دەکا... برا برای خۆی ئەشکەنجە داوە و کوڕ بابی خۆی ئەشکەنجە داوە. ڕق... تۆڵەسەندنەوە... دەسەڵات... ئەوانە هۆکارن بۆ دڕبوونی بەشەر و بوونی بە دڕندە.

ڕاستە ترس کۆمەڵگە سڕ دەکا، وەک لە سەردەمی بەعسدا سڕی کردبوو و لە سەردەمی حەجاجیشدا سڕ کرابوو. ئاینیش بە زۆرداری و حوکمی شمشێر فەرز بکرێ، لە بری پەرەسەندنی ئاین ترس و تۆقین پەرە دەسێنن و ئیسلام ئاوها هاتە ناو کوردەوە. کێشەکە لەوەدایە کە ئێستاش ئەو ترسە بەری نەداوە. مرۆڤ لە کۆمەڵگەی پێشکەوتوودا لەوە ناترسێ ئەشکەنجە بدرێ بۆیە کەمتر پێویستی بە درۆکردن هەیە. لە لایەکەوە درۆزن دوژمنی خوایە و لە لایەکەوە درۆ نەکەیت دەکوژرێیت! ئەوە کارەساتەکەیە و مرۆڤ دەکاتە دوالست! سستەمی وەک ئەوەی ستالینیش هەر بەو شێوەیە خۆی ڕادەگرێ و خەڵکیش گیانی لە سەر درۆ بەند دەبێ. ئەوە باوەڕەکە نییە وا دەکا بەڵکو ئەوانەن کە باوەڕەکە بەکار دێنن و لەگەڵ ویستی خۆیاندا دەیگونجێنن دەیکەنە کەرەسەی تۆقاندن... مێژووی ئەمەوییەکان حەجاجی هەبوو و خەڵکی دەتۆقاند، بەڵام عومەری کوری

عەبدولعەزیزیشـــی هـــەبوو ترســـی هـــەموو خـــەڵکی خســـتە پریاسکەیەکەوە و خستیە دڵی خۆیەوە بەرانبەر بە خوا... خـۆ ئـاینیش هەمان ئاین بوو و قورئانیش هەمان قورئـان بـوو و شـەریعەتیش یـەک شـەریعەت بوو و ئەویش وەک ئەوان ئەمەوی بوو. من ئەمانە دەڵـێم تـا بەهەڵـەدا نـەچین و بیـری خۆمـان بـۆ دژایـەتیکردنی ئایدۆلۆژیایـەکی دیاریکراو تەرخان نەکەین، بەڵکو بە پێچەوانـەوە هـەموو ئایـدۆلۆژیاکان، کـە خـەڵکیان بـە دواوە هەیـە بـۆ سـەرفرازی نەتـەوەیی بخەینـە کـار. ئەگەر ململانێی، بـۆ نموونـە، ئیسـلام بکـەین، ناپەرژێینـە سـەر هـیچ شـتێکی تر و بۆ کۆمۆنیزمیش، کێشـە هەمان کێشـە دەبـێ یـا نـەختێ ئەهوەنتر دەبێ. بە هۆی ڕەگداکوتانی ئیسـلامەوە لـە نـاخی مرۆڤـی کورددا، ئەو وزەیەی بـۆ لـە نـاوبردن یـا نەهێشـتنی ئیسـلام یـا فکـری ئیسـلامی پێویسـتە، بەشـی دروسـتکردنی سـەد دەوڵـەتی کـوری دەکـات و لێشـی زیـاد دەبـێ و هـەر دەشـمێنێ. ئەگـەر دروسـتکرنی دەوڵـەتی کـوردی مـەحاڵ بـێ، لـەناوبردنی ئیسـلام لـە نـاو کـورددا مەحاڵترە و کارکردن بەو ئاڕاستەیەدا بـەفیڕۆدانی هـەموو هەوڵەکانـە. کاری ئێمە هـەوڵی ڕزگاربوونـە و ئەگـەر بـە ڕاسـتی نەتـەوەیی بـین و هـیچ شـتێک نەخەینـە سـەرووی بەرژەوەنـدی نەتەوەییـەوە، نـابێ دژایەتکرنی ئیسلام یا کۆمۆنیزمیش وەک ئامانج بخەینە سەرووی ئـەو بەرژەوەندییە نەتەوەییـەوە. چ جیاوازییـەک لـە نێـوان وابەسـتەبوون بـە ئیسـلام و وابەسـتەبوون بـە ئـەنتی ئیسـلامەوە هەیـە؟ لـە فـەرزی مەحاڵدا وا دانێ کۆمۆنیزم یا ئیسلام لـە نـاو کـورددا نـەما. کوردسـتان ئـازاد دەبـێ؟! ئیتـر دووبـەرەکی و خیانـەت و جاشـایەیی و فایلـداری بەرۆکی کورد بـەردەدەن؟! کـە هێشـتا ئیسـلام پەیـدا نـەبووبوو، کـورد دەوڵـەتی هـەبوو و جاشـایەتی و دووبەرەکایـەتی تێـدا نـەبوو؟! ئـەدی لایەنە ڕۆحییەکەی تاکی ئاسایی کورد بـە چـی پڕ دەبێتـەوە؟ ئـەوەی پێویستە کاری بۆ بکەین ئەوەیـە چارەنووسـی کـورد نەکەینـە قوربـانی هـیچ بـاوەڕ و فەلسـەفە و ئایـدیا و ئایدۆلۆژیایـەک، بـە کۆمـۆنیزم و ئیسلامیشـەوە... بـە ئـەنتی کۆمـۆنیزم و ئەنتیئیسلامیشـەوە. ئەگـەر نەهێشـتنی ئیسـلام پـێش ئامـانجی ئـازادی نەتـەوەیی بخەینـەوە، هـەمان کـاری حیزبـە دینییـەکان دەکـەین کـە بەرژەوەنـدی دینییـان خستۆتە پێش بەرژەوەندی نەتەوەییەوە و کوردایەتییان لە پێناوی دیندا پەراوێز خستووە. چەپڕەو بە، بەڵام کار بۆ سـەرفرازی نەتـەوەیی بکـە. موسـوڵمان بـە بـەڵام کـار بـۆ سـەرفرازی نەتـەوەیی بکـە و بـە

ژێردەستەیی داگیەر و بێگانە ڕازی مەبە. بە سەر شانمانەوە ئەرکە هەوڵ بدەین موسوڵمان و لادین و چەپڕە و نێرسالار و مێسالار و پێشکەوتوو و پاشکەوتوو چاک و خراپمان کار بۆ سەرفرازی نەتەوەیی بکەن، نەک بیانسڕینەوە، چونکە سڕینەوەی باوەڕ ئەگەر مەحاڵیش نەبێ سەربارێکە ڕێ نادا هیچ کارێکی تر لە پێناوی سەرفرازیدا بکەین... پێویستە ئیرادەی ئەو کەسانە کۆ بکرێتەوە کە ئامانجیان سەربەخۆیی کوردستانە جا هەر ئایدۆلۆژیایەکیان دەبێ با ببێ. تۆ بڵێی دەوڵەتێکی وەک سوید ئەگەر کەوتە ژێر هەڕەشەوە هۆمۆسێکسوێلەکان و دینداره مەسیحییەکان و دەستە ئاژەڵدۆستەکان، وەک نموونە، بە بیانووی ئەوەی بیر و بۆچوونی جیاوازیان هەیە، لە بەرگریکردنی نیشتمانیدا ڕیزپەڕ بکرێن یا خۆیان ڕیزپەڕ بکەن؟! وا بە چاوی خۆمان دەبینین بە هۆی پەراوێزخستنی فەیلییەکانەوە، خەریکە مەزهەب بە سەر لایەنە نەتەوەییەکانیاندا زاڵ دەبێ و دەنگ و هەڵوێستیان بە لای کەربەلا و نەجەفدا دەشکێتەوە، نەک کوردستان. من، ئەگەر گلەییشم لێیان هەبێ، بە شەرمەوە گلەییم هەیە چونکە بە جۆرێ لە لایەن سەرانی کوردەوە پەراوێز خراون، وەک ئەوەی کورد نەبن. بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵوێستەیان کە بە لای منەوە جەرگبڕە، هەوڵ بدەین ئاینزایان پێ بگۆڕین یا بیسەلمێنین ئێمە و ئەوان یەک چارەنووسمان هەیە: سەرفرازی، دەنا نامێنین!

کوڕەکانی ئەبوو سوفیان بە نێرەکەریی دەبوونە خەلیفە، یا بە زۆر و هەڕەشە بەیعەتیان لە خەڵک وەردەگرت نەک بە ئارەزووی خۆیان، بەڵام عومەری کوڕی عەبدولعەزیز وا نەبوو. بەیعەتی ئەو دەمە، لە بری هەڵبژاردنەکەی ئێستا بوو و ئێستا و ئەوسا، ئەوەی لەو پرۆسەیەدا زۆردار بێ یا فێڵباز بێ یا دە جاران دەنگ بدا، چۆن لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا زۆردار و فێڵباز و گەندەڵکار نابێ و چۆن دە مەعاش وەرناگرێت؟! ئەوەی بە ترساندن و تۆقاندن، یا بە پارە دەنگی خەڵک کە دەکاتەوە بەیعەت، بۆ خۆی بەرێ چۆن زۆردار و مرۆکوژ نابێ و چۆن چارەنووسی نەتەوەیەک ناکاتە قوربانی بەرژەوەندی خۆی و شەوانی سوور؟! عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بە دوودڵییەوە بوو بە خەلیفە و خۆی پرسی بە خەڵک کرد ئاخۆ قەبووڵیانە و هاوکاری دەکەن یان نا. دادپەروەری ئەو خەلیفە ئەمەوییە و ڕەزامەندی خەڵک لێی، لەو ڕۆژەوە دەستی پێکرد. دوای وەرگرتنی بەیعەت گوتی:

جیاوازی من و ئێوە لەوەدایە کە ئەرک و بەرپرسیارەتیم لە هی ئێوە زیاترە. بەڵام حەججاج هەر لە سەرەتاوە بەیعەتی بە زۆرداری وەرگرت و بە زۆرداریش حوکمی کرد. ئەگەر تەماشای هەڵبژاردنی ئەم سەردەمە بکەین، هەموو هەڵبژاردنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەر ڕێبازی حەججاج ئەنجام دەدرێن کەچی ئەوروپاییەکان، سەد لە سەد بە ڕێبازی عومەری کوڕی عەبدولعەزیزدا دەڕۆن. ئەدی عارەبەکان بۆچی ئەو ڕێبازەیان نەگرتە بەر؟!

ئیراهبییەکان کە دژی کورد ئاوها دڕندەن، هەر لە شیرییەوە فێر کراون کە کورد موالی و کەمبەهایە و خوێنی نرخی خوێنی مەڕێکی نییە... ئەوان کوردێکی وەک خۆیان ئیراهبییان کوشت هەر لە بەر کوردبوونەکەی! ئەوان وەک هەر ئایدۆلۆژیایەکی توند، خەتێک لە نێوان خۆیان و دوژمنی خۆیاندا دادەنێن و چ موجامەلە و لێکحاڵیبوون نازانن... هەر دەڵێی کورد خاکی لێ داگیر کردوون و ئاپڕووی بردوون!

نا، جیهانی ئەمڕۆ یا نابێ بە شێوەی ئاسایی خۆی بەردەوام بێ یا جێی ئەو بۆچوونانە نایێتەوە چونکە سەردەمیان بە سەر چووە. بەڵام بوونیان چ زەرەرێک بە ڕۆژاواییەکان دەگەیەنێ؟! با جیهانی سێیەمی ئیسلامی ئەوەندە دواکەوتوو بێ تا دڵیان دەخوازێ و با بەردەوام لە بەرزەخی نێوان دواکەوتوویی خۆیان و پێشکەوتنی ڕۆژاوادا خەون بە حوور و غیلمانەوە ببینن و با ئەوەندە لە یەکتر بکوژن تا دادەکەون یا داناکەون. ئەوجا چییە؟! کێ زەرەر دەکا؟! لەو باوەڕەدام ڕۆژاوا لە خوایان دەوێ دەسەڵاتی وا کۆمەڵگا ئیسلامییەکان بەڕێوەبەرێ بە مەرجێ بە چەکی ئەتۆم غەزای کافران نەکەن! خۆ ئەگەر ئەوەش لە سنوورەکانی خۆیاندا بکەن، هەر خەم ناکات! بە لای ڕۆژاواوە گرنگ نییە ئێران چ چەکێکی کۆمەڵکوژی هەیە یا دەیبێ یا سەددام هەیبووە، بەڵکو ئەوە گرنگە نەگاتە ئامانجە هەستیارەکانی خۆیان: ئیسرائیل و ئەوروپا... ئیتر ئێران، عیراق تەفروتونا بکا یا بە پێچەوانەوە، ئەوان، وەک دەبنە خاوەن پرۆژەی وێرانکردنی سەردەمی شەڕەکانیان و نەوت و ملیاردە دۆلار لە بری چەکی کەڵەکەبووی خۆیان وەردەگرن، دوای ڕاوەستانی شەڕیش دەبنە خاوەنی پرۆژەی دروستکردنەوە و ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکانیان، جگە لە پرچەککردنەوەی هەردوو لایان بە نرخی خەیاڵی.

بە گوناحی دەزانم ئیسلامێکی سۆفیانەی وەک باوەڕەکەی حەللاج و ئیبن عەرەبی و جەلالەددینی ڕوومی بخرێتە سەر مێزی پیسی

سیاسەتەوە. حەیفە باوەڕی خاوێنی مەلایەکەتانە لە شێر و خەتی ساختەکارانەدا بەشداری بکا. باوەڕی پاک و خاوێن هی ناخە و سیاسەتیش، بە تایبەتی لەم سەروبەندەدا و بە تایبەتیتر لە ناو کورددا، هی تەنافبازانە.

**24. کاک حەکیم... بڵاوبوونەوەی دوا بەرهەمت لە وەڵامی کاک عەلی باپیردا بە ناوی <<نەتەوایەتی کورد و ئیسلامەتییەکەی>> هەم دەنگ و زایەڵەیەکی باشی دایەوە و هەمیش هەرچی قەناعەت و باوەڕی خۆتە گووشیوتە و لەوێدا بەدیارت خستووە. بە دەق خۆشت ئەمەت نووسیوە : با بۆچوونەکانی ئەو مامۆستایە بیانوو بن بۆ دەربڕینی ئازاری نەتەوایەتی. ئەم ددان ڕێدانانە دەقۆزمەوە و منیش کتێبی ناوبراو و بیروڕاکانی ناوی دەکەمە بەردەبازی ئەم کۆمەڵە پرسیارەم .**

**لای تۆ قورئان دەبێت رزگارکەری کورد بێت. واش هەست دەکەیت خودا داوات لێدەکات بەر لە هەموو شتێک بیر لە چارەنووسی نەتەوەکەت بکەیتەوە، بۆیە کوردایەتی وەها چۆتە خوێنتەوە کە بە بەشێکی دینداری دەزانیت. روو لە یەزدان دەکەیت و دەڵێت: خودایە من حەج ناکەم تا میللەتەکەم ئازاد نەبێت... تا دەگاتە ئەوەی دەڵێی من جوانی خودا لە نیشتیمانەکەمدا دەبینمەوە..**

**ئەم رستانە بەشێکی هەرە گرنگ و جەوهەری نووسینەکەت پێک دەهێنن و لاشم وایە کڵوکۆی هەست و دەروونی خۆت پێ ئارام کردۆتەوە. ئایا کوردی موسڵمانی سیاسی ئیمڕۆ چەند دەگەڵ ئەم چەمک و تێگەیشتنانەدا هاوباوەڕن؟ ئەی چاوەڕوانی چ کاردانەوەیەکییان لێ دەکەیت؟**

و: ئیسلام تەنها ئاینی ڕێخۆشکردن نییە بۆ ڕۆژی قەیامەت و تاپۆکردنی بەهەشت و کوژاندنەوەی ئاگری دۆزەخ لە ئیمانداران. ئیسلام ئاینی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی ئادەمیزادیش بووە تا سەردەمێک کە ئیتر بەڕێوەبردنی دەوڵەت بە پێی شەرع دەبێتە هۆی گوناحباری، ئەگەرچی ڕێکخراوە ئیسلامییەکانیش وا ناڵێن. لە هەندێ

بارودۆخدا ئیسلام خزمەتی گەورەی بە مرۆڤ کردووە چونکە یاسای تێدا هەیە و هەرچۆنێ بێ لە بێیاسایی باشترە. کە نازییەکان لەندەنیان بۆردومان کرد چەرچل گوتی: مادام بنکە یاساییەکان سەلامەت دەرچوون، بەریتانیاش سەلامەتە! دەسەڵاتی ئیسلام سەردەمی زێڕینی خۆی پڕیوە، بە تایبەتی لە سەردمی عەباسییەکاندا. بەڵام ئێستا لە ناو کورددا، بە مەبەست یا بێمەبەست لەو خەڵکە کراوەتە ئاوێنەیەک و تەنها دۆزەخ و شەڕەشەقی ناو دۆزەخ و دەستبڕین و سەرپەڕاندن پیشان دەدا.
ئیسلام باسی دادپەروەری و مافی کۆیلەشی تێدایە و من بەش بە حاڵ، ناتوانم ڕەتی بکەمەوە. سوورەتی ئەنفال توندترین سوورەتە و هەر دەڵێی بەلاغی جەنگە و دەخوێندرێتەوە، بەڵام مەبەست لە شەڕی ناوخۆی نێوان موسوڵمانان و بتپەرستانی عارەبی سعوودییە بووە و هێشتا بۆ دەرەوەی خۆیان پەلیان نەهاویشتبوو. سوورەتی ئەنفال، لە شەڕی بەدردا دابەزی نەک شەڕی دەرەوەی جەزیرەی عارەبی. کەسی ئەو سەردەمە باوەڕی نەدەکرد ئیمپراتۆریەتی ئێران داگیر بکەن. لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتتابدا شەڕی قادسیە بەرپا بوو. عومەر دوو جار فەرمانی ڕاوەستانی هێرشی بە لەشکری ئیسلام دا. ئەو بوو لەو سەردەمەدا گوتی: خوایە چیای ئاگر لە نێوانماندا هەڵکەیت تا ئێمە بەوان و ئەوان بە ئێمە نەگەن. کەچی فەرماندە مەیدانییەکان ڕانەوەستان. من پێم وایە موسوڵمانان ئێستاش باجی ئەو سەرپێچییە دەدەن و تۆوی ئەو ناتەباییەی ئەمڕۆ لە ناو موسوڵمانەکاندا هەیە، لەو ڕۆژانەدا چێندراوە. ئەگەر ئەو شەڕە ڕاگیرایە و بەردەوام نەبوایە، بۆچی مەزەبی تا ڕادەی دژ بە یەک لە ئیسلامدا دروست دەبوون تا پاشقول لە یەکتر بدەن و تێکشکانی ئەم بۆ ئەوی تر سەرکەوتن بێ؟! عارەبەکان کە (عیزز)ی خۆیان بە لاوە گرنگ بوو، ئەگەر حیسابی حەیوانیان بۆ ناعارەبەکان نەکردایە و عیززەتی نەفسیانیان نەشکاندایە، ئیسلام کەرتوپەرت نەدەبوو و موسوڵمانان ئاوها دواکەوتوو نەدەبوون.
ئیسلام وا نابینم ماف لە سەرجەمی میللەتێک زەوت بکا و دوای ئیسلامبوونیشی بیرووتێنێتەوە و بیچەوسێنێتەوە. ئەدی ئەوە نییە دەڵێن ئیسلام دینی لێبوردەییە؟. ئەدی خودا (رب العالمين) نییە؟ لە کوێی ئیسلامدا باسی ئەوە هەیە عارەب ئاغای ناعارەبەکانی ناو ئاینی ئیسلام بێ؟ ئەگەر واش بێ، بۆچی خۆیان لەو دەقە (کە نییە)

لایاندا و سەدان ساڵ بوونە پەراوێز و کۆیلەی تورک؟! کورد کە بوو بە موسوڵمان دەبوو سیفەتی موالێتی لە سەر لاچێ کەچی ئێستاش بە موالی لە قەڵەم دەدرێ. موالی، لە ڕاستیدا ئەوانە بوون کە نەدەبوونە موسوڵمان بەڵام پشتگیرییان لە ئیسلام و دەسەڵاتی ئیسلام دەکرد و لە سایەی دەسەڵاتیدا دەژیان، کەچی وایان لێی کرد ببێتە ئەو ناعارەبەی بوویێتە موسوڵمان.

بەڵێ کوردایەتی، بە تایبەتی لە کاتێکی وەک ئێستادا کە کورد دەچەوسێتەوە و تەنانەت زمانەکەشی لێ یاساغە، بەشێکە لە دینداری، چونکە بەرگریکردنە لە غەدرلێکراوان و هەوڵی وەرگرتنەوەی ماڵی داگیرکراوە و کڕینەوەی شەرەفی پێشێلکراوە. خاکێک داگیر کرابێ نوێژیش لە سەری جائیز نییە. ئیتر هەوڵی ئازادکردنی ئەو خاکە بۆچی دینداری نەبێ؟ هەوڵی نەهێشتنی زوڵم لە سەر تاک بە تاکی میللەتێکی چل ـ پەنجا ملیۆنی، بۆچی هەقخوازی و دینداری نییە؟. ئیسلام یەک ئیسلامە بەڵام بەرژەوەندی قەومی کەرتکەرتی کردووە و هەر ئێمەی کورد ماوین کە ئیسلامەتی لە پێناوی ئیسلامدا دەکەین. هەر ئێمەین ئیسلامممان بۆ بەرژەوەندی نەتەوایەتی خۆمان بەکار نەهێناوە، ئێمە هەتا وا بین، هەر دەبێ قوربانیی بین و سەرببڕدرێین و وەک ئەوەی موسوڵمان نەبین دەبێ باج و خەراج بدەین. ئەگەر ئیسلام ئاینێکی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەیە، با کارێک بۆ کۆمەڵگەی ئێمەش بکات. نەخێر باوەڕ ناکەم حیزبە ئیسلامییەکانی ئێمە ئاوها لە مەسەلەکان بڕوانن، چونکە وا بوایە، ڕێزی سروودی نەتەوەیی کوردیان دەگرت و هەستی خەڵکیان بەوە برینداار نەدەکرد بە باسکردنی شەهیدانی کوردستان هەڵنەستنە سەر پێ. ئەوان ئەو بۆچوونانەیان پەسەند بوایە، دیارە جارێ لە جاران باسیان دەکرد یا پێڕەویان دەکرد. دیارە ئەوانە، چۆن ئەو ئەسپانە بە شەهید نازانن کە لە جەنگ و غەزادا دەپێکرێن، ئاوهاش کورد، کە میللەتی خۆیانە، بە شەهید نازانن ئەگەر لە غەزاشدا بکوژرێ. ڕەنگە گلەیی زۆرم لە عارەب نەبێ بۆچوونیان بەرانبەر بە کورد وا بێ، بەڵام کورد خۆی، خۆی بە ئەسپی لەشکری غەزاکەر بزانێ و شەهادەتی ڕەوا نەبینێ و ڕێزی نەگرێ چی پێ بڵێین؟!

حەج مەرجی خۆی هەیە و کێ، ئەگەر خەمی نەتەوەکەی خۆی هەبێ، بە ڕەوای دەزانێ خەڵکانێک خاکیان داگیر کرابێ و حەج بکەن؟! تۆ منداڵێک بە بێ سەرپەرشتیار لە پێناوی حەجدا جێبهێڵی

حەج ناکەوێتە سەرت جا وەرە میللەتێک جێبهێڵە. دراوسێکەت برسی بێ ناچیتە حەج وەرە میللەتەکەت بە ملیۆنەها خەڵکەوە برسی بن! کە سەفەری حەج دەکەیت، دڵنیا نیت تا دەگەڕێیتەوە ئەو میللەتە کۆرەو ناکا یا ئەنفال ناکرێت. من دەزانم مەلا بێمبالاتەکانمان بەرپەرچی ئەم قسەیە دەدەنەوە چونکە لە باسی وادا وەستان و مام وەستان.
بەرگریکردن لە غەدرلێکراوان دینداریيە... بێدەنگبوون لە حەقی ئاوها ڕەوا ئەتواری شەیتانە. چۆن هەوڵی ڕزگاری نەتەوەیەکی موسوڵمانی غەدرلێکراوی هەموو مێژووی ئیسلام دینداری نییە؟! ئاخر ئێمەش بەخێرێ بەشەرین و لە حەزرەتی ئادەم کەوتووینەتەوە. ئەگەر هاوکاری یەک غەدرلێکراو بکەیت و لەو غەدرە دەربازی بکەیت کە لێی دەکرێ، خوا پێی خۆشە، بەڵام هاوکاریکردنی سەرلەبەری میللەتێک گوناحبارییە!! ئەوە کەی ڕەوایە، خوایە؟!

**25. لە شوێنێکی دیکەدا دەنووسن: تا کورد کۆیلە و ژێردەستە بێت و خاکی داگیرکرا بێت، رەوا نییە یەک دڵۆپە خۆنمان لە پێناوی هیچ ئاین و فەلسەفە و باوەڕێکی دیکەدا لەبەربڕوا. ئینجا بانگاشە دەکەیت و دەڵێیت: ئامادە نیم بەرەنگاری لە رێبازێک بکەم بەرەو کۆیلایەتی عەرەبم ببا با قورئانیش بە عەرەبی بێت .**
**دەکرێت ئەمە بە جوانترین و واقعیترین و بەهێزترین داوای ئێوە بۆ هەموو موسوڵمانی کورد دابنرێت. موسوڵمانی سیاسی کورد تا کوێ دەتوانێت لە ئاستی ئەم داخوازییەدا بێت و رۆح و پەیامی خانی و حاجی قادر و مەلای گەورە و شەهید شێخ مەعشوق رۆحیان شاد کات و پەیامەکەیان بهێنیتە دی؟**

و: هیوادارم لەو باسەدا واتام نەشێواندبێ. ڕێبازێک بەرەو کۆیلایەتیم ببا، بە هیچ جۆرێ بەرگری لێ ناکەم و ئەگەر بۆمی بسەلمێنیت ئیسلام کورد بە سووک دەزانێ و دەیەوێ کۆیلەی عارەب بێ، من هەر لە ئێستاوە هەڵگەڕانەوەی خۆم ڕادەگەیەنم چونکە بە ڕەوای نابینم مرۆڤ کۆیلە بێ و کوردیش مرۆڤە. کە هەموومان بەندە و کۆیلەی خوا بین، بەندایەتی کورد بۆ عارەب دەبێتە شیرک. باوەڕ

ناکەم ئیسلام بەرەو کۆیلایەتیم ببا بەڵام دڵنیام ئەو عارەبانەی بە ناوی ئیسلامەوە حوکم دەکەن و حوکم دەدەن، دەیانەوێ کورد کۆیلەیان بێ و تەنانەت مەلاکانی خۆشمان ئیسلام دەکەنە کەرەسەی کۆیلەکردنمان. من ئامادە نیم بەرگری لە ساختەکاری وا بکەم و بە ئەرکی دینیشی لەقەڵەم بدەم. ئەوانە هەوڵ دەدەن ئیسلام بکەنە سستەمێک من کۆیلەیان بم و منیش ڕەتی دەکەمەوە. بەڵام کە خۆمان بەرگی کۆیلایەتی بە باڵای خۆمان ببڕین، من بڵێم چی و یەخەی کێ بگرم و ئیسلام بڵێ چی؟! نەک هەر ئیسلام، هەموو بۆچوون و ڕێباز و ئایدۆلۆژیایەک ڕەت دەکەمەوە کە کۆیلایەتی کورد بۆ میللەتانی تر بە ڕەوا ببینێ. ئایە بەعس کۆیلایەتی ڕەوای کورد نەدەدی؟ ئەمەوییەکان کە ژنە کوردیان تاڵان دەکرد، نەیانخستبووینە خانەی کۆیلەوە؟! هەزار جار ڕەتیان دەکەمەوە؟! تۆ بزانە دووەم ئایەتی سوورەتی یووسف چەند پێچەوانەی ئەو بۆچوونەیە: "إِنا أَنزَلناهُ قرْآناً عرَبياً لعلكمْ تعقلونَ ـ ئەو قورئانەمان بە عارەبی دابەزاند تا ئیوە بەڵکو عاقڵ بن". بەڵام کە عارەبەکان تەفسیری دەکەن، بە لای بەرژەوەندی خۆیانیدا دەشکێننەوە تا ئەوەی یەکێکیان زمانی عارەبی لەو ئایەتەوە بە پیرۆز دەداتە قەڵەم. ئایەتەکەش چەند ئاماژەیە بۆ تێگەیشتن و عاقڵبوون بە هۆی ئەو (لعل)ەیەوە ئەوەندەش ئاماژەیە بۆ تێنەگەیشتن و عاقڵنەبوون. کە عارەبەکان قورئان دەکەنە چەکی هێرشهێنانە سەر کورد، ئێمە هەقمان نییە ئەو ئایەتە پیرۆزە بکەینە قەڵغانی خۆپارێزی و بەرگریکردن لە خۆمان؟!

ئێستا خۆمان، لە کوردستاندا یاسایەکی باسنەکراومان هەیە ئەگەر کوردێک لە کوردستاندا زللەیەک لە عارەبێک بدا، با خەتای عارەبەکەش بێ و هەزار شاپیشی تێهەڵدابێ و سووکایەتیشی پێ کردبێ، دەبێ ئەو کوردە سزا بدرێ و بەند بکرێ. ئەوەش هەر خەتای ئیسلامە؟! ئایە ئەوە کۆیلایەتی نییە بە یاسا ڕەوای خۆمانی دەبینین؟! ڕەتی نەکەمەوە؟! عارەب لە کوردستان وێنەی سەددام بەرز دەکەنەوە و کورد بۆی نییە و ڕێی نییە بەرپەرچی ئەو سووکایەتییە بداتەوە. خۆ ئەوە خۆمانین ئەو سووکایەتییە بە خۆمان دەکەین و ڕەوای خۆمانی دەبینین، نەک داگیرکەر! خۆ ئیسلام نەیگوتووە کەی ئەوان تێیانهەڵدان ئێوەش لە خۆتان هەڵبدەن!

مەلای گەورە بەر چاوی ڕوون بوو و چۆن لە ئیسلام تێگەیشتبوو، ئاوهاش لە کێشەی کورد گەیشتبوو و بۆ کوردایەتی ڕێنمایی خەڵکی دەکرد. ئەگەر هەموو مەلاکانمان بە ڕێڕەوی ئەودا بڕۆیشتنایە، ئێستا هەم ئیسلام لە ناو کورددا لە ئێستای جوانتر و پێشکەوتووتر دەبوو هەم کوردیش دەیزانی چی دەکا. کاکم مەلایەکی پڕ عیلمە و لە پەرلەمانی کوردستان نوێنەری موسوڵمانانە، بەڵام تا بەرهەڵستکاران ئاشکرایان نەکرد ملیاردەها دۆلار بزرە، ئەو فزەی لێوە نەهات. ئەو زاتە کە لە دزیکردندا بێدەنگ بێ، لە سەر چی بەدەنگ دێ و ئەو چەکەی بۆ کەی هەڵگرتووە؟! ئەو ڕەنگە هەر لەوەدا پسپۆڕ بێ کە کچەکان قژیان بە دەرەوە نەبێ و گۆرانی ناشەرعی نەڵێن. ئەدی دزیکردن و خیانەتکاری ناشەرعی نین؟! هەموو چین و توێژ و بابەتێکی کورد ئیعدام کران و بەند کران وماڵیان وێران کرا، کەچی مەلاکانی کورد، بە دەگمەن نەبێ، زەرەریان پێ نەکەوت. هەر ئەوە بەس نییە بۆ ئەوەی بزانین، بە لای کەمەوە، لە بەرژەوەندی کورددا کاریان نەکردووە؟! شێخ مەعشوق خەزنەوی تاجی سەرە... تا بەخشینی خوێنی خۆی، وەک حەللاج هاواری حەقی کرد. بەڵام دەبینی یەک مەلای کورد یا یەک سیاسەتمەدارمان ناوی بێنێ یا بەرگری لێ بکا؟! ئەوەتا هەر من و تۆین باسی دەکەین و... دیارە ئێمەش لە غەزەبلێگیراوانین و خوا پەنامان بدات!

**26. ئەو هاوکێشەیەی پێناسەی سایکۆلۆژێتی تاکی کورد بە درێژایی مێژوویەکی دوورودرێژ لە خۆدەگرێت، وەک کەسایەتییەکی تێکشکاوی زەلیل و خۆ بەکەمزان پێناسەی دەکات و تۆش لەم رووەوە دەڵێی بۆ برایەتیش خۆمان هەر بە بچوک زانیوە. ماکی ئەم دەردە کوێیە و چارەسەری چۆن دەکرێت؟**

و: پێم وایە لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشتردا لە سەر ئەو بابەتە دواین. پێویستە ئەنجامگیریشمان ئەوە بێ کە هەموومان ئەرکە بە سەرمانەوە کار بۆ داڕشتنەوەی کەسایەتی تاکی کورد بکەین، بەر لەوەش، دەبێ دانی پێدا بنێین کە خەسڵەتی کۆیلەمان تێدا هەیە و خۆمان بەرانبەر هەموو قەوم و خێڵێک بە بچووک زانیوە. دەبێ بە ئەنجامێک بگەین کە ئێمەی کورد لە هیچ میللەت و نەتەوەیەک کەمتر

نـین. قـایلبوون بـه بچـووکی نەتـەوەیی، خـۆی لـه خۆیـدا جـۆرە ڕەگەزپەرسـتییەکە بـە ئاڕاسـتەی پێچەوانـەوە. ئەحمـەد بـن بـیللا لـە دیدارێکی تەلەڤزیۆنیدا گـوتی: شـۆڕشـی فەرەنسـا هیچـی نـەکردبێ کـارێکی کـرد ئـەو منداڵـە جەزائیرییانـەی سـەریان بـە دیـار پـێڵاوی خەڵکەوە شـۆڕ دەکردەوە و قۆندەرەیان بۆیاغ دەکرد، واز لەو کارە بێـنن، چونکە ئەو کارە نەفسـی منداڵی جەزائیری تێکدەشکاند.

ئەگـەر ئێمـە شـتێکی وا بڵێـین فـەتوای کوشـتنمان دەردەچـێ. ئەوانەشـی سـەرقاڵی خەباتی چینایەتین، دەڵێن ئەوە پیشـەیە و چینە چەوساوەکان پەنای بۆ دەبەن و دەبێ ڕێزی لێ بگیـرێ... یـا دەیکەنـە بەڵگە بۆ ڕەوابوونی خەباتی چینایـەتی. خـۆ کـەس فـەتوای کوشـتنی بن بیللای دەرنەکرد و باوەڕیش ناکەم بە بۆرژوا تۆمەتبار کرابێ، چونکە هەوڵی داوە (عیززەتی) نەفسـی منداڵی جەزائیری پارێزراو بێ. ئێمـە کـە عیززەتـی نەفسـمان بـە درێژایـی مێـژوو تێکشـکێندراوە و پێشـێل کـراوە، ئـەو هەسـتەمان تێـدا مـردووە و هـەر بیـریش لـە شـتی وا ناکەینــەوە... زۆر پێویســـتە بیــری لـــێ بکەینـــەوە. هـــەر ئـــەو نەفسشکاندنەیە وای کردووە ئەوەندە بەرانبـەر بـە یـەکتر تونـد بـین و داخی دڵی خۆمـان بـە یـەکتر ڕبڕێـژین... بەرانبـەر بـە یـەک تـا ئاسـتی دەوەن بـە ئـاش، واتـە شـەڕی ختوخـۆرایی، هـەر لـە پێنـاوی شـەڕدا دەڕۆین، کەچی بەرانبەر غەیری خۆمان مات و زەلیل دەبین!

من کە بە بێ پەردە و بێ پێچوپەنا دەڵێم کـورد خەسـڵەتی کۆیلـەی هەیە، ئاگام لەوە هەیـە ئـەو خوسـڵەتەی لـە چییـەوە و لـە کوێـوە بـۆ هاتووە و چۆن وەریگرتووە. چۆن منداڵ هەوڵ دەدا لاسایی باوکە زاڵ و بەهێزەکەی خۆی بکاتەوە و ناشیگاتێ، میللەتی ژێردەسـتەش ئاوهـا هـەوڵ دەدا لـە ڕەفتـار و قسـەکردن و شـێوازی ڕاپەڕانـدنی کاروبـاری خۆیـدا لاسـایی میللـەتی سەردەسـتە بکاتـەوە و کـەس نادۆزێتـەوە سـەردەستەیی بکا و ببێتە کەڵەگای، کەسوکار و دۆسـت و یاری خۆی نەبێ. شـەڕ لەگەڵ خۆیدا دەکا و بە گژ خۆیدا دەچێتەوە و ئەو تۆمەتانە بەرانبــەر نــەیاری هــاورەگی خــۆی دادەهێنــێ کــە سـەردەســتەکە بەرانبەری بەکاری دێنێ. چی بە خۆی گوتراوە بەوانـەی دەڵێتـەوە کـە لە شێوەی خۆین و لەگەڵیدا تەبا نین. بەعس چی بە کورد دەگوت، بە زیادەوە بە یەکترمان گوتووە و چی پێ کردووین، بەو توانا سنووردارەی هەمانبووە بە یەکترمان کردووە. داگیرکەر پێی دەگوتین پیـاوی ئێـران و بەکرێگیراوی ئیستیعمار و ئیسرائیل، زۆر لەوە زیاتر و کوشندەترمان بە

یەکتر گوتووە. بەعس تاکەتاکە دیلی لێ دەکوشتبین، خۆمان بە دەستە دیلمان لە یەکتر کوشتووە. ئەوانە خەسڵەتی کۆیلەن کە بە ئاغاکانیان ناوێرن بە یەکتری دەکەن. کابرا لە چاوترووکانێکدا، داخی زەلالەتی سیی چل ساڵی دڵی خۆی بە من یا تۆ دەردەکا چونکە ناگاتە دەروازەی ئەو ئاغایەی زەلالەتی پێ کردووە.

ئەوەی پاشای گەورە بەرانبەر ئێزیدییەکان کردی، هەمان ئەو کارە بوو کە دەیان جار بەرانبەر سەرجەمی کورد کراوە و دوور نییە دەیان جاری تریش پێمان بکرێ و بە خۆمانی بکەینەوە. بە کافرکردن و بە عەمیلکردن و بە خائینکردنی سەرجەمی دەستەیەک لە خۆمان ڕێک ئەوەیە کە باسی دەکەم. بەڵام ئەگەر زانیمان ئەو هەستی بچووکی و کۆیلایەتییەمان تێدا هەیە، دەشێ کار بۆ نەهێشتن یا چارەسەرکردنی بکەین.

هیچ سەرکردەیەکی دنیا ڕێ بە خۆی نادا وەڵامی ڕۆژامەنووسانی دنیا بداتەوە بەڵام بە هی وڵاتەکەی خۆی بڵێ: جارێ تۆ وس بە، یا کاتی ئەو قسانە نییە. سەرانی ئێمە بە تەواوەتی ئەو خەسڵەتانە لە خۆیاندا بەرجەستە دەکەن و هەوڵیش نادەن لێی ڕەها بن. تۆ منەتی یەک میللەت نەزانی و فڕۆکەوانێکی بکوژی شارێک (یا تۆمەتبارکراوێک بە کوشتنی شارێک)ی خۆت بە ڕێز و حورمەتەوە ئازاد بکەیت! کێ شتی وا دەکا؟! ئەوە هیچ کە کەس لەم دنیایەدا شتی وا ناکا، بەڵام کام میللەت هەیە ئەوە لە سەرکردەی خۆی قەبووڵ بکا و گەردیش نەخاتە سەر دڵسۆزییەکەی؟! ئەگەر خوێنی کورد لای سەران و لای میللەتیش نرخی هەبوایە، مەحاڵ بوو ئەو کارە بکرێ یا قەبووڵ بکرێ!

**27. لە لایەکەوە پێمان دەڵێی: کەوا لە ڕۆژئاواییەکان دەترسی و خۆشیت پێیان نایەت، چونکە وڵاتەکەتیان دابەشکردووە و لەلایەکی دیکەوە دەڵێی: گەر ریچاردی شێردڵ بێت لەچنگ عەرەب| داگیرکەر رزگارمان کات رازیت. ئەم دوو تێڕوانین و بیرکردنەوەیە لە کوێدا لەنگەری دروستی خۆیان دەگرن؟**

و: ناوی ڕیچاردی شێردڵم وەک کەسێک هێناوە کە لە پێناوی داگیرکردنی قودسدا لە هەموو کەس زیاتر دژایەتی ڕەوت و

دەسەڵاتی ئیسلامەتی کردووە. دەبوو لەو خراپتر بڵێم... دەبوو بڵێم شەیتان. پیاو ناچار بێ پەنا بۆ شەیتانیش دەبا و کەسیش نییە هێندەی کورد لە ناچاریدا بێ. من دەزانم ڕۆژاواییەکان چییان بە کورد کردووە بەڵام ئەوە کەموکورتییەکانی خۆمانم لە بیر ناباتەوە. ڕۆژاواییەکان بێویژدانانە وڵاتیان دابەش کردین بەڵام ئەو نیشتمانە هی میللەتێک بوو شایستەی دابەشکردن بێ، دەنا بۆچی وڵاتی میللەتێکی تریان دابەش نەکرد؟! بۆچی کوردستانیان دانەمزراند و تورکیایان پێوە نەلکاند تا ئێستا تورک شانازی بە ژمارەی شەهیدانەوە بکەن و کوردستان و یۆنان بۆ شۆڕشکردن، ئەم دژی ئەو و ئەو لە دژی ئەم هانی تورک بدەن؟! زوڵمی ڕۆژاوا وام لێ ناکا نەپرسم بۆچی تەنها کورد بەو دەردە برا؟ بۆچی لە بری دروستبوونی تورکیای نوێ کوردستانی نوێ دروست نەبوو؟! بۆچی لە بری ئەوەی ئەتاتورک حەسەن خەیری بنێرێتە عوسبەی نەتەوەکان تا بڵێ کورد دەوڵەتی ناوێ، ئەو ئەتاتورکی نەنارد تا بڵێ تورک دەوڵەتی ناوێ و کوردستان وڵاتی هەموومانە؟! تاکە وەڵام بۆ ئەو پرسیارانە ئەوەیە کە کورد خۆی بە بچووکتر زانیوە و تورکیش بەو تێکشکانە گەورەیەوە کە لە شەڕی یەکەمدا بە سەریدا هات و لێی دەرچوو، هەر خۆی پێ گەورە و مەزن بووە. ڕۆژاواکانیش، لە هاوکێشەکاندا حیسابیان بۆ ئەو هەڵوێستە جیاوازانە کردووە و گۆزەکەیان لە سەری کوردی دەستەمۆیاندا شکاند! تۆش پێت وا نییە بۆ ڕۆژاواییەکان ئاوها ئاسانتر بووبێ بۆیە ئەوەیان کرد کە کردیان؟! هەرچۆنێکی بیر لێ دەکەیتەوە بەر لە هەموو تاوانکاران، تاوان تاوانی خۆمانە.

تورکیش وەک عارەب بە هەموو لایەکدا پەلامار دەدەن و پەلاماریان داوە و وێران دەکەن وداگیر دەکەن. بەڵام کورد لە پەناشاخی خۆی هەڵتروشکاوە و چاوەڕوانی مەرحەمەتی خوایە و خوداش (هیچ لە قەومێک ناگۆڕێ ئەگەر خۆیان نەگۆڕێن). هیچ بستە خاکێک کە ئێستا پێی دەڵێن تورکیا خاکی تورک نییە... ئەگەر ئەو خاکەی کە عارەب لە سەری دەژێن لە سەدا بیستی هی خۆیان بێ و لە سەدا هەشتای هی خەڵکی تر بێ، خاکی تورکیا لە سەدا سفری هی خۆیانە و لە سەدا سەدی هی خەڵکی ترە و داگیریان کردووە. ئەگەر عارەبی عیراق پەلاماری ئێران و کوێت و کوردی داوە، ئەوانیش پەلاماری بولغارستان و کوردستان و یۆنان و قوبرسیان داوە. هەردوولایان هەمیشە سڵ و لە سەر پێن چونکە دەزانن کەتنی چۆنیان کردووە.

ئێستاش دووچـاری هـەمان دەردیـن و ئـەو پەتایـەی تووشــمان بـووە بەرینەداوین. دەبێ بـێ بێزاربـوون و مانـدووبوون هـەوڵ بـدەین تـا لـەو دەردی بچووکییە دەرباز بین، دەنا هەر نەوەیەک کۆت و تەوقی دیلێتی بە نەوەی دواى خۆی دەسپێرێت.

ڕۆژاواییەکان خۆیان سەددام حوسێنیان تیژ و بەهێز کرد، بەڵام کە بـۆ ڕووخاندنی هاتن نەدەبوو دەست بە ڕوویانەوە بنێین و بڵێین: سوپاس، بۆمانی مـەڕووخێنن. جگـە لـەوەش، مـانگی حکوومـەتێک لـە عیراقـدا پڕووخـێ لــە بەرژەوەنـدی کورددایــە و چەنـد دەسـەڵات لـە بەغـدا سەقامگیر بێ بە زیانی کورد دەشکێتەوە... ئاخر لایەنێک شـک نابـەم لە عیراقدا بەرانبەر بـە کـورد دادپەروەرانـە ڕەفتـار بکـات... هـەرگیزیش شتی وا نابینین.

**28. پەشێو لە شاکارە شیعرێکیدا دەڵێ :**
**تاچرای ئێمە نەسووتێ ئێوە هەرگیز ڕووناکایی**
**نابینن بە چاوی خۆتان تا ئێمە دیل و کۆیلە بین ،**
**هـــــــــەر کۆت و نیر تۆق و زنجیر دەکەین بۆتان!**

**ئــەم پەیامــە ڕەســەنە بــێ پێچوپەنایــە بــۆ ســەرجەم داگیرکەران و دەست و پێوەندەکانیان چەند لەگەڵ کولتـوور و ئەعلێتی کۆلۆنیالیستانەی ئەواندا وێک دێتـەوە و بـۆ دیسـان ئــەوان گــوێ لــە مەینەتییــەکانی ئێمــە نــاگرن و بیرێــک لــە ئاسوودەیی خۆیان ناکەنەوە؟**

و. پەشــێو چەنــد جــوانی گوتــووە! ئــاخر وەنــەبێ کوردســـتان موستەعمەرەیەکی ئاسایی خەڵکێکی پێشکەوتووی شارستانی بـێ و ئەوەندەی دەپڕووتێنێتەوە، نیو ئەوەنـدەش بـرەوی پـێ بـدا و پـرۆژەی تێـدا بکاتــەوە تــا زیــاتر بیڕووتێنێتــەوە، وەک ئینگلیــز لــە هەنــدێ لــە کۆلۆنیاکــانی خۆیــدا دەیکــرد یــا فەرەنســا، بــە تایبــەتی لــە ڕووی ڕۆشــنبیرییەوە ئــەنجامی دەدا. داگیرکــەری وڵاتــی ئێمــە بوونمــان دەسڕێتەوە! بـە نرخێـک لـە سـنووری بەشـەر دەرمـان دەکاتـە دەرەوە تەنانەت لە سـەر خۆشـی زۆر دەکەوێ و باجەکەی دەدا. کە بـەرگریش بکەین، دیارە زەرەر بە داگیرکـەر دەگـا. بـەڵام ئـەو داگیرکەرانـە لـەوەدا بەختــەوەرن، ئێمــە وڵاتەکــەیان بــە هــی خۆمــان دەزانــین و بــۆ

پێشخستنی هاوکارییان دەکەین دەنا نەیاندەتوانی دە ساڵ وڵاتمان داگیر بکەن، ئەگەر ڕەتکردنەوەی گردەپرمان بەرانبەریان هەبا، ئەوەی پێی دەڵێن خێروبێری خاکی داگیرکراو بۆیان دەبووە ژەهری هەلاهیل و لە بنی دەهێنان. بەڵام ئێمە، ئێستاش لە کاولەکەی خۆمانەوە کار بۆ سەقامگیری شەقامی ئەوان دەکەین بۆیە بە نرخێکی زۆر هەرزان لە ڕووتاندنەوە و کاولکاری وڵاتەکەمان دەردەچن.

ئێستاش کە ڕێژەیەکی کەممان بەرهەڵستکاری دەکەن، ئەو داگیرکەرانە ناچارن پەنا بۆ لەخۆیان باڵاتر و دەسەڵاتدارتر بەرن و لە بری پێشخستنی خۆیان و وڵاتیان چەک بکڕن و وەک دوژمندار خۆیان قایم بکەن. زەقترین بەڵگە ڕێکەوتننامەی جەزائیر بوو کە کەرامەتی عارەبی تێدا هەڕاج کرا هەر بۆ ئەوەی کورد کەرامەتی پرووشێ و لە سەر خاکی خۆی ئازاد نەبێ... ئەوان ویستیان پێمان بڵێن: "ئێمە بردمانەوە و ئێوە دۆڕانتان!" تەواو، هەر ئەوەیان بەسە! هەر بۆ ئەوەی کورد بە کۆیلەیی بمێنێتەوە دەستیان لە کەرامەتی نەتەوەیی خۆیان بەردا و دواتر بۆ کڕینەوەی ئەو کەرامەتە ملیۆنێک خەڵکیان کوشت و بەکوشتدا و قەتیش کەرامەتیان بۆ نەگەڕایەوە. هەر ئەو ڕێکەوتنە شەرمهێنەرەشیان بوو لەگەڵ ئێراندا، عیراقی بەم ڕۆژە گەیاند کە تێیکەوتووە و ئەگەر ماوەیەک کورد دەست بە باریانەوە نەگرێ، ئێستاش داریان بە سەر بەردیانەوە نامێنێ و هۆکاریش هەر ئەو سەرشۆڕکردنەیە کە ساڵی 1975 بەرانبەر ئێران کردیان... ئێستا لە پێناوی چەوساندنەوەی کورددا عاڵقەلەگوێی ئەمەریکایەکن کە هەمیشە نەفرەتیان لێی کردووە، گوایە پاڵپشتی ئیسرائیلی دوژمنی ئاپرووبەریانە.

لە ڕاستیدا هەق نییە هیچ وشەیەک بخەینە سەر وشەکانی پەشێو... ئەو هەموو شتێکی بە چڕیی گوتووە.

**29. مامۆستا مەسعوود دەڵێ: کورد لەدەرەوەی مێژوودا دەژی. بە رای تۆ چ کات و لەکوێوە و چۆن دەتوانین بڕیار لەسەر چرکەسات وهەڵبژاردنی دەروازە بۆ چوونەژوورەوەی ناو مێژوو بدەین؟.**

و: هەتا بڕیارمان بۆ بدرێ چی بکەین یا چی نەکەین، لە ناو ڕێڕەوی مێژووشدا بین هەر ئەوەندەین کەرەسە بین بۆ مێژووی خەڵکی تر...

کەرەسەی بونیادی مێژووی ئەو خەڵکانەین کە چارەنووسمان دیاری دەکەن. هەر ئەوەندە هەین لە لەشکری ئەم و ئەودا سەرباز بین و ئەم و ئەو و یەکتریان بۆ بکوژین. بێ ئەوەی ئاگامان لێ بێ یا بڕیارمان دابێ کاریگەریمان وەک کاریگەری سامانی خاکەکەمانە بۆ دەوڵەمەندبوونی خەڵک و ماڵوێرانی خۆمان. هەین و بە پارە و بیرەنەوت و بستەخاک خوێنمان دەقەرسێنن. هەین و شۆڕش دەکەین و بە هۆی یارمەتییەکەوە کە وەرمانگرتووە، شەڕ دەقەومێ و شەڕ ڕادەگیرێ و ڕێکەوتننامە مۆر دەکرێ و بەخۆشمان چۆن دەستمان پێ کردووە هەر ئاوها، بەڵام بە ژمارەیەکی زۆری شەهیدەوە لێی دەردەچین. بۆ ئەوەی لە ساتەوەختێکی مێژووییدا دەسەڵاتی وڵاتێک لاواز بێ، یارمەتی دەدرێین تا شۆڕش بکەین و دوایی کە بە ئامانجی خۆیان دەگەن، ئێمەش ئەرکمان، لەگەڵ یارمەتییەکانیاندا کۆتایی دێ. هەموو شتێ دەگۆڕین خۆمان نەبێ. بە هۆی ئێمەوە دنیا گۆڕا و هەر نەگۆڕاین. سویچی ڕەفتارمان لە دەستی خۆماندا نییە تا بڕیار بدەین پێچێک بە ڕێڕەوی مێژوو، بە ئاڕاستەیەکدا بدەینەوە خۆمان مەبەستمان بێ و بەرژەوەندیمان بخوازێ. چۆن دوو ئاغای مەڕدار لە سەر ڕانەمەڕێک یا لەوەڕگەیەکی بەیار شەڕ هەڵدەگیرسێنن و مسکێنی خۆیان بە یەکتر بەکوشت دەدەن، ئاوهاش داگیرکەرانمان لە سەر خۆمان و خاکەکەمان شەڕ هەڵدەگیرسێنن و بە یەکتر بە کوشتمان دەدەن، کەچی هەر لە گەمەکەیان تێناگەین. تەنانەت لە ناو خۆماندا شەڕیش لە سەر ئەوە دەکەین ئاخۆ خەتای کامیانە و کامیان بێتاوانە و لایەنگری کامەیان بین. ئەوە کارەساتێکە!

خۆزگە کورد هەر لە دەرەوەی مێژوو بوایە و هیچ کاریگەرییەکی لە سەر ڕەوتی مێژوو نەبوایە تا نەبوایەتە یارمەتیدەری ڕووداوەکان لە دژی خۆی. هەر ئەوەندە لە ناو مێژوودایین باسی تاکەتاکەمان بکەن کە بەشداریمان لە دروستکرنی عیراق و لەشکری عیراقدا کردووە و دیواری بەندیخانەی خۆمان بە دەستی خۆمان دروست کراوە. هەر ئەوەندە لە ناو مێژوودایین عیراقی ڕووخاو دروست بکەینەوە و سوپا تێکشکاوەکەی دامەزرێنینەوە تا بەرانبەریان بچووک بین... ئەوجا شۆڕش هەڵگیرسێنین تا سووریا سەر بە عیراق شۆڕ بکا یا عیراق بۆرییە نەوت بە تورکیادا ڕەت بکا یا نەکا. کورد لەوەدا لەدەرەوەی مێژوودایە کار بۆ خۆی بکا یا کاریگەری لە سەر چارەنووسی خۆی هەبێ، بەڵام بۆ ڕزگارکردنی قودس و ڕووخاندنی ئەمەوی و

دروستبوونەوەی عیراق و ئارامکردنەوەی ئێران لە چەقی مێژوودایە! داوای لێبوردن دەکەم کە لەگەڵ نیوەی بۆچوونەکەی مامۆستا مەسعوود محەمەددام چونکە بۆ خۆکوژی و سەرخستنی بکوژی خۆمان، نەک هەر لە ناو مێژوودایین، بگرە لە چەقیدایین و پێم سەیرە هەتا ئێستا نەکراوینەتە وانەیەک بۆ گەلانی جیهان!

ئیبن خەلدوون لە سەر دڕندەیی عارەب دەڵێ: "وەک دڕندەی گۆشتخۆر چۆن پەلاماری گیانداران دەدەن، ئاوها پەلاماری خەڵکی بێدەسەڵات دەدەن. کورد و تورکمان و سەنهاجە دەمهەڵپێچراوەکانیش نموونەیانن". ئێمە بەو شێوەیە لە ناو مێژوودایین، وەک گیانداری بەستەزمان نەک بزوێنەر.

## 30. گەر کورد لەسەر ئایینی زەردەشتی بمایایەتەوە و دەستی بە توندی پێوە بگرتایە، ئەم جیاوازییە ئایینییەی وەک قەڵغانێ بۆ خۆ جیاکردنەوە و خۆپارێزی لە نەتەوەکانی ناوچەکە بەکار بهێنانەی، پێتوانییە لەم بوارەوە بیری لە دامەزراندنی قەوارەکی کوردی نەدەکردەوە؟

و: ئەوە سەنجێکی زۆر هەستیارە و سەرنجدانی ئەو بۆچوونەش زۆر گرنگە. بەوپەڕی ساکاری، ئەگەر کورد نەبوایەتە موسوڵمان و لە سەر ئاینی خۆی بمابا چی لێ دەهات یا بە کوێ دەگەیشت؟! نابێ لە بیرمان بچێ ئیمپراتۆریای فارس و ڕۆم بە دەسەڵات و دینی خۆیانەوە بەرگەی شەپۆلی ئیسلامیان نەگرت و لە بەردەمیدا هەرەسیان هێنا و هەر لە سەردەمی ئەمەوییەکانەوە هێرشیان گەیشتە قوستەنتین، کە دوایی عوسمانییەکان داگیریان کرد. ڕۆم بە هۆی دووربیانەوە لە خاکی عارەبستان و زەریاش پاڵپشتیان بوو، وەک میللەت خۆیان و دینی خۆیان پاراست بەڵام نە کورد توانی ئەوە بکا نە فارسەکان.

جگە لەوە، ئەوانەی دەستی عارەبیان بە ئاسانی پێ گەیشت و نەبوونە موسوڵمان چییان بە سەر هات؟ کوا ئاشوورییەکان کە مێژوویەکی دوور درێژیان لە سەر ئەو خاکەدا هەیە کە پێی دەڵێن عیراق؟! کورد ئاین و پێغەمبەری خۆی هەبوو کەچی فارسەکان بە ئاسانی لە دەستیان دەرهێنان و بۆ بەرژەوەندی خۆیان لە دژی کوردیش بەکاریان هێنان. خۆ ئەو دەمەی میدیەکان ڕووخان ئاینی خۆمان هەبوو و لە نێوان یۆنان و فارسدا بووین بە حەرەس

حدووديش... ئاينی زەردەشت فریامان نەکەوت، چونکە فـرەوەرتیش و هیزداتــە کــە هــەردووکیان شۆڕشــگێڕی مــاد بــوون و دژی کــۆرش دەجەنگان، دووبەرەکییان تێکەوت و هەر یەکەیان بە لایەکدا ڕایدەکێشا تــا تێکشــکان و چاویــان شــکا. کــۆرش گوتوویــەتی: "فرەوەرتیشــیان دەستگیر کرد و هێنایان. لووت و گوێ و زمـانیم بـڕی و هـەردوو چـاویم دەرهێنا و لە دەربـار بـە زنجیـر بەسـترایەوە تـا شـۆڕشـگێڕەکانی خـۆی ببینن. ئەوجا کرایە نیشانەی تیر و ڕم."
کۆرش یەکێ لە سەرکردە مادەکانی دەعـوەت کـرد و دوای ئـەوەی تێری خوارد، پێی گوت دەزانی لەم دەعوەتەدا گۆشتی کوڕەکەی خۆت خوارد؟! بەڵێ لە کاتی (مفاوەزات)دا گۆشتی کـوڕی خۆیـان دەرخـوارد دا، ئەگــەرچی لــە ســەر دینــی خۆشــیان بــوو و لــە ڕووی ڕەگــەزەوە هاوڕەگــەزیش بــوون. ئــەدی ئەوانــەی نــە دینیــان دینمــان بــووە و نــە ڕەگەزیان لێمانەوە نێزیک بووە چییان پێ کردبین.
ئەگەر کـورد نەبوایەتـە موسـوڵمان بـاوەڕ ناکـەم ئەوەنـدەی بمابـا کـە ئێســتا مــاوە. بــە هــۆی موســوڵمانێتییەوە، وەک ئــەوەی مــەڕدارێک دەست لە مەڕەکانی خۆی بپارێزێ، هـەر بـایی پێویسـتی یـا نـەختێ زیاتریــان لێــی کوشــتووە و لێیــان تــاڵان کــردووە. یــەکێ لــە خەلیفــە ئەمەوییەکان باجی لە سـەر کورد کەم کردەوە چونکە پێی وا بوو دەبێ بـایی ئـەوەیان هـەبێ پێـی بـژێن و بمێـنن تـا بەرهـەمیان بـۆ دەوڵـەت هەبێ. لەو باوەڕەدام سـەرجەمی کـورد ئێزیـدی بوایـە، نـەدەما. چمـا ئێزیدییەکان کەمیان پێ کرا؟ ئیبن سعوودی عیمادی، کـە کـورد بـوو و مــوفتی عوســمانیەکان بــوو، خــوێن و ژن و مــاڵی ئێزیدییــەکانی لــە موسوڵمانان حەڵاڵ کرد. چۆن دەبوو خوێن و ژن و ماڵی هـەموو کـورد، بە گەرمیان و کوێستانەوە حەڵاڵ بکرابا؟
زانینــی مێــژووی خۆمــان زۆر پێویســتە و دەبــێ شــتێ لــە ئــاینی زەردەشت بزانین تا هیچ نەبێ ڕەگی خۆمان بناسین بـەڵام ئـەو دینـە نەیــدەتوانی بەرگــەی لــۆژیکی ئیســلام و هێــزی ئیســلام و چــەکی ئیسلام بگرێت. کورد موسوڵمان نەبوایە، ئێسـتا وەک ئاشـوورییەکانی لێ دەهات کە بوونەتە ئاردی نـاو دڕک و بـە دنیـادا پـەرت بوونـە. ئـاخر ئێمە لـە دوورگەیەکـداین دەورمـان بـە خـوێنڕێژ و تونـدڕەو گیـراوە و بـە مــوالێتی و جاشــێتی و لاینگریکردنیانــەوە ئــەو هــەموو دەردەیــان پــێ دواین. ئاینمان جیاواز بوایە چییان لێ دەکردین؟!. خەیاڵی گەڕانەوە بۆ ئاینی زەردەشــتی ســوودمان پــێ ناگەیــەنێ ئەوەنــدەی هانــابردن بــۆ

ئیسلام بۆ سەرفرازیمان بە کەڵکمان دێت. ئەگەر کورد لەم زەریا موسوڵمانەی دەوروبەری، ئیسلام چەکی دەستی بێ دەمی زۆر لە بکوژەکانی دادەخا و ناچاریان دەکا بە دوای بیانووی پێشکەوتنخوازیانەدا بۆ کوشتنمان بگەڕێن... دەبا نەختێ بە هۆی ئێمەوە پێشکەوتنخواز بن، چ دەبێ؟!

شوێندەستی ئاینی زەردەشت، جا موسوڵمان بین یا نەبین، بە سەرمانەوە ماوە. پێمان دەڵێن ئاگرپەرست یا مەجووس، بەڵام بە سەر خۆمانی ناهێنین و وای دادەنێین لەگەڵ ئێمەیان نییە، بەڵکو لەگەڵ فارسەکانیانە. ئاگر کاریگەری لە سەر کورد هەیە و ئێستاش بە لایەوە پیرۆزە و سوێندی پێ دەخوا، بەڵام ئاگری نەپەرستووە. نەمبیستووە کورد بە ناوێلی باسی ئاگری کردبێ، وەک بە لای عارەبەوە ئاساییە باسی بکەن. فەرەزدەق لە هەجوی جەریردا دەڵێ:

قوم اذا استنح الاضياف كلبهم    قالوا لامهم بولي على النار[3]

واتە ئەگەر سەگ بە مێوانیان بوەڕێ بە دایکیان دەڵێن میز بە ئاگرەکەدا بکا تا بککوژێتەوە و مێوان ڕوویان تێ نەکا، مەبەستم ئەو میزپێداکردنەیە کە کورد هەرگیز شتی ئاوهای بە ئاگر نەگوتووە، چونکە بە لایەوە پیرۆز بووە.

**31. لە تەونی جاڵجاڵۆکەدا... تۆ ئەو هاوکێشە سیاسییەی پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول کە ئەو حیزبانە پێکیان هێنا بە < هاوکێشەی ملشکاندن > وێنا دەکەیت. هەمان کات ئاماژە بە تەوەرێکی ترەوەندی ئەقڵێتی دواکەوتوو و داڕزاوی سیاسی و دروشمی حیزبایەتی هەندێ لەو حیزبانە لەو سەردەمەدا دەکەیت،کە تا ئێستاش بەجۆرێک لە جۆرەکان بەردەوامێتی هەیە و دەڵێی: وێنەپەرستن و وێنەکوشتن وەک یەکن. دواتر لەهەوارى قەناعەتێک دا ئیستێک دەکەیت و دەنووسی: شۆڕشێ ئامانجی نابەکامی هەبێ، تا زوو هەرەس بێنێ درەنگە، چونکە ئەوە شۆڕش نییە و جێی شۆڕشی پڕ کردۆتەوە.**

**پاسۆک.. دروشمی : ئێمە نەمردووپەرستین و نە گۆڕهەڵکەنە. لەو میانەدا بەئاگایی و هۆشیارییەکی سیاسییانەوە دەووتەوە.**

**ئامـاژە کـردن بـە سروشـتی ئـەو ململانێیـە لەسـەر ئـەو زەمینە سەقەتە کـە سیاسـییە دەمامـک لـەرووەکان پیادەی دەکـــەن و بەرانبـــەر بـــەوە ئـــەو هۆشـــیارییە نەتـــەوەیی و سیاســـییەی پاســـۆک لـــەو ســـەردەمەدا هـــەیبووە و کـــاری پێکردووە و دەکات چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

و: تەونی جاڵجاڵۆکە باسێکی ئاسایی یا گوتارێکی سیاسـی نییـە و نەختێ بە غەدری دەزانم خۆم کە نووسیومە، لێـی بـدوێم یـا هەنـدێ لایەنی لێ ڕوون بکەمەوە، چونکە ئەوە کاری ڕەخنەگران و خوێنەرانـە، بـــە ڕاســـت یـــا بـــە هەڵـــە لێکدانـــەوەی بـــۆ بکـــەن. ئـــەوە ڕۆمانـــە و هەڵســەنگاندن و لێکدانـەوەی ئـەدەبی و فکـری و لایـەنی هونـەری و زمانەوانی هەڵدەگرێ. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی خەتـە فکرییـەکان و هەڵوێستەکان تا ڕادەیەک دیارن و دڵی هیچ کەس و لایـەنێکی تێـدا ڕانەگیراوە و ئەوەی ڕۆژێ لە کوردستاندا، لـە نێـوان دوو هەرەسـەکەدا سیاسەتی کردبێ و بەرپرسیارەتی هـەبووبێ خـۆی بـە مەغـدووریی تێـــــدا دەدۆزێتـــــەوە، بـــــە تایبـــــەتی ســـــەرکردە و فایلـــــدارەکان. سیاسەتمەدارێک بە دۆستێکی منی گوتبـوو: ڕۆمـانێکی جوانـە بـەڵام هیچ لایەنێکی بە پاکی نەهێشتۆتەوە! ئەوەی دەمـەوێ لـەو ڕۆمانـەدا بیڵـێم بـە کوڕتییەکـەی ئەوەیـە کـە کـورد ڕێگـای خـۆی نـەدۆزیوەتوە و ئێستاش خەڵکە دڵسۆزەکانی بـە دوایـدا دەگـەڕێن و ئـەوانی تـر، ئـەو ئەرک و ماندووبوونە ناخەنە ئەستۆی خۆیان بۆیـە لـە شـۆڕشـدا گەمـە دەکەن و لە ئاشتیدا قارەمانن و هەرچی قوربانییـەکی کـورد دەیـدا لـە سـەر مێزی گفتوگۆ دەدۆڕێنن و باکیـان نییـە. لـە هـەموو ئـەو ڕۆمانـەدا یــەک تاکــە تروســکاییم پیشــان داوە کــە ڕێــی تێــدەچێ ئــەنجامێکی هـــەبێ، ئـــەوەش لـــە دوالاپەڕەدایـــە کـــە یـــەکێ لـــەو منداڵـــە پەروەردەکراوانەی قوتابخانەکە، لەبری ئەوەی بڵێ دەچین بۆ ئێران، بە بێ هیچ بیرکردنەوە و خاترانە و ڕامان و مەبەستێک، دەڵێ دەچین بـۆ سـەردەشـت. واتـە لـە نـاخی ئـەو منداڵـەدا کوردسـتان نیشـتمانێکی سـەربەخۆیە و جیـاوازی لەگـەڵ دەوڵـەتی ئێـران و عیراقـدا هەیـە. خـۆ منـــداڵیش واتـــە پاشـــەڕۆژ. ئـــەوەی مـــن لـــەو ڕۆمانـــەدا دەیڵـــێم پەروەردەکردنی نەوەیەکە بەو ڕۆحەوە تا ئەوان بتوانن خـۆ لـە دەوڵەتـە داگیرکەرەکان بە خاوەن نەکەن.

لە ڕاستیدا، هەقەلی، کە مرۆڤێکی دڵسۆز و خەمخۆر و پاکە، هەتا بڵێی گومانـاوی و ڕاڕا و بێدەسەڵاتیشە. ئەو، لە ڕۆمانەکەدا نوێنەرایەتی خەتی نەتەوایەتی کورد دەکا لە ناو شۆڕشدا، مامۆستای قوتابخانەکەش، مێروولەئاسا، بێ ئەوەی گوێ بە ڕووداوەکانی دەوروبەر بدا و بە بێ کۆڵدان کاری خۆی ئەنجام دەدا... بەرد ببارێ و کیمیاوی ببارێ، ئەو خەریکی دروستکردنی پاشەڕۆژە لە ناخی نەوەیەکی لە خۆی نوێتردا.

لە ئەوروپا زۆر لە سەر ئەو ڕۆمانە نووسرا بەڵام ئەوەی ئاگام لێی بێ، لە کوردستان یەک بابەتی لە سەر نووسراوە. بە لای منەوە باشترین هەڵسەنگاندن کە پێ نەدەچوو هیچ خاترانەیەکی تێدا هەبێ، بابەتێکی کاک ئەمجەد شاکەلی بوو کە تەنانەت لە سەر زمان و هەڵەی چاپیش قسەی خۆی کردبوو. هیوادارم توانیبێتم لە ڕێی ئەو ڕۆمانەوە نەختێ کاریگەریم لە سەر ڕێبازی نەتەوەیی کورد هەبووبێ. ئەو کارەم جێی شانازیمە چونکە هیچ نەبێ توانیومە فایلی فایلداران، بەر لە ئاشکرابوونیان، لەو ڕۆمانەدا ئاشکرا بکەم. واتە گومانەکانم لە جێی خۆیاندا بوونە و وەک خاتری کەسم نەگرتووە غەدرم لە کەسیش نەکردووە.

ئەوەی پێی دەڵێی عەقڵییەتی دواکەوتوو، من ناوی دەنێم ڕق و کینەی ڕەگداکوتاو و بەرانبەرەکەشی ئەوینێکی کوێرانە، چونکە ئەو کەسەی لە ڕۆمانەکەدا وێنە دەکوژێ هەرچییەک بێ گێل و دەبەنگ نییە و لە هەزار ئاوی دا و قولەپێی تەڕ نەبوو. ڕەنگە لە هەندێ حاڵەتدا ئەو ڕقە کوێرانەیە بۆ خەڵکێکی وەکو کورد پێویست بێ بەڵام نەک ئاڕاستەی ناوخۆی بکا... پێویستە ئەو ڕقە ئاڕاستەی شوێنی تر بکرێ کەچی ئێمە ئاڕاستەی خۆمانی دەکەین و خۆمانی پێ دەسووتێنین. لە هاوکێشەی خەبات و تێکۆشانی کورددا، خراپکاری من چاکەکاری تۆ دەخواتەوە و ئەنجامیان دەبێتە سفر... لەو حاڵەتەشدا نەبوونی شۆڕش لە بوونی باشترەر.

**32. بۆچی لە هەنووکەدا نە لە باکوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا بەرەیەک لە نێو هێزە سیاسییەکاندا بەرچاو ناکەوێ؟. لە باشووردا پرۆژەیەک، گوتارێ و ستراتیژێکی نەتەوەیی دەسەڵاتی حیزبە سیاسییەکان نییە!. کۆنگرەیەکی**

**نەتەوەیی یاخود هەر دەستگایەکی مەرجەعی دۆزی کورد لە ئارادا نییە؟.**

و: کاکە با درۆیەکیش بۆ دز بکەین. هەموو شۆڕشێک کە دەست پێ دەکا، ڕەنگە بە خاوێنی دەست پێ بکا و تا ماوەیەک چەکدارەکانی بە نانەڕەق ئیدارە بکەن و بە تاپڕ و تاوێرەبەرد شەڕ بکەن. بەڵام کە شۆڕش ژمارەی چەکداری زۆر بوو و ئەرکی سەر شانی گران بوو، ناچار دەبێ بۆ پارە و فیشەک و دەرمان و حەبی مەنع و پاراستنی بنکە و بارەگای سەرکردایەتی و ئامێری بێتەل و مینی پلاستیک و مەززە و ویسکی، هانا بۆ لایەنێک یا دەوڵەتێک بەرێت. کە هاناشی برد، لە یەکەم پێکهاتندا لەگەڵ دەزگایەکی موخابەراتیدا دەدوێ و ئیدی تەواو، پێوەبوو! شۆڕشی ئەو دواییەی کورد، کە خۆی لە چەندین ئاڕاستە و بۆچوون پێکهاتبوو، لەگەڵ چەندین لایەنی وا ڕێکەوتننامەی نهێنی و نیوەئاشکرایان هەبوو و مانەوە و بەردەوامییان مسۆگەر بوو. کە دەستیشیان لە بنچکی ڕووخانی بەعس و بەرەکەتی ئەمەریکا گیر بوو، پێشینەیان لەگەڵ ئەو دەزگایانەدا هەر مابۆوە و وەک دەڵێن لە تویی نانێکی گەرمدا بۆیان هەڵگیرابوو و ئێستاش ئەو ڕێکەوتنانە، ماونەتەوە و بوونەتە شمشێرەکەی دیمۆکلیس و بە دیار سەریانەوە هەڵواسراوە... ئێستا نا نەختێکی دی داوەکەی دەپسێ و بە ناو مۆخەسەریاندا دەچێ. لە بەر ئەوە، ناچارن ناکوردانە بن و ئەوەندەی دڵسۆزی ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەتن، ناتوانن دڵسۆزی کورد بن. ناچارن لە بری ئەوەی هەوڵی یەکڕیزی خۆیان بدەن لە بەغدا تەبایی بسەپێنن، دەنا هەرچی کاکە و برالەیاکیان لەگەڵ ئەو دەزگا سیخوڕییانەدا هەیە دەخرێنە ڕوو.

ئەوانە دەستیان لە بن باری دەزگا موخابەراتییەکاندایە و لەل بکەن، خوا دەزانێ چییان لێ ئاشکرا دەکرێ. ئاخر گاڵتە نییە بەرگری لە ئەنفالچی بکەن و تاوانباری گەورە ئازاد بکەن یا بیکەنە ئەندامی خۆیان. هەر وا لە خۆڕا نییە شین و شەپۆر بۆ داڕووخانی دەوڵەتی عیراق دەکەن و بۆ دروستبوونەوەی لە عارەبی سوننەی سوودمەند سوورتر بن.

یەکێ لە سەرکردەکانی سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، لە شام کە دیتی من خۆمی لێ لادەدەم، بە مەیلەو توورەییەوە گوتی:

"بە من دەڵێن گوایە سەر بە موخابەراتی سووریام، بەڵام بە شەرەفم بەرپرسی هەر هەموویان لە موخابەراتدا یا عەریفە یا نایبعەریفە، تەنها بەرپرسەکەی من ڕائیدە!" جا کاکی خۆم سەرکردەیەک عەریفێکی موخابەرات ڕێنمایی کردبێ و دانی بۆ ڕۆ کردبێ و فەرمانی بۆ دەرکردبێ، دەتەوێ بە گەرمی داوای کەرکووک بکاتەوە و دەست بە ڕووی کۆمپانیا جاسووسییەکانی دەوڵەتە ئیقلیمییەکانەوە بنێ یا هەق و حیسابی لەگەڵدا بکا یا کار بۆ یەکپارچەیی خاکی عیراق نەکا؟! نەخێر، بۆ ئەوەی ئەوراقی خۆی ئاشکرا نەکرێ کەﷲسەری هەموومان بۆ ئەو عەریفەی بەرپرسی دەکاتە بەردەباز بۆ پەڕینەوەی بەرەو سەروەت و سامان و دەوڵەمەندبوون ... ئەدی نابینی ئەمڕۆ هەڕەشە دەکەین و سبەینێ، دواى ئەوەی چاومان لێ سوور دەکەنەوە، فس دەبینەوە و ئەوجا، هەم هەڕەشەکە پینەوپەڕۆ دەکەین هەم ژیوانبوونەکە دەکەینە فەلسەفەی سەردەم و شانازی پێوە دەکەین؟! ئەدی ئەوە نییە هەرکەسێکی پاشەڵپیس و ڕابردووپیس هەیە، جا جاسووس بووبێ یا جاش یا ئەنفالچی یا فایلدار، بە فەرمانی ئەو عەریفانە دەوری سەرانی کوردیان تەنیوە و ڕێنادەن دەنگی کەسی تریان پێ بگا؟! ئەی نابینی لە هەر کوێیەکی ئەم جیهانە پان و بەرینە خۆفرۆشێک هەبێ دەیدۆزنەوە و لە جێیەکی هەستیاری دەسەڵاتدا جێی بۆ دەکەنەوە؟ خۆ ئەوانە گاڵتە نین!

هەر یەکێ لە حیزبەکانی کوردستان بە چەندین داوەوە بووە و ناتوانێ کوردانە و بە دڵی من و تۆ ڕەفتار بکا. ئێ دەسەڵاتیشیان ئەوەندە بە لاوە خۆشە دەستبەرداری نابن. دەستبەردان لە دەسەڵات هەڵوێستی سەرەکوەزیرانی ئێرانی دەوێ کە دواى سەرکەوتنی دەوڵەتی ئێران بە سەر کۆماری کوردستاندا دەستی لە کار کێشایەوە تا سۆڤیەت داوای جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامە نەوتییەکەی نێوان سۆڤیەت و ئێرانی ئەو دەمەی لێ نەکا. ئێمە کەسمان هەیە هەڵوێستی وای هەبێ؟

دوو حیزبی دەسەڵاتدار لە باشووردا کاریگەرییان هەر لە ناو کوردی باشووردا نییە و بەشەکانی تری کوردستانیشیان بە ڕەنگی خۆیان ڕەنگڕێژ کردووە. وەک لە وەڵامی پرسیارێکی تردا گوتم، جێی هەموو شتێک لە باشووری کوردستان دەبێتەوە لایەنی نەتەوەیی نەبێ، جا حیزب بێ یا ڕێکخراوی مەدەنی یا پرۆژەی ستراتیژی یا کۆنگرەی نەتەوەیی. هەرچی هەبێ دەبێ دەستی خۆیانی تێدابێ و هەرچی

بکرێ دەبێ بە ئاگاداری خۆیان بێ تا عەریفەکان لە هەموو شتێک ئاگادار بکرێنەوە. گوناحن بەرپرسەکانمان!

## 33. چۆن یەکێتی نەتەوەیی تۆکمە و زمانی یەکگرتوویی پێک بهێنین؟ وەک دەزانن لە هەنووکەدا کورد لە چ قەیرانێکی ماڵوێرانی نەتەوەیی و زمانەکەشی چۆن هەڕەشەی بێبڕانەوەی لەسەرە؟

و: کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆیە، بەڵام بە هۆی بەردەوامی داگیرکردنەوە کە سەدان ساڵە درێژەی هەیە و بەردەوامە و لەم سەردەمەدا بە دەم پەرەسەندنی تەکنیکەوە چڕتر بۆتەوە، مەرجەکانی نەتەوەبوونی، لەگەڵ لاوازبوونی باری دەروونیدا لاواز بوونە و پێشتر عەشرەتگەرایی جێی نەتەوایەتی گرتبۆوە و دواتر ئایدۆلۆژیا و ئێستا حیزبگەرایی سێبەری لێ دەکا و ڕێ نادا گەشە بکا. حیزبگەرایی سەد بەرەی شەڕی بەرانبەر نەتەوایەتی کورد کردۆتەوە و بە گەرمی و بە توندی بەرەنگاری دەبێتەوە، بۆیە مەرجەکانی نەتەوەبوون بەرەو لاوازبوونی زیاتریش دەچن. ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین لە سەردەمی بەعسدا هەستی کوردبوون وەها بەرز ببۆوە هەموو قوربانییەکی بۆ دەدرا بەڵام ئێستا، کە سەرانی کورد ناوەڕۆکی کوردبوونیان بەتاڵ کردەوە، دەکرێتە قوربانی هەموو شتێک: یەک دەفتەر دۆلار یا پارچەیەک زەوی یا کورسییەک. لە ڕووی زمانەوە وێرانە و زاراوە جیاوازەکانی کەرەسەی باشن بۆ ئەوەی دزە بکرێتە ڕیزەکانمانەوە و ناتەبا و ناتەباتر بین. شانازی هاوبەش و هەستی هاوبەشمان لە حیزبایەتیدا تا ئاستی براکوشتن هەیە، بەڵام نە بۆ نەتەوەکەمان هەستی هاوبەشمان ئەوەندە هەیە یەکمان بخات نە بو نیشتمانەکەمان. ئەوەی هەمانە ئاڵای کوردستانە ئەوەشیان وا لێ کردووە بەهای کەم بێتەوە. کێ باوەڕ دەکات کورد هەبێ بڵێ: ئاڵایەک زوڵم لە سێبەریدا بکرێ و منداڵە عارەب خەوی لە سێبەریدا بزڕێ، پەڕۆیەکی ئاساییە؟! بە لای منەوە ئاڵای کوردستان ڕەمزی نەتەوایەتییە و گەلێ جار خیانەتکار بۆ قۆڵبڕین و خیانەتکاری خۆی، پەنای بۆ دەبا. ئەوانەی لە جاشایەتیدا ئاڵای بەعسیان ڕادەوەشاند، ئەگەر ئێستا ئاڵای کوردستان ڕاوەشێنن، ئاڵاکەی پێ سووک نابێ. لەو حاڵەتەدا ئەو ڕەمزە چی کردووە بە

هـۆی سـووکێکەوە سـووک بکـرێ؟!. ئـەوە زەبـەلاحی خیانەتەکەیـە سوود لە ئاڵاکـەش وەردەگـرێ، وەک لـە هـەڕاجکردنی دەرپێـی کچـە کورددا سوودمەند دەبێ... لە کـۆڕەودا، دەرپێـی ژنـەکورد بـە ئاریـەڵی تانکەکانی بەعسەوە دەکران، ئەو کاتە ئەو دەرپێیانـە کەرامـەتی کـورد بوون نەک پەڕۆشڕ. ئای چ بارسووکییەکە وەک پەڕۆشڕ تەماشای ئـەو دەرپێیانـە بکـرێ! کەسـێ لـە هـەڕاجکردنی کچـەکورددا شـەرەفی نەبزوێ، لە هەڕاجکردنی ئاڵای وڵاتەکەشیدا نابزوێ. ئەو ئاڵایە، ئاڵای حیزبێکی دیاریکراو نییە تا یـەکێ بـە لایـەوە بـەرز بـێ و ئـەوی تـر بـە لایەوە نەوی بێ. ئەوە ئاڵای نەتەوەیەکـە و بـە زۆر دەخرێتـە پـەراوێزی پەڕۆی حیزبایەتییەوە. تەنانەت هیچ لەشفرۆشێکیش لە دنیا نییـە بـەو چاوەوە دەڕوانێتە ئاڵای وڵاتی خۆی. کام پێشـکەوتوو یـا پاشـکەوتوو یـا شێت، بەو چاوەوە دەڕوانێتە دەرپێی خوشک و دایلیکی خۆی؟!

بەڵێ لە کاتی شکست و دۆڕاندندا، وەک کاردانەوەیەکی سروشتی بێ تەئویل، دەبینە یەک یەکەی دانەپڕاوی ناو یەک گۆڕی بەکۆمەڵ یـا ژوورێکی بەندیخانە. سەدان ساڵە لێکمان دادەبـڕن و بـە گـژ یەکمانـدا دەکەن. ئەوەی لە کورددا بەهاوبەشـی و بەهێزی ماوەتەوە، هەسـتی ئینتمای دینییە و ئـەوەش لەگـەڵ هـاودین و هاومەزەبـدا نـەک لـە نـاو خۆمانـدا. ڕۆشـنبیرانمان لـە بـری ئـەوەی ئـەو ئینتیمـا ڕۆحییـە بخەنـە خزمەتی کێشـە نەتەوایەتییەکەمانەوە، هەوڵ دەدەن ئەوەش نەمێنێ. کوردی موسوڵمانی سوننە، لە هەر حیزبێکـدا بـن لـە یـەک مزگەوتـدا نوێژ دەکەن بەڵام خـۆ لـە ئـەهلی هـەق و ئێزیـدی و تەنانـەت کـوردی شیعەش دەبوێرن. کاکی کۆمۆنستی کورد لە سـەر نەزانـدراوێکی نـاو هاوکێشـەیەکی هەرە ئاڵۆزی دنیا، کە مەسـەلەی چینایەتی جیهانییـە و پەیوەنـدی بـە ئـابووری و پیشـەسـازی و بەرهەمـەوە هەیـە و قـەت مومکین نییە، بە نەخوێنـدواری نـەبێ، سـەری لـێ دەربکـا، بـە گـژی هـەرە ڕوون و ئاشـکرای بـەر چـاوی خۆیـدا دەچێتـەوە کـە لـە هـەموو لێقەومانێکدا لە شانیەوە سەنگەر لێدەدا و بەرگری لێ دەکا. هـەزاران جـار ڕووی داوە دوو بەنـدکراوی سـەر بـە دوو حیزبـی جیـا لـە یـەک بەندیخانەدا و لـە بـەر بـەزەیی یـەک جـەللاددا بـە گژ یەکـدا چوونـە و سـەروگوێلاکی یەکتریان کوتاوە! ئەگـەر هـەموو لایـەک یـەک ئامـانجی ڕوونیـان هـەبێ، قـەت شـتی وا ڕوو دەدا؟! ئەگـەر هـەموومان یـەک ئامانجمـان هـەبێ، ئیسـلامییەک و کۆمۆنسـتێکیش کـە لـە ڕووی فکرییەوە پێچەوانەی یەکن، بە تەنگی یەکەوە دەبن و لە بـری ئـەوەی

سەنگەر لە یەکتر بگرن، بەرگری لە یەکتر دەکەن چونکە لە ئەنجامدا بۆ یەکتر دەبنە سەرباز و شەڕی داگیرکەر دەکەن. بەڵام ئایدۆلۆژیا کە زاڵ بوو، لۆژیکی واقیع پەکی دەکەوێ.

زمانی یەکگرتوو بارودۆخی ئاسایی و ئارام و دەزگای ڕاگەیاندنی ئازاد پێکی دەهێنن و دەسەڵات دەستی باڵای تێدا دەبێ. هەر میللەتێکی ئەو جیهانە بگریت چەندین شێوەزاری هەیە بەڵام زمانێکی یەکگرتووشیان هەیە. کەچی ئێمە بڕیارمان نەداوە چ زاراوەیەکمان هەبێ... یا بڕیاری ڕانەگەیەندراومان داوە هەر زاراوەیەک و لە ناوچەی خۆیدا زمانی ڕەسمی بێ. هۆیەکەش بەوپەڕی ساکارییەوە، نەبوونی دەسەڵاتی خۆماڵییە.

بە داخەوە لە هەوڵی پێکهاتنی زمانی یەکگرتووشدا هەوڵی دابڕان بە دیار دەکەون چونکە شانازیکردنی ناوچەیی جێ بۆ ناوچەکانی تر ناهێڵێتەوە و برینداركردنی ناوچە و لەهجەکان زەق دەکرێنەوە. دوو بیانووی بەهێز و بەجێ هەن بۆ ئەوەی بڵێین ئێستا ئەوەی پێی دەنووسین وەک زمانی یەکگرتوو جێی خۆی کردۆتەوە، یەکەمی بیانووەکانیش ئەوەیە کە سەدان و هەزاران کتێب بەم کوردییەی ئێستا نووسراوە و مێژوویەکی دوور و درێژیشی لە نووسیندا هەیە کە سەرەتاکەی بۆ باباتاهیری سەدەی پێجەمی کۆچی دەگەڕێتەوە. بیانووی دووەمیش ئەوەیە ماوەیەکی زۆرە، لە سەردەمی پاشایەتی عیراقەوە، بە چڕیی بەو زاراوەیە دەخوێندرێت. لە ئەلفوبێی لاتینیی گەڕێ کە ئەتاتورک بۆ تورکی دانا و بە سەر بەشێکی کوردستانیشدا، لەگەڵ زمانی تورکیدا فەرز کرا. ئەم ئەلفوبێیەی کە ئێستا بەکار دەهێندرێ پێداویستییەکانی نووسین پڕ دەکاتەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی کورد لە ئاستێکی ڕۆشنبیری پێشکەوتوودا نییە، سەپاندنی ئەم لەهجە و ئەلفوبێیە نابێ بە زۆرداری بێ چونکە کاری وا کاردانەوەی خراپی دەبێ. کارکردنی بەردەوام و ئاشناکردنی لەهجەکان بە یەکتر و بوونی چەقی ڕاگەیاندن لە ئەنجامدا کاری خۆیان دەکەن ئەگەر دەسەڵات ئەرکی خۆی لەو بوارەشدا نەکاتە گەندەڵکاری. من پێم باشە منداڵانی قوتابخانە، هەر لە سەرەتاوە بە لەهجە جیاوازەکان ئاسنا بکرێن تا ئەوان لە پاشەڕۆژدا، دوای شارەزابیان لە لەهجە کوردییەکان بڕیاری لە سەر بدەن نەک ئێستا بۆ قووڵکردنەوەی ناتەبایی بیکەینە دەوەن بە ئاش!

**34. کاتێ نووسینەکانی تۆ دەخوێنمەوە بە نموونە < نەتەوایەتی کورد و ئیسلامەتییەکەی > کە دییتە سەر باسی ژن وا هەست دەکەم رایەکی نەرێتیت بەرانبەر بە ژن هەبێت بۆیە لەگەڵ دیاردەی فرە ژنیدایت. ئەم تێبینییەی من چەند لە جێی خۆیدایە؟**

و: ئەم پرسیارە هەستیارە و بە ئاسانی مرۆ دەخاتە دادگای مافی ئافرەت و چاڵی کۆنپەرستییەوە و ئافرەت، چۆن خوشک و دایک و کیژی هەموو کەسن، ئاوهاش هی منن، بۆیە هیوادارم بە وردیی سەرنجی گوتەکانم بدرێ و ڕووکەشانە نەخوێندرێنەوە و لەگەڵ واقیعی کورد و سروشتی مرۆڤدا پێوانەکاری بۆ بکرێ نەک لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵگەیەکدا بەراورد بکرێ کە پتر لە دووسەد ساڵ، لە بواری ڕۆشنبیری و پیشەسازییەوە پێشمان کەوتوونەتەوە. جگە لەوەش بناغەی بۆچوونم لە سەر ئافرەت، وەک هەر بۆچوونێکی تری فکری یا ئایدۆلۆژی، بەرژەوەندی نەتەوایەتییە.

ژن، واتە ئەو ئافرەتەی مێردی کردبێ و کچ ئەو ئافرەتەیە کە هێشتا مێردی نەکردووە. ئافرەتیش هەردوکیانە و پیرەژن و بێوەژنیش دەگرێتە خۆی. وا باوە وشەی ئافرەت لە عەورەتی عارەبییەوە هاتبێ، بەڵام ئەوە دروست نییە و ئەو وشەیە بۆ (ئەفرۆدیتا) دەگەڕێتەوە کە لای یۆنانییەکان دەکاتە خواوەندی زاوزێ، کەچی ئێستا ئەو وشانەش بوونەتە وشەی مەبدەئی و سیاسی و پسوولەی ئینتیمای حیزبین. وای دەبینم خزمایەتی لە نێوان (ئافەریدە) و (ئافەریدەن)ی فارسی و (ئافرەت)ی کوردیدا هەبێ و هەردووکیشیان بۆ ئەفرۆدیتە بگەڕێنەوە یا ئەفرۆدیتاش لەگەڵ ئافەریدن و ئافرەتدا یەک سەرچاوەیان هەبێ. دیارە یۆنانییەکانیش کە ڕیشەی زمانیان دەچێتەوە سەر هندوئەوروپی، چییان هەیە لە سەر پێشینەی خۆیان هەڵیانچنیوە و بەو پێیە بەشی ئێمەشی تێدا هەیە. ئەوان کە ڕەویان کرد، هەم زمانیان لەگەڵ خۆیاندا برد هەم بیروباوەڕ و ئاین. چۆن لیکچوون لە نێوان خواوەندەکانی ئەوان و خواوەندی دینە کۆنەکانی ئەم ناوچەیەدا هەیە، لە وشە و زاراوە و بیرکردنەوەشدا لێکچوون هەیە. ئاگری ئۆڵۆمپیا و ئاگری ئاتەشگەدەی زەردەشتییەکانیش، کە هەردووکیان نابێ بکوژێنەوە، خزمایەتییان لە نێواندا هەیە و دەبێ هەردووکیان یەک سەرەتا و سەرچاوەیان هەبێ. لە بەر ئەوە بە لامەوە گونجاوترە

ئافرەت و ئافرۆدیتە یەک سەرچاوەیان هەبێ و وشەی (ئافرەت) چ پەیوەندی بە (عەورەت)ی عارەبییەوە نەبێ.
من هەرگیز ڕای نەرێتیم بەرانبەر بە ئافرەت نییە، مەگەر بە قەدەر ئەوەی بەرانبەر مرۆڤ، بە نێر و مێوە، هەمە کە بۆ سروشت بوونەوەرێکی زیانبەخشە و لە هەموو پێشکەوتنێکی تەکنەلۆژیادا ـ هەتا ئێستا ـ زەرەری بە سروشت گەیاندووە و پێ دەچێ لە ئەنجامدا، هەر خۆشی کۆتایی بە بوونی ژیان بهێنێ. لێرەشدا نامەوێ بگەڕێمەوە سەر کتێبەکە تا بزانم چیم گوتووە، چونکە دەزانم ڕام چییە و چۆنە یا چۆن بیر لە مەسەلەی ئافرەت دەکەمەوە. ڕای من لەو ڕووەوە جیاوازە، کە لەگەڵ هەڵلادا نیم و نە فێمێنیستم بۆ زاڵکردنی مێ هەوڵ بدەم، نە پیاوسالاریشم بۆ زاڵکردنی نێر کار بکەم نە لەگەڵ بۆچوونی باودا دەگونجێم. ڕەنگە ڕاسترین زاراوە لەو لایەنەوە بۆ بیرکردنەوەی من (هیومانیزم) بێ و لە نێوان زاڵم و زوڵملێکراودا لایەنی زوڵملێکراو دەگرم و بە پێی ئەوەش ژنیکی غەدرلێکراوی دیاریکراو و پیاوێکی غەدرلێکراو، هەردووکیان پشتگیری منیان، بە قەدەر توانا مسۆگەرە با بە وشە و ڕستەش بێ. نێر و مێ، هەر یەکەیان سروشتی خۆی هەیە و زەرووەرەت یا سروشت بە بێ دەستتێوەردانی عەقڵ یا ویستی زۆردار یا پەڕەمووچەی هونەرمەند، ئەو خەسڵەتانەی بە سەردا داون کە هەیانە و پێویستە هەیانبن. پێویستی بەردەوامبوون، ژنی کردووە بە ژن و پیاو بە پیاو، بە خۆیان و خەسڵەتەکانیانەوە کە تەواوکەری یەکترن... یەکێکیان هێزێک نییە چوویێتە سەر هێزی ئەوی تریان، وەک هێزی گاجووت بۆ زەویکێڵان دەچێتە سەر هێز و هۆشی جووتیار، بەڵکو تەواوکەری یەکترن و نەبوونی یەکێکیان نەمانی ئەوی تریشیانە. بۆ یەکتر، وەک (مانع الجمع)ی شەو و ڕۆژیش پێویست نین، بەڵکو وەک سپێنە و زەردێنە، کە پێکهاتەیان جیایە و بۆ تەواوکردنی بوونی هێلکە پێویستن، ئەوانیش ئاوها بۆ بوونی مرۆڤ پێویستن... باوەڕم وایە سروشت، ئەگەر لێی نەگۆڕین و سەری لێ نەشێوێنین هەڵە ناکات. ئەگەر کۆڵەواریی ژن لە ڕووی هۆشیەوە بۆ سروشت و بەردەوامی ژیانی مرۆڤ پێویست بوایە، ژن وەک کانییەکی بێئیرادەی بەخشندە و جوان دەبوو و یەک ژن نەدەبوو لە فیزیا و ئاسمانگەڕی و دەرمانسازی و هاوکێشە ئاڵۆز و ئاڵۆسکاوەکانی بیرکاری تێبگا و یەکێکیان لەو بوارانەدا نەدەبووە مامۆستای هەزاران نێرینەی وەکو من و تۆ.

سروشتی پیاو گەڕان و بزاوتنە و ئەگەر سروشتی ئافرەت و منداڵ جۆرێکی تر بوایە یا پێویستی ئافرەت جێگیربوون نەبوایە لە جێیەکی دیاریکراو بۆ حەوانەوە، لەو باوەڕەدا نیم ئێستا شتێک هەبوایە ناوی شار یا تەنانەت گوندیش بوایە. بەڵام ئافرەت پێویستی بە جێگیربوون بووە تا منداڵی خۆی بەخێو بکا و هێلانە ڕێکبخا بۆیە مرۆڤ نیشتەجێ بوو. واتە مرۆڤایەتی لە نیشتەجێبووندا قەرزاری ئەو سروشتەیە کە ئافرەت هەیەتی.

لەگەڵ دیاردەی فرەژنیداشدا نیم، بەڵام ڕام وایە لە کاتی قەیرانی پیاودا بە هۆی شەڕەوە، کە پیاو خۆی بەرپای دەکات و دەستاڕەکەی دەگێڕێ و هەندێ جاریش ئافرەت هۆکارە، بە ناچاری بۆ بەردەوامبوونی ژیان و ئەهوەنکردنەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی، فرەژنی باشترە لە پێهاوسەری دەیان هەزار ژن. ئەگەر بمانەوێ دیاردەی فرەژنی نەهێڵێن، دەبێ هۆکاری فرەژنی نەهێڵین. مەسیح شەڕی نەکرد تا فرەژنی حەڵاڵ بکا، بەڵام پێغەمبەری ئیسلام کردی و ئەنجامەکەی دیت و فرەژنی ڕەوا کرد. خۆ ئەگەر جێگۆرکێ بە سەردەم و ئەرک و کاری ئەو دوو پەیامبەرە بکەین، بڕیاریشیان لەو بوارەدا پێچەوانە دەبێ. لە کاتێکدا لە سەدا 60ی کۆمەڵگە ژن بێ، تۆ چارەسەری ئەو کێشەیە چۆن دەکەیت؟! ئێستا لە کوردستاندا، بە هۆی کوژران و ڕەوکردنی نێرەوە، کێشەی قەیرەیی و بێوەژنی لە ئارادا هەیە چونکە نێرینە کەمن... ئافرەت دەسووتێن و دەکوژرێن و خۆیان دەکوژن و جیاوازی ڕێژەی نێر و مێ یەکیکە لە هۆکارەکانی ئەو کارەساتانە. جگە لەوانەش، ئافرەت هەیە لە سەردەمی بەعسدا دەستدرێژی کراوەتە سەری و مێردکردنی لە خۆی حەرام کردووە، چونکە پێی وایە ئابڕووچوونی لێ ئاشکرا دەبێ، لە کاتێکدا ئەوە ئابڕووچوونی نەتەوەیەکە بە سەرکردەکانیشیەوە، نەک ئەوان. ئەوانە کێشەگەلێکی زۆر گەورەن لە ژیانی میللەتانی دواکەوتووی وەک عارەب و کورددا کە بەردەوام لە شەڕدان، چونکە بە زۆری نێرینەیان لێ دەکوژرێن و یەخسیر دەکرێن و نێرینەیان ڕەو دەکەن و سەری خۆیان هەڵدەگرن و لە زەریای ئیجەدا دەخنکێندرێن. باشە! با فرەژنی لەو بارودۆخەشدا خراپ بێ، بەڵام چار چییە؟! ئەو کێشەیە چی لێ دەکەیت؟! من ئەو پرسیارە ئاڕاستەی فێمینستە کوردەکان دەکەم کە ئەوەندە بە توندی بەو کێشەیەدا ڕۆچوون، ڕقیان لە نێرینەی بەشەرە. ناکرێ لە پێناوی مەبدەئی یەکسانی یا هاوسانیدا کۆمەڵگەیەک

تەفروتونا بکەیت. زۆر جار دەگوترێ بۆچی پیاو مافی هەبێ دوو ژنی هەبێ بەڵام ژن مافی دوو پیاوی نەبێ. وەڵامی ئەم (تەعن)ە لە ڕووی پراکتیکییەوە ڕوونە: لەبەر ئەوەی ژمارەی ژن زۆر لە ژمارەی پیاو زیاترە و ئاوهای لێ بێ، نەک کێشەکە چارەسەر ناکرێ، بەڵکو فرەوانتر و ئاڵۆزتر دەکرێ و قووڵتر دەبێتەوە... واتە ڕێژەی ژن زۆر لەوەی هەیە زیاتر دەکاتەوە. هەر بۆ جەدەل وا دانێ لە گوندێکی دابڕاودا پەنجا کچ و سیی کوڕی بێهاوسەر هەن. ئەگەر هەموو کوڕەکان هاوسەرگیری بکەن، بیست کچ بە بێ هاوسەر دەمێننەوە. تۆ دەسەڵاتت هەبێ چی لەو بیست کچە دەکەیت؟. من هەمبێ ڕێ بە بیست لەو کوڕانە دەدەم هەر یەکە و دوو ژنی هەبێ بە مەرجێ بە ڕەزامەندی کچەکان بێ و زۆرداری لە ئارادا نەبێ. وا نەکەیت کێشەی لە دووژنیی گەورەتر دەقەومێ، وەک بەردەوام لەم بارودۆخەدا قەوماوە و دەقەومێ. تۆ چارەسەرێکی لەوە باشترت هەبێ، یەکسەر و بێ دەمەتەقێ لە بۆچوونی خۆم پاشگەز دەبمەوە، بە مەرجێ چارەسەر بێ نەک خۆراکی ئایدۆلۆژیا و فەلسەفە و پێشکەوتنخوازی و نازانم چ مۆدە و مۆدێلێکی تر... چارەسەری کێشەکە بێ! ڕەنگە چارەسەری ئەو کێشەیە لای کەسێک مەسەلە نەتەوایەتییەکەی بە لاوە باس نەبێ، هاوسەرگیری نێودەوڵەتی بێ، وەک ئەو ژنە ڕووسییانە دەیکەن و لە ڕۆژاوا بازرگانییان پێوە دەکرێ و چ بە لاشیانەوە باس نییە.

عارەبەکانی دەوروبەری کەرکووک، کێشەی خۆیان ئاوها چارەسەر کردووە و خەریکە لە ڕێی فرەژنی لەو بابەتەوە، لە کەرکووک دەبنە زۆرینە. کابرا لە شەڕی قادسییەدا کوژراوە و ژنەکەی بە یەک دوو منداڵەوە ماوەتەوە، بەڵام ئەو ژنە مێردی بە شووبراکەی خۆی یا خزمێکی مێردەکەی خۆی کردۆتەوە و چوار پێنج منداڵی تری بووە و ئێستا، هیچیان بە هیچ نەکردبێ، بەرانبەر من و تۆ چەکدارن. بەڵام کورد، مەگەر بە دەگمەن کاری وای کردبێ بۆیە لە کاتی وەرگرتنی شەهیدانەدا، لەشکری بێوەژنی کورد وەک لافاو هەڵدەستێ. من دەزانم لە باری دەروونییەوە ئەوە چارەسەرێکی زەحمەتە بەڵام لە چارەسەرنەکردن ئەهوەنترە، وەک لە دیندا دەگوترێ دواچارەسەر داغکردنە!

لە بارودۆخی ئاساییدا، فرەژنی، کارەساتە... تا ڕاددەیەک پەروەردە و تەنانەت ئەخلاقیش دەشێوێنێ و گەلێ جار مرۆڤی ناساغ بەرهەم

دێنێ. بەڵام خۆ بە مانەوەی قەیرەکچ و بێوەژن، ئەخلاق پارێزراو نابێ. لـە ململانێـی ژمـارەدا دەروونناسـاغیش هێـز و دەنگـە و تـای تـەرازوو دەگۆڕێ و بۆشـاییەکی مـاددی پڕ دەکاتـەوە یـا لـە بـەرەی بەرنابـەردا دروستی دەکات.

ژن و پیاو مرۆڤن و سووککردنی لایـەکیان سـووککردنی سـەرجەمی مرۆڤایەتییە و باوەڕم وایە تا ژن لە هەموو کاروبارەکاندا ئـەکتیف نـەبێ (کـە دەبـێ خـۆی خـۆی ئـەکتیف بکـا و یاسـا پارێزگـاری لـێ بکـا) کۆمەڵگـەش بـە گشـتی ئـەکتیف نـابێ و دەبێتـە بوونـەوەرێک نیـوەی جەستەی مردبێ و بار بێ بە سەر نیوەکەی تریەوە. لـە بـری ئـەوەی ژنان، وەک منداڵی نەفام، بۆ خۆڕووتکردنەوە هان بدەین ـ کـە ئـەوەش بـۆ زەوقـی نێرینـەی خـاوەن دەسـەڵات و بڕیاربەدەسـتی فێمێنسـتی تیۆرست لەبارە و لە پێناوی زەوقی ئەواندایە ـ با بـە یاسـا خوێنـدن بـە سـەر ئافرەتدا بسەپێ تا هیچ نەبێ لـەم جیهانـە ئـاڵۆزەدا لـە خـۆی و ڕۆڵـی خـۆی تێبگـا. ئێسـتا، بـە نـاوی پێشـکەوتنەوە ژن کراونەتـە ئـەو پەیکەرۆکانەی لە بازاڕەکاندا دوامۆدەی جلی ژێرەوەیان لەبـەر دەکـەن. بوونەتە کەرەسـەی ڕیکلام بۆ قوماش و پێڵاو و بە خۆیـان و کەرەسـەی ڕیکلامبـۆکراوەوە، چەپکـەگوڵی سـەر مێـزی نێرینـەن... نێرینـەی دەسـەڵاتدار و نێرینـەی پێشـکەوتنخواز(!!) و خۆیـان، وەک تەنانـەت لـە ناولێنانیشـدا (ئافرەت و ژن) قسـەیان نییـە، هـیچ پەرچـەکردارێکیان لـە بـواری کەرەسـەبوونی خۆیانـدا نییـە! ئـەو سـووکایەتییەی لـە وڵاتـی ئێمەدا بە ئـافرەت دەکـرێ، لـە فرەژنییـەوە نییـە بـەڵکو لەوەوەیـە وەک کوێر دەستی دەگیرێ و بە جێیەکدا دەیپەڕێننەوە کە خۆیان دەیانـەوێ یا خۆی نایەوێ. بۆچی پیاو بە چل هەزار دەنگ بگاتە پەرلـەمان بـەڵام ژن بـە بیسـت هـەزار بگـات، یـا بـە چـوار هـەزار دەنـگ بگـات؟! لەبـەر ئـەوەی زەعیفەیـە؟! ئـەو ژنـەی ئـەوەی قـەبووڵ بـێ، بـە ڕاسـتی زەعیفەیە و پێویستی بە دەسـتگرتن و یارماتیـدانی (بـەهێزە) هەیـە!. خـۆ ژن عارەبانـە نییـە بـە پـاڵ ئـیش بکـات و پەککەوتـە نییـە بـە کـۆڵ گڕیدەیت. ئەوە ئەرز و ئەوە گـەز! چـۆن هـەزاران ئـافرەت توانییـان ببنـە ئەنـــدازیار و پزیشـــک و فڕۆکـــەوان و پێشـــمەرگە و گـــەریللا، بـــا هەندێکیشیان لە کوردستانی ئێمـەدام، بـە هاوسـانی دەنـگ لەگـەڵ پیاودا ببنە ئەندام پەرلەمان و وەزیر و لەگـەڵ وەرگرتنـی پۆسـتی وادا، مێرد بـە نـەیارە سیاسـییەکانی میللـەتی خۆیـان نەکـەن وەک ژنێکـی وەزێر لە بەغدا کردی! بەڵام خۆ هـەموو ئەوانـەی پۆسـتیان لـە بەغـدا

وەرگـرت مێردیـان بـە دەسـەڵاتدارانی بەغـدا نـەکرد تـا ئـەو کـارە ناشرینەیان بە سەردا تەعمیم بکەین!
کچـی لێهـاتووی نێزیکـی خـۆم هـەن ـ بـرازا و خوشـکەزا و ئـامۆزا ـ هەمیشە پێیان دەڵێم: کوڕان ئەگەر واز لە خوێندنیش بێنن، ناوشـانیان بۆ حەمباڵی دەشـێ، بەڵام ناوشانی ئێوە بۆ حەمباڵی نابێ... بخوێنن تا بنبە قوتابخانەی نەوەکانی داهاتوو. باوەڕ ناکەم کەس هێنـدەی مـن پشتی کچان بۆ خوێندن و پێشـکەوتن و ئـازادی بگـرێ چونکـە دەزانـم بناغـەی ئـازادی لـەو پەروەردەیـەوە دەبـێ کـە ئـەوان بـە نـەوەکانی خۆیانی دەدەن. بەڵام لەگەڵ ئەوەدا نیم بە یاسایەک ژنان بۆ کـارکردن ببەنە پێش... با مەودا بدرێ خۆی پێشـبکەوێ و جێـی خـۆی بکاتـەوە. من دەڵێم: نابێ قوتابخانەی کچان و کوڕان هەبێ، بەڵکو دەبێ تێکەڵ بـن و لـە یـەکتر نەبنـە دێـو و درنـج یـا لـوغز و مەتـەڵی ئـاڵۆز. بـەڵام لاساییکردنەوەی ئەوروپاش بۆ ئاستی هۆشیاری کورد و پیشەسازییە سـفرەکەی، لـە بـری ئـەوەی سـوودی هـەبێ زەرەری هەیـە چونکـە ئەوەی ئەوروپای گەیاندە ئەو ئاستەی ژن بکاتە بەشێکی هێزی کـار و بازاڕ، پیشـەسازییە نـەک پێچەوانەکـەی. واتـە: ئـازادی ئـافرەت نـەبووە هۆکار بۆ پەرەسـەندنی پیشەسازی، بەڵکو پەرەسـەندنی پیشـەسازی بـووە هۆکـار بـۆ ئـازادی ئـافرەت. بـەڵام (پێشـکەوتنخوازان)ی کـورد مەسـەلەکە لە کلکەوە لغاو دەکـەن بۆیـە بـە لایانـەوە ئاسـاییە ژنێکـی کورد بە پرێ منداڵەوە، لە ڕێی ئینتەرنێت یا مۆبایلـەوە دڵـداری لەگـەڵ قۆڵبڕێکی نەناسراوی دیجیتاڵدا بکات... ئەوە چاکە؟! ئـەوەی هەیـەتی لــە دەســتی دەدا بــێ ئــەوەی هیچیشــی دەســت بکــەوێ و سـەرگەردانیی منداڵەکانیشـی دەبنە سەربار، کە مرۆڤی پاشـەڕۆژن... لە ڕاستیدا دەبنـە مرۆڤـی ئـاڵۆز و سـەقەتی پاشـەڕۆژ و بـارگرانی بـە سـەر کۆمەڵگـەوە. لـە ناخـەوە بـاوەڕم وایـە تـا ئـافرەت ئـازاد نـەبێ کۆمەڵگەش ئازاد نـابێ بـەڵام ئـەو پێناسـەیەشـم بـۆ ئـازادی نییـە کـە نێرینەی چاوبرسـی بۆ ئافرەتی دەکات. چ پیاوەتییەک دەتوانێ بەرانبەر لـەیلا زانـای ئاڵابەسـەر سـەر بـەرز بکاتـەوە و شـەرم نـەیگرێت؟! چ نێرایەتییەکی خۆ بە یەکەمزان دادەڕزێ کاتێ کچە گەریللا بـە چەکـەوە دەبینێ بەرانبەر دڕندەترین سوپای دنیـا وەسـتاوەتەوە و دەجـەنگێت؟!
بە کەسـە نێزیکەکانی خۆم گوتووە و بە هەموو کچە کوردێکیش دەڵێم: ئـافرەت، لـە هـەموو جیهانـدا لـە نێرینـە ناسـکترن. ئەگـەر پـەی بـەوە بەریت، چی دەکەی بیکە و بۆ کوێ دەچیت بچۆ، چونکە دەزانیت چـی

دەکـەیت و بـۆ کـوێ درچیـت، بـێ ئـەوەی ببیتـە پـارووی ئاسـانی چاوبرسـی و دڕندە. لەو بـاوەڕەدام بانگاشـەی ئـازادی بـۆ ئافرەتـان لـە بـارودۆخی کوردسـتاندا، بـە گشـتی بانگاشـەیەکی هەڵەیـە ئەگـەر بانگاشـەی خوێندن و خۆپێگەیانـدن لـە پێشـیەوە نـەهاتبێ وەک چـۆن کۆمەڵگەی دواکەوتوو بە نێر و مێوە ئازادی و دیموکراتی ئەتک دەکـات، ئەوانیش ئازادی ئەتک دەکـەن. ئەگـەر نێرینـەی کـورد، کـە دەرگاشـی لێ دانەخراوە لە ڕەهەندی ئـازادی نـەگات، ئـافرەتی کـورد چـۆن و لـە کـام بـواردا بیخاتـە بـواری پراکتیکـەوە؟ چـۆن سـنووری ئـازادی منـداڵ لەگـەڵ هەڵکشـانی تەمەنیـدا فـرەوان دەبـێ، پێویسـتە لەگـەڵ هەڵکشانی هۆشیشدا فراون بـێ. ئـازادی دیارییـەک نییـە بەرپرسـان وەک پارچـە زەوی و دەفتـەرە دۆلار ببیەخشـن بـەڵکو تێگەیشـتن و هەڵسـوکەوتە و لـە خانـەوادەوە سـەرچاوە دەگرێـت. کچـە نەخوێنـدەوارێکی بیسـت سـاڵان کـە دەرەوەی ماڵەکـەی خـۆی لـێ کرابێتە (مەحەڕەمە)، کتوپڕ بـە یاسـایەک یـا بڕیارێـک ئـازاد نـابێ. ئـەو کیـژە، ناچـارە ئـازادی خـۆی سـنووردار بکـا و مەگـەر ئەوپـەڕی ئـازادی لەوەدا بخاتە بواری پراکتیکەوە، بە زۆر بە مێرد نەدرێ یا قـەبووڵ نکـات ژنبەژنی پێ بکرێ.

کاکە، کێشـەی من ئەوەیە بیرکردنـەوەم تەقلیـدی نییـە... واتـە هـیچ فەیلەسـووفێکی ئـەم بـوارە لـە بـری مـن بیـر ناکاتـەوە و ئەگـەر فەلسـەفەکەی لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵگـەی کـورددا نـەگونجێ یـا لـە بەرژەوەنـدی مەسـەلە نەتەوایەتییەکـەی کـورد نـەبێ، بـە لامـەوە ئاسـاییە ڕەتی بکەمەوە. بۆ ئەوەی پـێم بگـوترێ پێشـکەوتنخواز، نـاڵێم ژن و پیاو هاوسـانن. من دەڵـێم هاوسـانی لـە کۆمەڵگـەی ئێمـەدا، لـە نێوان نێرینەکاندا نەبێ، چۆن لە نێوان ژن و پیاودا دەبـێ؟. بـاوەڕت بـێ ئۆتۆمبیلێکی پۆلیسـی دەستی شێتۆکەیەک لە پشتەوە لە ئۆتۆمبیلی خزمێکی منی دا، کەچی یاسا کەوتە خزمەتی پۆلیسـەکەوە... دادوەر و نەخشـەکێش و دادگا و یاسـا، ئەو خزمەی منیان خەتابار دەرکـرد کـە لـە پشـتەوە لێـی درابـوو. بابـەتێکم لـە سـەری نووسـی بـەڵام یـەک دادپەروەر بەدواداچوونی بۆی نەکرد. ڕۆژێکیان لـە (مـروور) لـە ڕیزێکـی دوور و درێژدا وەستابووم تا (سـەنەوی) دەربکەم، ئەوەندە ماندوو بـووم جاروبار دادەنیشتم. ژنێکی شیک و چەکدار بە جوانی و وزەی لاوێتی، هاوتـەریب لەگـەڵ ڕیزەکـەدا بـە هـەنگاوی مەحکـەم ڕۆیشـت و بـەر لەوەی بگاتە پەنجەرەکە دەستێکی بۆ هاتـە دەرەوە و فایلەکـەی لـێ

وەرگرت. یەک دەقیقەی نەبرد فایلەکەیان دایەوە دەستی و بە ناز و عیشەوەوە، لووت لە ئاسمان، گەڕایەوە. بەر لەوەی بگاتە ئاستی من، بە دەنگی بەرز و بێزارییەوە گوتم: ئەمە یەکسانی نێوان ژن و پیاوە یا گۆڕینەوەی ڕۆڵیانە؟ بزەیەکی قەشمەریئامێزی کرد و بێ ئەوەی هیچ بڵێ ڕۆیشت. لەم کۆمەڵگایەدا ژنە بەرپرسیش بە سەر نێر و مێوە کەڵەگایە. ئەوە کەڵەگایی نییە؟! ئەوە، هەمان ئەو کارەیە کە نێرینەی دەسەڵاتدار ئەنجامی دەدا و بە سەر مافی من و تۆدا هەنگاو دەنێ. ئەمە بۆ کەسێک لە سوید ژیابێ زۆر زەحمەتە بەڵام لە کوردستان دەڵێن: زەعیفەیە با زوو بەڕێی بکەن!! یان دەڵێن: ئافرەتە و جائیز نییە لە ناو پیاواندا بوەستێ! من پێی ناڵێم زەعیفە و بە جائیزیشی دەزانم شان لە شانم بدا و مافی خۆی بەدەست بێنێ. من بەو ئافرەتە دەڵێم یەکێ لە کەڵەگاکانی دەسەڵات و چەکێکی زیادەشی خستۆتە سەر چەکەکانی تری.

لە کۆمەڵگەی ئێمەدا جیاوازی هەر لە نێوان نێر و مێدا نییە، بەڵکو لە نێوان دڕکدار و بێدڕکدا هەیە و ڕێکەوت وای کردووە، زۆرینەی بێدڕکەکان ئافرەت بن... ئای لەو ژنە ناهۆشیارەی بەخۆی دەبێتە دڕکدار و بێدڕک دەچەوسێنێتەوە!! وەک شیعەکانی عیراق تۆڵەی زوڵمی ئەزەلی لە نزیکترین کەسی خۆشی دەکاتەوە. سەد بە قەدەر نێر زاڵم دەبێ چونکە لەو بوارەدا تازەکوورەیە. هەندێ لە بەرپرسە ژنەکان نابینن چی دەکەن؟! بۆ چاوڕشتنیش سەفەری ئەوروپا دەکەن! خۆ کۆمەڵگەکەی ئێمە هەر لەو ڕووەوە وێران نەبووە، لە ڕووی چینایەتیشەوە بۆتە کاریکاتێر و ئەگەر مارکس زندوو بێتەوە سەر لە چین و توێژەکانی کوردی باشوور دەرناکات. کوا چینی کرێکار و کوا بۆرژوا و سەرمایەدار کێیە؟! ئێستا دوو چین لە باشووری کوردستاندا هەن، ماڵدز و ماڵدزراو... با مارکس گۆڕ هەڵتەکێنێ!

کێشەکە ئەوەیە دەسەڵاتداران و ڕووناکبیران ئازادیی ژنانیان لە پێناوی خۆیاندا دەوێ و من لە پێناوی هەموو کۆمەڵگەدا دەمەوێ... لە پێناوی ئەوەی داهاتوودا دەمەوێ کە مەرجی تەندروستییان بە هۆشیاری ئافرەت و تەندروستی هاوسەرگیری و بەختەوەری خێزانەوە وابەستەیە. کە ئەمە دەڵێم دەزانم لە ئەوروپا ئەو حیسابە نییە یا نەماوە. کاتێ لەو نهێنییە دەگەین کە ژن و پیاو وەک بەرپرسی منداڵبوون و پەروەردەکردنی منداڵ ببینین. بەچکەی بەشەر، ئەگەر لە ئەشکەوتیشدا بژێ، پێویستی بە چواردە پانزە ساڵ دەبێ تا دەتوانێ

خۆی بەڕێوەبەرێ. واتە ئەو ماوەیە پێویستی بە دایکیش و بە باوکیش هەیە. خۆ هەتا ئەوەیان پێدەگا، بە لای کەمەوە چواری تریش بە دوایدا دێن و ئەوەش دەکاتە ئەوەی کە هاوسەرێتی دەبێ سەرجەمی ژیانیان لە پێناوی پێگەیاندنی ئەو منداڵانەدا بگرێتەوە. کە تەمەنیشیان لە پەنجای ڕەتدا، تازە بە بێ یەک ناژێن. کەچی بەچکەی بزن (کار) هەر لە دایکی دەکەوێتەوە، دەکەوێتە سەر پێی خۆی و نزیکەی مانگێک پێویستی بە شیری دایکی دەبێ و باوکیش هیچ. لەبەر ئەوە، بزن پێویستی بە هاوسەرگیری نییە. بەڵام کۆتر، تا بەچکەکانیان گەورە دەکەن، دەبێ بە هەردووکیان دەوان بدەن و خۆراکیان بۆ بکێشنەوە و پێشتریش لە سەر هێلکە بە نۆرە کڕ بکەون. دەبینی کەڵەشێر و مریشک هاوسەرگیری ناکەن بەڵام چۆلەگە و کووکوختییەکان دەیکەن. جووجکەی مریشک هەر کە لە هێلکە دەردەچێ دەکەوێتە سەر پێی خۆی بەڵام جووچکەی کۆتر و چۆلەکە و کوکوختی، تا کاتی باڵگرتن لە هێلانە دوور ناکەونەوە. لە نهێنی هاوسەرگیری ناگەین ئەگەر تەماشای سروشتی بەچکەی زندەوەران نەکەین و شێوەی بەخێوکردنی بەچکەکانیان نەبینین. ئەوە بەچکەی ئەو گیاندارانەیە بڕیار دەدا نێر و مێ بە هاوسەریی بژێن یان بە جیا. بەچکەی کام گیانەوەر پێویستی بە بوونی دایک و باوکە، بەڵام دایک و باوکی بە هاوسەریی نەژێن؟ خۆ ئەگەر بشڵێین دنیا پێشکەوتووە و وەکو جاران نەماوە، مرۆڤ لە سەر سکەی سروشتیی خۆی لادەدەین و ملی بە ڕێگایەکی نائاشناوە دەنێین، با سەد هەڵدێری ملشکێنیش بێنە پێشی و بە پەندی بکەن وەک کە کردوویانە!

نەخێر سروشت، ئەگەر تێکی نەدەین یا لێی تێکنەدەین هەڵە ناکات. لەو ڕۆژانەدا بۆ دومەڵان، چوومە دەشتە بەرین و سەوز و جوانەکانی حەسار. ماوەیەک بوو باران کەم بوو. سەرنجم چووە سەر بنە کەنگری زەوییەکی چەگلان. گەڵاکانیان بە دەوری خۆیاندا پەرت کردبوو و پشتیانیان بە زەوییەکەوە نووساندبوو. ئەو ڕووەکە بێدەماغ و بێ جیهازی عەسەبییە، خاکەکەی بە گەڵای خۆی داپۆشیبوو تا ئەو تەڕاییەی تیایدا مابوو نەیێتە هەڵم و وشک نەبێ. هەر ئەو ڕەفتارەی کەنگر یا شتێکی لەو بابەتەیە خەڵکی فێر کردووە زەوی پاراو داپۆشێ و بە کەمترین ئاو شووتی ئاودار پێبگەیەنێ. فێمێنست و پیاوسالار قسە لە دیاردەی وا ناکەن چونکە بە زادی تیۆری و چەکی کۆمەڵگەی ڕۆژاوا بەڕێوە دەچن نەک فەلسەفەی کەنگری حەسار بۆ مانەوە و

بەردەوامبوونی جۆر. کێ ئەو کەنگرەی فێرکردووە گەڵای خـۆی ڕاخـات و زەوییەکە داپۆشـێ بـۆ ئـەوەی وشـک نـەبێ و لـە هـەمان کاتیشـدا ڕووی گـەڵاکانی لـە تیشـکی خـۆر بکـا؟! ئـەدی کـێ قەرسـیلی قەفکردووی گەرمیانی فێر کـرد لـە کـاتی بێبارانیـدا لـە قەفـەوە ئاونـگ بمـژێ نـەک لـە ڕەگـەوە؟! زەرووڕەت نـەبێ، کـێ کـۆتری فێـری هاوسـەرگیری کـردووە؟! ڕەشـەوڵاغ هاوسـەرگیری ناکـەن چونکـە گوێرەکەکانیان پێویستیان بە هاوسەرگیری داک و بابیان نییە. ڕووەکی سوید زەوی بە گەڵا ڕاناخـەن چونکـە زەوییـان هەمیشـە تـەڕە، بـەڵام باڵایان بەرز دەکەن و گەڵاکانیان بەرەو خـۆر هەڵـدەپڕن چونکـە خۆریـان کەمە و لـە ململانێـی بەدەسـتهێنانی تیشـکی خـۆردا، زۆریـان دەبنـە قوربانی. ئەگەر بە وردی تەماشای دار و درەختـی سـوید بکـەیت، بـە بـێ کۆمپـاس ئاڕاسـتە جوگرافییـەکان دەزانـی چونکـە لای سـێبەری دارەکان، کە بەرەو باکوورە، گەڵایان کەمترە.

من وا دەڕوانمە یاساکانی ژیان و سروشت و ناتوانم خـاتری خـۆم یـا کەسی تر بگرم. خۆ ئەگەر بە بەڵگە بیسەلمێنیت کەنگر بـۆ دڵـداری و فرەمێـردی، یـا بـۆ مەبەسـتێکی تـر گـەڵاکانی خـۆی ڕادەخـا نـەک بـۆ وشکنەبوونی خاک و نەمردنی خۆی، هەزار جار دەڵێم دەست خۆش! من لە لێکدانەوەکەمدا هەڵەم!

ژنە فەرمانبـەرێکی دەزگایـەکی ڕەسـمی سـویدی گـوتی: کێشـەی ئێوەی پەنابەران لەم وڵاتـەدا ئەوەیـە دەڕواننـە شـەقامەکانی سـوید و چی دەبینن لاسایی دەکەنەوە. لە سـەر شـەقامەکان چـی دەبینـن؟! ئامێز بەیەکدا کردن و مەستبوون و ماچکردن و دڵـداری. بـەڵام ئاگاتـان لەوە نییە خەڵکانی تر لـە هـەمان ئـەو کاتـەدا کـە ئێـوە ئـەو دیمەنانـە دەبینن، لە ماڵەوە خەریکی خۆپێگەیاندن و خوێنـدن و خوێندنـەوەن، یـا لە کارگـە و شـوێنە هەسـتیارەکاندا خـەریکی پەرەپێـدانی بەرهـەمن. ئەوانەی پاشـەڕۆژی ئەم وڵاتەیان بە دەستەوە دەبێ، ئەوانەی ماڵـەوە و ئەو شوێنانەن نەک ئەو مەستانەی سەر شەقامەکان. ئێوە لە کـوێ ئەوانــە ببینــن؟! خــۆ ســەردانی ئــەو ماڵانــە ناکــەن و ڕەنگــە هــەر نەشیانناســن! دوایــی بــە دەم پێکەنینــەوە گــوتی: ئەوانــەی ســەر شـەقامەکانیش بـۆ کرێکـاری و گسـکدان و خزمـەتگوزاری تـر پێویسـت دەبن!

ئەو قسـەیەی ئەو ژنە سوودی بۆ من زۆر بوو. ئـەی بـۆ تـۆ؟! ئـەی بـۆ خەڵکی تری کـورد؟! ئێمـە لاسـایی لایەنـە نـەرێتی و ڕووکەشـەکانی

ئەوروپا دەکەینەوە نەک جەوهەری ئەوروپا. لەو باوەڕەدام ئەگەر درۆ لووتی خەڵکی درێژ بکردبا، لووتی ئەو نووسەرانەی ڕەواج بۆ توڕرەهات پەیدا دەکەن و ملی خەڵکی ساکاری کوردی پێ دەشکێنن، دەبووە مەترێک. ئەوان، بە ئاگاییەوە درۆ دەکەن و ڕێبازی سەرلێشێواندن پیشانی خەڵک دەدەن و بە خۆشیان چ ڕێگایان نییە لەوەڕ نەبێ.

با ئەوەش بۆ گوتەکانم لە بارەی ئافرەتەوە زیاد بکەم کە باسی ئافرەتان بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیرە فرسەتخوازەکان بابەتێکی ئاسانە و زوو دێتە دەست. کە باسی ئافرەت دەکرێ، خەلقەندەیەکی بەستەزمانی بێئیرادەی وا لە زەینی بیسەردا پێک دێ، مێش لە خۆی پاس ناکات... هەر خەریکی دڵداری و مکیاج و خۆسووتاندن و مەتبەخە و نە مامۆستایەکی زانکۆیان تێدا هەڵکەوتووە نە پزیشکێ نە ئەندازیارێک، تا ئەوەی ئافرەتان خۆیان تاقیبی نێرینە دەکەن نوێنەرایەتییان بکەن. ئافرەتانی کورد لەم سەردەمەدا، هەست بە لاوازییەک دەکەن هەرگیز، تەنانەت لە سەردەمی عەشرەتگەراییشدا ئەو هەستەیان نەبووە. تەنانەت لە سەردەمی بەعسیشدا بەرەنگارییان کردووە و بەهێز بوونە. بە کورتییەکەی، ڕاگەیاندن و سیاسەتمەداران و ڕۆشنبیرە دەستڕۆیشتووەکان ئافرەتیان بەستەزمان و بێدەسەڵات کردووە تا ئەندازەی منداڵی ساوا کە دەبێ چاودێری بکرێ، یەکێتییە ئافرەتییەکانیش ڕۆڵی تەواو پێچەوانەی مەبەست دەبینن.

ماوەیەک زاراوەی "شەرەفپەرستی" لە ناو نووسەراندا، بە تایبەتی ئەوانەی لە بواری ئایدۆلۆژیدا شکستیان هێنابوو، برەوی هەبوو. ئەوەش هەر بۆ ڕاکردن بوو لەو زوڵمەی کە لە ئافرەتی کورد دەکرێ یا کراوە. چ بارسووکییەکە دەرپێی ئافرەت بە تانک و زیلی سوپای بەعسەوە ببینی و شەرەفت لەق نەبێ و خەمی پێ نەخۆیت. چ ئاسوودەییەکە هەژدە کچە کورد وەک ئاژەڵ بە مەلهاکانی میسر بفرۆشرێن و خۆت بە شەرەفمەند بزانیت! چ بەختەوەرییەکە ئەمنی بەعس کچی کورد دەستگیر بکات و دوایی، بە دوو سێ منداڵەوە ئازاد بکرێ و ئۆف نەکەیت! ئافرەت ئەو کاتە بووە بە شەرەف، کە تاڵان دەکرا و من وای دەبینم کە شەرەفی کورد لە مەلهاکانی میسر هەڕاج کراوە. هەڵە لەوەدا نابینم ئافرەت لە بارودۆخی کورددا شەرەف بێت بەڵکو لەوەدا دەیبینم خاک شەرەف نەبێت... من گەرەکمە

خاکیش وەک ئافرەت شەرەف بێ... شەرەفی ژن و پیاوی کورد بێ و هەموو کورد دروشمی کڕینەوەی ئەو شەرەفە بەرز بکەنەوە نەک لافی بێشەرەفی لێ بدەن!

**35. کاراکتەر و توخمی کوردبوونمان سیخناخە بە ساویلکەیی، بەزەیی و شەرم. کەم کەس و لایەنمان هەیە ڕەپوراست گوزارشت لە چەمکی کوردبوون و ڕەهەندەکانی بکات. ئەوەی لەم میانەدا جێی پرسیارە بۆ بەشێکی هەرە زۆری سیاسی و ڕۆشنبیری کورد ناسنامەی خۆی لەژێر لێوەوە دەردەبڕێ و تورکی و ئێرانی عێراقی و سوریبوونی خۆی پێش دەخات و ئینتیمای بۆ کوردستان دەرناپڕێ؟**

و: سەرچاوەی هەموو خەسڵەتە نەرێنییەکانمان، چ وەک تاک و چ وەک کۆمەڵگە و حیزب و لایەن، جا ساویلکەیی و خۆشباوەڕی بێ یا شەرم و پەراوێزیی یا ڕەفتاری خیانەتکاری، یا ئارەزووی کوشندەمان بۆ کورسییەکی نامسۆگەری دەسەڵاتی تەنانەت گوندێکیش بێ، هەمووی و هی تریش، بۆ ئەو ژێردەستییە بەردەوامەمان دەگەڕێتەوە کە مێژوویەکی دوور و درێژمان لەگەڵیدا بە سەربردووە، ئەوجا سەرنەکەوتنمان لە هەر هەوڵێکدا کە بۆ دەربازبوون داومانە. ئەوەی دووەمیان تووشی بێئومێدیشی کردووین، بۆیە خیانەتکاریمان بۆتە جمکی شۆڕش و ڕاپەڕینمان و ئەو دووە، واتە شۆڕش و خیانەت، بە بێ یەکتر نابن! ئەگەر ئێستا شۆڕشێکی وەک ئەوانەی هەتا ئێستا هەبوونە بەرپا بێ، خەتی خیانەتکاری لەگەڵیدا دەخولقێ چونکە بۆچوونێک لە ناخی یەکەیەکەی کورددا جێگیر بووە: ئەمڕۆ بێ یا سبەی، بە تێکشکاوی یا لە ڕێی گفتوگۆوە، جێگەمان هەر ئامێزی داگیرکەرەکەیە! هەتا ئێستا شۆڕشێکمان نەبووە لەو دوو ئەنجامە پارێزراو بووبێ... تێکشکان یا گفتوگۆ، کە دووەمیشیان هەر تێکشکانە! سیاسەتمەدارانی کورد، لە هەموو کەس باشتر ئەو ڕاستییە دەزانن بۆیە زۆر بە زەحمەت باسی داگیرکەر وەک داگیرکەر دەکەن و باسی کوردستانیش وەک وڵاتێکی داگیرکراو دەکەن. بە پێچەوانەوە، ئەوان لە داگیرکەر زیاتر خۆیان بە دەوڵەتی داگیرکەرەوە دەبەستنەوە: قەبووڵ ناکەن کەس لە خۆیان ئێرانیتر و عیراقیتر... بێ!

ئینتیما بۆ کوردستان، بۆ کوردی ژێرچەپۆکەی داگیرکەران ئاسان نییە لە کاتێکدا ناوی کوردستان یا زمانی کوردی لە هەندێ لەو وڵاتانەدا کە کوردستانیان داگیر کردووە نایاساییە. مرۆ ئەگەر بتوانێ دەستبەرداری کوردبوونی خۆی بێ، تورکیایی، سوورییایی، ئێرانی یا عیراقی بێ بێکێشەترە، با لایەکێ هەست و ڕۆحی کەلێنیشی تێبکەوێ. بەڵام مرۆ بەو شێوەیە بەتاڵ بکرێتەوە چ واتایەک بۆ بوونی دەمێنێ؟! دەستبەردان لە کوردبوون، وەک کوردبوون، بەڵام بە شێوەیەکی تر، نەک هەر ئاسان نییە، بگرە جۆرە مردنێکە و مرۆڤ وا لێ دەکا ببێتە شەست حەفتا کیلۆ گۆشت و خوێنی بێ ناوەڕۆک. سڕینەوەی کوردبوون ئاڕاستەکردنی ئاوە بەرەو ژوور و ناسروشتییە. ئەگەر ئینتیمای نەتەوایەتی بۆ کورد زەحمەت بێ و تاکی کورد بۆ ئەو ئینتیمایە پەروەردەش نەکرێ کارەساتەکە گەورەتر دەبێ. دەبینی خەڵک شانازی بە ئینتیمای خۆیانەوە دەکەن، کە ئێمە ئەو شانازییەمان نەبێ هەست بە بچووکبوونەوە دەکەین تا ئاستی سفر، ئەو ڕەهاییەش لە بچووکبوونەوەدا، مەگەر لە بیرکاریدا خەیاڵ بۆی بچێت... هەست دەکەین هێلانەیەک نییە بمانگرێتە خۆی و گەرممان بکاتەوە. ئامێزێکی مەزنی خوایانە نییە سۆزمان بداتێ. ئەو هەستە وا دەکا بەرانبەر هەموو کەس و لایەنێک خۆمان بە پەراوێز بزانین. ئێستا نازانین بوونی دەوڵەتی سەربەخۆ چ تام و لەزەتێکی هەیە، بەڵام دەبینین میللەتان بە چ خۆشییەکەوە باسی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دەکەن و لە هەموو بوارێکدا کار بۆ سەرخستنی دەکەن: جەنگ و وەرزش و ئاواز و جلوبەرگ و خۆراک و هونەری نیگارکێشان و شەترەنج... بواری ململانێی نێوان نەتەوەکانن و هەموان خۆکوژانە کار بۆ سەرکەوتنی نەتەوەییانەی خۆیان دەکەن. ئێمەش وەک مرۆ، دەمانەوێ ئەو شانازییەمان هەبێ، ئەو وزە پاڵنەرەمان هەبێ و بۆ سەرکەوتن لە کێبڕکێی هونەری و زانستی و وەرزیشدا جۆشوخرۆش بمانگرێ، نەک بۆ هەر سەرکەوتنێکی داگیرکەر، لە هەر بوارێکدا هەناومان بێتە خوارەوە. کە دەبینین دەوڵەتی کورد دوورەدەستە، باوەڕ بە خۆمان دێنین... نا، خۆمان دەخەڵێتێنین: با سنوور لە نێوان میللەتاندا نەمینێ و باوی دەوڵەت نەماوە و جیهان بۆتە گوند. خۆ هەر لە ئێستاوە بۆ ئێمە سنوور نییە و دنیا گوندە و بستێکیش لە پێش کەسەوە نین. تۆ بڵێی ئێمە لە میللەتان بەختەوەرتر و سەرکەوتووتر بین و ئەوان چاو لە ئێمە بکەن یا هەوڵ بدەن وەک ئێمە بن؟! ئێمە

ڕازی بین یا ڕازی نەبین، وڵاتان ڕێزی سنووری یەکتر دەگرن و هەر یەکەیان لە ناو سنووری خۆەیدا، وەک لە ئامێزی دایکدا بێ حەساوەیە و ڕێزی گیراوە و پاشەڕۆژی مسۆگەرە.

منیش پێم وایە (ئەگەر) میللەتان پێکەوە هەڵبکەن و مافی یەکتر بپارێزن و کەس غەدر لە کەس نەکا، دنیا لەوە خۆشتر دەبێ کە ئێستا هەیە، بەڵام ئەوە خەیاڵێکی ساویلکانەیە و هەر بە خەیاڵی یەکگرتنی کرێکارانی جیهان دەچێ، کە بە دڵنیاییەوە بە دوای یەکگرتنی تلیاککێشەکانیشدا نایەتە دی. هەر میللەتە و بەرژەوەندی خۆی دەبینێ و هەر یەکەیان بەرگری لە خۆی دەکا و دیوی ناوەوەی سنوورەکانی خۆی ئاوەدان دەکاتەوە. ئێمەی بێ کیان، شتێکمان گەرەکە نایەتە دی، برایەتی و تەباییەک ئاواتمانن لە پشتەوەی یۆتۆپیاوەن، چونکە یۆتۆپیا هیوای چاکترکردنی بارودۆخە لە دوای گۆڕینی واقعێکی دیاریکراو، ئەگەرچی مەرجیش نییە بێتە دی. ئەگەر دروستبوونی دەوڵەتی کوردی مەحاڵیش بێ، لەوە مەحاڵتر نییە کورد و میللەتە سەردەستەکان هاوسان و برا بن، کەچی کار بۆ ئەم مەحاڵەیان دەکەین و ئەوی تریان پشتگوێ دەخەین... کار بۆ یەکگرتنی کرێکارانی دنیا دەکەین کە مەحاڵ بەرانبەری شەرمەزارە، کەچی کار بۆ مەحاڵێک ناکەین بە لای کەمەوە مافێکە و نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەموو گەلان دانیان پێدا ناوە. دەوڵەتی کوردی مەحاڵیش بێ، لەوە دوورەدەستتر نییە، دەسەڵاتی بەغدا، ئەگەر لە دەستی مەلایەکەتیشدا بێ، جیاوازی نێوان ئێمە و خۆیان نەهێڵێ. ئێستا ئەوەی لە کوردستان پێی دەڵێن هەرێم و من بەش بە حاڵی خۆم هەزار کەموکورتی تیادا دەبینم و پاشەڕۆژی دەمترسێنێ، بە بەراورد لەگەڵ شوێن و شارەکانی خوار حەمریندا، مەیلەو ئەوروپایە. کەچی ئەوان چاویان ئەوە نابینێ و دەیانەوێ وەک لای خۆیان بێ. هەوڵ نادەن بەغداش وەک هەولێر بێ، بەڵکو دەیانەوێ هەولێر وەک بەغدا وێرانە و خوێناوی بێ چونکە هەولێر سەر بە بەغدایە.

نەبوونی دەوڵەت دەردێکی کوشندەیە و میللەتەکەت سەرگەردان دەکا و هیچ کەس و لایەنێک نییە دەسەڵاتی بەغدای بە دەستەوە بێ و خێری کوردی گەرەک بێ. گۆران محەمەد قسەیەکی نەختێ توندی هەیە، دەڵێ: "عارەبێک نییە باش بێت و یەکێکی دیکەش خراپ، بەرامبەر بە کورد، هەمیشە عارەبێکی خراپ و یەکێکی خراپتر هەیە". ئەوە دربڕینێکی نەختێ تۆخە. من، لەگەڵ داوای لێبوردنم لە

کاک گۆران، کەمێ ئەو دەرپڕینە دەگۆڕم: دەسەڵاتدارێکی بەغدا نییە باش بێت و یەکێکی دیکەش خراپ، بەرانبەر کورد، هەمیشە دەسەڵاتدارێکی خراپ و یەکێکی خراپتر هەیە. باشبوونی دەسەڵاتی بەغدا لەگەڵ کورددا دەستبەردانە لە شانازییە مێژووویییەکانیان و ئەوەش ناخیان بەتاڵ دەکاتەوە: ڕابردوویان هیچ و ئێستایان هیچتر دەکا. ئەوە قەبووڵ ناکەن بۆیە ناتوانن بەرانبەر بە کورد ڕەفتارێک بکەن، شایستەی مرۆڤ بێت نەک کۆیلە.

عەدنان پاچەچی، لە شەرقولئەوسەتدا باسی ئەوە دەکا کە کورد وەک میللەتێک مافی خۆیەتی سەربەخۆ بێ و دەڵێ: ئەگەر کورد بوایەم ئاواتم بۆ دەوڵەتی کوردی دەخواست. بەڵام کاتێ نوێنەری عیراق بوو لە نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەوەی نەدەگوت بەڵکو بە توندی دژی خواستی کورد دەوەستایەوە و ساڵی 1963 کاتێ مەنگۆلیا چەوساندنەوەی کوردی لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا باس کرد، پاچەچی هار و شێت بوو و مەسەلەکەی وەک کێشەی ناوخۆی عیراق خستە ڕوو. ئێستاش، ئەگەر دەسەڵات وەرگرێتەوە، بە دڵنیاییەوە با دەداتەوە. پاچەچی عارەبێکی باشە بەڵام ناتوانێ بەرانبەر بە کورد دەسەڵاتدارێکی باش بێت. هەر ئەم شیعانە نەبوون لە سەر خوانی کورد دەلەوەڕان و شانی کوردیان لە دژی سەددام دەگرت و باسی مافە ڕەواکانی کوردیان دەکرد؟ ئەوەتا ئێستا گەورەترین بەربەستن لە بەردەم مافەکانی کورددا و هەمان سیاسەتی بەعس لە تەعریبکردنی کوردستاندا پیادە دەکەن و ئەوەی بەعس پێی تەواو نەکرا، بەو شەقوشڕییەی خۆیانەوە لە سەری بەردەوامن و تەواوی دەکەن. ئەگەر کورد ئەوانە نەبینێ کوێرایی داهاتووە و ئەگەر بیبینێ و خۆی لێ گێل بکا، بازرگانێکە و کەرەسەکەی خوێن و چارەنووسی کوردە و بە لایەوە گرنگ نییە ئەم نەتەوەیە چی بە سەردا دێ و چارەنووسی بە کوێ دەگا.

من باوەڕ ناکەم کورد ساویلکە بێ، بەڵام هەستی بچووکی کوشتوویەتی. خۆ شیعەکانیش ئەو هەستەیان هەبوو، بەڵام بەرانبەر بە کورد هەرگیز نەیانبووە. ئەوانیش سەدان ساڵە دەچەوسێنەوە کەچی ئێستا دەرفەتیان قۆستۆتەوە و خۆیان بوونەتە چەوسێنەر و بڕیار دەدەن مافی کورد چەند بێ و چۆن نەبێ.

ئێستا حاڵی حازر کورد ئاهەنگ بۆ ئەوە دەگێڕێ کە مام جەلال دەکرێتەوە سەرۆککۆماری عیراق. بەسمانە! سەرۆککۆمار کورد بێ،

ئیتر مافی کورد چ واتایەکی نامێنێ. هەر دەڵێی شـۆڕش بـۆ کورسـی سـەرۆککۆمار و وەزیری دەرەوە کراوە و خوێن بۆ ئەو دوو کورسییە ڕژاوە و هەر لە سـەر ئـەوەش ئـەنفال کـراوین داوای ئـەو دوو کورسـییەمان کردووە. مام جەلال، یا هـەر کـوردێکی تـریش کـە بـووە سـەرۆککۆمار، یەکەم ئەرکی ئەوە دەبێ جیـاوازی لـە نێـوان گـەلانی عیراقـدا نـەکا و نەبێتە پارسـەنگی هیچ لایـەنێک، بـە تایبـەتی پارسـەنگی کـورد. ئیتـر نـازانم بـوونی کـورد بـە سـەرۆککۆماری عیـراق یـا وەزیـری دەرەوە یـا سـەرۆکی پەرلەمان چی دەگۆڕێ. کە لە ماوەی ئەو سـاڵانەی دواییـدا سـەرۆککۆمار کـورد بـوو چیمـان دەسـت کـەوت؟! کـەرکووک گەڕایـەوە سـەر کوردستان یا قەزا و ناحیە داپڕاوەکانی کەرکووک گەڕانـەوە سـەر کەرکووک؟!

ئاهەنگێڕانی کورد و هەڵپەڕینی بە بۆنەی هیچـەوە، خـۆی لـە خۆیـدا جێی سـەرنجە. ڕەنگە نەبوونی خۆشـی، گـۆڕان، هـەر گۆڕانێـک خـۆش بکـا و بیکاتـە بۆنـە. سـەرکردە دەسـتگیر دەکـرێ، ئێمـە بـۆ دەرپەڕینـی ناڕەزایی هەڵدەپەڕین. عافوات دەردەچێ، هەڵدەپەڕین. تێکدەشکێین، هـەر هەڵدەپـەڕین. کـێ بـاوەڕ دەکـا دوای شـۆڕشـی ئـەیلوول و گەڕانـەوەمان بـۆ دیوانییـە، پێشـمەرگەی بێچـەک گۆرانییـان گـوتبێ و هەڵپەڕیبن و عارەبی دیوانییەیان سەرسام کردبێ؟!

ڕۆژیکیان لە کەرکووک، پەڕۆی سـەوز و زەرد شـەقام و کۆڵانـەکانیان گرتبۆوە و ئەو خەڵکە ڕێی دەربازبوونیان لـە یـەکتر گرتبـوو و منـیش بـە ئۆتۆمبیلـەوە ڕێـم گیرابـوو و وەسـتابووم. ئۆتۆمبیلێـک پـڕ بـوو لـە کـوڕی گەنج، کە سینگیان لە جامەکانـەوە دەرکردبـوو و بـە جۆشـوخرۆشـەوە هاواری بژی بژییـان دەکـرد، ئۆتۆمبیلەکـەیان بـە تەنیشـتمەوە وەسـتا. گوتم: کاکە چی بووە؟ یەکێکیان گـوتی: یاسـای بـەڕێوەبردن دەرچـوو. گوتم: کەرکووک بۆ کورد دەستنیشـان کـراوە؟! بـە جـۆرە پێکەنینێکـەوە تەماشای یەکتریان کرد. یەکێکیان گوتی: وەڵـڵا نـازانم! منـیش گـوتم: ئیتـر بـۆچی وا دەکـەن؟! وەڵامەکـەیان پێکـەنین بـوو و لـە سـەر ڕاوەشـاندنی پـەڕۆ موبارەکەکـەی خۆیـان بـەردەوام بـوون. بـە لای ئەوانەوە گرنگ نەبوو کەرکووک سەر بە کوێیە، بـەڵکو گرنـگ ئـەوە بـوو هاوار بکەن و نەفەسـێک بـەو وزە قەتیسـماوەی ناخیـان بـدەن! بـژەی فلان و بژی فلانی تر! دەبا بژی، پیاو!

**36. سـەرانی حیزبـی کـوردی سـاڵەهایەکە بـە دروشـم و میکانیزمی برایـەتی نێـوان کـوردی داگیرکـراو و دابەشـکراو و داگیرکـەری ئیسـتیتانی کـار دەکـەن و چەنـدی پێیـان بکرێـت تێدەکۆشن و ووزەیەکی زۆر خەرج بکەن تا هارمۆنییەک لـەم میانـەدا بخـوڵقێنن. بەرهـەمی ئـەم ئەقڵێتـە هـەتا هەنووکـە سیاسـەتەکانی ئـەتاتورک و خومـەینی سـەددام و ئەلئەسـەدی بـۆ کـورد لـێ کەوتۆتـەوە. سـووربوونی کـورد لەسـەر ئـەم سیاسـتە سـەقەت و زڕە بـەلای ئێـوەوە بـۆچی دەگەڕێتەوە؟**

و: دەبـێ ئێمـە دەسـت لـەوە بشـۆین سـەرانی ئێسـتای کـورد بـەو دابەشـبوونەی ئێسـتایانەوە بـەرەو ئازادیمـان ببـەن چونکـە ئـەوان بـە ڤایرۆسـی داگیرکەر بارگاوین و لێی ڕەها نابن. ئەگەر هیچیشـمان پـێ نـەکرێ، دەبـێ هـەوڵی گۆڕانکـاری لـە بیرکردنـەوەیان بـدەین. ئـەوان خـەریکی بازرگـانین و چەنـد دەوڵەمەنـدتر دەبـن و سـەرمایەیان زیـاتر دەبێ و لە ئامانجە نەتەوەییـەکانمان دوورتـر دەکەونـەوە و لـە هـەمان کاتـدا تونـدتر دەسـت لـە دەسـەڵات گیـر دەکـەن. ئـەوان، تەلیسـمی دەوڵەمەنـدبوونیان شـکاندووە و نهێنییەکـەیان دۆزیوەتـەوە... پێویسـتە تەلەسـمی سـەرفرازییان بـۆ بدۆزینـەوە. بنـی دنیـا دەپشـکنن و لـە کەسـانێکی گوێڕایـەڵی خۆیـان دەگـەڕێن کـە لـە قسـەیان لانـەدەن و زۆریان لەوانە دۆزیوەتەوە و بـە هـیچ جۆرێـک کەسـێکیان نـاوێ بتـوانێ بڵێ "نا"!. وەک گوتم، خەریکی ڕامکردنی کوردن بۆ داگیرکەران چونکە سـوودی بازرگانییان لەوەدایە و ژیانیان لـە سـەر ئـەوە هەڵدەسـووڕێ. جارێکی تریش دەیڵێمـەوە ئەوانـەی توانییـان بـۆ مـاچکردنی سـەددام ڕیزبن کە تا تەوقی سەری نوقمی خوێنی کورد بوو، هەر ئەوەیان لـێ چاوەڕوان دەکرێ کە ئێستا بەرهەمەکەی دەبینین. هـەر ئـەوەیان لـێ چـاوەڕوان دەکـرێ کـەرکووک بـدۆڕێنن تـا کورسـییەکی سـیادی (لـە ڕاسـتیدا کارتۆنی) لە بەغدا وەرگـرن. ئـەوان کـورد بـۆ برایـەتی لەگـەڵ داگیرکەری وڵاتیان و بکوژی کەسوکاریاندا گۆش دەکەن و تا ئاسـتێکی زۆر سـەرکەوتنیان لـەوەدا بـە دەسـت هێنـاوە، بـەڵام چـی لـە بەرانبەرەکەمان دەکەن و چۆن ئەوان بۆ برایـەتی گـۆش دەکـەن؟! پـێم وایە گرنگ نییە ئەوان پلەی برایەتییان چەندە، گرنـگ ئەوەیـە ئێمـە بـە ڕەزامەنـدی خۆمـان تەسـلیمی ئـەو پیلانـە دەبـین. بـە دڵنیاییـەوە لـە

سیاسـەتی ئەسـەد باشـتر نـابێ بـەڵام بەرانبەرەکـەی وەک خالیـد بەگداشیش دەستبەرداری کوردبوون بێ هـەر لێـی ڕازی نـابن. تـەنها بەوە لێی ڕازی دەبن یا نـەمێنێ یـا خزمـەتکار بـێ. ڕاسـتترین تـەعبیر عیسـمەت ئینونـو، یـا سـەرکردەیەکی تـورکی وەک ئـەو گوتوویـەتی: ئەوەی لە تورکیادا تورک نەبێ تەنها ئەو مافەی هەیە خزمـەتی تـورک بکا. لە ڕاستیدا ئەوەی لە عیراقیشدا عـارەب نـەبێ هـەر ئـەو مافـەی هەیە خزمەتی عارەب بکات و ئەو برایەتییـەی سـەرانی کـورد باسـی دەکـەن، ئەوەیـە... خزمـەکار بـین. سـەرانی کـورد بـە کۆیلایـەتی و خزمەکاریمان شاگەشکە دەبن و هەر بەو ئاڕاستەیەماندا دەبەن نـەک برایەتییەک کـورد لەگـەڵ عارەبـدا یەکسـان بکـات. سیاسـەتمەدارانی کورد خەریکی ڕاهێنانی گەنجی کوردن بۆ جاسووسیتی و خزمـەکاری و بچـووکی، تـا ئامادەیـان بکـا هـەموو ئەوانـە بـۆ داگیرکـەران بکـەن. نەمبیسـتووە ئەفسـەری سـەردەمی بـەعس جگـە لـە موراسـیلێک سەربازی تری لە ماڵی خۆیدا ڕاگرتبێ، کـەچی ئەفسـەری کـورد ئـەو سـووکایەتییە بەچەکـداری دەوری خـۆی دەکـات و هـەر دەبـێ پێشیبگوترێ پێشـمەرگە!! بارەگاکان، هیچ کارێک بـۆ چەکـداری خۆیـان نەدۆزنەوە، تەکلیفیان دەکەن بچن بگەڕێن و گوێ بگرن تا بزانن خەڵک باسـی چی دەکەن... ئەم ڕاهێندراوانە بۆ سووکبوون و جاسووسـیتی، هەر دەبێ بە پێشـمەرگەش ناویان بهێندرێ. ئەرێ ئەمە سووککردنی پێشـمەرگەش نییـە، وا شـەڕیش لـە سـەر ناوەکـەی دەکـرێ؟! بـە ڕاستی لە سای ئەم هـەرێم و هەرێمایەتییـەدا خـەریکن نەفسـیەتی بەرزی کورد تێکدەشکێندرێ و ئـەوەش بـە پـیلان و مەبەسـت ئـەنجام دەدرێ.

نـازانم سـەرکردایەتی حیزبـەکان چ دڵێکیـان بـەوە خـۆش دەبـێ سـەرکردەی کۆمـەڵێ نەفسـنزم و جاسـووس و کۆیلـە و ئامـادەی کۆیلایەتی بن؟!

گەڕاندنەوەی کەرکووک بۆ سـەر هـەرێمی کوردسـتان بۆتـە مەتـەڵ و سـەد ئەگـەری لـە بەردەمـدا قـوت کراوەتـەوە. بـەڵام بـە بـێ ئەگـەر و مەگەر دەتوانرا ئـەو ناوچانـەی لـە کـەرکووک دابـڕاون بگەڕێنـەوە سـەر کەرکووک و بەو شێوەیە کورد تیایدا ببێتـە زۆرینـەی ڕەهـا. بـەڵام ئـەوە ناکـەن چونکـە تـەرازووی پـەنجا بـە پـەنجا نـەختێ لـەنگ دەبـێ. سـەرەکوەزیرانی عیـراق ئۆبـاڵی جێبەجێنـەکردنی مـاددەی 140ی لـە ملی خۆی داماڵی و خستیە ئەستۆی سەرۆکایەتی کۆمـارەوە، بـەڵام

کە چ وەڵامێکی نەدرایەوە، دیارە ڕاستە!... ئێمە خۆمان نامانـەوێ ئـەو ماددە مەتەڵە جێبەجێ بکرێ!

تەنانـەت بەعسـیش جاروبـار، بـۆ خۆڵڵـەچاوکردنیش بـووبێ باسـی برایەتی دەکـرد بـەڵام ئەمانـەی ئێسـتا سیاسـەتی چەڵەمەشـکاندن لەگـەڵ کـورددا بـەڕێوە دەبـەن و هـەوڵ دەدەن لـە ڕێـی باسـکردنی بودجەوە کەرکووک لە بیری کورد بەرنەوە و لە بمانخەنـە سـەر خـەتی مان و نەمان. برایەتی میللەتان کـاتێ دێتـە دی چەواندنـەوە لـە ئـارادا نەبێ. بەڵام کە کـورد بـەردەوام چەوسـاوە بـێ، باسـکردنی برایـەتی تاوانێکـە دەبـێ وەک سـزادانی زیناکـار سیاسـەتمەداری لـە سـەر بەردباران بکرێت! ئەنفالچی و ئەنفالکراو چۆن بە برا دەبن و ئـەنفالکراو چۆن باوەڕ بە ئەنفالچی دێنێ؟!

شۆڕشکردن و دروشمی برایەتی، گەمەیەکە، مەگەر هـەر بـە سـەر خەڵکی ساویلکەدا تێپەڕێ. کوشتن و برایـەتی درۆیەکـە ناچێتـە هـیچ جەواڵێکـەوە! ئەوانـەش وەک بەعسـێتی و کوردایـەتی تێکئـاڵاون و وەختێ بە خۆمان دەزانین پێشمەرگە فایلی هەیە و سوڵتان هاشم و خەزرەجی بەرپرسی موخابەرات ئەندامی سەرکردایەتی خۆمانن! من باوەڕ بەوە دەکەم، بەڵام ئاڕاستەی زانیارییەکان بە پێچەوانـەوە بـووە... زانیاری لە ناو شۆڕشـەوە بـۆ بەعسـییە کوردکوژەکـان چـووە نـەک بـە پێچەوانەوە.

هۆکـاری قـەبوولکردنی ئـەو جـۆرە گاڵتەجاڕییانـە، لـە لایەکـەوە بـە کاریزمـاکردنی سـەرکردەیە، لـە لاپـەکی تـرەوە بـە شـەیتانکردنی سـەرکردەیەکی تری کوردە کە لەگەڵ ئـەو کاریزمایـەدا ناتەبایـە. واتـە، هیچ لێکدانەوەیەکی ژیرانەی لە پشتەوە نییە.

**37. لەو مێژووە شکشتخواردووەی هەمانە بە چ پرۆژەیەک و چـۆن دەتـوانین کەسـایەتی تـاکی کـورد تێبهێنینـەوە و سەرلەنوێ داڕێژینەوە؟**

و: ڕەنگـە زیـادەڕۆیی نـەبێ ئەگـەر بڵـێم: هـەرچی سیاسـەتمەدارەکانمان ئـەنجامی دەدەن، پێچەوانەکـەی ڕاسـتە. مامۆستا مەسعوود محەمەد دەڵێ: "ئەگەر کەوتیتە سـەر دووڕێیانێـک و نەتزانی کامیان هەڵبژێری، پرس بە حیزبەکانی خۆمـان بکـە، ئـەوان کامەیان پەسەند کرد، تۆ ئەوی تریـان هـەڵبژێرە و لێـی دڵنیابـە". ئـەم

قسـەیە گەمـە نییـە. ئەگـەر لێکدانـەوە و شـیکردنەوە بـۆ ئـەو قسـەیە بکـەیت، هیچـی تـرت نـاوێ و لـە هـەموو مەتەڵـەکان دەگـەیت. لـە کوردسـتان چـی ڕاسـتە؟ هـەولێر بۆتـە دوبـەی؟! مـن پـێم وایـە ئـەو پارەیەی بۆ مکیاجکردنی هەولێر سەرف کـراوە بـۆ گـۆڕینی جەوهـەری هەولێر سـەرف کرابا، پاشـەڕۆژی کـورد مسـۆگەرتر دەبـوو. لـە هـەموو لاوە پـیلان لـە کـورد دەکـرێ و کـورد خۆشـی، خـەریکی پیاسـەی نـاو باخچە جوانەکانە. لە هەموو لاوە چاڵ بـۆ کـورد هەڵدەکەنـدرێ و کـورد خۆشـی، لە ڕێی کەناڵە تەلەڤزیۆنەکانەوە، خەریکی ڕووتبوونەوەیـە لـە هەموو بەهایەکی ئەخلاقی. ئـەوە سیاسـەتی خەتەنەچییەکانـە! لـە شـوێنێکی تدا باسـم کـردووە: خەتەنـەچی، کـە لـە گـەرمیان، کـورت و کرمانجی پێیان دەڵـێن کێربـڕ، سیاسـەتێکی سـەیریان هەیـە. هـەموو کەرەسـەکان ئامادە دەکـەن و منداڵەکـەش، بـە خـۆی و ئامێرەکەیـەوە دادەنـێن. ئـەوجا بـە منداڵەکـە دەڵـێن: ئـەها ئـەوە حوشـترێکە لـە بـن میچەکـە! منداڵەکـە سـەر هەڵـدەبڕێ و لـە چاوترووکانێکـدا نـووکی ئامێرەکـەی فـت دەبـێ و حوشـتریش دەبێتـە پەڕەسـێلکە! شـێوازی کارکردنی سیاسـەتمەدارانی کوردیش وەک سـەرقاڵکردنی هەندێ لە ڕۆشنبیران، شێوازی ئەو کێرپڕانەیـە و حوشـتریان لـەو خەڵکـە کردۆتـە پەڕەسـێلکە! کـاتێکیش بـە خۆمـان دەزانـین نـەک هـەر کـەرکووکمان دۆڕاندووە، کوردستانیش، بە هەولێر و مەولێرەوە فـت کـراوە! دە تـۆش لـە داخانـدا بچـۆرە پـارکی سـامی عەبـدولڕەحمان و بـە نـاو سـەدان گـەنجی عـارەبی بـرادا پیاسـەیەک بکـە. دوبـەی لـە دەوری سـەری پارکەکە گەڕێ!

من لەو باوەڕەدام تاکە چارەسـەرمان تێگەیشـتنی دەروونـی خۆمانـە. لـە ڕاسـتیدا، بـاش دوژمنـی خۆمـان دەناسـین بـەڵام جـارێ خۆمـان نەناسیوە چونکە ڕێگەی خۆناسینمان نەدراوە. کەی زانیمان بۆچی لـە دۆڕاندنیشـدا هەڵدەپـەڕین، دەکەوینـە سـەر ڕێـی ڕاسـت. لـە سەرۆکجاشـێکی ناوچـەی شـوان دەگێڕنـەوە، سـوپای بـەعس ئیڤایـەکیان بـە سـەربازێکی شـوفێرەوە دابـوویێ تـا لـە جێیەکـەوە بـۆ جێیـەکی تریـان بگوازێتـەوە. سـەرۆکجاشـەکە ویسـتبووی بـۆ شـەڕی پێشمەرگە، جێیەک بچێ و پرسوڕای کردبـوو. لـە ئەنجامـدا دەڵـێ: بـا پرسـێک بـە "خەڵـەف"یش بکـەین بـزانین ئـەو دەڵـێ چـی؟! ئـەوە ئەوپەڕی زەلالەتـە لـە نـاخی تـاکی کورددا و ئەرکـە لـە سـەر هـەموو کوردێکی دڵسۆز، هەوڵی چارەسەرکەدنی بدات.

**38. میللـەتان لـە ئەفسـانە و خـەیاڵات و بابەتگـەلی هەڵبەستراو قارەمان و سەرکردە و مێژوو بۆ خۆیان دروست دەکـەن. کـەچی ئێمـە بـێ هـیچ بنەمایـەکی کوردانـە یـان پێشـینە و خوێندنەوەیـەکی رۆشـنبیرانە و رەخنەگرانـە کەوتوینەتـە گیـانی کەسـایەتی و سـیمبۆڵەکانی ئـەو چەنـد لاپەڕەیـەی سـەروەرییەکانی مێژوومـان. بـە دیـدی ئێـوە بـۆ بەشێکی کورد خەریکی بێبەهاکردنی رابردوو و ئێستایە؟**

و: ئێمـە کـە دەڵێـین فڵانـە سـەرکردەی کـورد قارەمـان یـا لێهـاتوو یـا دڵسـۆز بـووە، یەکسـەر ئـەنجامی قارەمانێتییەکـەی بـەرەو ڕوومـان دەوەسـتێتەوە و وەک دیـوار ناوچـەوانمان بـەری دەکـەوێ. هـەر بـۆ نموونە، سمکۆی شکاک قارەمـان و کوردپـەروەر و دڵسـۆز بـوو، بـەڵام ئـەنجامی قارەمـانێتی و دڵسـۆزییەکەی چـی بـوو؟! قـازی محەمـەد قارەمان بوو و خۆی کردە قوربانی میللەتەکەی، بەڵام لە ئەنجامـدا بـە کوێمانی گەیاند؟! مـەلا مسـتەفا قارەمـان بـوو و لـە دەسـتی ئێـران و عیـراق و تورکیـا، بـە خـۆی و پێنجسـەد جـەنگاوەرەوە دەربـاز بـوو و گەیشتە سۆڤیەت، بەڵام کورد بە کـوێ گەیشـت؟! خوانەخواسـتە لـە پایەی بەرزی ئەو مەردانە کەم ناکەمەوە بەڵام ئایە ئێمە داستانمان بۆ خۆبەکوشتدان و دەربازبوون دەوێ یا ڕزگاری نەتەوەیی و سەرفرازی؟. ئەو زاتە بەرزانە نەیانتوانی کوردستان ڕزگار بکەن بۆیە شـەڕ لـە سـەر ڕۆڵیان دەکرێ، ئاخۆ ئەرێنی بـووە یـا نـەرێنی. ئەگـەر شـێخ مـەحموود سـەرکەوتوو بوایە تەوقەکردنی لەگەڵ ئینگلیـزدا بـە فەقیانـەوە یـا بـێ فەقیانە، نەدەبووە جێی باسی کـورد. کەسـایەتییە گـەورەکانی کـورد، هـەرچی بـووبن، بـە داخـەوە لـە ئاسـتێکدا نـەبووون کوردسـتان ڕزگـار بکەن. من کەس لەو زاتانە بە دڵسۆزتر نازانم کە ناوم هێنان، ئەوانیش لـە هـەوڵ و تێکۆشـانیاندا سـەرکەوتوو نـەبوون. واتـە هـەرە مـەزن و قارەمانی ئێمە ناسەرکەوتوون، بەڵام قارەمـانی میللـەتان لـە بوارێکـدا سـەرکەوتنیان بـە دەسـت هێنـاوە و وەک قارەمـان ماونەتـەوە. کـورد خەڵکی وای هەبووە لە سیاسـەتدا لە ئاسـتی ئەتاتورکـدا بـێ، بـەڵام نـەبوو بـە ئـەتاتورد چونکـە دەوڵـەتی بـۆ کـورد دروسـت نـەکرد. کـورد پێویسـتی بـە کەسـایەتییەکە بتـوانێ ببێتـە ئـەتاکورد و ڕێخـەڵۆکی هـەڵرژاوی نەتەوەکـەمان گردوکـۆ بکاتـەوە، بـەڵام خۆمـان، بـە چـەکی پێشکەوتنخوازی بەرەنگاری دروستبوونی کەسێکی وا دەبینەوە. دیاکۆ

قارەمانی کوردە چونکە پێکهێنەری دەوڵەتی مادەکانە و ڕەنگە تاکە کەسایەتی سەرکەوتوو بێ لە مێژووی دوور و درێژی کورددا، کەچی بۆ ئەوەش هەمانە باوەڕ نانکەن کورد بۆ مادەکان بگەڕێتەوە.

هیچ کەسایەتییەکی کورد بەوە نایێتە کەسایەتی گۆڕەکەی پرازێندرێتەوە و پارەی لێ سەرف بکرێ، بەڵکو ئەو هەنگاوەی بەرەو سەرفرازی ناویەتی دەیکاتە قارەمان یا نایکات. ئەوپەڕی قوربانی کە مرۆڤ دەتوانێ لە پێناوی نیشتماندا بیدا، لە دەستدانی گیانی خۆیەتی کە ئیتر چ داوای تری لێ ناکرێ، بەڵام ئەوە شەهیدبوون بوو سمکۆی شکاک بە دەستی هێنا یا باوەڕهێنان بوو بە کەسانێک کە نەدەبوو باوەڕی پێیان هەبێ. قاسملۆ لە هەوڵی دروستکردنی دەوڵەتی کوردستاندا شەهید بوو یا لە هەنگاوی دابەزین لەو مافەوە بەرەو هیچ؟. من قاسملۆ بکەمە قارەمان و داستانی بەرەنگاربوونەوە یا ئەویش وەک سەرانی حیزبەکانی باشوور لە هەوڵی گفتوگۆدا قارەمان و داستان بوو؟ قارەمانانی کورد، ئەوانەن کە شەهید بوون نەک ئەوانەی کە سەرکەوتنیان بە دەست هێنا، کە نەیانهێنا. ئێمە کە بە قارەمانانی خۆماندا هەڵدەڵێین، دەلاوێنینەوە. بۆ ئەو غەدرەی لێی کراوە و ئەو پیلانەی بۆی داڕێژراوە. هەمزە ئاغای مەنگوڕ قارەمان بوو... داستان بوو... مایەی شانازی بوو، بەڵام جگە لەوەی شینی بۆ بگێڕین چی بۆ بەجێ هێشتین؟!

جگە لەوانەش، کورد خۆی حەزی لە قارەمانی خۆی نییە و تاقیبی قارەمانانی میللەتان دەکا. بزانە چ داستانێک بۆ ئیمام عەلی هەڵدەبەستین! بزانە سەربازە عارەبەکان کە کوردستانیان وێران دەکرد، چۆن لە کورد بوونەتە ئەسحابە و قارەمان!

لە بواری فکریشدا بێگانەپەروەرین و بیرمەندی خۆمان پێ بچووکە. هەتا بیرمەندی خەڵک وەستابن، مەسعوود محەمەد و جەمال نەبەز کێن؟! هەتا مەحموود دەرویش وەستابێ عەبدوڵلا پەشێو و شێرکۆ بێکەس خەڵکی کوێن؟!

بەڵام بە کورتی، قارەمان و سیمبۆل، سەرکەوتنیان دیارییان دەکەن نەک قوربانیدانیان. ئێمەش سەرکەوتوومان هەبا، ڕۆژگارمان جۆرێکی تر دەبوو... بژی، لە پێناوی بژیدا و پرووخێ، لە پێناوی ڕووخاندندا... مادام ڕقم لێیەتی پرووخێ و مادام خۆشم دەوێ با بژێ و هیچی تر! سەرانی ئەمڕۆی کورد ئیمکانی ئەوەیان هەیە لە ڕێی سەرکەوتنەوە ببنە قارەمان و سیمبۆلی نەتەوەیی، چونکە ئەو بوارەیان هەیە. بەڵام

نە بەختی خۆیان ئەوەندە یارە ئەو دەرفەتە بقۆزنەوە نە بەختی کورد ئەوەندە لەبارە هەڵکەوتوویەکی وای هەبێ.
لە سنووری ئەفسانەشدا، ئێمە خۆمان بووینەتە ئەفسانەی میللەتان و لە جنۆکە کەوتووینەتەوە. ئەوەی هەشمانە بۆ ڕەزامەندی نەیارانی خۆمان هەمانە. ئەژدەهاک ئەفسانەیە... پیاوێکی زاڵمی سێ سەرە. دوو لە سەرەکانی بوونەتە مار و خۆراکیان مۆخەسەری لاوانە. ئەگەر ئەوە هەڵبەستراو و دروستکراوی خەیاڵی کورد بوایە، نەدەبوو ناوی ئەژدەهاک بێ. ئەژدەهاک، (ئاستیاگ) بوو و کەسێکی ئاوها دڕندەش نەبوو. ئاستیاگ سەر بە مادەکان بوو و ڕۆژی ڕووخانیان کردە دەستپێکردنی ژیانەوە. بەڵام ئەو داستانە لە ناخماندا سەپاوە و زەحمەتە بتوانین بگەڕێینەوە سەر ڕاستی مەسەلەی نەورۆز و ئاگرکردنەوە. تەنانەت باسکردنی شتی وا، بە خراپە دەشکێتەوە: هەر ئەوەمان هەیە ئەوەشمان لێ تێکدەدەن. وەک پێشتریش گوتم، من ناتوانم بەو شێوەیە یادی نەورۆز بکەمەوە، بەڵکو بۆ نەریتی پێشوازیکردن لە ڕۆحی باوباپیران و بەڕێکردنەوەیان یادی دەکەمەوە.

**39. دەسەڵاتی تورک شێخی پیران و عەبدوللسەلام بارزانی و سەید رەزای لە سێدارە داوە و شێخ سەعیدی باوکی شێخ مەحمودی نەمر و دەیان سەرکردەی تری شەهید کردووە . دەسەڵاتی فارس سمکۆ و قاسملۆ و شەرەفکەندی نمەکحەرامانە و بە فرتوفێڵ شەهید کردووە. دەسەڵاتی عەرەبیش لەمان باشتر نەبووە. خوێندنەوەی تۆ بۆ ئەم دیاردەیەی مێژوومان چییە؟ لەرووی سۆسیۆلۆژییەوە چۆن کورد لەم هاوکێشەیەدا هەڵدەسەنگێنیت؟**

و: لەو باوەڕەدام لە سەردەمی بەعسدا بچوویتایەتە کۆشکەکەی سەددام و بتگوتبایە دەچم سەرکردەیەکی کورد دەکوژم، بە سەلامەتی لە کۆشکەکە دەرنەدەچوویت و دەکوژرایت. بەڵام لەماڵی خۆت دانیشتبایت، بۆ کوشتنی پێشمەرگەیەکی ساکاری کەمکاریگەر ڕاپێچیان دەکردیت. دوای مەلا مستەفا، پیلانی کوشتن لە کێ کراوە؟! هەرچی کرابێ، دەزگا سیخورییەکان خۆیان ئاگاداریان کردۆتەوە تا خۆی بپارێزێ. یەک دوویەک ژەهرخوارد کران، بەڵام

دەرکەوت ئەوەش مەسەلەی تر بووە نەک پیلانی بەعس، چونکە لەوانە فایلداریان تێدا هەبوو.
بەعس چەندین پیلانی لە مەلا مستەفا کرد و تەنانەت هەندێ کەسیشی پێدا تەقاندنەوە چونکە مەلا مستەدا لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتی بەغدا و گەمە موخابەراتییەکانی بەغدادا بوو. بەڵام ئەوانی تر، لە گەرمەی شۆڕش و شەڕدا، داوە مووەکەی معاوییەیان لەگەڵ بەعسدا نەپساند تا ئەوەی گوتیان: بەڵێ سوپای عیراق پێویستی بە پشوو بوو بۆیە ئاگربەستمان ڕاگەیاند. ئێستا خەریکە دەردەکەوێ لە گەرمەی شۆڕشدا کورد... یا سەرانی کورد خەریکی چ گەمەیەکی جهەننەمی بوون.
شێخ سەعیدی پیران و عەبدولسەلام بارزانی و قازی محەمەد و سەید ڕەزا شەهید کران چونکە بێ ئەملاوئەولا سەربەخۆییان دەویست. داگیرکەری کوردستان لە کۆیلایەتی کەمتریان لە کورد بویستبا نەدەبوو قاسملو و شەرەفکەندی بکوژرێن چونکە ئەوان نەیاندەویست کوردستان لە ئێران دابڕن. لە ڕیزی سەرانی کوردی باشووردا تەنها مەلا مستەفا شەڕی مان و نەمانی لەگەڵ بەغدادا دەکرد و هەر ئەویش چەندین پیلانی کوشتنی لی کرا. ڕەنگە هەندێ لەوانی تر وردە پیلانیان لێ کرابێ بەڵام هەر لە ڕێی خۆیانەوە بۆیان ئاشکرا دەکردن.
مەلا مستەفا، بەرانبەر بەعس و هەموو دەسەڵاتدارەکانی بەغدا کێوێک بوو و بەرەو بەغدا نەدەبزوا. دەسەڵاتدارانی بەغدا، ئەوەیان دەزانی بۆیە بە لایانەوە زۆر گرینگ بوو بیفەوتێنن بەڵام هەرچییان کرد درزێکی ئەوتۆیان نەدۆزییەوە زەفەری پێ بەرن... ئیبراهیم گاباری یەکێ بوو لەوانەی تەکلیف کرابوو مین بە مەلا مستەفادا بتەقێنێتەوە بەڵام زوو خۆی ئاشکرا کرد و باجی ئەوەشی بەوە دا تەمەنیک لە بەندیخانەکانی سووریا بە سەر بەرێ بێ ئەوەی کەسە نێزیکەکانی مەلا مستەفا پرسیاری بکەن یا لە سەری بەدەنگ بێن. پێم وایە ئێستا، لە پەراوێزێکدا، لە هەولێر کەوتووە... ئاخر مرۆڤێک ڕابردووی جێی شانازی بێ، بە زەحمەت جێی دەبێتەوە.

**40. کاریگەریی گرانی هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول بە بیرکردنەوە و کارەکانتەوە بە زەقی دیارە. هۆکەی ئەوەیە خۆت پێشمەرگەی ئەو شۆڕشە و لە نزیکەوە بەشداری**

**کارەساتەکە بوویت و بەچاوی خۆت هەرەست دیوە؟! یان تارمایی تەڵخ و رەشی رووداوەکانی هەرەسە لێتناگەڕێ؟**

و: هەردووکیان. بە ڕاستی من کوڕی شۆڕش و هەرەسم نەک تەنها شۆڕش. ڕەنگە شۆڕش دروستی کردبم بەڵام هەرەس کردمیەوە بە هەویر و شێلامی و دروستی کردمەوە. لە ڕێی هەرەسەوە تێگەیشتم زەلالەت چییە، چونکە بە پراکتیک پیشانی دام. هەستم وەک هەستی باوکێک بوو تاقە کوڕێکی هەبێ و هەر کە دەستی داری گرت، جوانەمەرگ بووبێ. شۆڕشێکمان هەبوو، فڕۆکەی دەخستە خوارەوە و تانکی تێکدەشکاند و بە چەکی سپی شەڕی دەکرد و لێوای ئەوەندە و فەوجی ئەوەندەی تێکدەشکاند و سەرۆککۆمار و وەزیرە عیراقییەکان دەهاتنە لای سەرکردەکەی. کوڕگەلێک لە مەیدان بوون هەر یەکەیان لە دڵی تاکە تاکەی سەربازی دوژمندا عیزرائیلێک بوو. وشەی پێشمەرگە، بە زمانی ئاگر لە دڵیاندا نووسرابوو و دەیسووتاندن. جاش، ئەگەر مەبدەئییان لێ دەرکەین، کەم بوون. خائین کەم بوون. بازرگان کەم بوون. فایل یا نەبوو یا کەم هەبوو. هیوای کورد لە چڵەپۆپەدا بوو. ناڵێم هەڵە نەبوو، بەڵام کەم بوو. خەڵکەکە، بە تایبەتی پێشمەرگە گلەیی لە سەرکردەی خۆی کەم هەبوو بە تایبەتی مەلا مستەفا. هەبوو قەدری نەدەزانی بەڵام وەرە با بەراوردێکی لەگەڵ مەلایەکەتێکی ئێستادا بکەین و من یەک نموونە دەهێنمەوە:

کە شەڕی 1974 دەستی پێ کرد، من ساڵێک بوو پێشمەرگە بووم و خەڵکی دەوروبەری خۆم دەناسین و بە پێی ئاسۆی ئەوسای بەرچاوم، چاک و خراپم لێک جودا دەکردەوە کاری خراپی هەندێ لە بەرپرسەکانم پێ ناخۆش بوو، بە تایبەتی واسیدە و واسیدەکاری و دیاریکردنی (مەعاش)ی ئەو خەڵکەی کە تازە دەهاتنە ڕیزی شۆڕشەوە بە پێی میزاجێک کە دواتر دەرکەوت بە مەبەستی ڕەنجاندنی ئەو گەنجانە بوو. دوای دەستپێکرنەوەی شەڕ، هەندێ تابووتیان بە بەر چاوی ئەو خەڵکەوە دانابوو بۆ شەهیدان! ئەو جۆرە کارانەم پێ باش نەبوو. لەگەڵ هەڵبوونی ئاگری شەڕدا، فڕۆکەی دەوڵەتی عیراق شەو و ڕۆژ بۆردومانی دەکرد و هێزی بەرگری میللی لە چۆمان چرا و لایتیان بە خەڵک دەکوژاندەوە تا چۆمان لە فڕۆکەوانەکانەوە دیار نەبێ. ئەمە، چەند کاریگەری هەبوو یا نەبوو،

باسـی مـن نییـە، بـەڵام باسـی مـن ئەمەیـە: حـاجی هـادی تـۆپزاوا لەگــەڵ دەســـتەیەک بـــەرگری میللیـــدا بـــە دەوروبـــەری چۆمانـــدا دەسووڕانەوە تا کەس لایت و چـرا پێنـەکات. دوو جێـب بـە لایتـەوە لـە چۆمانـەوە، بـەرەو دەربەنـد و حـاجی ئۆمـەران دەرچووبـوون. حـاجی و یـارانی، بـە کڵاشـینکۆفەوە پێشـیان پێیـان گرتبـوو و چەکیشـیان لـێ ڕاکێشابوون. فەرمانیان دابوو: ئەو لایتانە بکوژێننەوە!! فڕۆکـە ناوچەکـە بۆردومان دەکا!

حاجی لە یەکێ لە جێبەکان دەچێتە پێشەوە و فەرمانەکەی دووبـارە دەکاتـەوە. پیاوێـک لـە جێبەکـەدا بـە شـوفێرەکە دەڵـێ: لایتـەکان بیکوژێنەوە! حاجی تەماشـای دەکـا و دەیناسـێ. مـەلا مسـتەفا بـوو. چەکەکەی لادەبا و پێـی دەڵـێ: ئەزبـەنی ببـوورە نـەمزانی جـەنابتی. ئەویش گوتبووی: نا کاکە، هەقی خۆتە و پێویست ناکـا داوای لێبـوردن بکەیت... تۆ ڕاست دەکەیت!

لــە ســـەر داوا و خواســـتی چەکـــدارێکی بـــەرگری میللـــی، مـــەلا مستەفای سـەرۆکی شـۆڕش و پـارتی و کـورد و هـەموو شـتێک، بـەو تاریکەشـەوە بـە بـێ لایـەت ڕۆیشـت. کـام کادیرۆکـەی ئـەمڕۆ ئـەوە قەبووڵ دەکات؟ ئاخر مەلا مستەفا ئاوها بووە مەلا مستەفا و ڕەفتاری لەو جۆرەی ئەو پیاوە، لایەنە خراپەکانی دەسڕییەوە. ئەگـەر ڕەفتـاری مەلا مستەفا وا نەبوایە، من بۆچی بەمانەی ئێستا بـەراوردم دەکـرد؟! خۆ ئەو پیاوە نە باوکم بوو نە باپیرم تا حورمەتی باوکایەتییەکەی بگـرم و لە بارێکی وەهاشدا نیم بێ لێکدانەوە خەڵک بکەمە پێغەمبـەر. پیـاو سـەرکردەی وای هـەبێ پشـتی قایمـە و هیـوای بـەرزە. تەنانـەت لـە کاردانەوەی پیلانی جەزائیریشـدا، ئەگەرچی ئەو دەمـە هەسـتم پێـی نەدەکرد و وەک ئێستا بیرم لێی نەدەکردەوە، کارێکی کـرد هـەر دەبـوو ئەوە بکا و هەر کەسێکی تر لە جێـی ئـەو بوایـە ڕەنگـە شـتێکی تـری کردبا. لـە سـەرووی ئەوانەشـەوە، مـەلا مسـتەفا نـەچووە دیوەخـانی دوژمن تا بە مانگ و دوو مانگ بکەوێ و چاوەڕوان بێ سکرتێرێک پێـی بڵـێ: وەرە بـۆ خزمـەتی سـەرۆکی فەرمانـدە! سـەرۆک و مـەرۆک دەچوونـە خزمـەتی ئـەو! مـەلا مسـتەفا کەسـایەتی تـاکی کـوردی بەرانبەر دوژمن بەهێز کردبوو و لە سایەیدا کورد خۆی پێ گـەورە بـوو. بەڵام هەرچی دەکـرد سـەرکردە چەپـەکان لێیـان هەڵدەوەشـاندەوە و ئەوانەی دوای خۆشـی پێچەوانـەیان کـردووە... کـورد بچـووک بچـووک بـووەوە تـا وای لـێ هـات، سـوڵتان هاشـم و نـزار خـەزەرەجی ببنـە

شۆڕشــگێڕ و ئەنــدامی حیزبــی کــوردی... ئیتــر نــازانم ئــەو جووتــە ئەفســەرە کوردکــوژە، وەک دوو بەعســیی کاریگــەر بــەو دووســەری و فایلدارییەی خۆیان ڕازیی دەبن یا ڕازی نـابن! ئەگـەر ئـەوەیان کردبـێ، ئایە بەعسییەکانیش وەک کـورد لێبوردنیـان بـۆ دەردەکـەن و خـەڵاتیان دەکەن یا قوڕقۆشمی تواوە بە گەروویانـدا دەکـەن؟! سـوڵتان هاشـم، کە ناوی کیژەکەی ئەنفال بێ، تۆ بڵێی بۆ کڕینەوەی ژیـانی خـۆی ئـەو سـەرشــۆڕییە قــەبووڵ بکــات و ڕازی بــێ لــە نــاو بەعســدا پیــاو و دەستچێنی حیزبە کوردییەکان بـێ؟! خۆزگـە دەمتـوانی ئـەو پرسـیارە ئاڕاستەی خەزرەجی و سوڵتان هاشم بکەم!

لە ناو شـۆڕشـدا لە خەڵکی دڵسۆزەوە نێزیک بـووم و دڵسـۆزانە کـارم دەکــرد. لایەنــە نێگەتیڤــەکانی شۆڕشــی ئــەیلوول، بــۆ بیــرەوەری لێدەگەڕێم ئەگەر ڕۆژێـک بڵاویـان بکەمـەوە. کەسـێک لەگـەڵ حوسـێن فەیلیدا کار بکا چۆن دڵسۆز نابێ؟! کەسێک لەگەڵ خەسـرەو تۆفیقـدا کار بکات چۆن وردەکار نابێت؟! کەسێک کاکە حەمـەی عـەزیز و فـەتاح ئاغا و نووری حەمـە عـەلی و فـەرهاد عەبـدولقادری ئەوسـا کاژیـک و دواتر پاسـۆک و... ئەوانەی ناسیبێ یا  هاودەمیان بووبێ، چۆن لـە نـاو شـۆڕش و کوردایەتیدا ناتوێتەوە؟! حوسێن فەیلی هەموو شـۆڕشـی بـە هی خۆی دەزانی و وای دەکردە هزری دەوروبەری خۆیەوە کە هـەموو شتێک هی هەموو میللەتە. منیش لەو پیاوە مـەردەوە فێـر ببـووم لـەو کونجەوە کـە پـڕم کردبـۆوە، بەرپرســی هــەموو شــۆڕش بــم، بۆیــە کــە ڕووخا، بە سـەر مندا ڕووخا. لـە تەمـەنی بیستوشــەش ســاڵیدا، یــەک حەفتـە دوای شــۆڕش تاڵێـک لـە ڕدێـنم سـپی بـوو. جـا هۆکارەکـەی فیسیۆلۆجیش بێ لە ناخی مندا وا چەسـپاوە، هەرەســی شـۆڕشــی ئەیلوول پیری کردووم.

شـۆڕش ڕووخا و لەگەڵیدا مـن و هـەزارانی وەک مـن ڕووخـاین. دوای نەمانی شـۆڕش ئەوجا دەرکەوت چیمـان بـە سـەردا هـاتووە: زەلیـل و سڵ و بە گومان و سووتاوی یەک تەقە لە شاخەکانەوە بکرێ، با هی جــەردە و ڕێگــریش بــێ! هــەموو کــورد ببوونــە پڵنگــی نــاو قەفــەز و بەعســییەکان پڕیاریــان دەدا کــەی پشــوو بــدەن و کــەی تێــر بــن... پڵنگەکانی زەکەریا تامر، فێری کاخواردن دەکـران!! ئـای کـە دەردێکـی گران بووا... ئێستاش کە بیری لێ دەکەمەوە برینم دێنەوە سوێ!

بەڵام هەڵگەڕان بە شاخدا، هەر دەبێ داگـەڕانی بـە دوادا بـێ. لـەو باوەڕەدام گەورەترین هەڵەی مەلا مستەفا ئەوە نەبوو کە دەستی لـە

شۆڕش بەردا، بەڵکو ئەوە بوو کە بەو شێوەیە دەستی پێی کرد. ئەوەی دەیخوێنینەوە پێمان دەڵێ ئەو نەیویستووە دەست بە شۆڕش بکا، بەڵام ناچار کرا. هەمیشە ڕاپەڕینی کورد بەو جۆرەی کە باوە، ئەنجامی باش نەبووە و نەدەبوو شۆڕشی ئەیلوولیش ئەنجامی باش بێ. ئەگەرچی ئەو شاخانە پەنامان بوونە، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕێیان نەداوە ڕێبازێکی دروست بگرینە بەر یا تەنانەت بیر لە ڕێبازێکی باشتر بکەینەوە. کە داگیرکەر تا ئاستی نامەعقوول بێزاری دەکردین، وەک ئەوە بوو ڕاستەوخۆ هانمان بدا بچینە شاخ و ئێمەش بە گوێمان کردووە. تۆش پێت وا نییە بەعس، بۆ نموونە، پێویستی بە شۆڕشی کورد بووبێ تا ئەو لایەنەی لەشکرەکەی لە خۆی دوور بخاتەوە کە گومانی لێی هەبوو؟ ئەدی سەلام عارف نەیگوتبوو لەو شەڕانەدا کاکە و محێسن دەکوژرێن؟!

**41. پرسی کورد بە داگیرکراوی و دابەشکراوی وەک جەستەیەکی سەربڕاو و دەست شکاو و قاچ قرتاو و جەرگ و هەناو دەرهاتوو وایە. پێت وایە هەر یەک لەم پارچانە بتوانن بە تەنها کاری خۆیان بکەن؟ یان پێکەوە بلێندرێنەوە و جەستەیەکی تەواو و دروستییان لێ پێك بێتەوە؟**

و: پێکچواندنی جوانت هێناوەتەوە. بەڵام با بە هەمان شێوە ئەو بارودۆخەش بهێنینە بەر چاومان کە دوژمنانە دەورمانی داوە: لە لایەکەوە شەڵپەی شەویلەی گورگ دێ و لە لایەکەوە مرەمڕی کەمتیار دێ. لە لایەکەوە تەڵە و مین ڕێی دەربازبوونیان گرتووە و لە لایەکەوە بەرەو کێڵگەی مین بە دوامانەوەن. لەملاوە بە چەکی شیعەگەرایی لێمان دەدەن و لەولاوە بە چەکی عرووبە و لەولاترەوە بە چەکی شارستانەتی. ڕاوەکوردە و دنیا، کەڕ و کاسە و ئەوەندەی ورچی (پاندا) و کەوڵی ڕێویش کەس بە تەنگمانەوە نییە. وەک لەتوپەتبوونی خۆمان دەبینین، دەبێ بارودۆخەکەش ببینین. دەکرێ ئەو کەرتوپارچانە لێکبدرێنەوە و ببنە یەک جەستە بە مەرجێ وەک پەنابەر ڕێمان نەکەوێتە سێبەری ئەم داگیرکەر یا ئەوی تر. دەکرێ کۆیان بکەینەوە بە مەرجێ شۆڕشمان نەبێتە ئامانج و نیشانێکی دیاری بەرچاو: ئەوەتان وا بەو شاخانەوە و وەک شارەمێرووله نەوتیان پێدا بکەن و تەواو!! ئەوە دەکرێ و باشیش دەکرێ بە مەرجێ دە

پێشمەرگە ڕۆڵی دە هەزار پێشمەرگەی شاخ ببینن بێ ئەوەی خۆیان بکەنە ئامانجێکی دیار و ڕوون. ئێمە لەو ئاستەداین ئەوە بکەین؟! ئەگەر کورد بتوانێ کەرتوپاچەی خۆی گرد بکاتەوە و هەر کوێیەک داگیرکەری لێ بێ، بەرەی شەڕ بێ، هەنگاوێکی بەرەوپێشە و دەینێین. پرسیارەکە، خۆی لە خۆیدا ڕازینەبوونە بەوەی کراوە یا هەیە. ئاخر لە لایەکەوە بازرگانیمان لەگەڵ تورکیادا هەیە، لە لایەکەوە شۆڕش لە دژی دەکەین. کوردستان مولْکی کوردە و لەو هەرێمە نیمچە ڕزگارەدا، کوردی بەشەکانی تر و من و تۆش بە پاسپۆرتی ئەوروپاوە ئیقامەمان لە وڵاتی خۆماندا دەوێ و دەبێ بزانن بە چ مەبەستێکەوە لە نیشتمانی خۆماندایین! ڕەنگە گومان بکەن تیرۆرستین!

کەی بووینە خاوەنی یەک ئامانج و یەک پەیام و هیچ بەرژەوەندی و پیرۆزییەکمان نەخستە سەرووی ئەو پەیام و ئامانجەوە، کەرتوپارچەمان، خۆبەخۆ دەچنەوە سەر یەک. بەڵام ئامانجی کورد بە قەدەر ژمارەی کوردە و بە دەگمەن نەبێ هیچیان لە هیچیان ناچێ! دەبێ لە سەرەتاوە لە ڕووی ئامانج و فکرەوە پارچەکانمان یەک بخەین ئەوجا لە ڕووی کردەییەوە دەنا هەر یەکەمان لە سەر ئەوی تر دەبێتە چاوساغی دوژمن! پارچەپارچەبوونی کورد کاریگەری زۆر خراپی لە سەر تەنانەت نەریتی کوردیش کردووە. هەندێکمان پەروەردەی دەستی مامۆستای بەعسین و هەندێکمان شاگردی توورانییەکانین و هەندێکیشمان نادر شا قارەمانمانە! زۆری دەوێ تا ئەو کاریگەرییانە لە ناخی خۆمان دەسڕینەوە!

## 42. ئەگەر تۆ سەرپشک بکەن لە ئەزموونی جولەکە گوڵبژێرێک بۆ سوودی کوردایەتی پێشکەش بکەیت چیمان بۆ هەڵدەبژێریت؟

و: جارێ دەڵێم غاندی چی بەرانبەر دوژمن کرد ئێوەش ئەوە بەرانبەر دوژمنی خۆتان بکەن. تەنانەت (خوێ)یشی لێ مەکڕن. غاندی ئیرادەی سەربەخۆیی بە جۆش نەبوایە، بۆچی بە بزنێکەوە سەفەری دەکرد و لە سەر شیری بزنەکەی خۆی دەژیا و خۆی لە هاتوهووت و فشەکردن بە سەر هەژاراندا بە دوور دەگرت؟ هەر سوودێک، لە هەر بوارێکدا بە داگیرکەر بگات، بە زەرەری کورد تەواو دەبێ، بە تایبەتی

ئەگەر ئەو سوودە لە کورد خۆیەوە بێ، زەرەرەکە دەبێتە دە بەرابەر. تەنانەت ئەگەر لە تۆپێندا براوە بێ لە زەرەری کوردە و بدۆڕێنێ لە قازانجێتی چونکە بە بردنەوە گیانی شۆڤیەنێتی و خۆبە زلزانی، ئەوەندەی تر گەشە دەکا. دەڵێم: ئەگەر ناتوانن باری دوژمن بخەن، کە کەوت، ڕاستیشی مەکەنەوە. دەڵێم دەبێ لە هەموو بەرەیەکەوە شەڕی داگیرکەر بکرێ تا دەست لە داگیرکاری وڵات و کەسایەتیمان هەڵدەگرێ... کە بە بێ لێکدانەوە و نیەتپاکانە کورد ڕازی بوو عارەبی تەعریب دوو هێندەی کوردی ئاوارەکراو قەرەبوو وەربگرێ، گفتوگۆچییەکانمان بیریان لەوە نەدەکردەوە بەو پارەیە تەعریب بەهێزتر و جێگیرتر دەبێ، بەڵام کەسێکی وەک من، لە ماڵەکەی خۆمەوە بەوەم دەزانی و لە نووسیندا باسم کردووە و بڵاویش کراوەتەوە. ئێستا یەکێ لە کێشەکانی کەرکووک ئەو پارەیەیە کە بە تەعریبچییەکان دراوە، چونکە خانووی پێ دەکڕن و کاسبی پێوە دەکەن. بە ڕاستی خۆشتر دەبوو برایانە یا دۆستانە دراوسێی یەکتر بوایەین و هیوادارم هەر واشی لێ بێ، کە ئەوەیان لێ ناوەشێتەوە، ئێمە لە ماڵی خۆمان و ئەوان لە ماڵی خۆیان. عومەری کوڕی خەتاب دوعای کرد چیای ئاگر لە نێوان مەجووس و خۆیاندا پەیدا بێ و منیش دوعا دەکەم و دەڵێم دیواری کۆنکرێتی ئاگراوین لە نێوانماندا بێ تا نە ئەوان ببنە ئەنفالچی و نە ئێمەش بۆ بەرەنگاربوونەوەیان بە دوای قارەمانان بکەوین.

جوولەکە، لە ڕووی دەروونییەوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەت ئامادە بوون. ئەو ئامادەییە وای لێ کردن کاری بۆ بکەن... هەموو کارێک، بە بێ ڕیزپەڕ. ئامووس ئووز دەگێڕێتەوە: لە چلەکاندا، جوولەکە لە نێوان پەنیری بەرهەمی عارەب و پەنیری مستەوتەنەکان دوودڵ دەبوون. پەنیری عارەب هەرزانتر بوو بەڵام پەنیری مستەوتەنەکان خاوێنتر بوو. ئەگەر هی عارەب بکڕن، ئەو گەنجە جوولەکانە گوناح نین کە شەو و ڕۆژ لە پێناوی دروستبوونی ئیسرائیلدا دەوان دەدەن و هەم کاری سەربازی دەکەن هەم وەرزێری؟ ئەی ئەگەر هی عارەبەکان نەکڕن هەستی دوژمنایەتییان بەرانبەر جوو زیاتر نابێ؟! ئەدی ئەوانیش خەڵکی ئیسرائیل نین؟! بزانە بۆ کڕینی سەلکە پەنیرێک چ حیسابێکیان لەگەڵ خۆیاندا دەکرد؟! ئەگەر ئێمەش بیر بکەینەوە، بەرهەمی خۆماڵیمان پێ چاکتر دەبێ ئەگەرچی چاکتریش نەبێ! بە دەگمەن نەبێ، کامە کورد بیر لەوە دەکاتەوە بەرهەمی بازاڕ هی کێیە

یا هی کێ نییە؟ گرنگ ئەوەیە کاکم جۆرکەکەی پڕ بکات، چونکە دەبینێ بەرپرسەکان چ هێڵەیەک بە بەرهەمی دەوڵەتە داگیرکەرەکان دەکەن.
جووەکان لە هەموو بەرەیەکەوە کاریان بۆ دروستکردنی ئیسرائیل دەکرد بەڵام ئێمە هەتا ئێستا یەک بەرەمان نییە کار بۆ دروستکردنی کوردستانی سەربەخۆ بکات. ئەوان، شەوی کریستالیان هەیە و ئێمە ئەنفال. ئەوان سوودیان لێی بینی بەڵام ئێمە پەکی هەڵپەڕکێشمان نەکەوت. لە ڕاستیدا، ئەنفال و کیمیاباران بەس بوون بۆ دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ، بەڵام ئێمە وەک جووەکان بە دوای دەرفەتی دروستبوونی دەوڵەتدا نەگەڕاوین. بە پێچەوانەوە، ئێمە بە جوولەکەگەلێک دەچین لە عارەبەکان زیات کار بۆ وەحدەی عارەبی بکەن! شتی وا دەبێ؟! پێم وایە لەم بارودۆخەدا، حەمەڕەشید هەرەسیش ناتوانێ تەنانەت وەک نواندنی شانۆییش لاسایی جوولەکە بکاتەوە!
ئەوەی دەمەوێ هەڵیبژێرم بڕیاری دامەزراندنی دەوڵەتە. کارکردنە لە پێناوی ئەو ئامانجەدا و پشتگوێخستنی هەموو ئامانجێکی تر، ئەوەی لێ دەرکەی کە بۆ ژیان و مانەوە پێویستە. هەموو قسە و کردار و ڕەفتار و ئەتواری هەر تاکێکی کورد دەبێ بەو ئاڕاستەیەدا بڕوا کە دڵۆپە خوێنێکی کورد ئەوەندە گرانبەهابێ، لە پشت حەوت کێوان بڕژێ، هەر دەبێ و دەبێ تۆڵەی بکرێتەوە. ئیسرائیلییەکان نابینن بۆ گەڕاندنەوەی تەرمی کوژراوێکیان سەد چەکداری دیلکراوی عارەب ئازاد دەکەن؟! شێتن؟! نا، دەیانەوێ بیسەلمێنن کە جوو هەڵبژاردەی خوان و هەر تاکێکیان بە مردوێتیش لە سەد عارەب گرنگترە. هەر تاکە نەفەرێک ئەو پشتەی هەبێ، کێوێک دەڕووخێنێ و قەت ناڕووخێ. تاکی کورد ئەو پشتەی هەیە؟. دەیانمان زەریا قووتی دا و داوای تەرمیشیان نەکرایەوە. ئەوەی لە خاڵی پشکنینی تورکیا بە گەنجی دەستگیرکراوی کورد دەکرێ ئەگەر بە جوولەکە بکرێ، شەڕێکی وەک ئەوەی شەش ڕۆژەکە بەرپا دەکەن دنیایەک دەسووتێنن. ئێمە هەر باسیشی ناکەین. ڕاستوچەپ سەریان دەتاشن و لایەکی سمێڵیان دەتاشن و دەیدەنەوە دەستمان. لە ڕاستیدا، ئەوە ئەو گەنجانە نین عیبرەت دەکرێن، بەڵکو دەسەڵاتدارنن سەریان دەتاشرێ! بەڵام کێ بە سەر خۆی دەهێنێ، کاکە؟! ئێمە لە کاری وادا دەڵێین: "لە من نەدرێ لە برام بدرێ، وا دەزانم لە ڕەشکەی کا دەدرێ" بۆیە کەسمان

بە سەر خۆمانی ناهێنین، بەڵام کاری وا ئەگەر بە سەر جوودا بێ، هەر تاکێکیان وا دەزانێ خۆی ئەتک کراوە.

**43. ترسناکترین توخمێک تێکەڵ بە ئەقڵێت و کولتووری کوردی بوو بێت بەلاتەوە چییە؟**

و: زۆر بە کورتی: ئەوروپازەدەگی کوێرانە، کە جێی دەروێشایەتی مۆسکۆی گرتۆتەوە و ئەویشیان جێی دەروێشایەتی شێخی تەریقەتی گرتبۆوە، بۆتە سەرباری دەردی خۆبەکەمزانین و بزێوی خۆبەکەمزانین! لاساییکردنەوەی کوێرانەی بێ ڕەگ و ڕیشاڵی قەوزەئاسا. خۆلەبیرچوونەوە و ئاشنانەبوون بە مێژووی خۆمان. ئامادەییمان بۆ بوون بە هەر شتێکی دەرەوەی خۆمان. ئەوەش هۆکاری خۆی هەیە و بیرگەندەیی حیزبەکان بەر لە هەموو هۆکارەکانی تر دێ، تەنانەت پێش دڕندەیی داگیرکەریش دەکەوێتەوە. حیزبەکان، لە ماڵی خۆماندا، بۆ داگیرکەر دەستەمۆمان دەکەن و لە گیانی ڕازینەبوون و ڕەتکردنەوە بەتاڵمان دەکەنەوە. لە ڕۆحی ئازادیخوازی بەتاڵمان دەکەنەوە. جاران، باوباپیرانمان فێریان دەکردین کە حکوومەت خودای سەر ئەرزە و ئێستا پەیڕەو و پرۆگرامی حیزبەکان ئەوەمان پێ دەڵێ و ئەوەمان فێر دەکات. پێویستە کورد دەزگایەکی بەهێزی نەتەوەیی هەبێ بە ئاڕاستەی پێچەوانەوە کار بکات و گەنجی کورد پەروەدە بکات تا لە داهاتوودا کاریگەری هەبێ.

**44. لە نزیکەوە لەگەڵ کاک ئازاد مستەفادا کارت کردووە. بۆ تۆ ئەو سەرکردە گەورەیە چۆن بوو؟ کاریگەریی لەسەر تۆ چی بوو؟ باسی یەکێ لە یادگارە خۆشەکانتان پێکەوە؟ نەبوونی کەسایەتییەکی ئاوها لە هەنووکەدا بۆ پاسۆک و کورد چۆن دەبینن؟**

و: پاسۆک، ئەگەرچی حیزبێکی نەتەوەیی بوو و ئامانجەکانی پیرۆز بوون، بەڵام لە لایەکەوە بە هۆی ناوشیاری خەڵکی کوردستانەوە لە بواری نەتەوایەتیدا، هەر بە دەڵەمەیی مایەوە، لە لایەکی ترەوە ئەو ئەرکەی خستبوویە سەر شانی، لەوە قورستر بوو بەو چەند کوردە نەتەوەییانە هەڵسورێ. کورد هەتا ئەمڕۆش دوای ناو و ناوبانگ و

سەرۆعەشرەت دەکەوێ نەک بیروباوەڕ یا کوڕە هەژارێکی وەک ئازاد مستەفا، جا با پەیامەکەی لە بەرزایەتیدا لە ئاستی پیرۆزی ئاینیشدا بێ. ساڵی 1983 یەکێ لە سەرکردەکانی پاسۆک داوای لە من کرد لە شام ببمە نوێنەری پاسۆک، بەڵام کاک ئازاد، کە ئەو دەمە یەکترمان نەدەناسی، نامەیەکی بۆ کاک جەلالی حاجی حوسێن ناردبوو و بە دەق تیایدا نووسیبووی: " بە هیچ جۆرێ بە هیچ جۆرێ ئەو کاک حەکیمەمان وەک نوێنەری پاسۆک قەبووڵ نییە". من بەو هەڵوێستەی کاک ئازاد، نە سەرسام بووم و نە خەفەتبار، چەنکە هەرگیز یەکترمان نەدیبوو، بەڵام هەڵوێستی ئەندامە سەرکردایەتییەکەی تر سەرسامی کردم کە داوای لێ کردبووم ئەو ئەرکە بخەمە ئەستۆی خۆم. هەر لەوەوە بۆم ڕوون بووەوە کە کەس بە کەس نییە و کەس حیساب بۆ قسەی کەس ناکات دەنا چۆن یەکێ دەڵێ وەرە ببە بە نوێنەرمان و ئەوی تر دەڵێ نامانەوێ؟! با ئەوەش بڵێم من هەر لە دوای دروستبوونی پاسۆکەوە، پەیوەندیم پێوەی هەبوو و لە ناو شاردا کارم کردبوو.

دوایی کە کاک ئازادم ناسی، هەڵوێستی لە سەدا سەد گۆڕا و کە دیتی عارەبییەکی باش دەزانم و نەختێ دەستی نووسینم هەیە و هیچ کارێک بۆ ئەوە ناکەم پلەوپایە و بەرپرسیارەتی بە دەست بێنم، لەو هەڵوێستەی خۆی زۆر پەشیمان بوو... دەیگوت: خۆزگە زووتر دەمناسیت! بەڵام لە هەموو ڕوویەکەوە، کار لە کار ترازابوو. نە من لە ئەوروپا ئەو جۆشوخرۆشەم هەبوو کە لە کەرکووک هەمبوو نە کاک ئازاد ئەو تەندروستییەی هەبوو بچێتەوە مەیدانی تێکۆشان.

جوانترین خەسڵەتی ئەو پیاوە بە لای منەوە ئەوە بوو، کە بۆی دەرکەوتبا لە بۆچوونێکدا هەڵەیە، لە پاشگەزبوونەوە دوودڵ نەدەبوو. کاریگەری ئەو لە سەر من زۆر بوو. کاک ئازاد لە خوای دەویست ئەوانەی دەوروبەری دەستیان قەڵەم بگرێ. بۆ نووسین و وەرگێڕان هانی دەدام، هەروەها بۆ خوێندنەوەی ئەو بابەتانەی سەرنجی خۆیان ڕاکێشابوو. نووسینی خۆی پیشان دەدام و داوای دەکرد ڕای خۆم بڵێم. زۆر جار بە گوێی دەکردم. هەندێ جاریش بە پێکەنینەوە دەیگوت: پرست پێ دەکەم بەڵام مەرج نییە بە قسەت بکەم!

گۆشەیەک لە یەکێ لە نووسراوەکانی پاسۆکدا هەبوو ناوی پەرێزی ئازاد بوو و هەرکەس بیویستبا ڕا و بۆچوونی خۆی تێدا بڵاو دەکردەوە بە تایبەتی بۆچوونی توند. منیش هەر کە تەماشام کرد، یەکسەر

گوتم: وەڵڵا کاک ئازاد پەرێز و بێستان، کە هیچی ئەوتۆیان تێدا نامێنێ بەرەڵا دەبن نەک ئازاد. نەختێ تەماشای کردم گوتی: ئەی چـی لـێ بکەین؟ دیار بوو سـەرنجەکەمی بە دڵ بوو. چونکە پـەرێزی ئـازاد نییـە. پێم وابێ ناومان لێ نـا پـارێزی ئـازاد، بـەو حیسـابەی پـارێز دەگـرین و ڕاوی هەڵوێستی خراپی نەیاران دەکەین.

کاک ئازاد مردن پێی نەدەوێرا، بۆیە نەخۆشییەکەی درێـژەی کێشـا و دەرەقەتی نەدەهات. جارێکیان دکتۆر فەحسـی دەکرد، بـە لای منـەوە ئـەوە فـەحس نـەبوو بـەڵکو ئەشـکەنجە بـوو. بۆرییـەکی پۆڵایـان بـە ئێسـکی سـەر سینگیدا چەقانـد تـا مۆخەکـەی بـۆ موختەبـەر دەربێـنن. من بۆ ئـەو شـتانە دڵـم ناسـکە... لـە لای خۆمـەوە هەسـتم بـە ئـازار دەکـرد. لـە حاڵـەتی وادا، وەک ئەوەیـە لـە جێیـەکی بـەرزەوە پڕوانمـە خوارێ، بن پێم دێنە ئێش.. دوای فەحسـەکە بە سادەیی و ساکارانە، بە شێوە حەسـارییەکەی خـۆم گـوتم: کـاک ئـازاد جوولـەجوول مەکـە! واتە مەجووڵێ بـا ئـازارت پـێ نـەگا. ئـەویش کـە لـە لایەکـەوە ئـازاری هەبوو و لە لایەکەوە بەو قسـەیەی من پێدەکەنی، دەمـو چـاوی دابـوو بە یەکدا و پێدەکەنی و دەیگوت: وەڵڵاهی جوولەجوول دەکەم!

ئەو مرۆڤە لە خۆی ڕادەدیت هەموو شتێک بکا. هەشـت نۆ چەکداری پاسـۆک لـە کوردسـتان مـابوون و لـەو کاتـەدا باسـی یـەکگرتنی سۆسیالیست و پاسۆک دەکرا. سۆسیالست بـە سـەدان چەکـداریان هەبوو. کەچی کاک ئازاد دەیگوت: یەکگرتنی چی؟! ئێمە بیروباوەڕمان هەیە و دەبێ ئەوان بێنە ناو پاسۆکەوە.

یەکێ لەو هەڵوێستانەی کە کەم کەس دەتوانێ هـەیبێ، مامۆسـتا شـیرزاد بۆی گێرامـەوە... پـێم وابـێ (بـەڵام زۆر دڵنیـا نـیم) کـاک ئـازاد خۆشـی جارێک باسـی کرد، ئەمە بـوو: لـە سـەروبەندی دامەزرانـدنی پاسۆکدا مامۆستا شێرزاد چووبووە ماڵیان. کاک ئازاد گوتبـووی: ئەگـەر ئێسـتا پیاوانی ڕژێم بێن و بڵێن تۆ لێرە چ کارەیـت، چ وەڵامێکـت هەیـە؟ ئەویش بە سـەرسورمانەوە گوتبووی: بڵـێم چـی؟! نـازانم! کـاک ئـازاد، کەمێ بیری کردبۆوە و گوتبووی: بڵێ خوشکێکی هەیە و بۆ خوازبێنی هاتووم! ئەوە، لە دەسـتی هەموو کەس نایێ!

بـە داخـەوە کـاک ئـازاد زوو مـرد دەنـا ئـەو ڕێبـازە ئـەوەی بـە سـەردا نـەدەهات کـە بـە سـەریدا هـات. ئـەو پیـاوە، هـیچ نـەبێ بـە هـۆی لەخۆبوردەیی و ئەو تەوازوعەوە کە هەیبوو، کاری لەگەڵدا دەکرا.

**45. جاران کورد بەدەستی ئـەقڵێتی خێڵایەتییـەوە دەیناڵانـد. ئێستا حیزبایەتیی سەقەتیشـی هاتۆتـە سـەر. کـورد کـەی و چۆن لەبارێکی تەندروستدا خۆی دەبینیتەوە؟**

و: داوای لێبوردن دەکەم ئەگەر گومانەکانم لە جێی خۆیانـدا نـەبن یـا زێدەڕۆییان تێدا هەبێ... من هەر وەک خەسڵەت، خەسڵەتی نەختێ سڵم هەیە چونکـە تەمـەنێکم لـە بەردەسـتی دڕندانـدا بردۆتـە سـەر. گومـان دەکـەم پـەیڕەو و پرۆگرامـی هـیچ یـەکێ لـە حیزبـەکانی کوردستان بە بێ پرسـی دەوڵەتـە داگیرکـەرەکان داڕێـژرابێتن. گومـان دەکـەم یـەک شۆڕشـمان بـە بـێ پرسـی داگیرکـەران بـەرپا کردبـێ. گومـان دەکـەم حیزبـی شـیوعی بـە بـێ ویسـت و ئیـرادەی ئینگلیـز هاتبێتە کوردستانەوە. گومانەکانیشم سەرچاوەیان ئەمەیـە: هـەرچی بیرۆکەیەک پێچەوانـەی سـەربەخۆیی کوردسـتان بـووبێ، هـەتا ڕۆژی ئەمڕۆش، پشتوپەنا و پشتگیریی هەیـە و تاکـە لایـەنێک کـە ئامـانجی سـەربەخۆیی هـەبووبێ پاسـۆک بـوو بۆیـە نـەما. خـەڵکانی سـەر بـە پاسۆک ئێستاش دەڵێن نەمانتوانی بچینە ناو گەمە سیاسـییەکانەوە، بەڵام کاکە، ئەوە گەمەی سیاسی نەبوو، بەڵکو گەمەی موخابـەراتی دەوڵەتە داگیرکەرەکان بوو. هەر نهێنییەکت بۆ ئەو حیزبانە ئاشکرا بێ، دڵنیابـە بـۆ دەزگـا موخابەراتییـەکانی هـەر چـوار دەوڵەتەکـەی دەوروبـەرمان ئاشـکرا دەبـێ و بەشـداریکردن لـە سیاسـەتی ئاوهـا، بەشداریکردنە لە پرسەی خۆت.

ئـەو شـێوە کارکردنـە وەهـا جێگیـر بـووە، تەنانـەت ڕۆشـنبیرانیش لـە ئاستی تاکەتاکەشـدا هـەمان گەمـە دەکـەن. بـە لامـەوە سـەیر نییـە ئێرانێکی ئیسلامی پشـتگیری حیزبێکـی کۆمۆنسـتی لـە کوردسـتاندا بکات، بە مەرجێ لە باسکردنی سەربەخۆیی کوردستاندا، گەردەلوول بەرپا بکا و خۆڵ لە چاوی خەڵک بکات. سەیر نییـە ئەمەریکایـەکی دژە قاعیـدە و ئیسـلام، پشـتگیری لـە حیزبێکـی تونـدڕەوی غەزاکـەری ئیسـلامی لـە کوردسـتاندا بکـات، بـە مـەرجێ بـە لای باسـی سەربەخۆیی کوردستاندا نەچێ و ئەو دوو لایەنە دژ بە یەکەش، واتـە کۆمۆنسـت و ئیسـلامی، لـە بەرەیـەکی توندوتۆڵـدا دژی باسـی سەربەخۆیی کوردستان یەک بگرنەوە. من ئامادەم هەمزاغای مەنگوڕ بکەمە سـەرکردەی خـۆم، چونکـە لـە گەمـەی موخابـەراتی دەوڵـەتان سـەری دەرنـەدەکرد و بەوپـەڕی سـاکارییەوە دەیویسـت خـۆی و

عەشرەتەکەی سەرفراز بن، بەڵام کەسێکم بە سەرکردە قەبووڵ نییە گەمەکەری دەزگاکانە و لە ڕێی حیزبایەتییەوە خاوەنی سامانێکە پێی دەڵێن ئەوەندە هەزار شەهید با شەهادەی بەرزیشی هەبێ و هەشت نۆ زمانیش بزانێ. حیزبایەتی نیوەتیرەی بازنەی عەشیرەتگەرایی لەوەی هەبوو درێژتر کرد. ڕۆشنبیرە سوودمەنداکانی بواری بشێوێنی و سەرلێشواندنیش بوونە پاڵپشتی درێژکردنەوەی ئەو نیوەتیرەیە.

تۆ وەرە دەیان و سەدان هەزار و بگرە ملیۆنێک لە شەهیدانی سەنگەر و دەستی پێشکەوتنخوازەکانم بۆ بگەڕێنەوە، ڕەنجبەخەساری دەیان ساڵی نەتەوەی کورد قەرەبوو بکەوە، من بە خێڵایەتی و عەشیرەتگەرایی ڕازیم. واتە: بمگەڕێنەوە و بەرەو سەر سفر بەرزم بکەوە، خۆم دەزانم چۆن دەست پێ دەکەمەوە.

**46. لە باری ئاینزاییەوە کورد ئەگەرچی بە رێژەیەکی زۆر موسڵمانە کەچی دەمارگیر نییە و دابونەریت و فەرهەنگی خۆی تا رادەیەکی باش پاراستووە و فەزایەکی هەناسەی ئازادی بۆ خۆی هێشتۆتەوە. لەم پانیاییەدا سەربەستی ژنیش بەشی شێری بەردەکەوێت. خوێندنەوەی ئێوە لەم رووەوە چییە؟ هەر لەم سۆنگەیەوە نییە تورک پێمان دەڵێن: لەچاو کافران کوردیش موسڵمانن؟!**

و: من باوەڕ ناکەم هیچ میللەتێک هێندەی کورد بە ئیسلامەوە وابەستە بێ. بەڵام نەریتی خۆی، بە تایبەتی لەو ناوچانەدا کە لە شارەکانەوە دوورن و کەمتر کەوتوونەتە ژێر کاریگەری میللەتانی ترەوە، پاراستووە. دەچیتە هەر گوندێکی چەند ماڵەی کوردستان، دەبینی باشترین و لەبارترین جێ بۆ مزگەوت تەرخان کراوە، بەڵام سروشتی کوردستان جۆرێکە، مزگەوت ناتوانێ ئافرەت بەند بکات و لە مەجلیس و کاروباری کۆمەڵایەتی دابیڕێ. جلوبەرگی ئافرەتی کورد، وەک هی پیاوەکان، سروشت بە سەریدا داوە کەچی پۆشتەترین جلوبەرگە و لەگەڵ دەستووری ئیسلامدا دەگونجێ. کاریگەری ئیسلام لە هەر ڕوویەکەوە لە سەر کورد هەبووبێ، لە ڕووی جلوبەرگەوە نەیبووە، ئەگەر مەلاکان ڕیزپەڕ بکەین کە جلی ئەسحابەکان لەبەر دەکەن، کە لە ڕاستیدا، ئەبو جەهل و ئەبو

لەهـەبیش هـەمان ئـەو جلـەیان دەپۆشـی. سروشـتی کوردسـتان ئاسانکاری لەگەڵ ئەو جلوبەرگەدا ناکات و نەیکردووە کـە هـی بیابانـە کە بۆ ئەوە و بایی ئەوە هەیە سێبەر لە جەسـتە بکـات و لـە تیشـکی سـووتێنەری خـۆر بیپـارێزێ. جلوبـەرگی کـورد زیـاتر بـۆ پاراسـتنی گەرمایی جەستە دەشـێ بەڵام هی بیابـان بـۆ خۆپاراسـتنە لـە خـۆر، ئاخر بێ حیکمەت نییە سەررووتکردن عەیب بێ و بێدەرپێیی ئاسـایی بێ. ئێمە کە هەندێ لە دابونەریتەکانمان هەتا ئەمڕۆ پارێزراوە، دەبـێ قەرزاری سروشتی کوردسـتان و پێداویسـتیەکانی ژیـان بـین، کـە لـە کوردسـتاندا خۆیـان سـەپاندووە و ماونەتـەوە و هـیچ فەلسـەفە و ئایدۆلۆژیا و ئاین و باوەڕێکی تر دەخلیان بە سـەرەوە نییـە. ژنـە عـارەب بـەوە عەیبـدار نـابێ سـیمای خـۆی دادەپۆشـێ چونکـە ئـەوە پێویستییەکە و سروشـت بـە سـەریدا داوە و وا نـەکا تـەپوتۆز (عجـاج) هەناسـەی لەبـەر دەبـڕێ، بـەڵام کـە کـرا بـە ئـەرکێکی دینـی و ژنەکوردیشـی پێچایەوە، جێی پرسیارە. دەبوو زانـا گـەورەکانی کـوردی سـەر بە ئیسلام لەو بارەوە شتێ بڵێن یا فەتوایەک بدەن ئەو کێشـەیە ساغ بکاتـەوە. بـەڵام کـێ ئـەو جورئەتـەی هەیـە؟! ئەمـە لـە ڕواڵەتـدا شـتێکی سـاکارە بـەڵام لـە جەوهـەردا چارەنووسسـازە. ئەگـەر پێغەمبەری ئیسلام، دروودی لێ بێ، خـەڵکی ئەسـکیمۆ بوایـە نـەک دوورگەی عارەبی، لەبەرکردنی کەوڵی گورگ و ورچ دەبووە سـوننەت! ئەوسا دانیشتوانی بیابانی عارەبی چییان دەکرد؟! یـا ئەگـەر خـەڵکی ئەسکیمۆ ببنە موسوڵمان، یا بووبێتن، چـۆن لـە کوشـوهەوایەکی وادا کـە پـەنجا پلـە لـە ژێـر سـفرەوە بـێ، جلـێ لەبـەر دەکـەن بـۆ کەشوهەوایەک بشێ کە پەنجا پلە لە ژوور سفرەوە بێ؟ تورکـەکانی شـوێنە ساردەکانیش وەک کـورد و ئـەوانیش بـە هـۆی سروشـتەوە، نەریتی خۆیان پاراستووە چونکە ژیان و سروشت وا دەخوازن.

کە ژیان وا بخوازێ کچ و کوڕ پێکەوە بۆ ئەو شاخانە (بچنە ڕێواسـان)، چ هێزێـک دەمێنـێ پـێش بـە ڕەشـبەڵەک و بـالۆرە بگـرێ؟! تەنانـەت کرانـەوە و دانەخراویشـمان لـە نـەریت و کەلـەپووردا بـۆ سروشـت و ئـەرکی ژیـان لـە نـاو ئـەو سروشـتەدا دەگەڕێتـەوە. هەنـدێ جـار پێداویسـتییەکانی ژیـان دەکەنـە پێوانـەی پاشـکەوتن و پێشـکەوتنی سـەرجەمی کۆمەڵگەیـەک و بـەوەش کـورد هـەوا دەدەنـە خەڕەنـدی پاشکەوتنەوە، بەڵام تەنها بیرکردنەوە لە ئاوازەکان دەریـدەخات کـە لـە هەر ناوچەیەک و جۆرە ئاوازێک لەبارە. حەیران، لە بنەڕەتدا هی ناوچە

تەختانەکانە... قەتار و ئەڵڵاوەیسی بۆ ئەوە نابێ لەو کاتانەدا بگوترێ کە بە شاخێکدا هەڵدەگەڕێی یا دادەگەڕێی. ئەم ئاوازە هی ئەوەیە بە سەر پشتی هێسترەوە، لە سەفەرێکی دوور و درێژدا بگوترێ یا لە تەختانەکانی گەرمیان، لە سێبەری دارێکدا و لە دیار کانییەکدا بگوترێ. بەڵام هۆرە کە هەناسەی تێدا پچڕپچڕ دەبێ، مەگەر بە زۆر دەنا هی ناوچە تەختانەکان نییە. بۆ بیابانشینیش عەتابە زۆر لە بارە بە مەرجێ ڕوو لە شاخ نەکات.

**47. بەکورتی راتان لەسەر ئەم ناوانە چییە؟!**
**مەولانا خالیدی نەقشبەندی، سمکۆ سمایلخانی شوکاک، مقداد بەدرخان، مەلای گەورە، رەفیق حلمی، عوسمان سەبری، جەمال نەبەز، شێرکۆ بێکەس، حەمە کەریم عارف، ئازاد عەبدولواحید ،عەلی مەردان، حەمەرەشید هەرەس، عەبدولڕەقیب یوسف، د. جەمال ڕەشید و ئیسمائیل خەیات....**

و: ڕەنگە ئەم داواکارییە قورسترین ئەرک بێ بە سەرمیدا دەدەیت، چونکە هەموو بەشەرێک لایەنی چاک و خراپ یا ناچاکیشی هەیە. چۆن زەحمەتە تەماشای خۆر بکەم، ئاوهاش زەحمەتە بۆ هەڵسەنگاندن تەماشای ئەو زاتانە بکەم. بەڵام بەشی ئەوەی گوناحبار نەبم یا بە هەڵەدا نەچم، وەک پێناسەی ماددە بنەڕەتییەکانی بوون بە کورتی باسیان دەکەم.
مەولانا: چەپەکان دەیانەوێ خانی و حاجی شیووعی بووبن. ئەگەر هەڵە بە هەڵە چارەسەر بکرێ، من دەمەوێ ئەوان و مەولانا پاسۆک بووبن! پێم وایە لەتوپەتبوونی فکری کورد و ناتەبایی نەبوونایە، مەولانا دەیتوانی مەزەبێکی ئازادیخوازانە لە ئیسلام بۆ کورد دادەڕێ.
سمکۆی شکاک: سەرکردەیەکی کورد، کە ویستی لە بازنە نەفرەتییەکە دەرچێ، بەڵام گلا. ئەوەی لە کاتی کەمهێزیدا کردی زووتر بیکردایە، دوور نەبوو ئەنجام جۆرێکی تر بێ... بردنەوەی شەترەنجی پێ خۆشتر بوو لە بردنەوەی شەڕ!
میقداد بەدرخان: پاشایەکی کوردی بێتاج و عەرش. کەرەسەی سەرکەوتنی نەبوو.
مەلای گەورە: پێغەمبەرۆکەیەکی کورد، بەڵام بێئوممەت.

ڕەفیق حیلمی: یەکێ بوو لەوانەی یەک مەنجەڵ یاپراغ بەشی دەکردن... ئیمامی نەتەوەییەکانی سەردەمی خۆی بوو.
عوسمان سەبری: پێشمەرگەیەکی تەنها لە دارستانی شۆڤیەنییەتدا.
شێخ ڕەزای تاڵەبانی: بە تاقی تەنها ڕوکنێکی ئەدەبی کوردی پڕ کردۆتەوە و هەتا ئێستا کەس نەیتوانیوە جێی بگرێتەوە. قوڕ بە سەر ئەوەی بە شیعری (سەفیهانە) لاسایی دەکاتەوە.
جەمال نەبەرز: وانەبێژێکی ڕاستەقینەی مێژووی کورد و زمانی کورد و بیری کورد. خەمخۆرێکی ڕاستەقینەی کوردایەتی. ئەو نەبوایە دنیای کورد لەوە تاریکتر دەبوو کە هەیە.
شێرکۆ بێکەس: شیعر ڕۆژ بە ڕۆژ جوانی دەکا و حیزب ڕۆژ بە ڕۆژ پیری دەکا. شیعر دەیەوێ لێیەوە هەڵبێ و حیزب وەک پەڵەهەور ڕێ لە هەڵهاتنی دەگرێ. میتراییەکی جووتخوداییە، بەڵام ئیمانداریشە!!
حەمەکەریم عارف: دەنووسێ تا پشوو بدا و پشوو دەدا تا بنووسێ. بوخچەیەکە، پڕە لە کوردی... کوردییەکی شیرین. پێم خۆشە پێی بڵێم: توخوا ئاوەکەی بۆن گوڵاوەکە بۆ سەرچاوەکەت کەمێ لاوەکە!
ئازاد عەبدولواحید: بە بێ دەنگی تیماری زامی زمانی کوردی دەکا. ئازاد واتە ڕامان و ڕامانیش ئەمڕۆ، سەرچاوەیەکە بۆ کوردییەکی خاوێنی بێ گرێوگۆڵ. چۆن دەرەقەت دێ؟!
عەلی مەردان: ئەو کانەیە، عارەبیش لێی تاڵان دەکا و تەواو نابێ. هەقە وەک ئەنسکلوپیدیای ئاوازی ڕەسەنی کوردی سەیری بکەین؟
حەمەڕەشید هەرەس: هونەرمەندێکە، نەتەوایەتی بزوێنەری سەرەکییەتی. نەتەوەیی نەبێ نازانم چۆن دەبێ. تیژ پرندە و چڕ و پڕە... گردەپڕە.
عەبدولڕەقیب یوسف: وەلی دێوانەی شوێنەوارەکانی کوردستانە. نازانم بۆچی ئاوڕ لە (شەم)ی حەسار ناداتەوە.
د، جەمال ڕەشید: خۆزگە لە بری ئەو مامۆستایەی مێژوو کە دەهاتە پۆلەکەمانەوە من خەو دایدەگرتم، د. جەمال مامۆستام دەبوو. چۆن مامۆستا عەبدولقادر ئاڕاستەمی بەرەو بیرکاری برد، ڕەنگە ئەم، بەرەو مێژوو بیبردایە.
ئیسماعیل خەیات: تاقگەی ڕەنگە و بە سەر داروبەردی وڵاتی خۆیدا دەبارێ. نە دڕکێک دەبوێرێ نە گوڵێک... نە منداڵێک نە پیرێک، نە

بەرخێک و نە گورگێک... وای چۆن لە دەروازەی ڕەنگەوە جێی خۆی لە هەناوی مێژووی کورددا کردەوە.

---

(1) إزدی، واتە سەر بە ئێزدان ـ یەزدان. چۆن ئێستا بۆ سووکایەتیکردن دەڵێن مەجووس، دیارە ئەو دەمەش هەر بۆ سووکایەتی ئێزدییان گوتووە، بە تایبەتی شاعیرێکی وەک جەریر، کە لە هەجودا دەستێکی باڵای هەبووە، بەکاری بردووە. ئەوەش لە سەردەمی ئەمەوییەکاندا گوتراوە نەک پێشتر.

(2) حەسەن خەیری: ئەو کوەدە بوو کە ئەتاتورک، لە سەرەتاوە، پێی گوت: بە جلی کوردییەوە وەرە پەرلەمان و لەوێ، بە زمانی کوردی قسە بکە. دوای ئەوە ناردیە عوسبەی نەتەوەکان و لەوێ گوتی: کورد و تورک بران و لە یەک دەوڵەتدا دەژین و تورکیا هی هەردوولایە و ئێمەی کورد دەوڵەتمان ناوێ. دوای ئەوەی تورکیا جێگیر بوو، بانگیان کردە دادگا و بە تۆمەتی ئەوەی بە کوردی قسەی کردووە و جلی کوردی لە بەر کردووە، حوکمی ئیعدام درا. ئەویش پێش کوشتنەکەی گوتوویەتی: وەسێتم ئەوەی لە کوردستان لە دەمڕێیەک بمنێژن تا هەر کوردێک بەوێدا ڕەت بوو، تفێک ڕۆبکاتە سەر گۆڕەکەم، چونکە خیانەتم لە میللەتی خۆم کرد. بە باوەڕی من، حەسەن خەیری بەو قسەیە، لە هەموو تاوانێک پاک بۆتەوە بەڵام وەک ئیمامی خیانەتکاران، بە ئیمامەتی دەمێنێتەوە... حەسەن خەیری بۆ پێشەوە! خەڵکێکی زۆرت بەدواوەن!

(3) باش لە بیرم نەماوە ئاخۆ ئەو شیعرە هی جەریرە بە فەرەزدەقی گوتووە یا هی فەرەزدەقە و بە جەریری گوتووە. بەڵام یەکێکیان لە هەجوی ئەوی تریاندا گوتوویەتی و هی هەر کامیان بێ ئەنجامەکە هەر یەکە.